تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

منتدى إقرأ الثقافي
(للكتب (كوردي - عربي - فارسي))
www.iqra.ahlamontada.com

حەکیم مەلا ساڵح

بەرگی یەکەم

هەڵەبجە
لە ئامێزی مێژوودا

نووسینی
حەکیم مەلا سالح

چاپی یەکەم

٢٠٠٤

ناوی کتێب: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا

نووسینی: حەکیم مەلا ساڵح

کۆمپیوتەر: سەنتەری شەهاب / ت: ٢٢٣٣٢٤٨

چاپ: یەکەم

ساڵ : ٢٠٠٤

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانەی: هاوار

پێشکەشە بە:

- ***گیانی مامۆستا ئیبراهیم ئـەمین بـاڵدار کـە لـە ا دار ، دا را ا کـەی لەوەوە فێری خوێندنەوەو نووسینی زمانەکەم بووم.***
- ***خوشکە دانیال میتران کە زۆر بەکوڵ بۆ هەڵەبجە گریا.***
- ***ئەو قوتابیانەی هەڵەبجە کە لە دەرسی کیمیادا دەرنەچوون.***
- ***کاک سەلام مستەفای شاعیر خاوەنی زنجیرە بڵاوکراوەی ١٦ی/٣.***

پێشەکی

ئەوی راستی بێت لە ژیانی خوێندنەوەمدا هەرگیز لاپەرەکانی مێژووم بۆ ئەوە هەڵنەداوەتەوە کە ببمە مێژوونووس، چونکە جگە لەوەی سەروکارو زەوقم لەگەڵ بابەتی ئەدەبی و هونەریدا هەبووە، دەشمزانی کە مێژوونوسین کارێکی سەخت و دژوارە و ساخ کردنەوەی و رۆشنایی خستنە سەر هەر بابەتێکی مێژوویی وردەکاری و فاکتی زانستی و بەدواداچوونی هۆشیارانەی دەوێ، منیش بۆ خۆم ئەوەم لەخۆمدا رانەدەبینی. چونکە لە خوێندنەوەی مێژوودا بۆم دەرکەوتبوو کەچەند کارێکی پڕ پێچ و پەنایە و مێژووی کورد دەبێ لە قورگی شێردا دەری بهێنی.

ئێستەش ئەمەی کە نووسیومە بە ئارەزووی دڵی خۆم لێی رازی نیم، بەڵام ئەوەندە هەیە لەوە دڵنیام کە گەردوتۆزی رۆژگارم لەسەر هەندێ بابەت لاداوە و لەجێگەی خۆیدا سوودو قازانجی تایبەتی خۆی هەیە. بەو پێیەش کە مێژووەکە لەسەر شارێکی خۆشەویستی هەمووکوردو راکێشەی سەرنجی جیهان بەلای کێشەی گەلەکەماندا نووسراوە، هیوام وایە پسپۆڕانی مەیدانی مێژوو بەئارەزوو شەن و کەوی بکەن و هەڵە و چەوتیەکانی راست بکەنەوە تا لەچاپی دووەمدا بەسەریدا بچمەوەو مێژوویەکی قەشەنگی لێدەربچێت.

چۆن بیری نووسینی ئەم مێژووەم هات بەسەردا؟

ئەگەر کارەساتەخوێناویەکەی شارەکەم هانی نەدامایە، یا ئەگەر لەشارەکەمدا مێژوونوسێك هەبوایە و ئەم ئەرکەی بخستایەتە سەرشان، ئەوا هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات کەچەند دێرێ مێژوو بنوسم، ئەمەلەلایەك، لەلایەکی‌دیکەوە لەسالّی یەکەمی کارەساتەکەدا دوای ئەوەی لەشاری (سنە)ی خۆشەویست گیرسامەوە برادەرانی گۆڤاری (سروە) داوایان لێکردم کە لە چوارچێوەی وتارێکدا شتێك وەك پێناسە لەسەر هەڵەبجە بنووسم، منیش داخوازیەکەم بەجێ‌هێنان و پاش چاپ بوونی وتارەکە لەم لاولا کەوتمە سۆراخ بۆ بەدەست هێنانی زانیاری پتر، بەمەش تا دەهات کەوشەنی باسەکەم لەلا هەراو و هەراوتر دەبوو. کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی ماڵەوەی کاك (حەسەن گۆران) لەشاری سنەو هەروەها کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی زۆر شتیان پێ بەخشیم، رۆژانە کاتی زۆرم تەرخان دەکرد بۆ خوێندنەوەی مێژوو تا وای لێهات ئەم بەرهەمەم بۆ دووەمین سالّیادی هەڵەبجە ئامادەی چاپکرد. کاتێ کەوتمە هەوڵی چاپدانی بەداخەوە مقەستی سانسۆر بەشە سیاسیەکەی لێقرتاند، منیش بەبێ بوونی ئەو بەشە رێگەم بە خۆم نەدا چاپی بکەم، چونکە بەوەم دەزانی کە مێژووەکە پایەکی شەل دەبێ. لەم بەشە سیاسیەشدا باسەکانم وەك ئەو دەمە رێکخستووەو دوای گۆڕانکاری بە سەر هەندێ لایەنی سیاسی حیزبەکاندا هەروەك خۆی هێشتوومەتەوەو دەستکاریم نەکردوون. واتە باسەکەم تا کارەساتەکە هێناوەو لەوەولا چ گۆڕانێك رووی دابێ خۆم لە قەرەی نەداوە.

هەندێ زانیاری بێجگە لە کتێب

ساڵی ١٩٧٨ کە شانازی ئەوەم پێبڕا بوومە سەرۆکی تیپی شانۆی هەڵەبجەو بەڕێوەبەری کۆڕە ئەدەبیەکان، لای ئەو پیرەمێردانەی کە مابوون و زەینیان باش ئیشی دەکرد، هەندێ زانیاریم لە بارەی شیعرو شانۆوسیاسەتەوە کۆکردەوە. پیرەمێرەکانیش بریتی بوون لە (حیلمی شاعیر) و(ساڵح هەژار) و (عارف چایچی) و (ساڵح شارەزوری). بەڵام ئەوانە -دوای ئەوەی رووم لە چیاکرد- تیاچوون. تەنیا شریتێکی تەسجیل ماوە کە تێیدا حیلمیم دواندووە و هەندێکیشی لە زەینمدا مابوون و لەم مێژووەدا جێگایان دیارە.

هەروەها کاتێك وەزارەتی رۆشنبیری -هەولێر- بریاری لە چاپدانی ئەم کتێبەی دا، سپاردیان بە سێ (خبیر)کە بیرو رای لە سەر دەربڕن، یەکێك لە خەبیرەکان (د.ئازاد نەقشبەندی) بوو کە لەسەر رووداوەکانی (سالانی ٤٠،٥٠،٦٠)ەکان گەلێ زانیاری وردی لە سەر تۆمار کردبوون و منیش پەیرەوم کردوون و جێگەیان لە مێژوەکەدا دیارە، سوپاسی دەکەم. شایانی باسە نامەی هەرسێ خەبیرەکەم لەلایە کەپەسندیان کردووە بۆ چاپ. بەڵام وەزارەت بەبێ گوێدانە نرخی کتێبەکە و نامەی خەبیرەکان بڕیاری چاپکردنی لە سەر نەدا.

سێ لایەنی چەوتی ناو ئەم مێژووە

چەند شتێکی وەك (ساڵ، ناو، شوێن، سەرچاوە...هتد) بۆ مێژوو بایەخی تایبەتی خۆیان هەیەو پێویستە مێژوونوس بە وردی تەفرنجیان بدات. بەڵام بە داخەوە لە هەندێ شوێنی ئەم کتێبەدا سێ لایەن بە پێچەوانەی ئەم راستیەوە خۆیان سەپاندووە بە سەرمدا.

١. لە دیاریکردنی سەرچاوەکاندا گەلێ جار ئەکادیمیانە دامنەناون و وەك پێویست رستم نەکردوون، واتە ئامارژەی تەواوم پێنەداون، ئامارژەکردنێك بە چەشنی ئەوەی کە زانست دەیەوێ، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتی خۆی لە دەفتەرچەی بەرباخەڵدا شتم یاداشت کردووەو گەلێ جار نەمکردووە سەرچاوەکان وەك پێویست دیاری بکەم. یا راستتر وایە بڵێم نائەکادیمی من بووە لە بارەی نوسینی مێژووەوە، ئەوە ئەگەر چاپی دووەمی بۆ گونجا ئەوا لەو قاڵبە نازانستیە دەریان دێنم، بە مەرجی ئەوەی کە هەندێ سەرچاوەی ناو کتێبخانەی فارسی هەیە دەستم پێیان رابگاتەوە.

٢. لە گۆشە سیاسیەکەدا دڵنیام ناو هەیە کە فەرامۆشم کردوون. داوای لێبووردن دەکەم کە هەرگیز ئەو کارەم بە ئەنقەست نەکردووەو من لە سۆراخی خۆمدا چیم دەست کەوتبێ ئەوەم تۆمارکردووە.

٣. لە ناوەراستی شەستەکاندا کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێکی لێ جیا دەبێتەوە بە درێژایی ئەو چوار ساڵە هەڵەبجە مەیدانێکی بەرفراوانی کێشەی نێوان پارتی ولایەنی دووەم بووە لە سەر ئەو چوار ساڵە هیچم نەنوسیوەو نەچومەتە سەر روداوەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە برینی کۆنی خەڵکی ناوچەکە نەکولێنمەوە، چونکە ئەو ساڵانە لە دەڤەری هەڵەبجەدا گەلێ شەرو پێکدادانی ناهەموار روویانداو گەلێ کوری بەدڵ کورد پەروەری تێدا درا بەکوشت، کە بەلای منەوە ئەو ساڵانە هەر ئەوە هەڵدەگرن بە نهێنی ئاهێکی پر لە حەسرەتیان بۆ هەڵکێشین و هیچی لە سەر نەڵێین چونکە ساڵانێکی پر لە نەهامەتی کورد بوون و هەڵگیرسێنەری ئەو ئاگرەش ئامادە نییە وەك مێژوو بینوسێتەوە.

بەشی یەکەم

پێکهاتنی جیوگرافی و شارستانیەتی نوێ

هەڵەبجە بەدووریی ٧٥کم کەوتۆتە خواروی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە و تا کاتی کیمیاوی بارانەکە ژمارەی دانیشتوانی پتر لە(٧٠ ٠٠٠) کەس ئەبوو (٧٢٦)م لە ئاستی دەریاوە بەرزە و ڕووبەری خاکەکەی (١٥٢٣)کم. ئاووهەوای مام ناوەندی‌یە، تەنیا چلەی زستانی سارده وچلەی هاوینی گەرمە، ئیتر ڕۆژەکانی تری ساڵ کەش وهەوای خۆش و لەباری هەیە وناوچەیەکی باراناوییە لە ساڵدا (٧٥٠) ملم بارانی لێ ئەبارێت. لەچلەی زستاندا چەند جارێ بەفری لێ ئەبارێ بەڵام ئەوەندە نامێنێتەوە کە خەڵك هەراسان بکات. بەپێی هەندێ شوێنەواری کۆن کە پاشان لەجێگەی خۆیاندا باسیان ئەکەین وا دەرئەکەوێت کە هەڵەبجە لە دێرزەمانەوە مەڵبەندی ژیان بووە، بەڵام دیارە جار لەدوای جار وێران کراوە ودواجار لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٠ دا ئاوەدان کراوەتەوە و ورده ورده گەشەی کردووە وبووە بەشار. بەهۆی ئەو ئاوو هەوا خۆش ولەبارەیەوە جگە لە خەڵکەکەی خۆی خەڵکی تریش لە ناوچەو مەڵبەندەکانی ترەوە بۆی هاتوون وتێیدا گیرساونەتەوە، بۆیە چەندین بنەماڵەی تیابوو کە بەرەگەز (قەرەداغی، پێنجوێنی، مەریوانی، بانەیی، سلێمانەیی، سنەیی، جوانڕۆیی، پاوەیی، کامیارانی، بەرزنجی) بوون. یەکەمین ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە دوای وێران کردنی لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٠دا لە لایەن بنەماڵەی (حەمە چاوش) شیوەکەڵی‌یەوە بووە کە خۆی وکوڕ وکوڕەزاکانی لە

ناوچەی خۆیان گرفتێکیان بۆ پێش هاتووە سەری خۆیان هەڵگرتوەو لە هەڵەبجە گیرساونەتەوە. ((حەمە چاوش)) سێ کوڕی هەبووە بە ناوی (پیرۆت، سلێمان، عەبدوڵڵا). سلێمان چوار کوڕی بووە بەناوی (ئەمین، محەمەد، قادر، فەرەج) عەبدوڵڵاش شەش کوڕی بووە بە ناوی (حەمە سالح، عەبدولڕەحمان، ئەحمەد، مەحموود، سەعید، ئەمین). پیرۆتیش هەر بەلاوی مردووە ونیتر ئەم سیانزە ماڵە لە دەورو بەری مزگەوتی (تەکیە)دا نیشتەجێ بوون و بۆ خواردنەوە وکشتوکاڵ سوودیان لەسەرچاوەی (کانی ئەواڵە) وەرگرتووە کە ئەو دەمە سەراوێکی گەورە بووە و ئێستە ئەکەوێتە ناو (باخی گشتی) شارەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لەجێگەی مزگەوتدا کانیەك هەبووە. حەمەی باول کە خۆی لە نەوەی حەمەچاوشە بە دەماودەم بیستوویەتی ونەڵێ ئەم سیانزە ماڵە دەستێکی بالأیان هەبووە لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ وباخ بێستاندا، گەنم وجۆو چەڵتوکیان چاندووە وداری هەڵۆژەوخۆخ وقەیسی وسێوو توویان ڕواندوە، بەم کارە شوێنەکەیان تەواو بوژاندۆتەوە. دوای ئەم سیانزە ماڵە نزیك بەبیست ماڵە جولەکەی تێ هاتووە کە بەتەنیشتی ئەوانەوە ماڵیان دروست کردووە پاشان لە سەردەمی دەستەڵاتی (محەمەد پاشای جاف) دا ژمارەیەك ماڵە بەگزادەی جافی تێ هاتووە ولە شوێنی خۆیاندا کە ئێستەش پێی ئەگوترێ (گەڕەکی پاشا) ڕەشماڵیان هەڵداوە و چەند ماڵێکیشیان دروست کردووە، دوای ئەمانە لە سەردەمی ژیانی مەلاعەبدوڵڵای خەرپانیدا گەڕەکی (پیر محەمەد) یش کە ناوەندەکەی (مزگەوتی جامیعە) بووە ئاوەدان ئەکرێتەوە. نیتر وردە وردە خەڵکی دەوروبەر ڕووی تێ ئەکەن وگەورە ئەبێت، میستەر ریچ لە گەشتنامەکەیدا کە ساڵی(١٨٢٠) نووسیویەتی وای دیاری ئەکات کەئە ودەمە هەڵەبجە شار بووە (بڕوانە لاپەڕە ١٢٤) کەچی سەیر ئەوەیە هەرنزیك

بەم مێژووەی ریچ مێژوویەکی ترمان هەیە کەمێژووی کۆچیە نەك زاینی وای دیاری ئەکات کە هەڵەبجە ئەو دەمە دێ بووە. لە سەرنووسراوی (حاشية السيد شريف الجرجاني على كتاب المطول في البلاغة) نووسراوە: كتبه السيد رسول ابن السيد محمد سنة ١٢٤٠ بقرية حلبجه واتە : سەیید رەسوڵی کوڕی سەیید محەمەد لە ساڵی ١٢٤٠ هـ ئەمەی نووسی لەگوندی هەڵەبجە. من پێم وایە مێژووەکەی ریچ راستە، چونکە ریچ گەشتوەرێکی شاران دیدە بووە، بەلام کۆلکەمەلاکەی لای خۆمان هەربە یادی پێشتر کە هەڵەبجە دێ بووە کە بووە بەشاریش هەر بە دێی داوەتە قەڵەم. شایانی باسە لە ساڵی ١٨٨٩ دا لەگەڵ کوێندا دەکرێتە قەزا.

گەرەکەکان

١. کانی شێخ ٢. مۆردانە ٣. گولان ٤. کانی عاشقان
٥. شێخ سمایل ٦. پیرمحەمەد ٧. جولەکەکان ٨. پاشا
٩. سەرا ١٠. شەهیدان ١١. مامۆستایان ١٢. تۆوشك
١٣. کانی قوڵکە ١٤. قەسابخانە

کانییەکان

هەڵەبجەو دەوروبەری هەروەکو لەپێشەوە باسمان کرد ناوچەیەکی باراناوییە بەم پێیە کانی وچەم وکارێزی زۆری تیایە هەروەکو بەسەریان ئەکەینەوە.

١. کانی سۆفی خدر ٢. کانی شێخ ٣. کانی باخی میر ٤. کانی زارا
٥. کانی جولەکەکان ٦. کانی قوڵکە ٧. کانی عاشقان ٨. کانی نەواڵە

٩. كانی کوێرە ١٠-کانی حەمەوغان ١١. کانی هەشت هەڵوژە ١٢. کانی پاشا ١٣. کانی باخی شێخ ئەحمەد ١٤. کانی باخی مەلاعەبدوللاّ ١٥. کانی باخی مەحموودی یاروەیس ١٦. کانی حەمەتاهی ١٧. کانی باخی پورکە حەلیم وچەند کانیلەیەکی تر.

کارێزەکان

١-کارێزی حاجی ناجی ٢- کارێزی عەلی بەگ ٣- کارێزی شەکەرەش
٤- کارێزی مستەفا بەگ ٥- کارێزی باخی تایەربەگ لەسەرگردی دارە قووتەڵە.

زێکان

١-دەڵێن: لە ناوی زەڵم وچەند جۆگایەك سەرچاوە ئەگرێ وبەشارە زووری سەروودا تێئەپەڕێ تا ئەڕواو لەگەڵ چەندجۆگایەکیتردا یەك ئەگرن.

٢- زەڵم: لەڕۆژهەلاّتی گوندی زەڵمەوە تاڤگەی ئاوێکی گەورەیە، بەناو شاری خورماڵدا تێئەپەڕێ.

٣- تانجەرۆ: لە سەرچاوەی ئاوی سەرچنارەوە سەرچاوە ئەگرێ، بە شارەزوورەردا دێت.

٤- ڕیشێن: سەرچاوەی ئاوێکی گەورەیە، لە گوندی ڕیشێنی بناری چیای سوورێنەوە هەڵدەکات.

٥-سیروان: لە زێکانی پێشووگەورەترە، لە کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە.

٦-زمكـان: لـه گونـدی (تووشـامی) كوردسـتانی ئێرانـەوە سـەرچاوەی گرتووەو دێتە ناوچەی تاوگۆزی ولەوێوە تێکەڵ بە سیروان ئەبێت.

٧-لێڵـە: لـە بـاكووری شـاری جوانـڕۆوە سـەرچاوە ئـەگرێ وئـەمیش بەناوچەی تاوگۆزیدا دێت وئەڕژێتە سیروانەوە. هەموو ئەم زێیانەش کە باسمان کردن ئەڕژێنە دەریاچەی دەربەندیخانەوە.

چەمەکان

١. گـولآن : لەسـەر چاوگـەی گونـدی سـەرچاوگی كۆكۆیيـەوە سـەرچاوە ئەگرێ.

٢. كوڵەبۆز: لە سەرچاوەی ئاوی بامۆك وكانی شێخ سەرچاوە ئەگرێ وبە شاردا ئەڕوات.

٣. قەدەغە: لەسەرچاوەی ئاوی باوەكۆچەك سەرچاوە ئەگرێ.

٤. چـەمی پریسـی سـەروو: کـە لـە سـەرچاوەی سـەروەڵخ وبەرکـەورگ سەرچاوەئەگرێ.

٥. چەمی تەوێڵە: لەسـەرچاوەی ئـاوی هاوینەهـەواری ئاوێسـەر سـەرچاوە ئەگرێ.

٦. چەمی تریفە: لە سەرچاوەی ئاوی دێکە سەرچاوە ئەگرێ.

٧. چەمی بیارە: لـە سـەرچاوەی ئـاوی کەیمنـە وهانـە گەرمەڵـە سـەرچاوە دەگرێ.

ئەمانـە وچـەندین چـەم ووردە چـەمی تـر لـە ناوچەکـەدا هـەن کـە بـە گشـتی مەڵبەندی هەڵەبجەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

چیاکان

١. **بالأنبۆ**: چیایەکی خاکی+بەردی بەرزە لەرووی خوارووی رۆژاوای شارەوە. بەرزاییەکەی (١٥٦٠م) ئەبێ. چیایەکی رووت وبێ داروودەوەنە ، بەلأم گژوگیای زۆرە و بۆ ناژەڵداری خەڵکی گوندەکانی ئەم دیوو ئەودیوی سودی لێ وەرئەگرن. لە هەردووگوندی (چاوگ) و(باوەکۆچەك) دا کانە بەردی گەورەی تیایە کە خەڵکی ئەم دووگوندە سوودیان لێ وەرئەگرت ولێیان ئەهێنایە شارەوە بۆ فرۆشتن. کاتی خۆی ئینگلیزەکان کەشفیان کردووە کە هەندێ نەلەمنیۆمی تێدایە. هەروەها لە سەرچاوەی جیۆلۆجیای عێراقیدا باسێك هەیە بەناوی پێکهاتنی بالأنبۆ. Blanbo formation کەوای دیاری ئەکات دەوروبەری ئەم چیایە سەرچاوەی نەوتی لە چەند شوێنێکداتێدایە و ناویان ناوە Sirwan Gourge[1] دۆڵی سیروان درێژایی بناری ئەم چیایە ئەگرێتەوە وزیاتریش . ئەوشوێنانەی کەلەم دۆڵە و دەوروبەریدا نەوتی تیایە بریتین لە:

١. نەیجەگەڕۆڵە: شوێنێکە بەرامبەر گوندی (ژاڵەی رەحمان بەگ)ناوچەی ئێناخی لەوبەری ناوی سیروانەوە بەشی کوردستانی ئێران.

٢.زەردە درێژ: ئەمیش شوێنێکە بە ماوەی سەعات و چارەکێ بە پێ ئەکەوێتە خوارووی نەیجە گەڕۆڵەوە.

٣. چەمی‌گەچی : چەمێکە نزیك بە گوندی (بۆین)، لەم چەمەدا جگە لە نەوت گەچی زۆریشی تێدایە کە کاتی خۆی ئینگلیزەکان کوورەیان تیادروست کردووە ، گەچیان لێ بەرهەم هێناوە وهێنراوە لە شاری هەڵەبجە فرۆشراوە.

٤. نزيک بەگوندی سازان لەناوناوەکەی سیرواندا سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتی تیایە ، بەڵام چونکە لە ناو ناوەکەدایەو ناوەکەش بۆتە سنووری نێوان ئێران وعێراق هیچ لایەکیان نەیانتوانیوە سوودی لێ وەربگرن.

٥. بانی بۆلان : گوندێکە لە ناوچەی تاوگۆزی ، ئەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (مۆرتکە) و(کانی ژەنان)ەوە. سەرچاوەی نەوتێکی تیایە کەجاران خەڵکی ناوچەکە بۆ قوتیلکە وچرا بەکاریان هێناوە -ئەمەبەبێ ئەوەی پاك کرابێتەوە-.

٦. دوای ساڵی ١٩٧٨ کە ڕژێم گوندەکانی ڕاگواست وهەندێکیانی لە ئۆردوگای زۆرە ملێی زەمەقی تەنیشت هەڵەبجەدا کۆکردەوە. هەر ئەو ساڵە دەوڵەت ویستبوی بیرێکی ئیرتوازی لێ بدات لە نێوان شاروئۆردوگاکەدا- پاشان دەستی لێ هەڵگرتبوو چونکە لەهەڵکەندنیدا گەشتبوونە سەرنەوت. ئەمە وەکو نەوت، وەکو بەرهەمی تریش خەڵکی ناوچەکە ئەڵێن لە نیوان هەردوو گوندی (لمە) و(کۆساوا) دا کەبەداوێنی ئەم چیایەوەن و بە(بەرکەورگان)ناو ئەبرێت ئابووری ناسەکانی ئینگلیز لەسەرەتای بیستەکاندا کبریت وگۆگردیان دۆزیوەتەوە ولەشووشەیەکدا نموونەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. هەروەها سەرچاوەیەکی تر دیاری ئەکات کە بالانبۆ بەردی (مارل لایمستونی) تێدایە کە بۆ بیناسازی بەکەڵك دێت.

٢- **شنروێ**: چیایەکی خاکیە وبە بەرزایی (٢١١٠)م ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەوە. بەرزترین لوتکەی ئەم چیایە پێی ئەگوترێ (بەفری میری) لەهەندێ شوێنی تریشدا بەرزایی و ڕکەی تیایە بەم ناوانە (سێ قەڵاتان، سەرکۆ، دالأڕی، شەواتێ، بەڕوار). ئەم چیایە وەکو بالانبۆ رووت نیە، بەڵکو دارودەوەنی زۆرە، بەتایبەتی بەڕووی (هاوار) و(هاوارە کۆن) و(گریانە) دا داری

قەزوان وگوێزو بەرووی هەیە، بە شێوەیەکی زۆرباش خەڵکەکە سوودی لێ وەرئەگرن بەتایبەتی لەقەزوان وبنێشتەکەی. هەروەها کانەبەردو کانی گڵەسپی تیایە کە ئەمانیش سوودیان لێ وەرئەگیرێت.

لای کاکەییەکان- ئەهلی حەق- ئەم چیایە ڕێزێکی تایبەتی هەیە. سەرچاوەدەست نووسەکانی ئەم ڕێبازە وای دیاری ئەکەن کە کاتێ(سوڵتان ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی) لە بەرزنجەوە ئەکەوێتەڕێ بەرەو گوندی (شێخان) کە مەکۆیەکی گەورەی یارانی ئەم ڕێبازە بووە ، لەدۆڵی (ئەشکەوڵ) دا کەبەشێکە لەم چیایە کرێوە وزریان لێی هەڵئەکات و ئەویش لەگەڵ هاورێکانیدا پەنا ئەبەنە بەر ئەو ئەشکەوتەی کە تیایەتی، لە بەر تۆف و کرێوە سێ ڕۆژ گیرئەخۆن تاپاشان سوڵتان لە خوا ئەپاڕێتەوەو بەڵاکەیان لەسەر نامێنێ. ئیتر کە ئەگاتە شێخان بەو موناسەبەتەوە کە سێ ڕۆژ گیریان خواردووە و هیچیان نەخواردووە لە ئاینەکەیاندا سێ ڕۆژ ڕۆژووگرتن فەرز ئەکات.

هەروەها کاکەییەکان دەفتەرێکی دەست نووسیان لەلایە بەناوی (دەورەی شنروێ) کە بەشیعر دانراوەو سەرجەم ژمارەی بەیتەکانی (٦٢٢) بەیتە . ئەو شاعیرانەی شیعریان لەم دەفتەرەدا تۆمار کراوە ئەمانەن :١- سوڵتان ئیسحاق ٢- سەییدمیر محەمەد ٣-سەیید مستەفا ٤- سەیید محەمەد ٥-سەیید عەبدولوەفا ٦- سەیید شەهابەدین ٧- سە یید حەبیب شا ٨-سەیید باوەیسی ٩-داود ١٠- گڵێم وەکۆڵ ١١- شنروێ ١٢- وسێنە ١٣- حەوشی ١٤- رەمزوار ١٥- پیرموسا ١٦- عابیدین ١٧-میرەپاشا ١٨- پیرڕۆستەم ١٩- پیرمیکائیل ٢٠- میرەباش توجار.

لێرەدا دەر ئەکەوێ کە (شنروێ) نازناوی کەسێکی کاکەییە، لەناو شیعرەکاندا وتووێژی سوڵتان ئیسحاق و شنروێی بەم شێوە تیایە.

سوڵتان مەرەمۆ:

سـیـرت بواچـه...
شـنروێ مـەعناو سـیرت بواچـه
سـیرو عاجەوێت چێگابسـاچه
تاکـه بشـنەومێ ناڵـەو کەمانچـه
بەیان کەر ڕەنگت جەی سەر تیانچـه
تـا پوختـه بـۆ نـان خـەمیرو خوانچـه
تاکو مەعلوم بـۆ سـەرو پـاو پەنجـه

شنروێ مەرەمۆ:

عـازیز جـەوێتا ...
عـاجێو ڕەنگمـان عـا زیـز جـەوێتا
سـیرمان جـه سـیرو ئـەزەلی جێتـا
ئینـا بـەیان و سـورەتمان پێتـا
جەلای تۆ بەرمان جـەی ڕەنـگ وڕێتـا
جـەباوە ئێمـه مەسـتانت سـێتا
هەر چلمان یەک یـەک تێنـی وەجێتـا
ڕاکـەم جـه سـیری بـاتینی ڕێتـا

٢- هەورامان: چیایەکی سەخت وسەرکەش وبەردینە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی شارەوە ٢١٦٠م بەرزە هەندێ یاڵ وڕکەی گەورەی تیایە وەکو (شرام ، تەتە ، وەزەرا، دالانی، سۆنی ، قەڵاسوورە ، مڵەخورد، گۆزندار ، هەوارە بەرزە ، هەسوون) شایەنی باسە (هەوارە بەرزە) لە ئاڤێستادا بە شێوەی (هەواری بەرزنگهە) ناوی هاتووە و لەداوێنیشدا تاڤگەی (وەزنێ) هەیە کە لە ئاڤێستادا وشەی (وەزنگە) هەیە بە واتای (تاڤگە) لە زۆر شوێنیشیدا کانیاوی گەورەو بچوکی سازگاری تیایە کە هاوینان ئەبنە هاوینەهەواری هەورامیەکان وبۆ ئاژەڵداری لەئەورو بەری ئەمێننەوە. ئەم چیایە دارودرەختی نیە ، بەلاّم هاوینان دۆڵ ولاپاڵەکانی بە (چنوور ، بەرمزا ، بەرزەلنگ، کەما، لۆ، شەوبۆ، هەلاّڵە برایمە، ڕیواس) وچەندین جۆر گژوگیای تر ئەڕازێتەوە کە بەراستی ئەیکەن بە پارچەیەك لە بەهەشت وخوا داینـاوە لـەڕۆژی خۆیدا بیکەیتە مەڵبەندێکی توریستی، کانی وسەرچاوەکانی (ئاوێسەر، هەیات، نوەیچەڕ، دالانی، زەڵم، هانەنەوە، وەزنێ، ئەحمەد ئاوا، چەمی بیارە، گەڕیات، مێشلە) جێگای زۆر خۆش وسەرنج ڕاکێشن، ئەگەر کەمێ ئەستکاری بکرێن وڕێگاوبانەکانیان خۆش بکرێت لە بارترین شوێنی سەیران ئەبن.

چیای هەورامان لەجێ جێیدا هەندێ مادەی ئاسنی تێدایە، جگەلەمەش دا وێنەکەی هەمووی ئاوەدانە لە تەوێڵەوە تاکو خورماڵ ، لەم ئاوەدانیەدا جگە لە (هەنار، هەنجیر، ترێ، قەیسی، هەڵوژە، خۆخ، توو) گوێز بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لێوەرئەگیرێت وساڵانە چەند تەنی لێ ئەگاتە هەڵەبجە بۆ سلێمانی، بەغداد، موسڵ کەئەمەش هەندێ بازرگانی گەورەی لە ناو هەورامیەکاندا دروست کردووە. داوێنی ئەم چیایە بە هەردوو دیوی کوردستانی عێراق و ئێران دا ئاوەدانی تیایە وچیایەکی گەلێ سەخت و ڕژدو

پڕ لە هەڵمووتە و هەرگیز دوژمن نەیتوانیوە بە یەکجاری دەستی بەسەردا بگرێ و تێیدا بحەوێتەوە . هەر ئەم سەختیە وای کردووە بۆتەپارێزەری ئەولەهجە شیرینەی هەورامان کە تا ئێستەش بەپاکترین لەهجەی زمانی کوردی ماوەتەوە. قانعی شاعیری شۆڕشگێڕ ڕوونەکاتە ئەم چیایە وئەڵێ:

شاخی هەورامان هەرچەند رەنجەڕۆم
زۆر چاك بزانە هەر مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە
تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە
نەرۆم، نەعەجەم ، نەتورکی تاتار
نەڕوس، نەژاپۆن، نە دەست ئیستیعمار

٤- سورێن: چیایەکی سەخت وسەرکەش و بەردینە ، لکاوە بەچیای هەورامانەوەو نەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی شارەوە ٢٥٤٨م بەرزە. ئەمیش هەندێ ڕکەو قوتکەی هەیە وەکو (داڵەمێز، رەنگین، منارەکەوە، چارەسەوز، قووچی بەردە بەل). ئەمیش لە هەندێ شوێنیدامادەی ئاسنی تیایە، جگە لە کانی وسەرچاوەی سازگار هەروەها ژمارەیەك ئەشکەوتی گەورەو کەورگی تیایە وەکو هەورامان هەمووگژوگیایەکی هەیە وبۆ ئاژەڵداری سوودی لێوەرئەگیرێت. ناوی سورێن لە مێژووی ئەشکانیەکاندا بەم شێوە دەرکەوتووە *لەسەردەمی حوکمی ئەشکانیەکان دا- کەدوای هەخامنشیەکان وبەر لە ساسانیەکان فەرمانڕەوایی ولاتی ئێرانیان کردووە- بەلای کەمەوە سێ خێزان پلە وپایەی بەرزی پاشایەتییان بەدەست هێناوە کە بریتی بوون لە:

١- كارين ٢-سورێن ٣- ئیسپاهبوذ كه هەرسێكیان له نەژادی ڕەسەنی ئەشكانیەكانن[٢]﴾.

كەواته چیای سورێن یەكێك بووه له مەڵبەندەكانی ژیانی ئەم خێزانه ئەشكانیەو بەناوی خۆیانەوه ناویان لێناوه. دیاره ژیانەكەشیان له گوندی (نەویٚ)و(سیامێوه) دابووه كەله بناری ئەم چیایەدا هەڵكەوتوون وپاشان له شوێنی خۆیداباسی شارستانێتی(نەویٚ) ئەكەین، كه پاشماوەی شارستانێتی پێشدادیەكانی تیایه.

٥-نوەر: چیایەكی هەم خۆڵین وهەم بەردینه، ئەكەوێته ناوچەی‌نەورۆڵی له خۆراوای شارەوه ١٢٩٠م بەرزه، هەندیٚ ڕكەو ڕەوەزوكەورگ وئەشكەوتی تیایه. بەرووی ڕۆژهەلأتیائەڕوانیٚ بەسەرنەورۆڵی پارچەدا و بەرووی ڕۆژئاواشیدا ئەڕوانیٚ بەسەرشەمێران و رووباری سیروان دا. خەڵكی دەوروبەری بۆڕاووشكارو ئاژەڵداری سوودی لێوەر ئەگرن. ئەمانه وجگه لەوەی له ناوچه كەداهەندیٚ چیای ترهەیه وەكو(زەواڵیٚ، بەردەدووكون ، بێزەل، مگڕ، ملەی داریٚ ، شاخی‌سەیید صادق و ئەحمەد بڕنەونێرگسەجاڕ وتەپی تەپان...هتد) كه هەرئەوەنده به پێویست ئەزانم ناویان بەرم وهیچی تر.

هاوینه هەوارەكان

١- گولأن : ئەكەوێته ڕووی قیبلەی شارەوه ، دۆڵێكی ناوداری سەوزوپڕ باخه، سەرەو ژوور درێژ ئەبێتەوه تاكانی زرگوێز، له خواریشەوه به كلكەی باخی شێخ وەلی تەواو ئەبێت. لەناوەڕاستی ئەم دۆڵەدا گوندی(گولأن) هەیه كه له دوومالٚ پێك هاتووه. شێخ مۆمنی گولأنی گۆڕی موبارەكی بەڕاسەری گولأنەوەیەو بەدەوریدا گۆڕستانێكی گەوره دروست بووه و هەندیٚ له خەڵكی شارمردووەكانیان لەویٚ ئەنێژن. ئەم دوومالەی گولأن جگه لەباخ

داریــی هــەندێ کشــتوکاڵیش ئەکــەن و بەمــەش هینــدەی تــر دۆڵەکــەیان ڕازاندۆتەوە.

٢- وەزگێڵ: هاوینـە هـەوارێکی دڵگیرە ئەکەوێتـە خـۆر هـەڵاتی شـارەوە بەسنگی چیای شنرویێ وە بەڕووی دۆڵیهاواردا . کانیەکی زوڵاڵ وسـازگاری هەیە و سەر سەوزە، تائێستە ڕێگەی ئوتومبیلـی بـۆ نـەچووە ودەوڵـەت هیـچ بایەخێکی پێ نەداوە. وەزگێڵ لەڕاستیدا (وەز-کێڵ)ە وشەکە هەورامیە بەواتای کێڵی گوێز، کافەکەی گۆڕاوە بەگاف چونکە حۆشتر دێتە سەر زمان.

٣- سەرکەن: سەرچاوەی ناوێکی سازگارەکە هەندێ دارودرەخت و زەوی بەدەورو بەریدادێراو ئەکات. سەیرانگایەکی خۆشەو ئەکەوێتە ڕاسەری دۆڵـی تاوێرە.

٤-ئاوێسەر: کارێزێکی گەورەی زوڵاڵ وسـازگارە بەتەنیشـت شـارەدێی تەوێڵەوە. باخی گوێـزو میوەکـانیتر ئـاودێر ئـەکات، درەختـی گوێـز وتـووی باڵاهەڵچووسـێبەرێکی خەسـتیان خسـتۆتە سـەریوبەدرێژایی وەرزی هـاوین جێگای گەشت و سەیرانەو گۆران واتەنی:

شـنەی سـێبەری داری گوێـزو تـــوو
ئەسـرن ئـارەقی ڕێبـــواری مـــاندوو

٥- ئەحمـەد ئـاوا: ئـەم گونـدە خـۆش ودڵگـیرە کـاتی خـۆی لەلایــەن خوالێخۆشبوو حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شـێخی سیراجەدینەوە ئـاوەدان کراوەتەوەو بەناوی ئەوزاتەوە ناونراوە ئەحمەد ئاوا.دێیەکی سەرسەوزی پڕ لـەباخ و باخاتـە و ئاووهەوایـەکی لـەباری هەیەکـە لـەدوا مـانگی بـەهارەوە تاسـەرەتای پـایز خـەڵکی ناوچەکـە سـەیرانی تیـا ئەکەن، زێی زەڵـم بـەخوڕ

بەبەردەمیدا ڕەت ئـەبێ، بەتەنیشـتیەوە بـەرەو سـەرچاوەی زەڵـم شـوێنێکی نێجگار خۆشی تیایە بەناوی (بن پـەڵگ) کەبەبـەردیپان سـەکۆو بانێکی تیـا دروست کراوە. دیمەنێکی دڵبزوێن وسەرنج ڕاکێشی هەیە.

٦- سەرچاوەی زەڵم: لەئەحمەد ئاواوە بەرەو کۆتـایی دۆڵەکە تاڤگەیـەکی بەرزە بەنیوەی چیاکەیهەورامانەوە وەکو کـەفێکی سپی بەرئەبێتـەوە، ئاوێکی شیرین و سازگارە و تائەڕژێتــە دەریاچەکــەی ســیروانەوە خــەڵکی هــەورامان وشارەزوور بۆ باخ وکشتوکاڵ سوودی گەورەی لێ وەرئـەگرن . شایانی باسـە قەڵایـەکی کۆنی تیایە هەر بـەناوی قـەڵای زەڵـم کـە لـە شـوێنی خۆیـدا باسی ئەکەین.

٧- ســەراوی ســوبحان ئاغــا :ئەکەوێتــە تەنیشــت شــارۆچکەی ســەید صادقەوە بەرەو شاری عەربەت ئاوێکی زۆرەو لـەژێر زەوییـەوە هـەڵدە قوڵـێ، گۆماوێکی گەورەی لەبەردا دروست کراوە بۆ دێراوی زەویوزارەکانی بەردەمی. شوێنێکی خۆش و دڵگیرە وجێگەی سەیرانی خەڵکی ناوچەکەیە.

٨- مێشلە: کانی وباخێکی خـۆش ودڵگـیرە ، ئەکەوێتـە نێـوان گونـدی بەڵخەو سۆسەکانەوە:سەیرانگایەکیخۆشە وپاشماوەی قەڵایـەکی کۆنـی تیایـە کە پاشان باسی ئەکەین. هاوینان خەڵك ڕووی تێئەکەن وسەیرانی تیا ئەگێڕن.

٩- ســەروەزان: تاڤگەیــەکی خۆشــە نزیـك بــە گونــدی ســازان. وەزان ، وشـەیەکیهەورامیە بـە واتـای گوێزەکـان - بـاخ لەبـەریدا کــراوەو دیمــەنێکی دڵڕفێنی هەیە.

١٠- سەروەڵخ: سەرچاوەی ئاوێکی گەورەو شیرینە بەتەنیشت پریســی سەرووەوە شوێنێکی خۆش و دڵگیرە، ئەگەر بایەخی خۆی پێ بدرێت بەیەکێك لە سەیرانگا خۆشەکان ئەژمێرێت.

١١- گەرپات: کەوتۆتەخواری تەویڵەوە. ئەو چەمەیە کە لە ئاوێسەرەوە سەرچاوە ئەگرێت . شوێنێکی فێنك وسەرسەوزە و باخێکی زۆری گوێز بەم بەرو بەو بەریەوە کراوە. سەیرانگایەکی بەرفراوانە بەسەدان خەڵك ئەتوانن تێیدا بحەوێنەوە.

١٢-بلەقەوی: کانی وگۆماوێکە لەنێوان هەردوو گوندی عەنەب وبیاوێڵەدا هەرچەندە ئاوەکەی وەکو ئاوی هاوینە هەوارەکانی تر سازگار نیە، بەڵام هەمیشە شنە و شەماڵێکی خۆشی هەیە.

شارستانیەتی نوێ

وەکو لەپێشەوە باسمان کرد هەڵەبجە لە ساڵی ١٨٢٠ز دا شاربووە. نیشانەکانی شارستانیەتی ئەودەمەی بریتی بووە لە (کۆشکەکەی پاشا) (حەمامی پاشا)، (حەمامی گەورە)، (ماڵی تایەر بەگ)، (ماڵی حاجی حەمەعەلی)، (هەندێ دوکان). ماوەی سەدساڵێك بەم شێوە بووە و گۆڕانی زۆرکەمی بە سەردا هاتووە.

*چرای یەکەمین شارستانیەتی نوێی لەساڵ ١٩٢٠ دا تێدا هەڵکراوە، ئەویش دروست کردنی قوتابخانەیەك بووە. (ت. فایەق) ناوێك کەبۆمان روون نەبوویەوە کێیە لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن)دا لە ژێر سەردێری (مەکتەبی هەڵەبجە) دا وتارێکی گچکەی نووسیوە کەتێیدا دەڵێ: {ئەم کەرەتەکە بە ئیزن چووم بۆ هەڵەبجە لەبەر مەراق و بۆ تەماشای پێشکەوتنی میللەتمان چووم بۆ مەکتەبی هەڵەبجە، ئەوەی دیومە کە لەم وەختەکەمەدا کراوە بەڕاستی شایانی تەشەکورە، مەکتەبێکی تازە دروست کراوە قوتابیەکان لەوێ ئەخوێنن، لەبەر ئەمەی بۆ ئاوئیحتیاجی ئەکێشن تازە بە پارەیەکی زۆر حەوزێکی جوانیشیان تیا دروست کردووە، سێ مامۆستایان هەیە، مدیری مەکتەب عەبدولعەزیز ئەفەندیە، هەم

تەماشای ئینتیزامی مەکتەب ئەکلو هەم پێشیان ئەخوێنێ، مامۆستاکانی تریش مەلا تایەر ئەفەندی ومەلا عومەر ئەفەندین، لەوێ تا ئێستە سێ سنف تەشکیل کراوە. قوتابیەکان زۆریان جولەکەو هەورامی و لادێن، بە عزێکیشیان شاری و هەڵەبجەیین. لەپێنج وشەش ساڵەوە تیایانە تا پانزەساڵ، هەموویان بۆ فێربوون زۆر خەریکن، هەرسێ سنفەکەچووم لەهەرسنفێ سێ چوار قوتابیم هەڵسان؛ لەحیساب وهەندەسەو تەئریخی ئەنبیاو جوغرافیا وساتیرە سوئالم لێ پرسینەوە هەموو جوابی جوان جوانیان دایەوە...هتد).

ئەم قوتابخانەیە لە یەکێك لە ماڵەکانی شاردابووە. واتە بینایەکی بەناوی قوتابخانەی تێدانەبووە، هەر بەم شێوە ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٢٦دا کۆمەڵێ لە خەڵکی شار (کۆمەڵەی ئیعانەی مەکتەبی ئەڵەبجە) دروست دەکەن کە (ئەحمەد موختار جاف) یەکێك بووە لە ئەندامەکانی ولەکەناری شارەوە پارچە زەوییەکی خۆی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کردووە. دوایی قوتابخانەکە ناو ئەنرێ (سیروان) کە تاکو سەرەتای شەستەکانیش مابوو. پاشان لەبەر شڕو پڕی لەلایەن خەڵکەوە ناونراوە (قوتابخانەی پەڕۆ).

(کۆمەڵەی ئیعانەی مەکتەب) بەم شێوە لەسەر ئەو قوتابخانەیەی نووسیوە کە لە ماڵاندا بووە.

(هەڵەبجە ئەم شارە لەتیف نەزمر روبای کوردە کە لە رۆژێکەوە بناغەی دانراوە، هەتاکو ئێستا مەکتەبێك کە جامیعی مەعنای کەلیمە بێ نەیدیوە. هەر رۆژە وەکو ماڵێکی کۆچەریی لە دووچاوگەی خانووی تاریك وبێ فەڕان. ئەم کورە لاوخاسانەمان بەیانیان بە شەوقێکی گەرمی عیرفانەوە لەخەو هەڵدەستن ورووبەروو مەکتەب ئەڕۆن. لەگەڵ پێیان گەیشتە (دار العرفان!!) مەنزەری قوومت بەخشی دیواری رەشی دوکەڵاوی، هۆدەی تاریکی جەهەنەمی ئەم بیناکرێ گرتەیە بە نەوعی تەئسیر لەشەوق ورەغبەتی تەمسیلیان ئەکلت کە رۆژی ئایندە مەگەر کونەکی باوك

مەجبووری چوونە مەکتەبیان بکاتەوە. جا توخوا لە زیندانێکی وەهادا ئەگەر موعەلیم سوقرات ودەقارتیش بێ منالّ چ ئیستیفادەیەکی لێ ئەکات؟

ئێستا وا لێرە بۆ رەفعی ئەم مانیعەیەو تەئسیسی بینایەکی مەکتەب کۆمەڵێ دامەزراوە. مەسئولی ئەم کۆمەڵە حەسەن نەجیبی مەعاریف پەروەرە، نەتیجەی فەعالیەتی عیرفان وسەعادەتی میللەتە ئەم کۆمەڵە ئەیەوێ بە معاونەتی هاولاتییەکان لانەیەکی شەفەق ومەعریفەت بۆ ئەولادی وەتەن دروست بکات. هیواو ئومێدی یەگانەی حسیاتی وەتەن پەروەرانەی میللەتە. بەم زوانە شوعبەیەکی لە سلێمانی ئەکرێتەوە، معاوەنەت لەسەر هەموومان فەرزە. وەلەو ئەم یارمەتییە بە دانی قیمەتی یەک خشت وەیا کلۆیەک قسلّ بێ، ئەم موئەسەسە موبارەکە هەتا پارچە بەردێکی ئینقازی بمێنێ لەبەدییەکی فەخرو شەرەف ئەبێ بۆ مەعاریف پەروەران)[٤]

کۆمەڵەی ئیعانەی مەکتەبی ئەڵەبجە

ئەم کۆمەڵەیە بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارەی پێویست سەرەتا لە دەوڵەمەندەکانی ناو شارەوە دەست پێدەکەن، پاشان روو لە هەندێ کەسی دیکەو گوندەکانی دەوروبەری شارو هەروەها گوندەکانی سەر بە ناحیەی خورمالّ دەکەن. واتا لە ماوەیەکی کەمدا سێ لیست ئامادە دەکەن وهەر ئەو دەمە لە دوو ژمارەی رۆژنامەی (ژیان) دا ناوی کەس وگوندو بری ئەو پارەی کە داویانە بلاوی دەکەنەوە. ئەمەش لیستەکانە:

لیستی ئوسامی ئەو زاتانەی کە بۆ بینای مەکتەبی هەڵەبجە پارەیان تەبەروع فەرمووە[٥]:

	روپیە	ئانە
قایمقام جەنابی حەمید بەگ	٢٠٠	
جەنابی ئەحمەد موختار بەگ (موشار ئیلەیهی جێگای بینای مەکتەبی تەبەروع فەرمووە)	٢٠٠	

	١٠٠	جەنابی حاجی حەمەعەلی
	٥٠	جەنابی حسەین بەگ مەحموو پاشا
	٣٠	عەبدولحەمید ئەفەندی مدیر مال
	١٥	مەئموری گومرگ جەنابی سەعید فەوزی ئەفەندی
	١٥	مەئمور مال جەنابی عەلی کەمال
	١٥	موعەلیم جەنابی عەبدوڵڵا بەگ
	١٠	ئەمین سندووق جەنابی رەفعەت ئەفەندی
	١٠	باشکاتبی شەرعیە محەمەد ئەفەندی
	١٠	باشکاتبی تەحریرات رەشید ئەفەندی
	١٠	مەئمور مەرکەز عەلی
	١٠	مەئمور صحیە رەشید نەجیب ئەفەندی
	١٤	مەئمورینی سائیرە
	٢٠	جەنابی عەبدولرەحمان ئەفەندی
	١٥	مستەفای مەلاغەفوور
	١٠	حاجی فەتاح
	١٠	بنیامین یەعقوب
	٧٦	ئەهالی سائیرەی ناوشار

لیستەی ئیعانەی ناحیەی خورماڵ ومەرکەز بۆ بینای مەکتەبی هەڵەبجە.

ناحیەی خورماڵ[٦٣]

ئانە	روپیە	
-	٨	ئەهالی قازاو
١٢	٩	ئەهالی زێڕین جۆ
-	١٠	ئەهالی موان
-	٦٠	ئەهالی بنەجووت وگرێزە
٨	٢٩	ئەهالی قلرخ، سەرلو، وە کونخا مستەفا

-	٣٠	ئەهالی قەرەتەباخ
-	٧٠	ئەهالی شانەدەری وکوێخا تالیب
-	٦٠	ئەهالی قاینەیچە
٨	٢١	ئەهالی وەڵەسمت
-	٨	ئەهالی تەپی کەرەم

مەرکەز

ئانە	روپیە	
٨	١٩	ئەهالی بەکراوا
٧	٢٣	ئەهالی حەسەن ئاوا
٩	٢٢	ئەهالی کەڵەکن
-	٢٣	ئەهالی شەشکی خوارو
-	٣٣	ئەهالی تەپە کورە
-	٢٠	ئەهالی زەمەقی
-	٥	حاجی میر ئەحمەد
-	٣٣	حەسەن بەگ معاونی جاف
-	٣٠	عیزەت بەگی محەمەد ساڵح بەگ
١٢	٢١	ئەهالی کانی کەروێشکان

ئەو دەمانە لە قوتابخانەی شارێکی وەکو سلێمانیدا بۆ خزمەتی قوتابیان بەشی کەششافە کراوەتەوە. خەڵکی هەڵەبجەش ئەو خزمەتەیان بەباش زانیوە بۆ قوتابخانەکەیان، بۆیە خەڵکی شارەکە لەسەر باخەڵی خۆیان بڕێ پارەیان کۆکردۆتەوەو لەم رووەوە لەژێر ناونیشانی (مەکتەبی ئەڵەبجە)[٧]دا رۆژنامەی ژیان بەم شێوە بڵاوی کردۆتەوە.

مەعلومە کە مەکتەبی ئەڵەبجە ئەمساڵ تازەکراوەتەوە، هەنگێ لە قوتابیەکانیشی فەقیرو موحتاجن، بۆ خاتری رێکخستنی کەششافە بە

واسیتەی هیممەت وحەمییەتی گەورەو بەرزی جەنابی حەمید بەگ قائمقام وجەمیل بەگی ئامیرفەوجی سادسەوە، ئایا لە لایەنی خۆیانەوە، وە ئایا لەلایەنی چەند زەواتێکی ساحێب هیمەتی ترەوە میقداری (٢٤٢) روپیە بۆ کەشافەی مەکتەب کۆکرایەوە، انشاءالله ئەم پارەیە ئەبێ بە واسیتەی دروست کردن وپێك هێنانی کەششافەیەکی باش وجوان بۆ مەکتەبی ئێرە. بەناوی مەعاریف وتەلەبەکانەوە تەشەککورێکی زۆر تەقدیمی ئەم زاتە ساحێب رەئفەتانە ئەکەین، خوابکەم ئەمانیش هەربژین وئەمسالیشیان زۆر وزیاد بێ، ناوی ئەو زاتانە ومیقداری (ئەو) پارەیە کە بەخشیویانە وا لەژێرەوە نووسرا. هەربژی ئینسانی بە هیممەت وبەکەڵك.

ئانە	روپیە	
-	٥٠	قایمقام جەنابی حەمید بەگ
-	٦٥	ئامیر فەوجی سادس جەنابی جەمیل بەگ وزابتانی فەوج
-	٧٣	مەئمورانی ئەڵەبجە
-	٢٤	حسەین بەگی مەحموود پاشا
-	١٥	معاونی جاف حەسەن بەگی عەلی بەگ
-	١٥	مدیری وارماوا جەنابی حسەین بەگ
	٢٤٢	

*سالی ١٩٢١ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەرنامەی ئەوە دارێژراوە کە ئەنجومەنێك لە خەڵکی شار دروست بکرێ بۆ بەرێوە بردنی کاروباری شاروناوچەکە . لەسەرئەم ئەنجومەنە هەفتەنامەی(پێشکەوتن) لەژێر ناوی (مەجلیسی ئەڵەبجە)دا نوسیویە: #رۆژی ٢٤ی جون جەنابی حاکمی سیاسی سلێمانی تەشریفی بردە ئەلەبجە بۆ کۆکردنەوەی مەجلیسی قەزا. رۆژی ٢٦ ی

مانگ هەوڵ مەجلیس گێڕرا. لە وەختیکردنەوەی مەجلیسدا جەنابی حاکمی سیاسی سلێمانی لە حازربوونی ئەعزاکاندا ئەم خوتبەیەی خوێندەوە. لەهەوڵی هاتنی ئینگلیس دا تەئریخی قەزای هەڵەبجە پڕ لە حکایەتی موبایەنەت وزدییەتی ناو تایفە بوو. ئەگەر چە ئەم ئیفتیرا و تووڕە بوون لە یەکتریدا سەبەبی زەرەری رۆحی و ماڵی نەئەبوو، بەلام هەموو وەخت باعیسی تەرەددو ئیزتیرابی هەموو تەبەقەی ئەهالی بووە. لەبەر ئەمە وەها موناسیب بینراوە کە لەم قەزایەدا مەجلیسی قەزا تەشکیل بکرێت، ئەعزاکانی لە هەموو فیرقەو کۆمەڵێ کەبەم قەزایەوە مەربووتن هەڵبژێرێت. بەلام بۆ ئەمەکە کۆمەڵی ئیجرای مەجلیسە بە میقدارێکی موناسیبی مەحدوودە هەنێ ئەشخاس نەزەربەلیاقەت وئیستیعداد وجێگاو شوێنیان کەموستەحەقی شەراکەت بوون لەم مەجلیسەدا مەجبوور بووین لە ئەعزایەتیدا مەحرومیان بکەین. دانانی مەجلیسی قەزا موافیقی ئەمری مەندوب ئەلسامی سەرپەرسی کۆکس ساحێب کە فەرموو بووی لە هەرقەزایێ مەجلیسێکی میللی گردبێتەوە ، کەوردە وردە ئەو مەجلیسانە تەوسیع بکرێت و ببێت بە حکومەتێکی میللی لەژێر حیمایەو رەهنومای حکومەتی ئینگلیسدا.بۆ مەجلیسی قەزای ئەلەبجە ئەمانە کە ناویان دەژمێردرێت هەڵبژێرراون (جەنابی عەلی بەگی مەحمود پاشا،جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگ، جەنابی ئەحمەد بەگی عوسمان پاشا ، جەنابی ئەفراسیاب بەگی رۆستەم بەگ، جەنابی قادر بەگی جەعفەر سوڵتان ، جەنابی حەمید بەگی مەجید بەگ). علی العموم ئەم مەجلیسی قەزایە مانگی جارێك کۆدەبێتەوە، بەلام بەپێی ریستێ هەچ وەختێك حاکمی قەزا بە موناسیبی زانی ئەتوانێ ئەعزاکان بانگ بکات بۆ قسەو باس کردن...هتد[٨]﴾.

• بۆیەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٤ دا ئینگلیزەکان و پاشان حامید بەگی جاف ئوتومبیلیان هێناوەتە شارەوە. جادەی ئەوکاتەی سلێمانی هەڵەبجە بەدەشتی بناری سورێن دابووە بۆ گوندی (شیرەمەڕ)و لەوێشەوە بۆ خورماڵ و بەرێگەی (عەنەب) دا بۆ هەڵەبجە. تاله ساڵی ١٩٢٧دا پردێ لەسەر ئاوی (زەڵم) نزیك گوندی (تۆقوت) دروست کراوەو رێگەی هاتوچۆی نێوان هەڵەبجەو سلێمانی کورت کردۆتەوە. پاش چاکردنی ئەو رێگایە رۆژنامەی ژیان لەژێر ناونیشانی ئیعلاندا نووسیویەتی: ئەوەڵ ئۆتۆمبیلچییەك کە تا نەفسی هەڵەبجە موسافیرینی بردبێت: ساحیب (ئەربیل٢٢) نومرو ئوتومبیلە، لەمەودوا هەرکەسێ ئارەزووی سەفەری هەڵەبجەی هەیە موراجعەت بە ساحێبی ئۆتۆمەبیلی مەزکور قەرەبێت بکات، تا نەفسی هەڵەبجە لە رێیەکی زۆر چاکەوە ئەیبات وەمەنوونی ئەکات[٩].

• هەر لە ساڵی ١٩٢٤دا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە هاوکاری خانمی وەسمان پاشا پۆست وتەلەگراف تێدا دامەزراوە.

• سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ پرۆژەی ئاوی(حوشتر گەڵو)بە هەرەوەزو بەبڕیاری حامید بەگ و ئینگلیزەکان لەلایەن خەڵکەوە دروست کراوەو لەسەرچاوەی گوندی (بامۆك)ەوە رایان کێشاوە تا مزگەوتی (جامیعە) کەئەمەش بۆتە مایەی زیاتر ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکە. هەر لەساڵی ١٩٢٩دا یەکەمین خەستەخانەی تیادروست کراوە کە تائێستەش لەخزمەت کردنی خۆیدایە.

• پێشتر لە زەمانی دەستەڵاتی عوسمانیەکاندا لەورووبەری ساڵی١٩١٥ سەرلەمی قایمقامێتی وەسمان پاشا سەرایەکی تیا دروست کراوە بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ناوشارو خەڵکەکەی ، پاشان ئینگلیزەکان هەندێ دەست

کاریان کردووەو هەمان کاریان تیانەنجام داوە بۆ ئەو دەستکاری کردنە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە ۳۳ ساڵی ۱۹۲٥ نووسیویە:

بۆ تەعمیراتی سەرای ئەلەبجە داوای گالبین ئەکرێت لە دائیرەی موهەندیسی نافیعەی سلێمانی شەرائیك ئەبینرێت لەوانە کە گالبن ئەبێ هەتا ڕۆژی شەممە ای ئاغستۆس ۱۹۲٥ مونائقصە نامەکەیان بنووسن و لەناو قەرفێکی داخراو بینێرن بۆ دائیرەی موفەتیشی ئیدارەی سلێمانی و لەسەر قەرفەکە بنووسن ئەمە مونائقصە نامەی سەرای ئەلەبجەیە(۱۰).

نافیعەی سلێمانی

ئەوسەرایە ئێستە پاشماوەیەکی لێ نەماوەتەوە تەنیا ئەوەندە نەبێ خەڵك بەشوێنەکەی ئەڵێن (سەراکۆن). ئەمە بەم شێوەیە بووەتا لە ساڵی ۱۹۳۰دا سەرایەکی گەورەی لەسەرووی شارەوەتیادروست کراوەکە تائێستەش هەرماوەو بەدەورو بەرەکەشی ئەگوترێ (گەڕەکی سەرا).

- ساڵی ۱۹۳۳ حەمەی هەژە یەکەمین میوانخانە(ئوتێل)ی تیادروست کردووە.
- ساڵی ۱۹۳٤ لەسەر ئەرکی وەسمان پاشای جاف یەکەمین قەیسەری تیادروست کراوە. کەقەیسەرییەکی گەورەیە و بۆ دروست کردنی هەندێ وەستای باشیان لە سنەوە هێناوە. ئەم قەیسەریە ئێستەش هەرماوە. هەرلەم ساڵەدا۱۹۳٤ بەبەرنامەی ئینگلیزەکان جادەی ناوشار دروست کراوە.
- ساڵی ۱۹٤۰ ماتۆرێکی کارەبای تێ هێنراوە کەتەنیا بەشی کارەبادانی شاری کردووە. کارەبای هەڵەبجە هەرلەسەر ئەم ماتۆرە بووە تا ساڵی ۱۹٦۸بە تێکۆشانی قایمقامی هەڵەبجە خوالێخۆشبوو(مامۆستا شێخ حەمەمینی شێخ

عەولا) بنكەیەكی گەورەی كارەبای تیا دامەزرا كەبەتەواوی بەشی ناوچەكەی نەكرد، هەرچەندە نەپەرژا بۆ هەموو دێهاتەكان بەشی لێ رابكێشرێ.

- ساڵی ١٩٥١ یەكەمین قوتابخانەی تێكەڵی كوڕان و كچانی تیاكراوەتەوە، لەم ساڵەوە كچان روویان كردە قوتابخانەو رۆشنایی خوێندن بەشێوەیەكی باش كەوتە دەروونی كچانی شارەوە.
- ساڵی١٩٥٢ یەكەمین قوتابخانەی سەرەتایی كچانی تیاكراوەتەوە كە (شوكریە خان) بەڕێوە بەری بووە.
- ساڵی ١٩٥٤ ئەكرەمی حامید بەگی جاف ئینحیساری توتنی تیادامەزراندوە.
- لە پەنجاكاندا كە ساڵەكەیم بۆ دیاری ناكرێت بەڕێز (كەمال خەفاف) كارگەی سۆدەی تێ هێناوە كە سێ جۆر ساردی بەناوی (عەسیر، ئاشتی، پیرەمەگروون) تیا بەرهەم هێنراوە.
- ساڵی١٩٥٦ كتێبخانەی گشتی تیاكراوەتەوە. كتێبخانەیەكی دەوڵەمەند بوو گەلێ كتێب وگۆڤاری كوردی وعەرەبی تیا بووە و. لە ڕۆژانی دوای كیمیا بارانەكەدا قەرارگای رەمەزان گواستیەوە ئێران ونێستە بەشی هەرە زۆری لەمقەڕی قەرارگای رەمەزانە لە گەڕەكی ئیلاهیەی كرماشان.
- ساڵی١٩٦٩ كارگەی پاك كردنەوەی توتنی تیاكرایەوە، ئەمەش بەهیمەتی دڵسۆزانەی مامۆستا شێخ حەمەمینی قایمقام بوو.

قایمقامەكان

لەسەردەمی دەستەڵاتی عوسمانیەكاندا (محەمەد پاشای جاف)پاش ئەوەی پلەی پاشایەتی پێ خەلات ئەكرێت،ئەكرێتە فەرمانڕوای شارو ناوچەكەو پاش ئەونەم پلەوپایە ئەدرێ بەهەردوو كوڕەكەی(مەحموود پاشا) و

(وەسمان پاشا). مەحموود پاشا ئەچێتە شارەزووڕو ڕابەرایەتی ئەوبەشەی عێلی جاف ئەکات کە گەرمیان وکوێستانیان کردووە. وەسمان پاشایش لەهەڵەبجەدا نیشتەجێ ئەبێو سەرپەرشتی ئەو بەشەکەی تری جاف ئەکات کەلەناو شارو دێهاتەکانی دەورووبەریدا نیشتەجێ بوون. کە بەشێوەی رەسمی لە ساڵی ١٨٨٣دا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە مەحموود پاشا دەکرێتە قایمقام، شێخ زیانوددینی نەقشەبەندی بەم پارچە شیعرە فارسیە پیرۆزبایی لێدەکات:

چومسیرم برهمه قائم مقام است
ندیمش طالع وبخت وسلام است
به انصاف وبه عدل وداد خواهی
کمینه خادمش ان شاه عام است
چو نوشیروان به درگاهش همیشه
دوصد بالاتر از زرین غلام است
خودش محمود طالع یارو محمود
بحمداله که محمودش مقام است

دوای ئەم وەسمان پاشای برای دەبێتە قایمقام

ئەمە بەم شێوە ئەبێ تا لەساڵی ١٩٢١دا بۆماوەی یەکساڵ تایەر بەگی کوڕی وەسمان پاشا (شاعیری ناودار) بەرەسمیی لەلایەن دەستەڵاتی عوسمانیەکانەوە ئەکرێتە قایمقام بەدوایدا قایمقامەکانی تر بەم شێوەن.

١. ١٩٢٢ –١٩٢٦ ئەحمەد موختارجاف کوڕی وەسمان پاشا شاعیرو چیرۆکنوس.

٢. ١٩٢٦-١٩٣٢ حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشا.

٣. ١٩٣٢-١٩٣٤ مراد رحمه الله.

٤. ١٩٣٤-١٩٣٦ ناجی هورمزی.

٥. ١٩٣٦-١٩٣٧ ئەحمەد فەخری.

٦. ١٩٣٧-١٩٣٨صدیق القادری.

٧. ١٩٣٨-١٩٣٩حەمــە ســەعید قــەزاز بەپلــەی وەکیـــل کاروبـــاری قایمقامێتی بردووە بەڕێوەوکەس قایمقام نەبووە.

٨. ١٩٣٩-١٩٤٢ سەعید عەبدولقادر کەرکوکی.

٩. ١٩٤٢-١٩٤٤ شاکیر فەتاح.

١٠. ١٩٤٤-١٩٤٥ رەشید غەفور قوڵچی.

١١. ١٩٤٥-١٩٤٩ حسەین محەمەد البغدادی.

١٢. ١٩٤٩-١٩٥٠ جەمال رەفعەت.

١٣. ١٩٥٠-١٩٥١ ئیسماعیل شێخە.

١٤. ١٤-١٩٥١-١٩٥٢ دیسانەوە رەشید غەفور قوڵچی.

١٥. ١٥-١٩٥٢-١٩٥٤ قایمقام نەبووەوعومەرئاغا بە شێوەی وەکیل کاری کردووە.

١٦. ١٩٥٤-١٩٥٦ شێخ محەمەد خالید نەقشبەندی بادینانی.

١٧. ١٩٥٦-١٩٥٧ ئیسماعیل حەقی .

١٨. ١٩٥٧-١٩٥٨ بایز ئاغا.

١٩. ١٩٥٨-١٩٥٩ حەمــە ســەعید ئیــبراهیم کەناســراو بــووە بــە حەمــە سەعیدی بلە بێ کراس و خەڵکی سلێمانیبووە.

٢٠. ١٩٥٩ فەوزی صائیب بۆ ماوەی سێ مانگ.

٢١. ١٩٥٩-١٩٦١ سوعاد تاڵەبانی.

٢٢. ١٩٦١-١٩٦٢ کانەبی دزەیی.

٢٣. ١٩٦٢-١٩٦٥ سەعید محەمەد عەرەب .

٢٤. ١٩٦٥-١٩٦٦ رەشید جەعفەری .

٢٥. ١٩٦٧ لەبەر باری ناڵۆزی ناوچەکە قایمقامی نەبووە .

٢٦. ١٩٦٨-١٩٧٠ شێخ حەمە ئەمینی شێخ عەبدوڵلاً.

٢٧. ١٩٧٠-١٩٧٤ جەمال نامیق.

٢٨. ١٩٧٦-١٩٧٩ ابو قائد.

٢٩. ١٩٧٩-١٩٨٢ عبدالمنعم بادی.

٣٠. ١٩٨٢-١٩٨٦ هۆشمەند مستەفا فەتاح.

٣١. ١٩٨٦-١٩٨٧ طلعت هادی احمد

٣٢. ١٩٨٧- تا ١٩٨٧/١٢/٢٠ عبدالفتاح عبدالجمید.

٣٣. ١٩٨٧-١٩٨٨ شێخ یحیی بەرزنجی.

لە کۆتایی مانگی ٤ی ساڵی ١٩٧٤ەوە تا ماوەی ساڵی بەبۆنەی ئاوارە بوونی خەڵکی شارەوە کە پاشان باسی ئەکەین نەك قایمقام بەڵکو هیچ ئیدارەیەکی تیانەما.

ناولێنانی هەڵەبجە

لەپەراوێزی ئەم بەشەدا بە پێویستی ئەزانم باسێك لەسەر شێوەی ناونانی هەڵەبجە بکەم، ئەوەی لەم بارەوە تائێستە باس کرابێت ئەم بیرو بۆچوونانەیە:

١-عەجەب جێ: واتە شوێنێکی سەر سوڕهێنەر، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەشوێنێکی ئاووهەوا خۆشەوبەرووبومی زەوی چاکی هەیە.

٢-حەڵەبچە: حەڵەب+چە، واتە حەڵەبی بچوك. حەڵەب شارێكی خۆشە لە شام و(چە)ش ئامرازی بچوك كردنەوەیە، وەكو باخ+باخچە . دەریا+دەریاچە، خاوەنانی ئەم بۆچوونە هەڵەبجە بەحەڵەبێكی بچوك ئەزانن.

٣- هەڵووژە: ئەڵێن گوایە جێگای هەڵەبجە داری هەڵووژەی تیابووە و ئێستەش لەپەراوێزی شاردا دەشتێ بەناوی دەشتی (هەشت هەڵووژە)هەیە.

٤- ئەلەبجێ: ئەم وشە لەدووبەش پێكهاتووە (ئەلەب+جێ) واتە جێگای ئەلەب. گوایە ئەلەب ناوی جولەكەیەك بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بێگە بەگی ئەردەڵانیدا هاتوەتە ناوچەكە ویەكەمین ئاوەدانی تیا دروست كردووە.

٥-هەڵۆجێ: ئەم وشەیەش لەدووبەش پێكهاتووە(هەڵۆ+جێ)بەواتای جێگای هەڵۆ. گوایە مەبەست هەڵۆخانی ئەردەڵانی‌یە كەماوەیەك لەناوچەكەدا فەرمانڕەوایی كردووە.

٦-ئالب جا: ئەم وشەیەش دووبەشە(ئالب+جا) واتە:شوێنی ئالب. گوایە ئالب پیاوێكی ناودارو بەدەستەڵاتی بنەماڵەی سەلجوقیەكان بووە.

ئەم (ئالب)ە لە(ئەلەب)ەوە كە لەپێشەوە باسمان كرد وەكو وشە لە یەكەوە نزیكن ، ڕەنگە هەریەكێ بن وبە هەڵە(جولەكە)و(سەلجوقی) تێكەڵ كرابن.
شایانی باسە لەماوەیەكی زۆردا تاسەرەتای بیستەكانیش ئەوەی وەكو بەڵگە دیاربێ هەڵەبجە بە (البجە) نووسراوە.وەكو لەم سەرچاوانەدا ئەیبینین.

أ- لەناساندنی قوتابیەكانی زانای پایە بەرزمەلاعەبدوڵڵای خەرپانیدا ناوی یەكێكیان براوە بەناوی (ملا احمد الالبجی)[11].

ب-كتێبی(اسناد ومكاتبات تاریخی ایران قاجاریە)كە گەلێ بەڵگە نامەی لەسەر كورد تیایەو كاك سەعیدی نەجاری (ئاسۆ) وەریگێڕاون بۆ كوردی وكەوتوونەتەلای كاك محەمەدی حەمەباقی، بەڵگە نامەكان یەكێكیان نامەی عەبدوڵڵا بەگی فەرمانڕەوای سلێمانیە كە بۆ كامیل پاشای والی ئەرزڕۆمی نووسیوە تێیداهاتووە:«لشكراورامان رافرستادە محالین گلعنبرو البجە راضبط

وتصرف نمودە﴾[١٢]. واتە: لەشکری هەورامانمان ناردو هەردوومەلبەندی گولعمنبەرو ئەلەبجەیان گرت وڕێکخست.

پ- لەژێر پارچە شیعرێکی ئەحمەد موختار جافدا کە لە بانگی کوردستاندا بلاو کراوەتەوە نووسراوە(قائم مقام البجە: احمد مختار)[١٣].

لەهەندێ سەرچاوەی کۆنی تردا بەهەمان شێوە هاتووە کە لێرەدا بە پێویستی نازانین هەموویان بەسەر بکەینەوە.

سەبارەت بەگۆڕینی لە ئەلەبجەوە بۆ هەڵەبجە ئەوە شتێکی ئاساییە و لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی شێوەزاری جاف (ئەلف) ئەگۆڕێ بە(هـێ) وەکو :ئومێد-هومێو، ئەستێرە- هەسارە ، ئەوەڵ- هەوەڵ-هتد.

ئێستە بابچین بەپیر دوومێژووی ترەوە بابزانین چی دەرئەکەوێت.

١-ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی (کوردو کوردستان)دا ئەڵێ:لەپێش ئیسلامدا لە شوێنی هەڵەبجەی ئێستادا شارێکی گەورەو ئاوەدان هەبووە وپردی بازرگانی و کاروانی کالاّ وشمەکی نێوان شارەکانی ئێرانی کۆن وشاری تەیسەفون (تاقی کیسرا) بووە، بەلاّم ناوی هەڵەبجە نەبووە[١٤]. ئەم مێژووە ئەوەمان بۆ دیاری ئەکات کە بەرلە ١٤٠٠ ساڵ هەڵەبجە ئاوەدانی تیابووە. ئەم بۆچوونە سەرنجمان ڕائەکێشێ بۆ سەر مێژووی دووەم کەئەمەیە:

٢- لەتۆڵەی ئەو هێرشەدا کە(سەنحاریب)لەساڵی ٦٩٤ پ.ز دا کردویەتیە سەر ئیلام، ئیلامیەکان ڕووبەڕووی ئەو هێرشە بوونەتەوە کەپاشای ئەوکاتەیان ناوی (حەڵەوشۆ) بووە[١٥].

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کەناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور یەکێك لە بنکە سەرەکیەکانی لولوبیەکان بووە . ئەمانیش بەڕەگەز ئیلامین ، هەرچەندە حکومەتی سەربەخۆیان پێکهێناوە کەواتە سەنحاریب لولوبیەکانی تێکشکاندووە وپاشای ئیلام پشتیوانی لێکردوون وهاتووە بەهانایانەوەو هێرشەکەی دوژمنیان شکاندووە.(حەڵەوشۆ)بەناوی خۆیەوە لە شوێنی

هەڵەبجەی ئێستادا بنکەی دامەزراندووە، کەمن بۆ خۆم پێم وایە جێگای ئەوبنکەیە هەرئەو بەرزاییە بووە کەماڵی پاشای لەسەر دروست کراوە.

ئەم بۆچوونە لە هەموولێکدانەوەکانی تر راستترە ، چونکە لەهەڵەبجەو دەوروبەریدا پاشماوەی کۆن زۆر هەیە هەروەکو لەبەشی دواییدا باسی دەکەین ، کەشوێنەوارو پاشماوەی لولوبی– زامواییەکانیشی تیایە. ئەمەش مۆری ئەوە دەکات کە هەڵەبجە لەدێر دەمانەوە هەربووەو بەهۆی رۆژگاری نالەبارەوە وێران و خاکەساربووە، بەڵام چونکە هەرناوچەیەکی پرپیت و بەرەکەتە دیسان ئاوەدان کراوەتەوە دواجار(سیانزە ماڵە) بەردی بناغەی ئەم شارەیان دامەزراندووە.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە.

١. ئەم زانیاریەم لە کاك (ئارام مەجید)وەرگرتووە.

٢. تاریخ دەهزار سالە ایران. چ٢ ص٩٢ عبدالعظیم رضایی.

٣. هەفتەنامەی پێشکەوتن ساڵی ١–ژمارە(٧) ١٩٢٠ .

٤. هەفتەنامەی (ژیان). ژ٦٦– – ١٩٢٧.

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، (ژ٦٧).

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو، (ژ٧٥).

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو، (ژ١٤).

٨. هەفتەنامەی (پێشکەوتن) ژ. ٦٢– ٣٠ حوزەیران – جون ١٩٢١.

٩. هەفتەنامەی (پێشکەوتن) ژ. ٦٢ ٣٠ حوزەیران ١٩٢٧.

١٠. ژیانەوە. ژ ٣٣، شەشی ئاغستوسی ١٩٢٥.

١١. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی ٢ بەشی ٢ ل ٢٥٧.

١٢. اسناد ومکاتبات تاریخی ایران قاجاریە بەرگی٢ ل١٨٤.

١٣. بانگی کوردستان ژماره(٣) ل ٣ ١٩٢٢ .
١٤. مێژووی کوردو کوردستان . ئەمین زەکی بەگ ل
١٥. بین النهرین باستان. ل ٢٠٩ .مترجم عبدالرضا هوشنگ مهدوی .
-

هەروەها سوودم لەم سەرچاوانەش وەرگرتووە:
١-پشت بەستن بەقسەی محەممەدی باول.
٢-دووچامەکەی نالی وسالم- ساجید ئاوارە .
٣-یادی مەردان - بەرگی دووەم ، مەلا عەبدولکەریکی مودەریس.

بەشی دووەم

شوێنەواری کۆن

شاری هەڵەبجە بە خۆی و دەورو بەریەوە گەلێ شوێنەواری دێرینی تیایە کە بەداخەوە هەندێکی کەمیان باس و خواسیان لە سەر کراوە و لەلایەن مێژوو نووسانەوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە. ئیتر شوێنەکانی تر هەروا بەدەست نەخواردوویی ماونەتەوە و باری ئاڵۆزی ناوچەکە ڕێگەی نەداوە دەستی پشکنەرانی بگاتێ.

هەرچەندە ئەو هەندەی کە کراوە شتی باشن و ڕۆشنایی ئەخەنە سەر شوێنەوارەکان، بەڵام هێشتا ئەتوانین بڵێین تێرو تەسەل نین و پێم وایە باس و خواسی لەوە زیاتر هەڵدەگرن.

هەڵەبجە بەهۆی چەند شتێکەوە وا ئەنوێنێ کە شارستانیەتی کۆنی تێدابووبێ، وەکو:

١. ئاوو هەوای خۆش و لەبارو زەوی پڕ پیت و فەڕ.
٢. بەهۆی ئەوەی کە سەرکلاوەی شارەزوور و بناری هەورامانە و ئەم دوو شوێنەش کە لە زەمانی خۆر پەرستیەوە مەڵبەندی ژیان بوون.
٣. هەم دەشتی هەیە و هەم بەدەوریدا کەژوکێو.
٤. بەهۆی ئاوو هەوای پاکەوە لە چاو شوێنانی تر کەمتر نەخۆشی تیا بڵاوبۆتەوە بەتایبەتی ی تاعون و مەلاریا و سیل و گولی.

ئەمانەش لەبارن بۆ ئەوەی کە لە دێر زەمانەوە خەڵك لەناوچەکەدا ژیابێ، چونکە مەترسی کەمیان لەسەر بووە.

لێرەوە حەز ئەکەم گەڕانێ بەسەر ئەو شوێنەوارە کۆنانەدا بکەم کە لە خودی شاردا دەرکەوتوون و پاشان بچمە سەر شوێنەوارە کۆنەکانی دەوروبەری.

١. لە دوا ساڵەکانی شەست دا کە پێم وایە ساڵی ١٩٦٩ بوو لافاوێکی گەورە هەڵساو چەمی کوڵەبۆزی ڕامالی. لە بیرمە لەلایەن کاك عوسمانی ڕەسامەوە چەند وێنەیەکی ئەم لافاوە گیرا. پاش ئەوەی کە لافاوەکە نیشتەوە لە جێگەی پارچە زەویەکەی ئێستەی حاجی واحیدا دیواری خانوویەك دەرکەوت کە بە بەردو قسڵ دروست کرابوو. نزیکەی مەترێ زیاتری دەرکەوت لە ژێر نیومەتری خۆڵەوە کە لافاوەکە بردبووی. ئێستەش ئەتوانرێ بە دەوری ئەو دیوارەدا کەندەکاری بکرێت، دڵنیام شتی تری تیا ئەدۆزرێتەوە. چونکە جگە لەوەی کە دیوارەکە لەسەر چەمەکە هەڵکەوتبوو بەدەوروبەریشیدا زەوی پڕ پیت و بەرەکەت هەیە، کەئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو گوزەرە ئاوەدان بووە.

٢. لەم ساڵانەی دواییەدا -حەفتاکان- کە لەگەڕەکی شەهیدان زەوییان هەڵکەند بۆ جادەو خانووبەرە گۆڕستانێك دەرکەوت، هەر ئەوردەمە زۆر پرسیارم کرد هیچ کەسێ لە پیرانی هەڵەبجە نەیان دەزانی و نەیان بیستبوو کە ئەو گۆڕستانە هی چ دەورانێکە، بەڵام گۆڕەکان گۆڕی ئیسلامیانە بوون ڕوو لە قیبلە بوون. پێم وایە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ ناوچەکە.

٣. لە گەڕەکی پیر محەمەد ئەو ساڵەی کەمستەوسیفەکەیان دروست کرد، کاتێ زەوییان دێرایەوە دیسان ژمارەیەکی زۆر گۆڕ دەرکەوتن کە ئەم گۆڕانەش هەموو ئیسلامی بوون. لەم گۆڕستانەو گۆڕستانی پێشوودا

ئەگەر کاتی خۆی دێرینەناسی بگەشتایەتە سەر بەکەشفی ئێسقانەکان ئەزانرا کە هی چ دەورانێکن.

٤. لە دەشتەکەی خواری شارەوە تەنیشت گەڕەکی قەسابخانە کاتیَ بە مەبەستی کارێز لێدان خاکیان هەڵدایەوە، کونێکی گەورەی کەوانی لە شێوەی دەرگای تۆنێلدا دەرکەوت کە بنەکەی بە بەردی پانی داتاشراو بەرد ڕێژ کرابوو، ئێستەش شوێنەکە ئەتوانرێ دەستی پشکنەری پێ بگات و مێژووی ئەو دەروازەیە ساخ بکرێتەوە. من وای بۆ دەچم کە دەروازەی شارۆچکەیەکی ژێر زەمینی بێت و کاتی خۆی لەبەر مەترسی و هێرشی دوژمنان لە ژێر خاکەوە دروست کرابێ. لە هەندێ شوێنی کوردەواریدا قەلاّی گەورە هەیە ئەو قەلاّنەش تا چوار دەروازەیان هەیە، کە ئەمەش شێوەی ئەو دەروازانەی هەیە. خوا یار بێ بەڵکو لە ڕۆژی خۆیدا بتوانین بیپشکنین کە دڵنیام مێژوویەکی بە بایەخی تیا دەرئەکەوێت.

٥. کارێزی شەکەڕەش: ئەکەوێتە نێوان شارو گوندی عەنەبەوە، لە حافتاکاندا کە ئەم کارێزەیان هەڵدایەوە بە مەبەستی زیاتر هەڵتۆقینی ئاو، جامێکی ستیل کە پێیان ئەوت (جامی چل کلیلە) دۆزرایەوە و ئەم ژمارەیەی بەسەرەوە بوو (٣٣٣٧). ئیتر تا ئێستەش ئەگەڕێم و پرسیار ئەکەم لە نهێنی و ڕازی ئەو ژمارەیە تێنەگەشتووم و تێناگەم.

سەیر ئەوەیە لە گۆڕستانی (پیر برایم) ی گوندی سازاندا لەسەر کێلە بەردێکی مەڕمەڕ هەمان ژمارە هەیە لە پاڵ ناوێکدا کە بە (عمر زال) ئەخوێنرێتەوە، کێلەکە کۆنەو نووسینی تری پێوە دیارە بەلاّم ناخوێنرێتەوە. (عمر زال) یش ناوێکی نەناسراوە و لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا بەرچاوم نەکەوتووە. بەلاّم دیارە کە پیاوێکی گەورەو سالار بووە بۆیە کێلی گۆڕەکەیان

له بەردی مەڕمەڕ بۆ دروست کردووە. وە هەروەها گرنگ دۆزینەوەی ڕازی ئەو ژمارەیە کەناومان برد.

ئەمانەو لە نزیکی شاریشدا ئەتوانین ئاماژە بۆ سێ شوێنەواری تر بکەین.

١. لە نێوان گوندی باوەکۆچەك وگولانی سەروودا گۆمێکی گەورەی دروست کراوی تیایە کە دیارە گۆمەکە سروشتی نیە و بە ئەندازە دروست کراوە. سالێکیان لە خوار ئەم گۆمەوە زەوییان کێلا لە ژێر زەویەکەدا هەندێ کووپە و گۆزە دەرکەوتن. کە نەزانرا هی چ دەورانێکن.

٢. لە نێوان هەردوو گولاندا گردێك هەیە کە گاور کردیان پێ ئەووت و ئەڕوانێ بەسەر شێوەکەدا ئەم گردە شێوەی لە شێوەی گردە دروست کراوەکانی شارەزوور ئەچێ.

٣. لە نێوان پریسی سەروو شاردا و لە نێوان شارو گوندی عەبابەیلێدا دوو گۆڕ هەیە کە گۆڕە جویان پێ ئەگوترێت، خەڵکی پریس و عەبابەیلێ کە بەلایاندا ڕەت ئەبن جارجار بەرد ئەخەنە سەر گۆڕەکە بەمەبەستی بەرد باران کردن – ڕەجم – ئەم دوو گۆڕە دیارە گۆڕی دوو کوردی کافر بوون و دژی سوپای ئیسلام جەنگاون و لە شوێنی خۆیاندا کوژراون و نێژراون.

باسی هاتنی سوپای ئیسلام و شەهیدبوونی ئەبوعوبەیدەی ئەنساری لە شوێنی خۆیدا ئەکەین. کە گوندی (عەبابەیلێ) بە ناوی ئەوەوە ناونراوە و پێشتر ناوی گوندی (سازگار) بووە. ئێستەش گەشتێك بە ناو شوێنەوارەکانی ناوچەکەدا ئەکەین، هەم بەمەبەستی خزمەت کردنی گۆشەیەك لە مێژوو هەم بە مەبەستی دیاری کردنی ژیانی کۆن لە هەرێمەکەدا.

١) ئەشکەوتی زینۆ: ئەشکەوتێکی گەورەیە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی بۆینەوە. ئەشکەوتەکە بە سنگی (شەواتێ) وە هەڵکەوتووە کە بەشێکە لە چیای (شنرویّ) ڕکەیەکی سەخت و هەڵەمووتە و ڕووی لە گوندی بۆینە.ئەشکەوتەکە بەردەمەکەی ساف داتاشراوە، بە پەیژە نەبیّ یا بە هۆیەکی تر ڕیّی چوونە ناوەوەی نیە. لە ڕووی ناوەوە دیارە کە ئەشکەوتێکی سروشتی‌یە، بەڵام دەستکاری کراوە، هیچ خەت و نووسین و نیشانەیەك بە دیوارەکانیەوە دیار نیە. بەڵام شێوە هەندەسیەکەی لە هونەری جیّ پەنجەی میترایی‌یەکان – خۆر پەرستەکان – ئەچێت.

(میترا پەرستی دینێکی بەر لە دینی زەردەشتە، یەکێکە لە دینە کۆنەکانی گەلانی ئێران و لە گەلیّ شوێنی تری کوردەواریدا نەخشی جیّ پەنجەیان ماوەتەوە، وەکو (حەڕان، لالش، ژاوەڕۆ، هەرسینی سەر بەکرماشان ...هتد) ئەم دینە دینێکی گەورەی بەر بڵاوبووە وخەڵکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، لە کتێبی ئاڤێستاشدا ناوی میترا بەڕێزەوە هاتووە. وشەکە لە بنەڕەتدا (میترا)یە، گۆڕانی بەسەر داهاتووە بۆتە (میترا) ئەمیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە بۆتە (میهر) بەم شێوە لە کوردەواریدا ئەوەی بیزانم تەنیا لە ناوی شاری (میهران) ی سەر بە ئیلام داماوەتەوە لەگەڵ ناوی هۆزێکی ناو یەزیدیەکان. میهران پێك هاتووە لە میهر + ران بە واتای شوێنی خۆرپەرستن. (ران) لە کوردیدا پاشگرێکە بۆ شوێن و جێگا، وەکو لە هەندیّ ناوی تردا ئەیبینین، وەك (سۆران) کە بەمەڵبەندی هەولێرو رواندوز ئەگوترێ. لە ڕاستیدا وشەکە لە (سەئو + ران) پێکهاتووە کە (سەئو) لە ئاڤێستادا مانای پیت و بەرەکەت ئەدات. یا (گۆران) پێکهاتووە لە (گۆ + ران) بە واتای شوێنی گا پەرستی کە ئەمەش دینێکی کۆنی بەربڵاوی هیندۆ ئەورووپی بووە. ئەم گەلانە

بۆیە پێیان وتراوە هیندوئەورووپی، چونکە ژیانیان لە نێوان هیندستان و ئیسپانیادا بووە کە ئێستەش لە هیندستان پاشماوەی دینی گا پەرستی هەرماوە، بەلاّم لە ئیسپانیا پێچەوانە بۆتەوەو وەرزشی گا کوشتنیان هەیە. (گۆ - GO) وشەیەکی سانسکریتیە لە سۆمەریدا (گو GU) بەکارهاتووە، لە ئاڤێستادا بۆتە (گەئو) لە فارسیدا بۆتە (گاو) لە کوردیشدا (گاڤ، گاو، گا) بەکارئەهێنرێ. (ران) یش لە کوردیدا جگە لە (سۆران) و (گۆران) لە ناوی هەندێ شوێنی تردا هەرماوە وەکو (شەمێران - شەمی + ران). (زیران - زی + ران). (هیران - هی + ران) و هەروەها چەند شوێنێکی تر.

(ران) گۆڕانی بەسەردا هاتووە بۆتە (لان) یا (لآن) ئێستە لە کوردیدا بەم دووشێوە زۆرتر ئەبینرێ و نموونەش زۆرە بۆ ئەوەی لە باسەکە دوورنەکەوینەوە تەنیا نموونەیەکیان لەسەر ئەهێنمەوە. ١-هێلانە = هێ + لان بە واتای جێگای هێلکە. ١-بەردەلآن - بەرد + لآن بە واتای شوێنێ بەردی زۆربێ. لە کوردیدا (میهر - بە واتای خۆر) گۆڕانێکی تری بەسەرداهاتووە و کورتتر بۆتەوە و بووە بە (میر). هەندێ کەس پێی وایە (میر) کورت کراوەی (امیر)ی عەرەبیە، بەلاّم نەخێر ئەوە (شەباهەتی لەفزی)یە. بۆچی لە کوردیدا بە کەسێکی گەورەو خاوەن دەستەلاّت ئەگوترێ (میر) ؟ وەکو لە عەرەبیدا ئەگوترێ (امیر). کاتی خۆی لە سەردەمی خۆرپەرستیدا کەسێك بووبێتە پاشاو دەستەلاّدار لە خۆشەویستی خۆرەوە و لە گەورەیی خۆرەوە نازناوی (میترا) یان داوە بەو پاشاو دەستەلاّدارە، ئیتر وەکو باسمان کرد وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئێستە بە شێوەی (میر) لە کوردیدا ماوەتەوە (میراو)، (میرەدێ)، (چل میران) لە کوردیدا هەن و هەموویان پاشماوەی وشەی (میترا)ن. ئەمە جگە لەوەی کە نیشانەی خۆپەرستی تا ئێستەش شێوەیەکی

لەناو ئیزەدییەکاندا ماوە و (شیسم) پێ‌دەڵێن. هەروەها لە کۆنیشدا نیشانەی خۆربەسەری پەیکەری پاشاکانی ئیلامەوە هەیە. هەروەکو (والتەرهیش) لە کتێبەکەیدا بەناوی (دنیای بزربووی ئیلام) ل٢٨ دیاری کردووە... لەم ئەشکەوتەدا ئەوەی جێگای سەرنج بێ ئەوەیەکە:

١. حەوزێکی چوار گۆشەی تیایە بە درێژایی و پانی ٢مەتر. مەترێکیش زیاتر قووڵە، بە شێوەیەکی رێک و پێك داتاشراوە و بە چوار دەوریدا لێواری بۆ کراوە، ئاوێك بە هێوری ئەڕژێتە ناویەوە. لەوە ئەچێ ئەم ئاوە کەمە لە کانی (چاڵان) کە ئەکەوێتە دیوی ئەودیوی کەژەکەوە سەرچاوەی گرتبێ.

٢. سەکۆو شوێنی دانیشتنی تیا سازکراوە.

٣. بەبانەکەیەوە ئەوەندەی لولە زۆپایەك کون کراوە کە ئەو چەشنە کونە لە کوردەواریدا کلاو رۆشنەی پێ ئەگوترێت کە بۆ رووناکی تێ هاتن و دوکەڵ لێوە دەرچوون دروست ئەکرێت. خەڵکی بۆین ئەفسانەیەکی بەم شێوە لەسەر ئەم ئەشکەوتە ئەگێڕنەوە:

(سەردەمی کۆن جێگەی ژیانی حەوت برا و خوشکێ بووە. ئەمانە دەستەڵاتداری ناوچەکە بوون و برا لە پشت برا بێ ژیانیان بەسەربردووە. رۆژێ لە رۆژان براکان بیر لەوە ئەکەنەوە کە خوشکەکەیان لە رووی ئازایەتی و داوێن پاکیەوە تاقی بکەنەوە، بە خوشکە تاقانەکەیان ئەڵێن:

- تۆ لێرە بمێنەرەوە، ئێمە ئەچین بۆ راوی حەوت شەوو حەوت رۆژە و ئاگاداری خۆت بە ناکەس پێ نەنێتە ئێرە.

براکان ئەڕۆن و بەتەنیا جێ‌ی دێڵن. کاتێ شەودێت بەسەردا ئەگەڕێنەوە و بە پەیژەکەدا سەرئەکەون، هەر کە چرپەی پێیان دێت، خوشکەکەیان

ڕانەپەڕێ و دەست ئەداتە زینی ئەسپەکەیان، لە دەرگای ئەشکەوتەکەوە بە هەموو هێز و گوڕێکی ئەیهاوێژێ و ئەدا بە سەرسنگی یەکێ لە براکانیدا کە لە پێش هەموویانەوە بووە، ئەویش ئەکەوێ بەسەر ئەوی پاش خۆیدا و ئەمانیش بەسەر ئەوی دواتردا تا بەو شێوە هەموویان ئەکەون بەسەر یەکداو لەو بەرزاییەوە هەر (حەوت) یان بەر ئەبنەوە بۆ ناو دۆڵەکە و تیا ئەچن. ئیتر کچەکە لە ترسی ئەیارو ناحەز بۆ ئەوەی دەستی پێ ڕانەگەیەنن خەو لە خۆی حەرام ئەکات و تا بەیانی گوێ قوڵاخ ئەمێنێتەوە، مەسەلەی ناموسی بەلاوە گرنگ ئەبێ و نایەوێ کڵاوی حەوت براکەی لار بکات. کاتێك ڕۆژ ئەبێتەوە دێتە خوارەوە و ئەچێتە سەر لاشەکان، کە ئەبینێ براکانی خۆیەتی دەنگی گریان و ڕۆڕۆ هەڵئەداو خۆی بە ماڵوێرانی و بێ کەسی ئەبینێتەوە).

ئەوانەی ئەم ئەفسانەیە ئەگێڕنەوە ئەڵێن بە ناوی زینی ئەسپەکەوە ئەم ئەشکەوتە ناونراوە زینۆ.

زینۆ: لە کوردیدا بە واتای (ملەی کێو) دێت[1].

لای یۆنانیەکانیش (زینۆ Zeno) کەسێك بووە کە پێشکاری (ئاپۆلۆنیۆس) بووە[2]. جا بە پێی ئەوەی هەندێ ناوی تری یۆنانی لە ناوچەکەدا هەیە وەکو (کەولۆس، پاڵەنیا، گونە، ئێناخی، دلف) وێ دەچێ ئەم ناوەش (زینۆ) پاشماوەی ئەو ڕۆژگارانە بێ کە یۆنانیەکان هاتوونەتە ناوچەکەوە بە تایبەتی لە سەردەمی گەسنەفون و ئەسکەندەری مەکدۆنیدا. یۆنانیەکان چوونەتە هەر شوێنێ بە یادو خۆشەویستی نالیهەو کەسایەتی و قارەمانەکانی خۆیانەوە ئەو ناوانەیان لەو شوێنانە ناوە. وەهەروەها ناوی

یۆنانی لە هەندێ شوێنی تری کوردستان دا هەیە کە وەك خۆیان ماونەتەوە، یا کەمێ گۆڕانیان بەسەر داهاتووە(*).

- کەولۆس: تەرجەمەی لاتینی ئۆرانۆسە. بە واتای تەجەسسومی ئاسمان. (هزیود) وای دیاری کردووە کە کەولۆس کوڕی (گایا) یە (گایا واتە زەوی). لە هەندێ ئەفسانەو هۆنراوەی تردا وا هاتووە کە کەولۆس بە مێردی گایا ئەدرێتە قەڵەم(٣). کەولۆس گوندێکە سەر بە سەید صادق.
- پاڵەنیا: کچێکی زۆر جوان و لەباری پاشای کرسونز بووە، خواستاری زۆر بووە بەڵام ئەم حەزی لە (سیتون) کردووە. دوا جار کە سیتون رازی نابێ مارەی بکات توشی شەڕو پێکدادان ئەبن و لە شەڕەکەدا ئەکوژرێ(٤). پاڵەنیا گوندێکە لە هەورامان.
- گونە: کوڕی (ئۆکیتۆس)ە. قارەمانێکی ئازاو جەسوور بووە، لە شەڕی تەروادەدا سەرکردایەتی دوو دەستەی لە گەلانی تسالی کردووە. یەکێك بووە لەوانەش کە داوای (هیلین) ی کردووە(٥). گونە گوندێکە لەناوچەی ئەورۆلی.
- ئێنـــاخی = ئێنـــاخۆس: کـوڕی (ئۆقیـانۆس) و (تیتـس) ە. بە پێـی ئەفسانەیەکی ناوچەی (ئارگۆس) وای دیاری ئەکات کە ئیناخۆس بەر لە ئەژادی مرۆڤ ژیاوەو فورونەی کوڕی یەکەم مرۆڤ بووە. بەپێی هەندێ ئەفسانەی تر وای دیـاری ئەکەن کە هاوچەرخی (ئەریکترینۆس) و (ئیمۆلیۆس) بووە(٦). ئێنیاخی: هۆزێك وناوچەیەکە لەگوێ ئاوی سیروان.

(*) ئەم باسەم بە شێوەی وتارێ ئامادە کردووە بە ناونیشانی ـ جێ پەنجەی یۆنانیەکان بە سیمای کوردستانەوە

٭ دڵف: شارێکی کۆنە لە یۆنان و لەپێشدا ناوی (پیتۆ) بووە، بە ناوی کوڕە قارەمانەکەی (دیلفۆس) ەوە ناونراوە (دڵف). ئەم شارە عەتیقەی زۆریان تیا دۆزیوەتەوە[٧]. دڵف گوندێکە لەناوچەی شەمێران.

٢) **کێلی گۆڕێك لە بیارە**: لە گۆڕستانێکی نزیك بە بیارەدا کێلی گۆڕێك ماوەتەوە، بە نیشانەی ئەوەی کە لە بەشی سەرەوەی کێلەکە وێنەی خۆر بەهەردوو دیویەوە کێشراوە دیاری ئەکات کە ئەو گۆڕە زۆر کۆنەو ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میترایییەکان.

٣) **قۆرتاس**: گردێکە ئەکەوێتە دەشتی شارەزوورەوە نزیك بە شارۆچکەی سیروان، کاتی خۆیشی گوندێکی چکۆلەی لە تەنیشتدا هەبووە. جاران واتە بەر لە دروست بوونی دەریاچەکە گرنگی شوێنەکە لەوەدا بووە کە هەردوو زێی زەڵم و تانجەڕۆ بە بەردەمیدا ڕەت بوون. دێرین ناسەکان دەستیان بەم گردە ڕاگەشتوەو لێکۆڵینەوەی پێویستیان لە سەر کردووە و مێژووەکەیان ڕوون کردۆتەوە. (طه باقر) و(فواد سفر) دوو دێرین ناسی بە ناوبانگن ئەوەی لەسەر ئەم گردە نووسیویانە والێرەدا بە کورتی ئەیخەمە پێش چاوی خوێنەران.

*لەم گردەدا چەند چاڵێکی گەورەی تیایە کە ئەوە نیشان ئەدەن لە چەرخەکانی پێش مێژوودا ئەم شوێنە جێگای ژیان و گوزەران بووە. چینی ژێرەوەی گردەکە ئەگەڕێتەوە بۆ (٤٥٠) ساڵ پێش زایین، پاشان چەند چینێکی تری ڕۆژگاری کۆنی تیایە کە تا دەورەی هووریەکان (١٨٠٠ پ. ن) نیشان ئەدات. هەروەها لەسەر ئەم چینەوە پاشماوەی خانوویەکی سەیر دۆزراوەتەوە کە بە گڵی سوورەوە کراوو گەچ دروست کراوە. ئەم ژوورە پێکهاتووە لە گومەزێکی چوارگۆشە کە دەوری بەراڕەو گیراوە. زۆر لە مێژوونووسان پێیان

وایە کە بۆ ئاگر پەرستن دروست کراوەو سەرزەمەکەی ڕێك و پێك دیاری نەکراوە. ڕەنگە هی ڕۆژگاری دواین ساڵەکانی چەرخی ساسانیەکان بێت. ئەو ئاتەشگایە لەسەر شێوەی کۆمەڵێ پەرستگای چەرخەکۆنەکان بنیات نراوە. وە لەسەر ئەم ئاتەشگەوە دووچینی تر هەیە کە هی سەردەمی ئیسلامەتین، لە چینی دووەمیدا خانویەك کە لە گڵی سوورەوە کراوو گەچ دروست کراوە دۆزراوەتەوە، ئەمیش هەربەهەمان شێوەی ئەوی تر چوارگۆشەیە، لە ناوەکەیدا چوار کۆڵەکەی بەرامبەر بە یەکتری تیایە کەوەك ئەو پایە و کۆڵەکانەوان کە گومەزە گەورەکانی مزگەوت و گۆڕەکان هەڵئەگرن(۸)».

قۆرتاس لای کاکەییەکان -ئەهلی حەق- شوێنێکی بەڕێزە، چونکە زێدی حەوت پیاوچاکیانە کە بریتین لە ۱. قولی ۲. شاکە ۳. شەهابەدین ٤. شانەزەر ٥.شاموراد ٦. عیسا ۷. پیردلاوەر.

دەفتەرە دەستنووسەکانی ئەم دینە وای دیاری ئەکەن کە (ئەو حەوت کەسە لە ڕۆژی پانزەی چلە گەورەی زستان دا بەرەو گوندی شێخان بە مەبەستی گەشتن بە خزمەتی سوڵتان ئیسحاق ئەکەونە ڕێ. لە چیای شنروێ دا ماندوو ئەبن، یەکێکیان ئەڵێ با ئیتر نەڕۆین، ئەگەر ئەو کەسەی کە ئێمەی کەمەندکێش کردووە حەق بێت ئەوا دێت بەدەممانەوە و بەخزمەتی ئەگەین. لە ئەشکەوتەکەی ئەشکەوڵ دا ئەمێننەوە، لە ناکاو ئەبێتە توٚف و کرێوە و زریانێکی سەخت هەڵئەکات. ڕێگەیان لێ ئەبەسترێ و سێ شەوو سێ ڕۆژ بە برسیەتی ئەمێننەوە. سوڵتان ئیسحاق بە دڵ ئەم هەواڵەی پێ ئەگات. لای خوا نزا ئەکات، نزاکەی گیرا ئەبێ و هەوا خۆش ئەکات. دوای ئەوە بەرەو گوندی شێخان ئەکەونەڕێ، کە لەوێ بە خزمەتی سوڵتان شاد ئەبن و لەلای ئەمێننەوە، سوڵتان ئیسحاق بەو بۆنەیەوە سێ ڕۆژ ڕۆژوو گرتن لە دینەکەیاندا ئەکاتە

بەرنامە و ناوی ئەنێن ڕۆژووی لێبوردن لە یارانی قۆرتاس[٩]). کاکەییەکان هەندێ جار قۆرتاس و هەندێ جاریش (قۆڵتاس) یا (قواڵتاس) بەکار دێنن. وەکو لە کتێبە بەناوبانگەکەی (حاجی نعمت الله جەیحون ئابادیدا بە ناوی حق الحقایق یا شاهنامە حقیقت لاپەڕەکانی ٦٣، ٦٤، ١٩٤، ٤٣٦) ناوی براوە. سەرچاوەیەکی تری ئەم کاکەییانە وای دیاری ئەکات کە (قۆرتاس و مەرنەو بە جێگەی بینینی هیلال ئەزانن کە پەیوەندی بە ڕۆژی نیەت هێنانەوە هەیە)[١٠].

قۆرتاس وشەیەکی تورکیە بە واتای سەفەرتاس، ئەو کاسەیەی کەنان و چێشتی بۆ سەفەرتیا هەڵئەگیرێ. لەشارەزووردا هەندێ ناوی تری تورکی هەیە کە دیارە ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی داگیرکردنی شارەزوور لە لایەن مەغۆلەکانەوە، یا سەردەمی هێرشەکەی نادر شای ئەفشار. ئەو گوندانەش وەکو: ١. دووگوند بەناوی قلرخ کە مانای (ڕەفتار) ئەدات. ٢. دووگوند بەناوی سۆیلەمیش کە واتای (خۆش ویستراو) ئەدات، ٣. تاسلوجە بە واتای (بەردەڵان)، ٤. قایینەیجە بە واتای (خوێناو).

من پێم وایە لە زەمانی کۆندا قۆرتاس ناوێکی تری هەبووە و لەو سەردەمانەدا ئەم ناوە تورکیەی لێنراوە.

ی) **قەڵای خورماڵ:** خورماڵ شارۆچکەیەکە بە دووریی ١٨کم کەوتۆتە باکووری ڕۆژ هەڵاتی هەڵەبجەوە. هەروەها نزیکەی ١٢کم لە سەرچاوگەی زەڵمەوە دوورە. شوێنێکی تەڕو ئاودارو سەر سەوزە. جگە لەوەی زێی زەڵم بە ناویدا ڕەت ئەبێ، خۆیشی سەرچاوەی ئاوێکی گەورەی هەیە بەناوی کانی (گەمنجان) کە سەرچاوەی ئاوێکی شیرین و سازگارە. هەندێ مێژووزان پێیان وایە کە (خۆر + ماد)ە و بۆتە خورماڵ. گوایە لە کاتی خۆیدا پاشایەکی ماد ئاوەدانی کردۆتەوە کە کچەکەی ناوی (خۆر) بووە.

(خۆر) له ئاڤێستادا (هوەر) بووه. ئێستە له هەورامیدا بۆتە (وەر) كە لە هەورامی كۆندا (هۆر) بەكارهێنراوە. لە نێوان هەورامی كۆن و كرمانجیدا گۆرانی پیتی (هـ) بە (خ) ئەبینین وەكو (هوون - خوێن)، (هانە -خانە = بە واتای كانی)، (هۆش یاوەش -خۆش)، (هۆندن یاوەندن - خوێندن) ...هتد.گۆرانی (ماد) بۆ (ماڵ) واتە گۆرانی پیتی (د) بە (ڵ) ئەمە لە كوردیدا بە ئاستەم شوێنەواری دیارە وەكو (كلید) ئەبێتە (كلیل) و زۆر جار لە ناو جافدا ئەبێتە (كلێڵ). خورماڵ لە هەندێ سەرچاوەدا بە (خوڵمار) دیاری كراوە و تا ئەم دواییانەش پیرانی ناوچەكە هەر(خوڵمار) یان ئەهات بەزاردا. لە سەردەمێكی تریشدا پێی وتراوە (گوڵعەنبەر)، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (حەسنەویەكان) كە لە هەردوو ناوچەی دینەوەرو شارەزووردا دەستەڵاتیان پەیدا كردووە و حكومەتیان دامەزراندووە. (گولعەنبەرخانم كچی بەدری حەسنەوی) بووە، كە شاژنێكی هەڵكەوتەو بە ئیدارە بووە، لە سالآنی (٥٥١-٥٦٤) ی زاینیدا پاش مردنی باوكی جڵەوی دەستەڵات دارێتی ئەو ناوچەیەی گرتۆتە دەست.

﴿ ئەم شارە لە سەرتای چەرخی دەیەمی زاینیدا شارێكی بچووك بووە، پاشان برەوی سەندووە و گەورەبووە تا چەرخی پانزەهەم، ئەو كاتە لە لایەن فەرمانڕەوای كورد (ئەبو شەوك) ەوە هێرش كراوەتە سەری و دووچاری كاول كردن و سووتان بووە. ئەبو شەوك پاشای ولآتی (بەنی عەننان) ی شازنجانی كورد بووە و ئەم رووداوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤٣٤ی كۆچی[١١] ﴾.

پاش ئەو كاول كردن و سووتاندنە لە چەرخی سیانزەهەمی كۆچیدا جارێكی تر بۆتەوە بە شارو ئاوەدان كراوەتەوە. خورماڵ چونكە شوێنێكی

جوگرافی له باری هه‌یه، هه‌میشه ده‌سته‌لآت داره‌کان چاویان تێبڕیوه و هه‌وڵیان داوه ده‌ستی خۆیانی پێ بگه‌یه‌نن.

﴿ ساڵی ٧١٨ ی کۆچی به‌رامبه‌ر به ١٣٣٩ ی زایینی (خورماڵ) له ڕیزی شاره گه‌شه‌کردووه‌کان بووه، هێنده سنووری فراوان و گه‌وره‌بووه فه‌رمانڕه‌وایی تێدا په‌یدابووه و بۆته بنکه‌ی دروست بوونی هه‌ردوو ده‌وڵه‌تی کورد به‌نو حه‌سنه‌وی به‌رزیکانی و به‌نو عه‌ننازی شازنجانی- که له هه‌ردوو چه‌رخی چواره‌م و پێنجه‌می کۆچیدا به‌رامبه‌ر به چه‌رخی ده‌یه‌م و یانزه‌هه‌می زایینی دروست بوون[١٢] ﴾ له هه‌ڵدانه‌وه‌ی لاپه‌ڕه‌کانی مێژوودا ده‌رباره‌ی خورماڵ ئه‌گه‌ین به یاداشته‌کانی (مه‌لا محه‌مه‌دی سه‌رگه‌تی). ئه‌م یاداشته چمکێکی مێژووی خورماڵمان ئه‌خاته به‌رچاو، ئه‌گه‌ر چی مه‌لا محه‌مه‌د پشتی به گێڕانه‌وه‌ی قسه‌ی خه‌ڵك به‌ستووه، به‌ڵام دوور نیه له‌وه‌ی که هه‌ندێ ڕاستی چاکی تێدا بێ و ئافه‌رین هه‌ڵبگرن. منیش لێره‌دا به پێویستم زانی که ئه‌و یاداشته بێ ده‌ستکاری وه‌کو خۆی بنووسمه‌وه.

﴿ وه‌کو له یاداشت و بیره‌وه‌ری باپیرانی ڕابردوومان به ته‌واتور به ئێمه‌گه‌شتووه زۆر قسه‌ی سه‌رده‌م و زاران پاڵپشتمان ده‌که‌ن گوایه بابا ئوه‌یسی باپیرمان زانایه‌کی بێ وێنه‌ی ڕۆژگاری خۆی بووه. ناوبانگی عیلم و زیره‌کی و خواپه‌رستی به جیهانی ئیسلامی ئه‌و ڕۆژگاره‌دا بڵاوبۆته‌وه و شاری خورماڵی کردۆته مه‌ڵبه‌ندی خوێندن و فێربوون و ئالآی عیلم و زانستی لێ هه‌ڵکردووه. بۆیه سوڵتانی وه‌خت ساڵی ٨٦٠ ی کۆچی (١٤٣١ی زایینی) مزگه‌وتی خورماڵ سه‌ر له نوێ بۆ تازه کردۆته‌وه. ئیتر بابا ئوه‌یس زۆر به‌ڕێکوپێکی له مزگه‌وت و خوێندنگای خورماڵ دا خه‌ریکی ده‌رس وتنه‌وه بووه تا ساڵی ٩٠٥ی کۆچی (١٤٧١ی زایینی) له دنیا ده‌رچووه. ئینجا محه‌مه‌د غه‌یبی کوڕی

بۆتە دەرس بێژو جێ نشین. لە ڕۆژگاری ئەم دا خوێندنگای خورماڵ بۆتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتوو، لە هەموو لایەکەوە فەقێ و مەلا دەستە دەستە و پۆل پۆل ڕوویان تێکردووە تا ساڵی ٩٤٥ی کۆچی (١٥٣٨ی زایینی).

کە شەڕی نێوان مەئموون بێگە بەگ میری شارەزوورو میری عوسمانیان بەرپابووە. بۆ ماوەی دە ساڵ درێژەی کێشاو لە ئاکامدا پیر محەمەد غەیبی مودەڕیس و یەکە زانای ناوچەی شارەزوور لەگەڵ کوڕەکەیا کوژرا. میر مەئمونیش بە دەست بەسراوی بۆ ئاستانە ڕەوانە کرا. هەرێمی شارەزوورو دەوروبەری وێران کراو دێ و دێهاتی سوتێنراو ماڵ و خانوو بەرەیان ڕووخان. ئیتر تا ساڵی ١١٦٣ی کۆچی (١٧٤٨ی زایینی) ئێمە لەم خوێندنگایە بێ خەبەرین، بەڵام بە گوێرەی ئەو مەعلوماتەی کە لە کۆتایی کتێبێکی دەس نووسی کتێبخانەی ئەوقافیی مەرکەزی سلێمانیدا هەیە دەردەکەوێ کە لەم ڕۆژگارەدا واتە ساڵی ١١٦٣ موسا بەگێك قایمقامی خورماڵ بووە. بە پێی فەرمانی سلێمان پاشای بابان ئەم مزگەوت و مەدرەسەیەی ئاوەدان کردۆتەوە. برەوی پێ داوە، وا دیارە ئەو کاتە دەرس بێژەکەی مەلا نور الله کاکۆزەکەریایی بووە. بڕێ شیعری فارسیش لە سەر دیواری مزگەوتەکە نووسراون، ئەم ئاوەدان کردنەوە دەست نیشان ئەکەن. دووریش نیە شیعرەکان هی مەلا نورالله بن. لە دوای ساڵی ١١٩٠ی کۆچی (١٧٧٩ی زایینی) مەلا مستەفای کوڕی لە جێی دانیشتووە، ئەمیش بەناوبانگی زانایی دنیای پڕکردووە و مامۆستای مەولانا خالیدیش بووە.

به درێژایی فەرمانڕەوایی بابانەکان و دواییش، خوێندنگای خورماڵ ناوبەناو نەبێ - هەر ئاوەدان و شوێنی فێربوونی ئەدەب و زانست بووە. کتێبخانەیەکی قەشەنگیشی هەبووە تا ساڵی -١٩٧٥- (١٥٠) کتێبی لێ مابوو.

وابزانم سالّی ١٩٧٦ فرۆشران بە ئاساری عامە (١٠-١٥) کتێبێکی تری لێ مابوون سالّی ١٩٧٨ خرانە پالّ کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی سلێمانیەوە، خوا بکا مزگەوتەکە بۆ خۆیشی بمێنێ باشە).

یاداشتەکەی مەلا محەمەدی سەرگەتی بریتیە لە کورتە مێژوویەکی چاك کە هەندێ کەلێن و قوژبنی تاریکی رووناك کردۆتەوە، بەلاّم کاشکێ بەسەر هەندێ شتدا هەروا بە ئاسانی تێنەپەڕیایە. وەك چۆن چرای لە بەردەم هەندێ مەسەلەدا هەلّکردووە. ئەو هەندەی تریشی ڕۆشن بکردایەتەوە تا نووسینەکەی بێ گرێ و گۆلّ و جێگای سوود بوایە، لەلایەکی ترەوە نابێ گلەیی لێ بکرێت، چونکە مەلایەکی ئەو سەردەمە هەرئەوەندەی لەبارەی مێژووەوە زانیوە. بە هەرحالّ کارێکی زۆر چاکی کردووەو کاشکێ هەندێ مەلای تریشمان ئاوا بەدوای شتی وەها گرنگدا بچوونایە، ئەوکاتە گەلێ گرێ کوێرەی مێژوومان لەبەردا ئەکرایەوە.

ئەوەی کە یاداشتەکەی بە پێز ئەکرد ئەوە بوو کە ئەم شتانەی تیا روون بکردایەتەوە.

١. سولّتانی وەخت سالّی ٨٦٠ی کۆچی، کێ بووە؟
٢. مەئمون بەگ کە بەدیلی ودەست بەسراوی ڕەوانەی ئاستانە کراوە، دوای ئەوە چارەنووسی چی بووە ؟.

﴿بۆ ئەمە بڕوانە ل٢٠٢ی کتێبی شەرەفنامە کە نووسیویە: سولّتان کەزانی مەئمون بەگ بێ تاوانە و بە خۆڕایی گیراوە ئازادی کرد و مەلّبەندی حیللەی لە نزیك بەغدایە پێ سپارد کە داهاتی ی بخواو کەس خۆی تێ نەگەیەنێ. لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا حیللە بە هەلّەبجە ڕاست کراوەتەوە﴾.

٣. ئەبوایە مەلامحەمەد کە پەنجەی درێژکرد بۆ ئەو شیعرانەی کە بەسەر دیواری مزگەوتەکەوە نووسراون، شیعرەکانی بنووسیایەتەوە. شیعرەکە ئەمەیە:

والی ملـــک جـــود و کـــهف عبـــاد
آن (ســـلیمان) تخـــت عـــزت و داد

واتە: سەرداری قەڵەمڕەوی بەخشین و ئەشکەوتی خواپەرستان
ئەو سلێمانەی لە سەر تەختی عیززەت و داد دانیشتووە
(مەبەست سلێمان پاشای بابانە کە بە فەرمانی ئەو مزگەوتەکە نۆژەن کراوەتەوە)

یـــد بیضـــا نمـــود (موســـی) را
حکـــم گلعنـــبرش بلطـــف بـــداد

واتە: دەستی سپی موسا ئەنوێنێ و فەرمانڕەوایی گوڵەنبەری بە سۆزەوە دایە (موسا) مەبەست لە موسا بەگی ئەو دەمەی قایمقامی خورماڵ بووە و ئاماژەشە بۆ حەزرەتی موسا -د.خ- کە ید بیضا موعجیزەکەیەتی).

دربناهـــای خـــیر شـــد ســـاعی
بـــهر اجـــر و ثـــواب روز میعـــاد

واتە: لە بیناکردنەوەی خێردابوو بە تێکۆشەر، ئەمەش بۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی.

مســـجد کهنـــه ســـال شـــاه (ســـلیم)
دیـد گشـــته اسـت جـای قنـدر و رمـاد

واته: كه مزگەوتی كۆنه سالّی سولّتان سەلیمی بینی، بۆته جێگەی پیس و پۆخلّی و خۆلّەمێش.

ازكـــرم چنـــــد بـــدره در تعمـــير

صـــرف كـــرد و بيـــاد اجـــر مـــراد

واته: ئەو بەخشندە چەند پارەی بۆ ئاوەدان كردنەوەی خەرج كردو به كامی دڵ گەیشت.

أيـــن اشـــارت زغيـــب شـــد تـــاريخ

(بـــودة مســـجد بذكـــر حـــق آبـــاد)

واته: ئەم ئاماژەیە لە غەیبەوە بوو بە مێژوو (بوو بە مزگەوت و بەناوی خوا ئاوەدان كراییەوە).

میسرەعی دووەم (بوده مسجد بذكر حق آباد) بەپێی حیسابی ئەبجەد بەم شێوەی لای خوارەوەیە.

بوده = ١٧

مسجد = ١٠٧

بذكر - ٩٢٢

حق - ١٠٨

آباد = ٨

هەمووی ئەكاتە ١١٦٢ی كۆچی بەرامبەر ١٧٤٢ی زایینی.

٤- ئەبوایە مامۆستا كەپشتی بە تەواتور بە ستووە و باسی خورمالّی كردووە بە تایبەتی مزگەوتەكەی، ئەوە لە سەر زاری خەڵك واباوە كە (عەبدوڵڵای كوڕی عومەری كوڕی خەتاب - خ.ڕ) دروستی كردووە. هیچ نەبێ

یا بە پشت بەستن بە قسەی خەڵك ئەمەی دیاری بکردایە، یا ڕاستیەکەی بگوتاییە کە ئەو مزگەوتە لە دەورەی خەلیفەی دووەم دا بە فەرمانی (عەبد وڵڵای کوڕی عیمرانی کوڕی حصن) دروست کراوە. بەڵام چونکە لە مێژووی فتوحاتی ئیسلام دا حەزرەتی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر زیاتر دەناسرێت تا ئەم، ئەوا ناوی ئەم لەم بەینەدا ون بووە. عەبدوڵڵای کوڕی عیمران لای پیرەمێردی شاعیر بۆتە عەولآی هۆمەران ئەوەتا لە شیعرێکیدا کە باسی دروست کردنی ئەم مزگەوتە ئەکات ئەڵێ:

دەورەی ئەســحابان ســـێ مزگـــەوت کـــران
یـــەکێک لـــەانگـــڵ دووەم لـــە (کرمـــان)
ســێیەم لـــە (خورمـــاڵ) ســـەرچاوەی کـــوردان
هەرســـێ ئاســـاری اعـــەولآی هۆمـــەران)
ئاســـاری فـــەخرە بـــۆ دەورەی ئـــەوان

لە سەر شیعرەکە ئەڕوا و مێژووەکە دێنێتە سەر دەورەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی و ئەڵێ:

ســـوڵتان ســـەلیم گـــۆی شـــاهی بـــردەوە
قوبـــە و منـــارەی تـــازە کـــردەوە
قەلآیـــەکی کـــرد بـــەو ســـەر گـــردەوە
ســـەربەرزی خســـتە قـــەومی کـــوردەوە
شـێخ بـوو بـەوارث بـۆ موڵکـی ئـەوان[١٢].

ئەگەر پیرەمێرد ئەم مزگەوتەی بە دەست کردی عەبدوڵڵای کوڕی عیمران (عەوڵڵای هۆمەران) نەزانیایە ئەوا هەرگیز ئامـاژەی پـێ نەئەکرد، چونکە پیرەمێرد لەو شاعیرو نووسەرە ڕۆشنبیرانەیە کە لە ناو شیعرو پەخشانەکانیدا گەلێ جار پەنجەی خستۆتە سەر مێژوو لە هەمووشیاندا باش بۆی چووە. وە دیارە پیرەمێردیش ئەمەی هەردەماو دەم بیستووە کەواتە مەلا محەمەدیش هەر بیستوویەتی بۆیە پێویست بوو ئاماژەی پێ بکردایە.

ئەمە تا ئێرە کورتە باسێکی خورماڵ و مزگەوتە دێرینەکەی بوو. بۆ باسی قەڵاکەشی ئەوە دەرمان خست کە سەرەتا مادەکان دروستیان کردووە و کردوویانە بە یەکێك لە بنکەکانی فەرمانڕەواییان. پاشان بۆتە بنکەی (حەسنەویەکان) و(بەنی عەننازیەکان)، دوای ئەمان لە سەردەمێکی تردا سوڵتان (سەلیم) ی عوسمانی. پاشان (لەلایەن شا عەباسی سەفەوی)یەوە دەستی بەسەردا گیراوەو ماوەیەك فەرمانڕەوایی تیا کردووە. ئینجا پاش ماوەیەك خەسرەو پاشا لە ساڵی ١٢٠٩ی کۆچیدا بەرامبەر بە ساڵی ١٦٢٩ ی زایینی ئاوەدانی کردۆتەوە)(١٤).

قەڵاکە بەسەر گردێکی گەورەوەیە لە سەرووی شارداو بە چوار دەوریدا شورەو سەنگەری مەحکەم دروست کراوە کە هەموویان بەرگری لە قەڵا گەورەکە ئەکەن.

وەهەروەها قەڵایەکی تری تیایە بەسەر گردێکەوە کە ئاوەکەی گەڕاو لە ژێریەوە دەرئەچێت، ئەمیش قەڵایەکی گەورەی لاکێشەییەو بە شورەو سەنگەر گەمارۆدراوە. ئەمیش و قەڵاکەی تریش هەردووکیان بە بەردو قسڵ دروست کراون، لە هەردووکیاندا شوێنی دانیشتنی میرو جێگەو ڕێگەی خێزان و میوان و زەخیرە و تەویلەی هەیە.

گەڕاوەکەی خورماڵ بریتیە لە کبریتی تواوە لە ئاودا (ئاوێتەی کبریت) بۆ دروست کردنی باروت و شقارتە بە کاردێ و ترشەڵۆکی سولفاتی خەتی پێ ئەگوترێ H_2SO_4.

$$4H_2O + S \rightarrow SO_4 + 4H_2 - H_2SO_4$$

دەربارەی ئەوەی کە ئەم ئاوە لە کوێوە دێت لە هەندێ پیری دەم ڕاستم بیستووە کە یەکێکیان باوکمە ئەگێڕنەوە کە (ساڵێکیان شێخی حیسامەدین خ.پ) پیاوێکی ناردووە بەو کونەدا کە گەڕاوەکەی لێوە دێت. پیاوە ئەڕوا و ناگەڕێتە دواوە. پاش ماوەیەك یەکێکی تر ئەنێرێ، دوورچەپك توولە هەنارو مۆمی بۆ تەرتیب ئەکەن، مۆمەکان بۆ ڕۆشنایی و توولە هەنارەکانیش بۆ ئەوەی کە هەرچەند مەترێك بڕوا دانەیەکیان دابکوتێ بۆ ئەوەی پیا بگەڕێتەوە. کە گەڕاوەتەوە وتوویەتی: لە سەرەتای کونەکەدا ماوەیەك بە گاوەڵکێ ڕۆشتووم، ئیتر کونەکە گەورەبووە و بە پێوە ڕێگام تیا بڕیوە، دوای ماوەیەك ڕۆشتن دیتم کونەکە ئەبێ بە سێ بە شەوە، بە بەشی یەکەم دا ڕۆشتم، هەر ڕۆشتم توولە هەنارم لێ بڕاو نەگەشتمە هیچ ناچار گەڕامەوە، چووم بە کونی ناوەڕاستدا، دوای ماوەیەك گەشتمە کۆتایی و هیچم بە دی نەکرد. هاتمەوە بە کونی سێهەمدا ڕۆشتم، دوای ماوەیەك گەشتمە خانوویەك کە لە بەرد دروست کرابوو، دەرگاکەی بە قوفڵێکی پۆڵایین داخرابوو، لە گۆشەیەکیەوە دەلاقەیەکی تێدابوو، لە دەلاقەکەوە سەیری ژوورەکەم کرد. دیتم لە ناوەڕاستیدا حەوزێك و بەم لایەوە سەکۆ بۆ جێگەی دانیشتن دروست کراوە. ئاوی گەڕاوەکەش لە ژێر ئەم خانووەوە دەرئەهات).

١. **دوانزە ئیمام:** ناوی دوو گوندن ئەکەونە خۆراوای شارۆچکەی سیروانەوە زۆر هەوڵم داو پرسیارم کرد بۆچی ناونراون دوانزە ئیمام. هیچم

بۆ ساخ نەبوویەوە، بەڵام لەوە نەچێ دوانزە کەسایەتی ئیسلامی تێدا ژیابێ.

لە گردی دوانزە ئیمامی کۆندا دێرین ناسەکان ﴿پاشماوەی مزگەوتێکیان لە چینی یەکەمیدا دۆزیوەتەوە کە بە شێوەیەکی ڕێکو پێک دروست کراوە﴾[١٥]

ئەوەی ئەم دێرین ناسانە دۆزیویانەتەوە تەنیا مزگەوتێکە و هیچی تر کە بە هەیکەلەکەیدا دیارە هی دەورانی کۆنە، واتە نزیکەی زیاتر لە دەچەرخ لە مەوبەر، ئیتر بە داخەوە هیچ خەت و نوسینێکی بەسەرەوە نیە کە ڕۆشنایی بخاتە سەر ساڵی دروست کردنی و ئەوەی کە دروستی کردووە.

٢. تەپە تەڵمە: گردێکە ئەکەوێتە خوارووی گوندی کاگردەڵەوە بەرەو دەریاچەکە، ﴿چینی یەکەمی ئەم تەپۆڵکەیە شوێنەواری سەردەمی هاتنی ئیسلامی پێوە دیارە وچینی چوارەمیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری بابلی کۆن﴾[١٦].

بابلیەکان گەلێکی خاوەن شارستانیەت بوون و لە مابین النهرین (میسۆپۆتامیا)[*] دا ژیاون، هەندێ جار بە بۆنەی فراوان کردنی قەڵەمڕەوەکەیانەوە یا بەهۆی تاڵان و بڕۆکردنی گەلانی هاوسێیان پەلاماری دەوروبەری خۆیان داوە، لە هەندێ شوێنی تری کوردەواریدا نەخشی جێ پەنجەیان دیارە، هەروەکو سەرچاوە مێژووییەکان دیاریان کردووە.

(*) (میسۆپۆتامیا و کوردەواری) وتارێکە ئەمێکە ئامادەم کردووە و بەپێی توانای خۆم و ئەو ئەمەندەی لەم بارەوە سەرچاوەم خوێندبێتەوە هەوڵم داوە شوێنەواری گەلانی دێرینی میسۆپۆتامیا (سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشووری) لە کوردەواریدا دیاری بکەم

لەم بەشەشدا کە ئەگەینە سەر باسی گردی (زەمەقی) ئەوەی کە پەیوەندی بە ناوچەی هەڵەبجەوە هەبێت لەم بارەوە باسی ئەکەم، بە هیوای ئەوەی کە جێگەی سوودبن.

٧- **بەکراوا:** ناوی گوندێك و هەم گردێکی گەورەو بەرزە لە نێوان هەڵەبجەو سیروان دا کە نزیکەی (٤) کیلۆمەتر لە هەڵەبجەوە دوورە.

بەرزترین گردی شارەزوورەکە (١٢,٥) مەتر بەرزە، وە پانیەکەی (٢١٤) مەترە. بەکراوا بەناوی بەکر بەگی کوڕی سلێمان بەگەوە ناونراوە کە یەکێك بووە لە میرەکانی بابان و بە (بەکرە سوور) ناوداربووە. ساڵی ١١١٥ ی کۆچی کوژراوە.

دیارە ئەمە ناوی تازەیەتی و ئەو سەردەمە بنکەی فەرمانڕەوایی ئەو میرە بووە، گردەکە زۆر کۆنە هەروەکو لە مەودوا باسی ئەکەین. ئەم گردە چاڵێکی (١٥-١٥) مەتر پانی بەدەوردا هەڵکەنراوە ناوەکەشی (٨) چینی تێدا دەرکەوتوە کە سپایزەر Speiser پاش سەردانەکەی لە ساڵی ١٩٢٤دا لەم بارەوە نوسیویە:

ئەو چاڵانەی کەڵی هەڵکەنراوە نیشانی ئەدەن کە شوێنی ئاشوری کۆنە کە ناو ئەبرێت بە (دەوری ئاشوری) کە پاشایەکی ئاشوری بە ناوی ئاسرپاڵی دووەم- لە چەرخی نۆیەمی پ.ز دروستی کردوە[١٧] وە هەموو ئەو چینانەش بەم شێوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە.

(یەکەم و دووەمیان هی سەردەمە ئیسلامیەکانن (سەدەکانی " ١٠-١٢ی زایینی) سێهەمیان کە جێماوی شوێنەواری کەمەوجیی سووتانی پێوە دیارە، کۆنترە لە چەرخە ساسانی و پارتییەکان (سەدەکانی ٣پ.ز-٧پ.ز). لە چینی چوارەم دا کە بریتیە لە دوو بەش (أ) و (ب)، تێبینی کراوە کە گڵێنە (فخاریات)

ی (خووری هووریەکان) و ئەوانەی (نوزی) کە ئەگەڕێنەوە بۆ سەدەی (١٥) پ.ز. ئەدۆزراونەتەوە. لە لایەکی ترەوە دەست و خەتی ئەو نووسراوانەی لەم چینەدا دۆزرابوونەوە لە هی سەدەی (١٣) پ.ز ئەچێت. لەوانەیە چینی پێنجەم و شەشەم بگەڕێنەوە بۆ سەدەی (١٤) پ.ز. لە کاتێکدا کە چینی حەوتەم لە هی سەردەمی بابلی‌ی کۆن ئەچێت (سەدەکانی‌ی (١٩-١٤)ی پ.ز. لە چینی هەشتەم دا بینایەکی گەورەی (یانزە) ژووری هەیە کە لەوانەیە پەرستگا بووبێت، ڕەنگە ئەم چینەش هەروا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناوبراوی سەرەوە[١٨].

بەپێی دوایەمین چینی، واتە چینی هەشتەم کە خانویەکی (یانزە) ژووری لێ دەرئەکەوێت دیارە کە سەرەتا بەشار و بنکەی فەرمانڕەوا یا دەستەلات داریْ دروست بووە، بە پێچەوانەی هەمووشارێکی ترەوە کە سەرەتا گوند بووە و پاشان بەرەو شار پەرەی سەندوە.

وە دیارە شوێنە جوگرافیاکەی هەمیشە لە بار بووە بۆ ئەوەی دەستەلاتی تێدا ببرێت بەڕێوە. تەنانەت تا ئەم سەردەمانەی تازەش هەر ئەو دەورەی بینیوە، هەروەکو لە بەردەنوسێکدا دەرکەوتوە کە مێژووی (٧٩٢) ی کۆچی لەسەرە، ئەوە دیاری ئەکات کە سوڵتان سلێمانی قانونی مزگەوتێکی تێدا دروست کردووە.

هەروەها شتێکی تریش کە زۆر شایانی باس بێت ئەوەیەکە دووجار لە ساڵانی شەستەکاندا لە چینی چوارەمدا دوو دەستە ڕۆژنامە دۆزراونەتەوە، یەکەم جار حەوت پارچە و دووەم سیانزە پارچە. کە ئەم ڕۆژنامەیە لە بارەی ڕۆژە بەختەوەرو ڕۆژە شومەکانەوە دواوە[١٩]. واتە ڕۆژەکانی کردووە بە دووبەشەوە. ئەو ڕۆژانەی کە بەخت تێیدا یارەو شادی و خۆشی و مـوژدەی خۆش دێنە ڕێگەی مرۆڤ و ئەو ڕۆژانەش کە شوم و نەهاتن و خەم و

ناڕەحەتی و ئازاری دەروونی خۆیان ئەنوێنن. دیارە ئەمەش بە پێی ئەستێرە ناسین بووە. ڕۆژنامە ئەستێرەناسیەکانیش ئەگەڕێنەوە بۆ چەرخە سۆمەرییەکان. بابلیەکان ئەمەیان ئەگەڕاندەوە بۆ حەوت دانای ئەفسانەیی ئاپکاللو - Apkallu[٢٠].

من لە ڕێگەی خۆمەوە نموونەی ئەم ڕۆژنامەیەم نیشانی چەند مێژوو نوسێکدا کەسیان نەیانزانی خەتەکەی بخوێننەوە، کاتی خۆیشی زاناکان باس و خواسیان لە سەر کردووە و ئیتر نەیانکردووە هەموو دێڕەکانی بخوێننەوە تا لایەنە مێژووییەکەی بە باشی ڕوون بوایەتەوە. هەرچەندە ڕۆژگار هەندێ لە دێڕەکانی سواندووە.

نموونەی ڕۆژنامەکە بە پێی دیاری کردنی لە لایەن دێرین ناسەکانەوە.

(ستوونی یەکەم).

لە مانگی نیسان دا.

ڕۆژی یەکەم : بە تەواوەتی باشە.

چوارەم: نیوەڕۆی باشە.

شەشەم: وێرانی دوژمنێك.

دەهەم : گرتنی زەوی کێڵگەیەك.

پانزەهەم: خۆشی دڵ.

شانزەهەم: ئەو شتەی ئەیەوێت بەجێی ئەهێنێت.

هەژدەهەم : ناخۆشی نامێنێت.

(دێڕی ١٠) بیستەم: چەك، گرتنی شار.

بیست و یەکەم: هەواڵ.

بیست و سێهەم: نیوڕۆژی باشە.

بیست ... : (دەقەکە شکاوە).

بەڵام ڕۆژنامەکە بە دەست نیشان کردنی ڕۆژەکان ناوەستێت بەڵکو وەك وتمان ئاراستە کردنیشی تێدایە وەکو (باقوربانیەك دا بنێت بۆ (گۆلا) - خودا وەندی تەندروستی - (با مارێك بکوژرێت) ئەگاتە پایەی یەکەم. (ئامادەکردنی گەنم بۆ گواستنەوە)[٢١].

٨- سەر قەڵای پریسی سەروو:

گردێکی بەرزە تا ئێستە دێرین ناسەکان ڕێگەیان نەبردۆتە سەری، بۆیە هیچ مێژوویەکی نووسراوی لەسەر دیار نیە. ئەوەی جێگای باس بێت ئەوەیە کە لە دەوروبەری چلەکاندا جارێکیان (کانی گوێز) یان هەڵداوەتەوە کانی گوێز ئاوێکی سازگاری هەیە و ئەکەوێتە بناری گردەکەوە – لەم هەڵدانەوەیەدا هەندێ شتی عەنتیکەیان تێدا دۆزیوەتەوە. کە بە داخەوە ئەو شتە عەنتیکانە کاتی خۆی خەڵك بردوونی و دەست مێژوو زانان نەکەوتوون تا مێژووەکەیان دیاری بکرێت. شتە عەنتیکەکانیش بریتی بوون لە کاسەو کەوچك و گۆزەڵە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ دا توفیقی ڕەوشەن (مووروو) یەکی دۆزیبویەوە کە وێنەی مەشخەڵێکی پێوە بووە و کچێك لە بەرامبەریدا دەستی بەرز کردۆتەوە.

هەرچی گوندی پریسیشە ئەوە ناوەکەی ڕیشەیەکی ئاڤێستایی هەیە، وشەکە لە بنچینەدا (هەپیریسی) یە، بە واتای (هەرێن) کە ئەم گیایە بە شێوەیەکی فراوان لەم گوندەدا هەیە. بە پێی ڕۆژگار وشەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووەو (پریس)ی لێ ماوەتەوە.

له ناوچەی هەولێر بە هەرێز ئەڵێن فرێز: فەرهەنگی معین نووسیویە (پەرێز Pariz، فرزە، فرزود، فریس، گیایەکە لە کەناری جۆگەلە و روبارو گۆم و هەر شوێنێ کە ئاوی زۆربێ ئەڕوێ)[٢٢].

خاڵۆی بەڕێزم ماموستا مەلا سدیق ئەیگێڕێتەوە کە کاتی خۆی باپیرم (ماموستا مەلا عەزیزی پریس) لەو دێ یە ئاش و باخی ئەبێت و زۆربەی ڕۆژانی هاوین کاتی خۆی لەوێ بە سەر ئەبات، جارێکیان لە هەڵەبجەوە (عەزیز ئاغا) بۆ مەسەلەی تەلاق ئەچێتە خزمەتی، پاش ئەوەی کارەکەی تەواو ئەبێت دەست ئەکەن بە قسەو باسی تر. عەزیز ئاغا چڵێ هەرێز هەڵئەگرێ و ئەڵێ: ماموستا ئەمە چیە ؟ ئەویش ئەفەرمووێ: ئەوە هەرێزە. عەزیز ئاغا ئەڵێ نا ... قوربان ئەمە پریسە.

ئەگەر ئاگامان لە ڕێبازی زمانەوانی بێت ئەوا ئەزانین کە (هەپیریسی، پریس فرێز، پەرێز، فرزە، فرزود، فریس) هەموویان یەك ڕیشەن و ڕیشەی یەکەمیان وشەی یەکەمە.

پریس دێیەکی ئاودارو سەر سەوزە (کانی دمراش، کانی جانە، کانی مرواری، کانی چەرمەڵە، کانی گوێز، کانی ژنان، سەروەڵخ، بەرکەورگ) ی وەکو سەرچاوەی ئاوی شیرین تێدایە، هەر بۆیە هەرێزیشی زورە. لە ئاڤێستادا وای دیاری ئەکات کە (هەپیریسی و نیمیزکە دوو جۆر گیان کە سووتاندنیان ناڕەوایە)[٢٣]. ئەم دوو گیایە بۆیە سووتاندنیان حەرام کراوە چونکە باشترین خواردنی ئاژەڵن و ئەو سەردەمەش ئاژەڵداری گەورەترین سەرچاوەی ژیان بووە. سەبارەت بە نیمیزکە بە داخەوە گەلێ سۆراخم کرد بۆم ڕوون نەبوویەوە کە ئەمڕۆ لە کوردەواریدا بە چ جۆرە گیایەك دەگووترێ.

شایانی وتنە کە سەرقەلاّ شوێنێکی ستراتیژی لە باری هەیە و بە دەوری خۆیدا بە دووریی چەند کیلۆمەتر ئەڕوانێ بە سەر ناوچەکەدا. ئەمانە هەموو پێکەوە ئەوە نیشان ئەدەن کە ئەم گوندە لە دێر زەمانەوە جێگەی ژیان و شارستانیەت بووە و بەر لە هاتنی ئەورۆڵیەکان لە بەری جوانڕۆوە بۆ ئەم ناوچە ئێرەو دێی گونە و کەوتە ئاوەدان بوون و ژیانیان تێدابووە.

لێرەدا بە چاکی ئەزانم کە بۆ هاودەنگی وشەی پریس چەند ناوێکی تری ئاڤێستایی لە ناوچەی هەڵەبجەدا دیاری بکەم.

- **دەرەشیش**: دوو گوندن لە سەرووی ڕۆژهەلاّتی شارەوە، لە ئاڤێستادا بە شێوەی (درەوشیشوەنت) هاتووە بە ناوی کێوێك جا دیارە کێوەکەی پشتی دەرەشیش ئەگرێتەوە.
- **بوزێ**: شوێنێکە بە پشتی بالآمبۆوە، لە ئاڤێستادا بە شێوەی (بەئوذە) هاتووە بە واتای (بۆندار).
- **مەستەکان**: دووگوندن لە ناوەڕاستی شارەزووردا. لە ئاڤێستادا بەشێوەی (هەمەستەکان– هاتووە بەواتای (بەرزەخ) شوێنێ لەنێوان بەهەشت وجەهەنەم دا کە لە زاراوەیەکی کوردیدا (زینەخ)ی پێ ئەگوترێ.
- **مەوان**: چەند دێیەکن لە شارەزووردا، بەری (کانی پانکە)ئەوەیان کەپێی ئەگوترێ (موانە کۆن) کۆنترین دێیانەو ئەمانیتر لەوجیابوونەتەوەو دروست بوون.(موان) واتە موغان ، هەروەکودکتۆر جەمال ڕەشید لێکیداوەتەوە[٢٤]. لە دینی زەردەشتدا دووتیرە هەبوون بەناوی ١–مەغ یاموغ کەکاروباری مەزهەبییان بردووە بەڕێوە٠ ٢–بەغ یابوغ ، کاروباری ئیداری وسوپاییان بەڕێوە بردووە. وشەی (بەغ) لە(بەغداد–بەغ+داد) دا دیارە وهەرئەم وشەیە چۆتە ئەورووپاو بۆتە(بەگ)

ونێستەش لەکوردیدا بەم شێوە برەوی پەیدا کردووە• بەم پێیە ئەتوانین بڵێین کە (موانە کۆن) ئاتەشگای تیابووە وبنکەی ژیانی چەند موغێ بووە•

- عارەوان: گوندێکی سەربە ناوچەی شەمێران بوو، لەکاتی دروست کردنی بەربەستەکەی دەربەندیخاندا بوو بە ژێر ئاوەوە. لەئاڤێستادا بەشێوەی (ئاثرەپان) ناوی هاتووە ،ئاثر ، ئاذەر، ئاگر ، ئار، ئاهیر، ئاور، هەموویەك ریشەن ، کەواتە(عارەوان) کورتکراوەی ناوە ئاڤێستاییەکەیەو بۆتە ئارەوان بەتاوی پارێزگاری ئاگر. لەدینی زەردەشتدا(ئاگر) سەمبولی خوا پەرستی بووە وئەوپەڕی رێزیان لێ گرتوە. (پان)ی ئاڤێستایی لە پەهلەویدا بۆتە(بان) کە پاشگرێکە بەدوای وشەوە ، وەکو (پاسەبان ، دژبان) کە لە کوردیدا زۆرجار (ب)ئەگۆڕێ بە(و) وەکو(بابا)ئەبێتە(باوا)، (پاسەبان)ئەبێتە (پاسەوان) وهتد.بەم پێیە دڵنیام ئەم گوندەش ئاتەشگای زەردەشتی تێدابووە.
- حەوتاشان: (حەوت+ئاشان)شوێنێکە لەناوچەی ئەوروڵی کەگوایە کاتی خۆی حەوت ئاشی ئاوی تێدا بووە. لەئاڤێستادا بەشێوەی(هەپت ئەثاو هاتووە، هەربەواتای حەوت ئاشان. (هەپت) بۆتە هەفت وحەوت و(ئەثاو)یش بۆتە(ئاسیاو) کە ئێستەش لە هەورامیدا بەکارئەهێنرێ. لەزاراوەی تری کوردیدا بۆتە(ئاش).
- ئەوێ: لەشوێنی خۆیدا باسی ئەکەین.
- رەزورە: لەشوێنی خۆیدا باسی ئەکەین.
- وەرمن: دێیەکە لەناوچەی شەمێران، لەئاڤێستادا بەشێوەی (واریمەن) هاتووە بەواتای (پەناگا).

٩- قەلاَی گاورانی تەوێڵە

تەوێڵە شاردێ یەکی هەورامینشینە ئەکەوێتە خۆر هەلاَتی هەڵەبجەوە لەسەر سنووری ئێران. دێرین ناسەکان گەشتی ئەم شوێنەیان نەکردووە ولەبارەی مێژووەوە شتێکی شایانی لەسەر نەنووسراوە ، من بۆخۆم زۆر لەتەوێڵە دا ژیاوم، لە پیرە پیاوان و خەڵکی هۆشیار گەڵێ پرسیارم کردو لەئەنجام دا ئەوەی بۆم دەرکەوت بریتی بوو لە:

١-ساڵێکیان لەگەڕەکی بەرامبەردا بناغەی خانوویان لێداوە، هەندێ شتی عەنتیکەیان وەکو کاسەو کەوچك وموورروو تێدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ ئێسك وپروسکی شەش-حەوت زەلام دا کە بە تەنیشت یەکەوەنێژراون.

٢-لەتەنیشت تەوێڵەوە لاپاڵێکیتیایە بەناوی {لێژڵە} خەڵکەکەی ئەڵێن کەدەماودەم بیستوومانە کەلە کۆندا جێگای شاربووە.

٤-بەڕاسەری تەوێڵەوە بەرەو خۆراوا قەلاَیەکی بەرزی تیایە بەناوی قەلاَی گاوران، قەلاَیەکی سەخت ومحکەمەو لەم لاوە بەسەر هەموو شارەزوورو لەولاوە ئەڕوانێ بە ڕووی (پاوە) دا.

خەڵکی ئەوێ دەماودەم ئەگێڕنەوە ئەڵێن: بیستوومانە کە لە کۆندا لە کانیاوەکەی کەژەکەی بەرامبەرینەوە بە جۆگەلەیەکی هەوایی ئاویان بۆ ناو قەلاَکە ڕاکێشاوە.

ناو ڕاکێشانەکەش بەم شێوە بووە ئەڵێن گوایە بەجاوو گڵێم کە بە مێوو زەردێنەی هێلکە هەنیوویانە. لەوبەرەوە پەیوەستیان کردووە بەم بەرەوەو ئەوەندەی جۆگەلەکە هەڵیبگرێ ئاویان پێدا هێناوە.

شایانی باسە (گاور)وشەیەکە پاش بلاَوبوونەوەی دینی ئیسلام بە کەسانی سەر بەدینی زەردەشت وتراوە. بەم پێیەو بەپێی کۆنی ی شوێنە کە

دەرئەکەوێ کە تەوێڵەو قەڵاکەی شوێنەواری بەر لە هاتنی ئیسلام بن وهەروەها شایانی باسە کە لەو قەڵایەوە (ئاتەشگا)ی پاوە دیارە.

ئاگر لەدینی زەردەشت دا جگە لەوەی کەسەمبولی خواپەرستی بووە، بۆمەبەستێکی تریش بە کاریان هێناوە. ئەویش ئەوەیە لەو شوێنە بەرزانەدا ئاگریان کردۆتەوە تا بۆ کاری پێویست یەک یەکتر ئاگادار بکەن. بۆ نموونە ئەگەر هێرشێك کرابێتە سەر قەڵای تەوێڵە ئەوا خەڵکی ناوچەکانی تر بەئاگرەکەدا زانیویانە کەلە بەرامبەر ئەو هێرشەدا حاڵیان لەچیدایە. ئەگەر ئاگرەکە بەرزبووبێ مانای ئەوەیە لەشەڕدا سەرکەوتووین وپێویستمان بەکۆمەك وهانا هاتنەوە نیە، ئەگەر ئاگرە کەش کزبووبێ ئەوە نیشانەی شەڕەکەی دیاری کردووە و داوای کۆمەك ویارمەتییان لەناوچەکانی تر کردووە، یائەگەر ئاگریان هەڵدابێ بەئاسمانا ئەوە خەڵکی ناوچەکانی تریان دەعوەت کردووە بۆ شایی وزەماوەند. ئیتر بۆهەر مەبەستێك بە شێوەیەك ئاگریان کردۆتە نیشانە ویەك لەیەکتری تێگەشتوون. جێگەی باسە کە لە گۆڕستانەکەی تەوێڵەدا گۆڕی (یەئجوج) و(مەئجوج) هەیە کە لەکوردیدا بوونەتە (ئاجول) و(ماجول) ئەمە دەبێ بەدوادا چوونی تایبەتی بووێت وساخ بکرێتەوە.

١٠- **قەڵای زەڵم**: قەڵایەکی بەرزو سەخت ودژوارە و لە ناوشیوی زەڵم دا هەڵکەوتووە لەناویدا تاق ورەفە وسەکۆی دانیشتنی تیایە ، بەنزیکیەوەکانیلەیەك هەیە کەلەوێوە ئاوی بۆڕاکێشراوە. ئەم قەڵایە یەکەمین بنکەی فەرمانڕوایی (بابا ئەردەڵ) بووە کە ئەبێتە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەردەڵانیەکان. بابا ئەردەڵ خەڵکی ناوچەی دیاربەکری کوردستانی تورکیایە، بەخۆیو کەسوکارو ژمارەیەك خزمەتکارو دەست وپێوەندەوە بەرەوهەڵبەندی

شارەزوور کۆچ ئەکات، پاش ئەوەی هەندێ تر دەستەلأت پەیدا ئەکات، دوژمنانی کورد لەتورك وفارس چاوئەبڕنە دەستەلأتەکەی و پیلانی پێ ئەگێرن. ئەمیش هێزەکە لەشارەزووررو دەورروبەری هەڵەبجەدا دەهێڵێتەوەو بۆبنکەی فەرمانڕەواییش قەلأی زەڵم دیاری ئەکات• خوالێخۆشبوو(ئەمین زەکی بەگ)ئەم مێژووە ئەگێرێتەوە بۆ سالی ٥٦٤ك-١١٦٨ زاینی[٢٥].

ئەم قەلأیە پاش ئەوەی چواردە ساڵ خان ئەحمەدخانی ئەردەلأنی فەرمانڕوایی تیائەکات ، ئیتر بە قەلأی خان ئەحمەدخان ناوبانگ پەیدا ئەکات.

مەلامحەممەد شەریفی قازی لەپارچە شیعرێکدا بەم شێوە مێژووی ژیانی خان ئەحمەد خانمان بۆ دیاری ئەکات.

خـــان اکـــراد یعنـــی خـــان احمـــد
ســـال بخـــت أزعـــدم بـــیرون- ١٠٠٢
سال کـج بخـت یـافت حکـم جلـوس- ١٠٢٣
در غلـط گشـــت ابلـه ومجنـون- ١٠٣٩
بـــا زهمـــت بیـــافت انـــدر غـــم- ١٠٤٠
یـــــافت حکمـــــی زبیشـــــترافزون
ســـال غمـــها هزیمیـــش دادنـــد- ١٠٤٦
رفـــت بـــیرون ازایـــن زمانـــه دون

واتە: خانی کوردەکان واتەخان ئەحمەد، ساڵی بەخت لەدایك بوو.
ساڵی کەج بەخت لەسەر تەخت دانیشت ، کەوتە هەڵەوە نەزان وشێت.
پاشان هیمەتی نواندەوە وفەرمانڕەواییەکی گەورەتری گرتە دەست.
ساڵی غەمها تێکیان شکاند، دەرچوولەم دنیا هیچە.

ئەووشانەی خەتیان بەژێردا هێنراوە لەشیعرەکەدا بەپێی حیسابی جومەل یا ئەبجەد ئەومێژووانە ئەکەن کە بەتەنیشتیانەوە نوسیومانن.

وشەی زەڵم، ئەمین زەکی بەگ وای لەیەك داوەتەوە ﴿ ژەڵم، بە توێژێکی سووری لیچق دەڵێن کە لە سەر ئاوی راوەستاودا دەوەستێ﴾[٢٦].

مەئمونی کوڕی بێگە بەگیش لە یاداشتەکانیدا لەباتی (زەڵم)، (ظالم)ی بەکارهێناوە. بەڵام دوورنیە ئەم قەڵایە زۆر لەو مێژووە کۆنتر نەبێ کە دیاری کراوە و بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سەلم) ی کوڕی فەرەیدوون شای ئێران. مێژوونووسەکان وایان دیاری کردووە کە فەرەیدوون شا سێ کوڕی هەبووە بە ناوەکانی(سەلم، تور، ئیرەج) کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا قەڵەمڕەوەکەی دابەش کردووە بە سەر هەر سێ کوڕەکەیدا. وەهەروەها وای دیاری ئەکەن کە رۆژاوای ئێران بەر (سەلم) کەوتووە. دوور نیە ئەم قەڵا سەختە لەو پەناگە مەحکەمەداو لەو شوێنەدا کە ئاوو و باخی زۆرە (سەلم) ئەیکردبێتە یەکێك لە بنکە سەربازیەکانی و بەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکردبێ و پاشان وشکە گۆڕانی بەسەرداهاتبێ و بووبێتە (زەڵم).

١١. قەڵای هەوارە کۆن: قەڵایەکی بەرزە بە سنگی چیای شنرویێ وە کە ئەڕوانێ بە سەر گوندی هەوارە کۆندا. ئەم قەڵایە هەندێ پاشماوەی تا ئێستەش هەرماوە، بە تەنیشتیەوە سەرچاوگەیەکی سازگاری تیایە. مێژوونووسی هێژا ئیسماعیلی مەلا محەمەد حسەین ئەڵێ ﴿مەئمون بەگ بەزیندوی سەر وڵاتەکەی لە ناو کوڕەکانیدا دابەش کرد، زەڵم و نەوسودو هاوارو دەودان و گوڵعەنبەری دا بە بێگە بەگ﴾[٢٧]. بەم پێیە دروست کردنی ئەم قەڵایە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە مەئمون بەگ، کە بە داخەوە ئەو سەردەمەمان بۆ دیاری ناکرێت. ﴿مەئمون کوڕی مونزیر کوڕی بابلۆ کوڕی

حەسەن کوڕی خدر کوڕی ئەلیاس کوڕی خدر کوڕی کلۆڵ کوڕی بابا ئەردەڵە﴿. ئەم مەئمون بەگە (لە ساڵی ٨٦٢ك = ١٤٥٧ز تا ساڵی ٩٠٠ ك - ١٤٩٤ز واتە نزیکەی ٣٨ ساڵ حوکمی کردووە، بە هۆی پسپۆڕی لەمەڕ پێ ڕاگەیشتنەوە زۆری برەو پێداوە)[٢٨]، هاوارە کۆن و هاوارو دەرەتوێ سێ گوندی کاکەیی نشینن لەو ناوەدا. لە نێوان هەردوو گوندی هاوار و هاوارە کۆندا شوێنێ هەیە بە ناوی (سێ قەڵاتان) کە دیارە ئەمانەش کاتی خۆی سێ قەڵا بوون، بەڵام من بۆ خۆم کە ماوەیەك لەو ناوەدا ژیاوم هەرچی سۆراخم کرد لەو شوێنەدا پاشماوەی قەڵا دیار نەبوو، دیارە ئەبێ مێژووەکەی زۆر کۆن بێ و ڕۆژگار هیچی بەسەر یەکەوە نەهێشتبێ.

١٢. **قەڵای پشت قەڵا**: گوندی پشت قەڵا یەکێکە لە گوندەکانی سەر سنوری ناوچەی تاوگۆزی - شەمێران ڕۆژئاوای هەڵەبجە - کە نزیکەی بیست ماڵێکی تیا ئەژیا. قەڵاکە بە شوێنێکی بەرزو سەختەوە هەڵکەوتووە بەتەنیا ڕێگایەك زەلام ئەتوانێ بچێتە ناوی ئێستەش پاشماوەی دیوارەکانی هەرماوە کە بەشێوەیەکی چوارگۆشەیی لە بەردوقسڵ دروست کراوە. ناوقەڵاکە بەشی پێویستی خۆی ئاوی تیایە، خەڵکی ناوچەکە ئەگێڕنەوە کە لە لوتکەی(مەهەت)ەوە کەبەشێکە لە چیای زەواڵێ ئاوی بۆڕاکێشراوە. سەر لوتکەی مەهەت ساراتینێکی گەورەیە وکانیاوێکی شیرینی‌تێدایە. جاکەئەڵێن لێرەوە ئاو بۆقەڵاکە ڕاکێشراوەنازانم چۆن بووە من بۆخۆم شوێنەکەم دیتوەوهەرچی‌بیرم کردەوەئەوڕاستیەم بۆ نەسەلمێنرا. بەڵام خەڵکی‌ناوچەکەدەماودەم ئەگێڕنەوە ئەڵێن: لەسەردەمی‌هاتنی لەشکری‌ئیسلام دا ئەسحابەکان زۆرهەوڵیان داوە ئەم قەڵایەیان بۆنەگیراوە. لەئەنجامدا بیریان لەوە کردۆتەوەکەناویان لێ ببڕن ، بۆ ئەوە هاتوون چەند ئەسپێکیان

تینووکـردووه دوای دووڕۆژ ئەسـپەکان بەرئـەدەن ئـەوانیش بـەبۆن ڕێیـان بردۆتەسەر کانیەکەی مەمەت. ئیتر ڕۆشتوون لەوێوە ڕێگەی ئاوەکەیان بڕیوە ، بەوشێوە خـەڵکی قەڵاکـە لەبـەربێ ئـاوی تەسـلیم ئـەبن. شـایانی باسـە کەلـە ناوچـەی تـاوگۆزی گۆڕسـتانێك هەیـە بـەناوی گۆڕسـتانی سـەحابەکە گـۆڕی مەولـەویش لەوێیـە. ئـەم گۆڕسـتانە ئەکەوێتـە نێـوان گونـدی سەرشـاتەی سـەرووکانی ژەنـان کـە لەوشـوێنەوە نزیکـە ، وە لـە نێـوان گونـدی زارێـن ومۆرتکەش داهەر گۆڕی ئەسحابە هەیە. ئەمانە نیشانەی ئەوەن کـە سوپای ئیسلام لەوناوەدا توشـی شـەڕی گـەورەو پێکادان بـوون. لەناوچـەی تـاوگۆزی بەرەوخۆرهـەڵات بـەناوی سـیرواندا ئەپەڕیتەوەوئەگەیتـە ناوچـەی ئـەورۆڵی، هەروەکو لەپێشەوە باسمان کرد لەنێوان پریسی سەرووی ئەورۆڵیو هەڵەبجەدا ولەنێوان هەڵەبجەو عەبابەیلێ‌دا دووگـۆڕە جووهەیە ، لەگوندی عەبابەیلێش دا گۆڕی (ئەباعوبەیدەی ئەنسار) هەیە، کەواتە سوپای ئیسلام - ئەوبەشەی کە بۆ گرتنـی ئـەم ناوچـە هاتووە- ڕێگەی هاتنەکەیان لـەخۆراوای ناوچەکـەوە بـووە بەرەو خۆرهەڵات ولێرەوە سوپاکە بەرەوهەورامان وشارەزوورو سنەو مەریوان و شـوێنەکانی تـر ڕۆشـتوە لەناوچـەی هـەورامانی بەشـی ئـێرانیش گـۆڕی ئەسحابەیەك هەیە بەناوی (عەکاشە).

شـایانی باسـە وشـەی(مەمـەت) واتـای کۆمـەك ویارمەتی‌ئـەدات ، ئەمـە لـەکۆندالای‌خۆمان بـەکار بـراوە وئێسـتەش لـەزاراوەی لوڕیـدا بەهـەمان واتـا ماوەتەوە، دوورنیە ئەم ناوە لەوەوە نرابێت کە ئەوشوێنە بنکەی کۆمەك کـردن بووە بۆقەڵای باسکراو. وەهەروەها وشەی (زەواڵێ) کـە لەراسـتیدا (زەواری) یـە بەواتای (کاروانی) دێت.

۱۳- سیامێوە:

گوندێکە بەداوێنی چیای سوورێنەوە ، شوێنێکی سەخت و هەڵەمووتە. پاشماوەی قەڵایەکی تیایە کەتائێستەبەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە کە هی چی دەورانێکە. قانعی‌شاعیر کە هەندێ شارەزایی لە مێژووهەبووە، لەدووتویێ شیعرێکیدا ئەم باسەی بەم شێوە کردووە.

کەلـــــە ســــــیامێوە پادشـــــــای کـــــــوردان
قوبــــادی فــــــەیرۆز هاتـــــەرووی مــــــەیدان
شـــــارەزووری کردبــــــە مەڵبــــــەندی خــــۆی
خــــــەرجی جوانــــــڕۆش ئەهاتـــــەوە بــــۆی[۲۹]

لـێرەدا پێویســتە لەســەر (قوبـادی فـەیرۆز) ڕاوەسـتین وبیناسـێنین ﴿پاشایەکی ساسانی بووە کـوڕی فـەیرۆزو بـاوکی نەوشـیروانی عـادل بـووە، ساڵی٤٨٨ی زاینی فەرمانی گرتۆتە دەست. لە ڕۆژگاری ئەودا مەزدەك پەیدا بوو کە دینێکی تازەی بڵاوکردەوە قوباد باوەڕی پێ‌هێنا. بەڵام لە دوا دوایی دەستەڵات دارێتیدا بە هاوکاری خەسرەوی کوڕی هەوڵیاندا مەزدەکیان بانگ کردە شوێنێکەوە وکوشتیان﴾[۳۰].

سەرچاوەیەکی تر ئەڵێ﴿ قوباد بابی‌نەوشـیروانی پادشـای بـەناوبانگی ئێرانەو بەرلە پێغەمبەر ژیاوەو ساڵی(۵۰۲) ی زاینـی لـە کوردستاندا شـەڕی لەگەڵ ڕۆمانان کردووە﴾[۳۱].

سەرچاوەیەکی تر ئەڵێ: ﴿ بابائەردەڵ ناوە بۆ پیاوێك کەچەند سەردەم وناوێك لە ناو هۆزەکانی گۆراندا ژیانی ڕابواردووە، لەبەرەو دوای دەستەڵاتی جەنگیزەیـــەکاندا دەســـتی بەســـەر شـــارەزووردا گرتـــووەو ئەمیرایـــەتی لێ

دامەزراندووە. ئەوساناوی بابا ئەردەلانی گۆڕیوەو کردوویە بەقوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانی﴾[٣٢]. بەپێی ئەوەی کە مێژوو لاپەڕەی لەسەر ژیانی ئەم دووکەسایەتیە هەڵداوەتەوە (بابائەردەڵ) و(قوباد) ڕوون ئەبێتەوە کەدەورانی ژیانیان لەیەکەوە دوورن ، ڕاستتر ئەویە کە سەرچاوەیەکی تر دیای کردووەو ئەڵێ ﴿ بابائەردەڵ ڕایگەیاندووە کەلە وەچەی قوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانیە﴾[٣٣].

لەوشیعرەدا قانع شوێن پێی مێژووە هەڵەکەی هەڵگرتووە. ئەومێژووەی ئەو لە شیعرەکەدا باسی ئەکات مەبەست بابائەردەڵە کە وەکوباسمان کرد لەکوێوە هاتۆتە شارەزوورو قەڵای زەڵمی ئاوەدان کردۆتەوە. دیارە کە دەستەڵاتی پەیدا کردووە هەرئەوە نەبووە کەلە گۆشەی قەڵای زەڵم دابگیرسێتەوە بەڵکو سیامێوەونەوێ و هەندێ شوێنی تری محکەمی لە ناوچەکەدا کردۆتە بنکەی سەربازیی بۆ بەڕێوە بردنی فەرمانڕەواییەکەی ، دوورنیە سەرەتا سیامێوەو نەوێی ئاوەدان نەکردبێتەوە پاشان بەرەو خورماڵ وزەڵم نەڕۆشتبێ.

لەهەمان شیعردا قانع ئەڵێ:

لەسیامێوەوە گوێزایـۆ خوڵمـار
بۆپێتەختی خۆی چاک کردی بەشـار

ئەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین کەهەرێمی شارەزوور کاتی خۆی بەشێک بووە لە سنووری قەڵەمڕەوی ساسانیەکان وشوێنەواریشیان لە ناوچەکەدا ماوە هەروەکو لەشوێنی خۆیدا باسی ئەکەین. شایانی باسە گوندی سیامێوە لەباری هەڵکەوتی جوگرافییەوە ئەوە هەڵدەگرێ کەلەدێر زەمانەوە شارستانیەتی

تیابووبێ بۆیە بە دووری نازانم کە بنکەیەك بووبێ لەبنکەکانی سوپای ساسانیەکان.

١٤-حەمەشوانە:

شوێنەوارێکی دێرینەئەکەوێتە نێوان هەردووگوندی سەرگەت ودەرەی مەڕ. لەبەرامبەریدا ئەشکەوتێکی گەورەی تیایە کە لە دوو ژوورپێك هاتووە. پێی ئەڵێن (ئەشکەوتی گاوران) لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا بە بەرزایی مەترێك داتاشراوە لە خوار ئەوەوە پلەپلەیە، ژمارەی پلەکان(١٨)یە. ئەم ئەشکەوتە هیچ نوسراوێکی لەسەرنیە ، خەڵکیش هەرئەوەندەی لێ ئەزانن کە ئەڵێن گاورکردە وئیتر هیچی تر. وەتائێستەش دێرین ناسەکان باسیان لەسەرنەکردووە. لەناوئەودوو ژوورەدا چەند وێنەیەکی داتاشراوی تیایە هەندێکیان بریتین لە:

١-وێنەی ئاژەڵ.

٢-پیاوی ڕاوچی.

٣-کاسەوکەوچك.

٤-ژنێك کەتەشی دەڕێسێ

١٥-قەڵای شەمێران:

قەڵایەکی سەختە بەڕاسەری گوندی (بەشی ئەحمەد بەگ)ەوە لە ناوچەی شەمێران ئەم قەڵایە هەندێ پاشماوەی ماوە ، بەڵام بەداخەوە چونکە دەستی دێرین ناسەکانی پێ نەگەشتووە ، هەروابەبێ ناز ماوەتەوە. بیستوومە کەچەندجار شتی عەنتیکەیان تیادۆزیوەتەوە. ئەگەر کۆنتربێ واتە لە دەورانی پێش ئیسلام ئەوا ئێمە نازانین ئەگەرنزیکیش بێ ئەوا ئەگەڕێتەوە بۆسەردەمی

فەرمانڕوایی ئەردەلانیەکان لەناوچەکەدا ، لەباسی قەلای هاواره کۆندا وتمان (مەئمون بەگ بەزیندوی سەر ولاتەکەی لەناوکوڕەکانیدا دابەش کرد زەلم ونەوسودو هاوارو دەودان وگولعەنبەری دا بەبێگە بەگ) کەچی دووسەرچاوەی تر ئەودابەش کردنە بەم شێوە دیاری ئەکەن ﴿ مەئمون بەگ زەلم ونەغسو(نەوسو) وشەمێران وهاوارو سیمان و ڕاودان (ڕوان) و گولعەنبەریدا بە بێگە بەگ ﴾[٢٤].

شەمێران وشەیەکە لە دووبەش پێکهاتووه (شەمی+ران) شەمی یازەم وشەیەکی ئاڤێستاییە بەواتای (سارد). (ران) یش هەروەکو لەپێشەوه باسمان کرد(پاشگری جێگایە)کەواتە مانای وشەکە بەسەر یەکەوە ئەبێتە (سەردەسیر) واتە شوێنێکی سارد. هەر لەڕۆژاوای هەلەبجە کەلە مەلبەندی شەمێرانەوه دوورنیە شوێنێکی گچکەمان هەیە بە ناوی (تاران) کە ئەمیش لەدووبەشی (تا+ران) پێکهاتووه. (تا) واتە گەرم. کەسێك لەشی گەرم دابێ پێی ئەلێن (تا) یەتی. کەواتە وشەکە بە سەریەکەوە مانای گەرمیان و شوێنی گەرم ئەدات. ئەم هەلکەوتە جوگرافیاییەش لەئێران دا هەیە. تاران (تهران) کە پایتەختی ئێرانەو شوێنێکی گەرمە هەمان واتای هەیە و لە باکووری تارانیشدا شوێنێ هەیە (شمیران) ی پێ ئەلێن کە شوێنێکی ساردوسازگارە.

بەم پێیە کە وشەکە ئاڤێستایی بێت کەواتە ئەم مەلبەندە لە کۆنەوه جێگای ژیان و گوزەران بووه. لە باسی پریس دا باسی دووگوندی تری ئەم ناوچەیەمان کرد بەناوی (وەرمن) و(عارەوان) کە ئەمانیش دووشەی ئاڤێستایین ئەگەر ڕۆژگار یارمەتی بدات ڕۆژێ لە ڕۆژان بەوردی گەشتێ بەم ناوچەیەدا بکەین دلنیام پاشماوەی دینی زەردەشتی وەکو ئاتەشگا بە تایبەتی تێدا ئەدۆزینەوه.

١٦. قەلاّی سەنگی سیاو:

سەنگی سیاو واتە بەردی ڕەش، ئەم قەلاّیە ئەکەوێتە پشتی شارۆچکەی بیارەوە، هەندێ پاشماوەی ماوە کە بە داخەوە تا ئێستە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر نەکراوە. بەلاّم لە نزیکیەوە شوێنێك هەیە بە ناوی (کلاّوەی ئاشوور) کە ئەمەش نزیکمان ئەکاتەوە لەوەی کە مێژووەکەی بگێڕینەوە بۆ سەردەمی پەلاماری ئاشوریەکان بۆ سەر ناوچەکە. لە باسی (زەمەقی) دا باسی شوێنەواری ئاشوریەکان ئەکەین لە ناوچەکەدا

ئەم قەلاّیە لە دوورەوە سەیری بکەیت وێنەی ئافرەتێك و ئەسپێك بە ئاستەم ئەبینرێ. خەڵکی بیارە ئەفسانەیەك لەو بارەوە ئەگێرنەوەو ئەڵێن «کورێك و کچێك حەزیان لە یەکتر کردووە. ڕازی خۆشەویستیەکەیان ئەبێتە باس و خواس و لە ئەنجام دا لە سەر ئەوە پێك دێن کە ببنە هاوسەری یەکتر. بەرێکەوت لەو دەمەدا شەڕێك لە ناوچەکەدا ڕووئەدات و کوڕەکەی تیا ئەکوژرێت کچەکەش کە ئەو هەواڵە ئەزانێ سواری ئەسپەکەیان ئەبێت و ئەداتە کێو چونکە نایەوێ دوای مەرگی دڵدارەکەی بە خۆشی بژی، ماوەیەك بە کەژەوە ئەبێ و پاشان بە تەواوی لە ژیان بێزار ئەبێت لە بەر ئەوە لە خوا ئەپاڕێتەوە کە بیکات بە بەرد. خوایش نزاکەی قبوڵ ئەکات و هەر لەو شوێنەدا لەگەڵ ئەسپەکەیدا ئەبن بە بەرد»[٣٥]. بۆ واتای وشەی بیارەش مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە (پیادە ڕێ) ی لە یەك داوەتەوە. ئەفەرمووێ:

بیـــارە مــــەعنای پیـــادە ڕێیـــە
ڕێگـەی پیـادە پشـتی ئـەو دێیـە[٣٦]

١٧. تەپەتووراژە:

تەپێکە زۆر بەرز نیە، ئەکەوێتە نزیک گوندی عەنەبەوە لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە. عەنەب کە خەڵکی دێکەو هەموو جاف (عەنەو) ی پێ ئەڵێن لە وشەی (ئانەو)ی سۆمەری گیراوە بە واتای (خوای ئاسمان). ئانەو بۆتە عانە و عەنە و لە کوردیدا بە تایبەتی لە ناو جاف دا پیتی (ئەلف) ئەگۆڕێ بە (عەین) وەکو: ئەمین - عەمین، ئاوەز - عاوەز، ئاسمان - عاسمان، ئالان - عالان ... هتد.

عەنەب پاڵی داوە بە پێینی چیای شنرویّ وە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە بەسراوە بە هەورامانەوە و باکوریش و ڕۆژهەڵاتیشی دەشتە. سەرچاوەی ناوێکی سازگاری تیایە، ئەم هەڵکەوتە جوگرافیەی وا نیشان ئەدات کە لە کۆنەوە جێگای ژیان بووبێت. بۆ باسی ئەوەش کە عەنەو چۆن وشەیەکی سۆمەرییە ؟ ئەو لە وتاری (میزۆپۆتامیا و کوردەواری)دا هەندێ واژەی سۆمەریم لە کوردستاندا دیاری کردووە. دوورنیە تەپە توراژە بۆ پارێزگاری و دیدە بانی عەنەب دروست کرابێ. چەند جارێك لەم تەپەدا کوپەڵەو گۆزە و شتی تریان دۆزیوەتەوە، بە داخەوە ئەوشتە عەنتیکانە نەپارێزراون تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بەپێی ئەوەی کە ناوی عەنەب ناوێکی سۆمەرییە دڵنیام لەو تەپەدا مێژووی ٦-٧ هەزار ساڵ ئەدۆزرێتەوە.

١٨. ئەشکەوتی گەوری:

ئەم ئەشکەوتە ئەکەوێتە نێوان گوندی (پێگە) و (قوڵی متکان) لە سەر ڕووباری سیروان وشەی گەوری هەر لە ڕیشەی وشەی (گاور) ە کە باسمان کرد. ئەشکەوتەکە بەشی خۆی گەورەیە، بە دیوارەکانیەوە وێنەی (کەوچك، پیاڵە، کلیل، قوفڵ، ساج، پنە) کێشراوە. ئەمانەش نیشانەی ئەوەن کە لە کۆندا ژیانی تیا بووە، بەڵام بە داخەوە ناتوانین ئەو سەردەمە کۆنە دیاری بکەین.

١٩. زارێن:

نـاوی گوندێکـه لـه بەشـی تـاوگۆزی، خـۆراوای شـاری هەڵەبجـه. سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو پێمان ئەڵێت «زارێن شاژنی سەکاییەکان بووە کە گەلێکی لە کۆیلەیـەتی ئـازاد کـردووە، هـەندێ شـاری بنیـات نـاوە، ڕەوشتی خەڵکی بەرەو چاکە گۆڕیوە، لە بەرئەوە سەکاییەکان بـەر لـەوەی ئـەم شـاژنە بمرێ گۆڕێکیان بە شێوەی هەرەم بۆ دروست کردووە و داتاشیوە»[٣٧].

سەکاییەکان گەلێك بوون ئاریایی کە پێش زایین لە باشوری روسیاوە کۆچیـان کـردووە بـەرەو وڵاتـی کـوردەواری و ماوەیـەك حکومـەتیان دروسـت کـردووە، ئـەم گەلـە لـە وڵاتـی کوردەواریـدا بەشـێکی زۆر لـە مێژوویـان ڕوون بۆتەوە، زۆرن ئەوانەی کە مێژووی کۆنیان نووسیوەو لاپەڕەیان لە سەر ژیـان و شارستانیەت و قەڵەمڕەوی ئەم گەلە هەڵداوەتەوە. وە هەموویان پێ لە سەر ئەو ڕاستیە دائەگرن کە ئێمە بە کورتی باسمان کرد. ئەوەی لەم بارەوە لە هـەموو کـەس زیـاتر پشـکنینی کردبـێ خـاتوون (رقیـە بـهزادی) یـە کـە لـە یـەکێك لـە ژمارەکـانی گۆڤـاری (چیسـتا) ی زەڕدەشـتیەکانی ئـێراندا لێکۆڵینەوەیـەکی شایانی نووسیوە.

٢٠. قەڵای ساسان:

قەڵایـەکی سـەخت و سەرکەشە بەڕاسـەری گوندی سـازانەوە - سـەرووی خۆرهەڵاتی شار- ئێستەش هەندێ پاشماوەی هەرماوە و بەناوەکەیدا دیارە کە نەخشی جێ پەنجەی ساسانیەکانە.

ساسـانیەکان لـە دوای ئەشـکانیەکان جڵـەوی فـەرمانڕەوایی ئێرانیـان گرتۆتە دەسـت تـا سـەردەمی سەرەتای ئیسلام، واتە تا کاتێ کـە پێغەمبـەری مەزن (د.خ) دینـی ئیسلامی ڕاگەیاند ونامەی بۆ پاشەکەیان نووسی بە نـاوی

خوسرەوی پەروێز، ئەویش نامەکەی قبوڵ نەکردو بەڵکو دڕاندی. ئەم پاشایە مایەوە تا سەردەمی خەلیفەی دووەم لەم دەمەدا شیرۆیەی کوڕی کوشتی و خۆی چووە سەر تەخت. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمدا لەشکری ئیسلام هێرشێکی بەر بلاوی کردە سەر ئێران و فەرمانڕواییەکەی شیرۆیەی کۆتایی پێ هێنا.

فەرمانڕەوایی ساسانیەکان لە سەر شانی کورد و فارس دامەزراوە کە ئەتوانم بڵێم بەشی گەورەی کورد بووە. کە ئەمە پێویستی بەوە هەیە هەڵوەستەی لە سەر بکرێ بۆ ئەوەی باش و باشتر روون بکرێتەوە.

دوای دەستەلاتی مادەکان حوکمی ئێران ئەکەوێتە دەستی ئەشکانیەکان کە بە زمانی نووسین و ئاخاوتنیان وتراوە (پەهلەوی ئەشکانی) پاش ئەمان ساسانیەکان حوکم ئەگرنە دەست کە بەزمانی نووسین و ئاخاوتنیان وتراوە (پەهلەوی ساسانی) ئەمەیان بە پێچەوانەی پەهلەوی ئەشکانیەوە زۆر لە هەندێ زاراوەی زمانی کوردی نزیکە بە تایبەتی (کەلوڕی) و (فەیلی). کە من بۆ خۆم لە ئەنجامی خوێندنەوەی گەلێ سەرچاوەدا بەوە گەشتووم کەوشەی (فەیلی) لە (پەهلەوی) گیراوە. لە زمانی کوردی و فارسی دا پیتی (ف) و (پ) بەیەك ئەگۆڕێن. فارسی وەکو: سپید - سفید، پولاد - فولاد، اسپهان - اسفهان (اصفهان)، پیل- فیل ... هتد. لە کوردیشدا وەکو: پتیلە = فتیلە، تلپە = تلفە...هتد.

هەندێ وشەی ئەم زمانە ئەمڕۆ لە فارسیدا بڕەوی زۆرە تا کوردی و هەندێکی زۆریشی لە کوردیدا ڕیشەی ماوەتەوە. ئەگەر لێرەدا ئەو وشانە هەموو بێنین ئەوە باسێکی گەورە هەڵدەگرێت و لێرەدا جێگەی نیە، تەنیا وەکو نموونە ئاماژە بۆ چەند وشەیەك ئەکەم.

❖ هەماگ بە واتای (هەموو) لە ناو جاف دا بۆتە هەمگ. لە فارسیدا (همه)

❖ هەڵەج بە واتای (هەڵە)، لە زۆر ناوچەی کوردەواریدا ئەوترێ هەڵەج و پەڵەج، هەندێ کەس وای بۆ دەچێ کە هەڵە لە (غلط) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام وا نیە و ئەمە ریشەکەیەتی. لە فارسیدا (اشتباه) ی عەرەبی بە کاردێ.

❖ هەویش بە واتای (ئەویش)، لە فارسیدا (آنك) بە کاردێ.

❖ ئاواختن بە واتای (ئاخاوتن)، پیتی (خ) (و) قەلب بوون. لە فارسیدا (گفتن). دەگوترێ.

❖ ئەهیم لە کوردیدا گۆڕانی بە سەر داهاتووە بووە بە (هەم) لە فارسیدا (هستم).

❖ زریە بە واتای (زەریا) لە فارسیدا (دریا) هەردووکیان لە یەك ڕیشەن.

❖ تەگ بە واتای (هێن) لە کوردیدا ڕیشەی ماوە وەکو لە ناوی (تەگەران)دا ئەیبینین گوندێکە لە ناوچەی شاربازێڕ بەری چوارتا. (تەگە + ران) واتە جێگای هێزو لەشکرگا. لە فارسیدا ریشەی نیە وشەی (نیرو) بە کاردێنن.

❖ پێڵەکەن بە واتای بێڵەکان، لە فارسیدا ڕیشەی نەماوە (یامن نەمدیوە).

وە هەروەها چەندین وشەی تر کەوەك وتمان باسێکی سەربەخۆ هەڵدەگرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە زۆربەی وشەکانی بەو شێوە لە کوردیدا ماونەتەوە. هەندێکیشیان لە نێوان کوردی و فارسیدا هاوبەشن وەکو (کیشوەر. سفرە، بار، دوژمن). هەندێکیشیان بەلای فارسیدا زیاتر ئەشکێنەوە وەکو (دوش بە واتای شان، شید بە واتای رۆشنایی و هتد. باسی ئەم قەڵایە رایکێشاین بەلای ئەو روون کردنەوەیەدا کە بە پێویستم زانی بەو کورتیە باسی بکەم. دوورنیە وشەی (سازان) یش هەر لە (ساسان) ە وە گیرابێ. سازان بەو ئاوو چیا و

دەرودەشتەوە کە هەیەتی پێ دەچێ کە لە دێر زەمانەوە پەنجەی شارستانیەتی پێ گەشتبێ، بۆیە ئەوە هەڵدەگرێ کە بەوردی پێیدا بگەڕێیت و مێژووی تیا بدۆزیتەوە.

٢١- زەمەقی:

ناوی دوو گوندن نزیک بە شار (زەمەقی سەروو، زەمەقی خواروو) یەکەمیان لە شارەوە نزیک ترە. لە هەردووکیاندا دووگرد هەیە کە هێندە بەرزنین. وەکو ئەو گردانە وان کە بۆ دیدە بانی دروست کراون. ئەم دوو گردە وەکو زۆربەی هەرە زۆری گردەکانی شارەزوور دەست کرد و توورەکە ڕێژن. لە هەردووکیاندا گەلێ جار شتی عەنتیکە دۆزراوەتەوە وەکو (سککە، بەردەنووس، ملوانکە، موورو..) کە بە داخەوە کاتی خۆی پارێزگاریان لێ نەکراوە، بە تایبەتی بەردەنووسەکەی کە هەر وەکو باسی ئەکەن بە ئەندازەی کێلی گۆڕێك بووە و دوو جۆر خەتی لە سەربووە. بەو پێیەی کە شێوەی خەتەکەیان لە بەرچاو مابوو بۆیان کێشام، یەکێکیان خەتی بزماری و ئەوی تریان ئارامی بووە. کە ئەمەش دیارە بەردەکە دوو دەورانی بینیوە، یا ڕەنگە خەتەکەی ژێرەوە کە ئارامی بووە وەرگێڕانی خەتە بزماریەکە بووبێ، کە ئەم دیاردەیەش لە هەندێ کەتیبەی تردا هەیە.

خەڵکی زەمەقی خواروو ئەگێڕنەوە ئەڵێن: جارێکیان سککەیەکیان تێدا دۆزیوەتەوە کە خەتی پێوە بووە و دیاری کردووە کە سککەی دەورانی ئەمەویەکان بووە.ئەمەش ئەوەمان پێ ئەڵێت کە لە کۆنەوە تا ئەو دەورانەش ئەم گردە هەر بنکەی شارستانیەت بووە. وە هەروەها ئەڵێن لە هەڵکەندنی گۆشەیەکی گردی زەمەقی سەروودا جارێکیان دیوارێکی لە بەرد و قسڵ دروست کراو دەرکەوتووە.

زەمەقی ئەوەندەی من ڕێکەم پێ بردبێ لە (زاموا - کی) وە هاتووە، بە واتای شوێن یاسەر زەمینی زامواکان.

سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بەم شێوە زامواییەکانمان پێ ئەناسێنێ ﴿گەلێکی کوێستاننشینن کە لە سەرووی زاگرۆسدا ژیاون و تا سنووری گۆلی ورمێیان لە ژێر دەستەڵاتدا بووە، لە زەمانی ئورارتوییەکاندا (سەدەی حەوت و هەشتی پێش زایین) ئەو گەلەیان بە زاموا ناو بردووە. ئەڵێن گورجیەکان لە نەژادی ئەمانن، زامواکان لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا کیشوەرێکی سەربەخۆیان دروست کردووە و لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کەوتوونەتە شەڕەوە بەڵام لە سەدەی نۆ بەم لاوە ئیتر هیچ ناوێك لە لولوبی نیە و زاموا جێگەی گرتۆتەوە﴾[٣٨] ئەم چەند دێڕەی (گریشمەن) نووسیویەتی سەر پۆتێکی ئەم گەلەمان بۆ باس ئەکات و ئەوەش ڕوون ئەکاتەوە کە زامواکان لولوبیەکانن و لە سەردەمانێکدا ناوەکەیان گۆڕاوە. وشەی زاموا ﴿لای ئاشوورییەکان بە سێ شێوە تۆمارکراوە:

١-زاموا ٢-مازاموا ٣-زاموا شابیتانی، لە ڕاستیدا پێشگری (ما) لە بنەڕەت دا (مات)ە کە واتای وڵاتی لە نووسینی مێخیدا گەیاندووە، وەهەندێ جاریش بە کوور زاموا، عال کوور زاموا واتە زاموای چیای بڵند وە یا زاموای کوێستانی بەرز تۆمارکراوە﴾[٣٩]. هەروەها لە ناو ئەو نامانەدا کە لە ئاشوورییەکان بەجێ ماون و تا ئێستەش پارێزراون ناوی زاموا دیارە و هەندێ شت لەم بارەوە ڕوون ئەکەنەوە ﴿نێوی زاموا یەکەم جار لە تابلۆکانی ئەدەد نیراری دووەم دا دەبینرێ، پاشان بە هەمان شێوە لە لایەن ئاشوور ناسرپاڵی دووەم تۆمارکراوە، دوا بەدوای ئەمانە سەرگۆنی دوو و ئەسەرحەدون باسیان کردووە لە کۆتاییدا لە نامەیەکی سەردەمی ئاشوور پانیپال ئەم نێوە

دەبینرێت، ناوی (مارزامو) لە لایەن تیگلات پلاسەرەوە تۆمارکراوە، کەچی لەلایەن شەلمانسەری سێ وە ساڵی ٨٥٥ پ. ز بە شێوەی (زاموا شابیتانی) نووسراوە﴾[٤٠] سەرچاوەیەکی تر ئەڵێ: ﴿ئەم گەلە کەوتونەتە بەر گەلێ هێرشی پاشایانی دەوڵەتی ئەکەدی و پاشایانی زنجیرەی ئووری سێیەم وئاشوورییەکان، بەڵام پارێزگارییان لە بوونی خۆیان کردووە و لە شارەزووردا دەوڵەتی (حەمازی - خەمازی) یان ٢٩٠٠-٢٣٧١ پ. ز دامەزراندووە﴾[٤١] ئێستە با لە گەشتێکی لاپەڕەکانی مێژوودا شوێن پێی ناوی (لولو) هەڵبگرین و واتاکەی لێك بدەینەوە.

لـو: وشەیەکی سۆمەرییە بە واتای (مرۆڤ)، لە زمانی سۆمەریدا یەکخستنی دوو (مفرد)، (جمع) ئەگەیەنێ، کەواتە (لولو) بە واتای (مرۆڤەکان) دێت. لای هورییەکان بە واتای دیل یا پیاوی شاخاوی دێت. لای ئاشووری و بابلی بە واتای نەتەوەیەکی تایبەتیە. لای نورارتوییەکان بە واتای بێگانە و دوژمنە[٤٢].

سەرچاوەیەکی تر باسیان لێوە دەکات و پێمان ئەڵێ: ﴿لولوبییەکان خاوەنی دەشتی زەهاو و شارەزوورو سلێمانی بوون، دەستە پیاوانی ئەم هۆزە توانیویانە بە ئاسانی ڕێگای کاروانی بابل ببڕن و ڕێگایەك کە ئەمڕۆ بە کفری و کەرکوك و ئاڵتون کۆپریدا تێئەپەڕێ لە ژێر دەستیاندا بووە﴾[٤٣].

لە نزیك شاری سەرپێڵ کە بنکەی دەشتی زەهاوە بەردەنووسی ئانو بانینی کە پاشای گەورەی لولوبییەکان بووە ماوە لەگەڵ وێنەیەکدا. لە ستوونی یەکەمی ئەو کەتیبەیەدا نووسراوە:

﴿پاشای دەستەڵادار، پاشای لولوبی وێنەی خۆیو شاژنی نیشتاری بە کێوی (باتیر) هوە کێشا، ئەوەی ئەم وێنە و تابلۆیە بسڕێتەوە بەر نەفرەتی

(ئانو) و(ئانوتوم) و (بل) و(بليت) و (رامان) و (ئيشتار) و(سين) و(شەمەش) کەویٚ و قرە چۆڵی بڕیٚ)[٤٤]. ئەو ناوانەی خراونەتە ناو کەوانەوە ناوی خودایانی گەلانی میزۆپۆتامیان. دیارە کە لولوبیەکان بە ڕەگەز ئیلامی بوون، بەڵام بە مەزهەب پەیڕەوی دینی گەلانی میزۆپۆتامیایان کردووە، ئەمەش شتێکی سەیر نیە و گەلێ جار لە ناو گەلە کۆنەکان وتازەکانیشدا وا بووە کە گەلێ دیانەتی گەلێکی تر قبولْ بکات و پەیڕەوی بکات.

﴿لە کەتیبەی بڕیارنامەی زنجیرەی دووەمی پاشایانی شاری ئووردا کە سالی ١٨٩٤ لە تیلوبەر دۆزراوەتەوە وای دیاری ئەکات کە پاشای ئوور ویلایەتی (شیموروم) و (لولوبی) چەپاو کردووە﴾[٤٥]. شیمورم لە کۆندا بە سنووری ناوچەی ئاڵتون کۆپری وتراوە. ئەم وشەیە بە (سیموروم) یش خوێنراوەتەوە، وشەکە ئەکەدیە.

سەرچاوەیەکی تر باسی دوو هێرش ئەکات بۆ سەر ئەم گەلە و ئەڵێ: ﴿شولگی پاشای ئوور دووجار پەلاماری وڵاتی لولوبی داوە، جاری یەکەم لە چواردەهەمین ساڵی فەرمانڕەواییداو جاری دووەم لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەواییدا﴾[٤٦].

شارە بەناوبانگەکانی وڵاتی لولوبیەکان بریتی بوون لە (بوناسی، بیرتو، بابیت، لەگەلەگە) چیا بە ناوبانگەکانیش بریتی بوون لە (کوللار، ئەزیر، پاتیر، لەلەر، هەسمەر، لارە، ئیدیر، زەمری، باری، سیمەکی، نوزی، بونەسی، میسو، ئەزریزو، هودون، سوەنی، ڕەدانو، زەبەن، هەڵمان).

هەندێ وشەش لە زمانەکەیان جێ ماوە وەکو ﴿کوتو - ئەسپ. کین یا گین یا گینگ - قەلا. ئەم وشە لە ئاڤێستادا بۆتە (کەنگ) هەروەکو لە ناوی (کەنگاوەر) دا ماوەتەوە بە واتای قەڵای ئاگر، هونتونی - ناوی پاشا،

تاردوننی -ناوی پاشا، کیور - خوا، زیزی - نـاوی پاشا، ساتونی - نـاوی پاشا﴾.

دیاکۆنۆف چەند ناوێکی تری لولوبیەکان یا زامواییەکانمان بەم شێوە پێ ئەناسێنێ: ﴿ لە ناوچەی زاموادا ئاشوور ناسرپالٌ سێ پاشایەتی بچووکی (دەگارا) کە (نورئـەداد) پاشـای بـووە، (موساسـینا) کـە (قـەڵای بوناسـی) مەڵبـەندی بـووە، (کیرتیـارا) کـە قـەڵای (لاربوسـا) مەرکـەزی بـووە، روخـاندو وڵاتەکەی بەست بـە ئاشـوورەوە و خـەرج و باجێکی زۆر گرانـی خسـتە سـەر خەڵکی ناوچەکە، بەڵام دوور میرنشینی ئەم ناوچەیە (ئامیکا) و (ئارشتوا) ساڵی دوایـی ئـەو خـەرج و باجـەی کـە خرابـووە سـەریان نـەیاندا بـە ئاشـووریەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەشکر بکرێتە سەریان ﴾(٤٧).

ئەم نووسینەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە وڵاتـی لولوبیەکان لە چەند میرنشینێ پێکهاتووە، وەکو ئێستەی (امارات عربی) وە دیـارە هـەموو میرنشینەکانیش سەر بە حکومەتی مەرکەزیی بوون.

لولوبیەکان دراوسـێی کوتیـەکان و ئـەمانیش دراوسـێی هووریـەکان بـوون، لـە بەرئـەوەی هەمیشـە لـە لایـەن گـەلانی میزۆپۆتامیـاوە بـە تایبـەتی ئاشووریەکان پەلاماریان دراوەو مەترسییان لـە سـەر بووە هـەوڵیان داوە لەیـەك نزیك بوونەتەوە و لە چوار چێوەی دەوڵەتی میتانیدا یەکیان گرتووە.

ئاشـووریەکان یەکـەمین گـەل بـوون کـە ئاسـنیان کەشـف کـرد، بـەوەش تیرورم و نێزەیان دروست کرد کە بۆ ئەو دەمە قورسترین چەك بوو، لە بەر ئەوە پەلاماری هەر شوێنێکیان ئەدا داگیریـان ئـەکرد و دەسـتی خۆیـان ئەوەشـان. لـە دەربـەند گـەوری قـەرەداغ هەیکەلەکـەی نـارام سـین مـاوە کـە حیکایـەتی پەلامارەکەی خۆی بۆ سـەر لولوبـی و کوتـی ئەگێڕێتـەوە. ئەم گەلە لـە هـەندێ

شـوێنی کوردسـتاندا نـاوو پاشماوەیـان مـاوە. تـا ئێسـتەش ڕەچەڵـەکیان هەرماوەتـەوە و لـە شـارو ناوچـەکانی (دهـۆك، زاخـۆ، دیانـا، هـەریر) وهـەندێ شوێنی تر ئەژین. وەکو ئاشوور ئەوەی لە کوردستاندا مابێتەوە ومن ڕێگەم پێ بردبێ ئەمانەن:

- *دەشت ئاشوور لە سنووری لوڕی بچوك دا.*
- *دەشت ئاشوور لە نزیك سەولاوای لای مەریوان.*
- *دەشت ئاشوور نزیك بە جوانڕۆ.*
- *کانی ئاشوور لە گوندی بەوراوای سەقز.*
- *پیچ ئاشوور گوندێك لە ناوچەی ئیلام.*
- *کلاوەی ئاشوور لە پشتی بیارەوە خۆرهەلاتی هەڵەبجە.*
- *چاڵگەی ئاشوور لە نزیك گوندی بەکراوای سەرووی هەڵەبجەوە.*
- *ئاشووروەند: تیرەیەکن لە هۆزی چوار لنگی بەختیاری.*

ئەمانـە و جگـە لـەوەی لـە چـەند شـوێنی تـردا نەخشـی جـێ پەنجـەیان ماوەتـەوە و هـەروەها نـاوی سـەردارو خواکانیـان بـە هـەندێ شـوێنەوە مـاوە. ئەمانـە هـەموو نیشـانەی ئـەوەن کـە زۆر جـار پـەلاماری کوردسـتانیان داوە و هەرجارەی بۆ ماوەیەك ماونەتەوە و فەرمانڕەواییان کردووە.

ئەمەی تا ئێرە نووسیمان ڕوونکردنەوەیەك بوو لە سەر وشەی زاموا کە بەشی یەکەمی وشەی زەمەقی یە. وتمان زەمەقی لە (زاموا + کی) ەوە هاتووە. وەکو بەشی دووەمی وشەکەش (کی) ئەوە وشەیەکی سۆمەرییە بە واتای شوێن یا سەر زەمین دێت. سۆمەرییەکانیش گەڵێ جێ پەنجەیان لە کوردەواریـدا مـاوە و لە وتـاری (میزۆپۆتامیا و کوردەواری) دا باسـم کـردووە. شـایانی باسـە لـە نزیك گوندی عەبابەیلێ شوێنێکی خۆش هەیە بە ناوی (زەلەکێ) کە لە (زەل +

کیٚ) پێکهاتووه به واتای جێگای زەل، شوێنیٚ زەلی هەبێت، له خۆراوای شاری بانەش گوندیٚ هەیه بەناوی (بلەکیٚ) که واتای جێگا و نیشتمانی خوداوەندگار ئەدات.

مەرج نیه له کوردیدا هەر (کی) یا (کیٚ) یەکمان بینی ئەم مانایه بدات، له هەورامی کۆندا ئەم وشەیه بۆ بیر یا کارێزیٚ بە کار ئەهێنریٚ کە دەمەکەی بەردرێژ بکرێت، وەکو گوندی (دەرەکیٚ) ی هەورامان و (بیرکیٚ) ی لای دەربەندیخان که مانا سۆمەریەکەیان نیه. بەڵکو هەورامیەکەیان هەیه.

٢٢- ئەویٚ:

گوندێکه له ناو دەربەندێکی سەختدا به بناری چیای سورێنەوه. ئەم گونده هەروەکو له پێشەوه ئامارەمان بۆ کرد وشەیەکی ئاڤێستاییه (ئەوه –) بە واتای تازه و نویٚ. وەکو شوێنەواری زۆر کۆن ئەوەی لەم گوندەدا بیٚ ئەمانەیه:

١. شاری زوحاك: ئەم شاره بچکۆله هەندیٚ شوێنەواری ماوه، وەکو بناغەی خانووەکانی، هەرچەنده خەڵکی گوندەکه تێکیان داوه و کردوویانه به شوێنی کشتوکاڵ کردن.

٢. بەرامبەری ئەم شارەوه قەڵایەکی سەختی تیایه که هەم قەڵای زوحاك و هەم قەڵای ئەویٚی پیٚ ئەڵێن؛ بۆ چوونه ناوەوەی زەحمەته، سیٚ لاکەی تری ئەوەنده سەخت و دژواره به هیچ شێوەیەك رێگەی هاتنه ناوی نیه. له سەرچاوەی کانییەکەوه که لێوەی نزیکه به جۆگه ئاوی بۆ راکێشراوه.

٣. له نزیك قەڵاکەدا شوێنەواری چەند خانوویەك ماوه. که دیاره کاتی خۆی خانووی پاسەوانەکانی ئەو قەڵایه بوون.

٤ لـه كۆتـایی قەڵاکـەدا گاشـە بـەردێکی گـەورەی لاکێشـەیی هەیـە. لـە ناوەڕاستیا حەوزێکی چوارگۆشەی بچوك هەیە کە بەم بەرو بەو بەریـەوە دوو سەکۆش دروست کراوە. خەڵکی گوندەکە بەم شوێنە ئەڵێن زیندانـی زوحاك.

ئەم شوێنەوارە کۆنە بە داخەوە تا ئێستە دەستی دێرین ناسەکانی پـێ ڕانەگەیشتووە، تەنیا ناوی زوحاك ئەمانباتەوە سەر مێژوویەك.

لـە بـارەی زوحـاك و کـاوەی ئاسـنگەرەوە قسـەو بـاس و شـیعری زۆر هەڵبەسـتراوە، بـەڵام بـە داخـەوە هیچیـان وەکـو خـۆی راسـتی مەسـەلەکەیان نەگەیاندووە، بـە تایبـەتی وەکـو ئـەڵێ: ((نـاو لـە سـەرچاوەوە لێڵـە)) سـەرەتا فیردەوسی شاعیری فارس لە شانامەکەیدا ئەم باسەی درکاندووە و بە ئاوەژوو ئاراستەی کردووە. ئیتر بە دوای ئەودا هەرچی وتراوە هەمووی هەر شوێن پـێ هەڵگرتنی ئەو بووە. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە لە ناو کورددا ئاگری نەورۆزیان گرێ داوە بە مەسەلەی کاوەو زوحاکەوە، لە کاتێکدا ئەمە نەك هەر وانیە: بەڵکو زۆر دووریشە لە ڕاستیەوە و جەژنی نەورۆز لە سەردەمی کاوەو زوحاك کۆنترە. یەکێکە لە جەژنە کۆنـەکانی ئاریاییـەکان و ئەگـەر چـی تـا ئێسـتە بـە ڕوونـی مێژووی دیار نیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە لە سەردەمی کاوەو زوحاك دێریـن تـرە. ڕووداوی کـاوە و زوحـاك کـە چۆتـە بـابی ئوسـتوورەوە پێویسـتی بـە پشـکنینی ورد هەیـە بـۆ سـاخ کردنـەوەی سـەرەتا وا باشـە بـە پـێی هـەندێ لێکدانەوە کەسایەتیەکانی ئوستوورەکە بناسین.

١. زوحاك: ناوی بیوراسپ کوڕی مەرداسـە، بیوراسپ واتـە (هـەزار ئەسـپ) ئەمە نازناوی باوکی بووە کە پاشایەکی خاوەن هەزار ئەسپ بووە و کوڕەکەیشی بەو ناوەوە ناو ناوە. دوژمنانی ناویان ناوە (ئەژی دەهاك)

بە واتای (ماری گەزندە) و لە ئوستوورەکەدا بۆتە ئەوە کە دوو ماری لە سەر شان ڕواوە، زوحاك کچی جەمشیدی خواستووە و گوایە کوڕێکی لێی بووە بە ناوی (زوور). ئیبن خەلەکان لە کتێبی (وفیات الاعیان من انباء ابناء الزمان)دا وای دیاری کردووە کە شارەزوور بە دەستی زووری کوڕی زوحاك دروست بووە. (یاقوتی حەمەوی) ش ئەمەی هەروتووە.

فیردەوسی لە شانامەدا باسی ئەوە ئەکات کە کاتێ زوحاك لاوبووە ئیبلیس چۆتە بن کلێشەی و گومڕای کردووە و هانی داوە کە باوکی خۆی بکوژێ:

بدو گفت جز تو کسی درسرای
چراباید ای نامور کدخدای؟
چەباید پدر چون پسر توبود
یکی پندت ازمن ببایدشنود
زمانە دریـن خواجەو سالخورد
همی دیرماند تو اندر نورد
برایـن گفتە مـن چو داری وفا
جـهان راتو باشی یکی پادشا
چو ضحاك بشنید اندیشە کرد
زخون پدر شدش پر زدرد

واتە: پێی وت ئەی ناودار بۆچی ئەبێ بێجگە لە تۆ کەسێکی تر لەم کۆشك وسەرایەدا کوێخا بێت؟ چی ئەبێ باوکێ کوڕێکی وەکو تۆی بێ، وەرە ئەم پەندە لەمن وەربگرە و ئامۆژگاریت ئەکەم. ڕۆژگار لەم خواجەی کۆنە ساڵە

دەنگی کردووە و ئێستە نۆرەی بەرزکردنەوەی تۆیە بەرامبەر بەم قسەیەی من وەفات هەبێ، دنیا تۆی ئەوێ کە پاشابێت. کە زوحاك ئەم قسەیەی بیست کەوتە بیر کردنەوە، لە خوێن ڕشتنی باوکی دڵی پڕ بوو لە دەردو ئازار.

دوای بیرکردنەوە زوحاك دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە باوکی بکوژێ و ئەیکوژێ پاش ماوەیەکی تر ئیبلیس خۆی ئەکات بە کوڕێکی لاوودێتەوە بۆ لای زوحاك:

جوانـی بـــر آراســـت از خویشـــتن
ســـخنگو و بینـــادل و پـــاك تـــن
همیـــدون بـــه ضحـاك بنـــهادروی
نبـــودش جـــز آفریـــن گفتوگـــوی

واتە: لاوێ خۆی تەیار کردو خۆی نزیك خستەوە، لاوێکی قسەزان و دڵ ڕۆشن و لەش پاك بوو، هەمیشە کە ڕووی ئەکردە زوحاك، بێجگە لە ئافەرین کردن قسەی تری نە ئەکرد.

ئەم لاوە لای زوحاك بوو بە چێشت لێنەر و خواردنی خۆش و بە تامی بۆ دروست ئەکرد. یەکەمجار گۆشتی بـۆ کـولاَن، زۆر سەرنجی زوحاکی بە لای خۆیدا راکێشا، بوو بە جێگەی متمانە و باوەڕی ، حیسابی بۆ هەموو قسەکانی ئەکرد. وای لێ هات ڕۆژێ زوحاك پێی وت: چیت لەمن ئەوێ داوا بکە بۆت جێ بەجێ ئەکەم. کاتێ ئیبلیس بەرنامەکەی سەری گرت ڕۆژێ داوای لە زوحاك کرد کە ڕێگەی بدات هەر دوو شانی ماچ بکات. کاتێ کە ماچی کرد لە جێگەی هەردوو ماچەکەیدا:

دوو مارســـیاه از دو کتفـــش برســـت
غمی گشـت و ازهر سویی چــاره جسـت

واتـە: دوومـاری ڕەش لـە سەر هـەردوو شـانی ڕوان، خـەم دایگـرت و لـە هەموو لایەکەوە بە دوای چارەسەردا گەڕا.

ئـەم دوو مارە شەووڕۆژ زۆر ئـازاری زوحاکیان ئـەدا، لـە هـەر لایـەکـەوە دکتۆریان بۆ ئەهێنا نەیئەتوانی چارەسەری بکات. جاری سێیەم شەیتان خۆی ئەگۆڕێ بە دکتۆر و دێتە لای.

بسـان پزشـکی پـــس ابلیـس تفـت
بـە فرزانگـــی نـزد ضحـاک رفـت
بـدو گفـــت کـاین بودنـی کـاربود
بمـــان تاچـــــه مـــاند نبـــاید درود
خـورش سازو آرام شـان ده بـــەخورد
نشـاید جـز این چـــارەای نـیز کـرد
بجـز مغـز مـردم مدهشـان خـورش
مگـر خـود بمـیرند از ایـن پـــرورش

واتە: پزیشکەکە ئیبلیس بوو کە زۆر زانانە چووە لای زوحاک. پـێی وت بۆ ئەوەی نەمریت پێویستە وا بکەیت: چێشت دروست بکە و خواردنیـان بـەرێ (واتە بە مارەکان)، لەمە زیاتر هیچ چارەیەکی تـر نیە. خواردنەکەش نـەبێ لە مۆخی سەری خەڵك بێت تا بەم شێوە ئازارت نەمێنێ.

ئـەو دەمـە دوو کـەس بـەناوی (ئـەرمایل) و (کـەرمایل) چێشـت لێنـەری زوحاك بوون، ئەم دوو کەسە زۆر لە خوا ترس و پاك نـەژاد بـوون. پاش ئـەوەی

که لەلایەن زوحاکەوە بڕیار ئەدرێ هەر ڕۆژەی دوو لاو سەر ببڕن بۆ ئەوەی مۆخی سەرەکەیان بکرێت بە خۆراکی مارەکان. ئەرمایل و کەرمایل فێڵێک ئەدۆزنەوە: دێن هەموو ڕۆژی یەکێ لە لاوەکان سەر ئەبڕن و ئەوەی تریان ئازاد ئەکەن، بەڵام بە مەرجێ دووەم بڕوا سەری خۆی هەڵگرێت و لە جێگەی ئەو حەیوانێکیان سەر بڕیوەو مۆخەکەیان کردۆتە دەرمان. بەم شێوە ماوەیەك بە سەرا تێئەپەڕێ، ژمارەی ئەو لاوانەی کە سەر نەبڕاون و ئازادکراون زۆر ئەبێت و لە شوێنێکدا کۆ ئەبنەوە، لە نێوان خۆیاندا زمانێ دروست ئەکەن کە زمانی کوردی‌یە(*).

﴿ئەم ئیهانەی کە فیردەوسی ڕەگەز پەرست بە کوردی کردووە زۆر بە ئاسانی بە درۆ ئەخرێتەوە. چونکە ئەو کەسانەی کە سەر نەبڕاون و کەوتنە بەر بەزەیی ئەرمایل و کەرمایل ئەگەر منداڵ بوون و زمانیان نەپژابێ، ئەوا لە ترسی دڕندەو جانەوەر لە کێودا ناژین و ئەخورێن، ئەگەر پێ گەشتووبووبن و زمانیان پژابێ ئەوا هەر لە بەردەم پەلاماری دڕندەدا خۆیان ناگرن، ئەگەر گەورەتریش بووبن و گەشتبنە تەمەنی لاوی و بەرەو ژوورتر ئەوا زمانیان زانیوە و خۆتا ئەو کاتە لاڵ نەبوون !! کەلاڵ نەبووبن و زمانی خۆیان زانیبێ ئیتر چۆن لەو کێوە زمانێکی تازە دروست ئەکەن؟؟﴾.

٢- کاوە: پیاوێکی ئاسنگەر بووە و باوکی هەژدە کوڕ بووە کە حەقدەیان بە دەستی جەلادەکانی زوحاك ئەکوژرێن و مۆخی سەریان ئەکرێتە خۆراکی مارەکانی سەرشانی زوحاك. کاتێ هەژدەهەمین کوڕی ئەبەن بۆ کوشتن بە هاوارو ناڵە دێتە دەرباری زوحاك. ئەمە لە کاتێکدا کە زوحاك تۆمارێك لەسەر دادگەریی خۆی ئەنووسێ. هاواری ناڕەزایی دەربڕینی کاوە وا ئەکات

(*) ئەم دێڕانەی سەرەوەش وەرگێرانی کۆمەڵێ بەیتە شیعری فیردەوسییە بە کورتی

بانگی ئەکەنە ناو کۆشکەکەوە. بە فەرمانی زوحاک کوڕەکەیان ئازاد کرد و داواشیان لێکرد کە ئەو تۆماری دادگەرییەی زوحاک ئیمزا بکات.کاوە ڕقی هەڵساو نامەکەی دڕاند، کاتێ کە لەگەڵ کوڕەکەیدا لە کۆشکەکە ئەهاتنە دەرەوە چەرمی ئاسنگەرییەکەی کرد بەسەری نێزەیەکەوە و خەڵکی ماندا کە دژی زوحاک ڕاپەڕن، لە گەڵ حەشاماتی خەڵکەکەدا بەرەو لای فەرەیدون ڕۆشت، فەرەیدونیش کە هەمیشە چاوەڕوانی هەلێکی ئەکرد بۆ تۆڵە سەندنەوەی باوکی، ئەم هەلەی قۆستەوە، چەرمەکەی بەزێڕ و گەوهەر ڕازاندەوە و ناوی نا (درەفشی کاویانی). ئەنجامی ئەم ڕاپەڕینە بە تێکشکانی زوحاک و چوونە سەر تەختی فەرەیدوون دوایی هات[٤٨].

٣- **فەرەیدوون**: کوڕی ئابتین و دایکی ناوی فەرانەکە، کە منداڵ بووە باوکی بە دەستی جەلادەکانی زوحاک ئەکوژرێ و مۆخی سەری ئەکرێتە خۆراکی مارەکان، فەرانەکیش بۆ ئەوەی کوڕەکەی تیا نەچێ ئەیداتە دەست گاوانێ تا بە خێوی بکات. گاوانەکەش ئەیباو بە شیری مانگا پەروەردەی ئەکات. پاش ماوەیەک دایکی لە گاوانەکەی ئەسەنێتەوە و ئەیبات لە چیای ئەلبورزدا (پشتی تاران) ئەیداتە لای خوا پەرستێک - پارسا- تاکوچاودێری بکات. لە تەمەنی شانزە ساڵیدا لەچیای ئەلبورز دائەبەزێ بۆ دەشتایی ولە ڕەگەزی خۆی پرسیار ئەکات. فەرانەک هەمووی بۆ باس ئەکات و پێشی ئەڵێ کە باوکی لە نەژادی طهمور شایە. فەرەیدوون ئەکەوێتە بیری تۆڵە سەندنەوە، بەڵام دایکی ڕێگای پێ نادات و ئەڵێ بیهێڵە بۆ کاتێکی گونجاو. کاتێ کاوە لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا ئەچێتە لای فەرەیدوون ڕا ئەپەڕێ و ئەبێتە سەرداری سوپاکە و بەرەو کۆشکی زوحاک تێی ئەتەقێنن. تەختەکەی زوحاک ئەگرن و زوحاکیش لە ئەلبورزدا بەند ئەکەن، فەرەیدوون ئەچێتە سەر تەخت و هەردوو

ژنەکەی زوحاك (ئەرنەواز و شەهرناز) ئەخوازێ، لەم ژن هێنانەدا سێ کوڕی ئەبێت بە ناوی (سەلم، تور، ئیرەج)[٤٩].

ئەمە تا ئێرە هەڵبەستنەکانی فیردەوسی بوو کە دیارە ئەویش پشتی بە ئوستوورە بەستووە وئوستوورەش پڕیەتی لەشتی خەیاڵاوی و درۆ و دەلەسە. گرنگ ئەوەیە مێژوو ئەم راستیە ڕوون بکاتەوە، چونکە ڕووداوەکە بووە، بەڵام پێویستە لە ئوستوورە دەربهێنرێ.

راستیەکەش ئەوەیە کە زوحاك یەکێك بووە لە پاشایانی پیشدادی. پیشدادیەکان زنجیرە پاشایەك بوون کە ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی هەموو ئێرانیان کردووە. مەرداسی باوکی زوحاك و زوحاك کە لە کوردستاندا بوون هەریەکە و ماوەیەك ئەبنە پاشا (فیردەوسی و فارسە ڕەگەز پەرستەکان ویستویانە بەوە کوردایەتیەکەیان لێ بسەننەوە کە کورد لە دەست ستەمی زوحاك دروست بووە. بەڵام لە ژێر پەردەی ئوستورەکەدا ئەوە دەرئەکەوێت کە ئەم دوو پیاوە بە زۆری بازوو پاشایەتییان بۆ خۆیان بە دەست هێناوە و لە حوکم کردنیشیاندا هەستیان بەلای ئەو خاکەدا زۆر بووە کە حوکمیان تیا کردووە بۆیە ئەو ڕەگەز پەرستانە ئەوەندە بەقینەوە باسیان کردوون و ئەیکەن. دیارە مەرداس کە خاوەنی هەزار ئەسپ بووە پاشایەکی زۆردارو بە دەسەڵات بووە و دوژمنانی نەیانتوانیوە زەفەری پێ بەرن بۆیە بە فێڵ کوڕەکەی خۆیان لێ هانداوە و کوشتویەتی. لە ئوستورەکەدا وا هاتوە کە ئیبلیس چۆتە بن کلێشەی زوحاك و ئەو کارەی پێکردووە. من ئەو ئیبلیسە بە ناحەزە فێڵبازەکان ئەزانم، پاشان کە زوحاکیش بۆتە حاکم هەر دەستەڵاتیان بە سەریدا نەشکاوەتەوە بۆیە بۆ ئەمیش هەر پەنایان بردۆتە بەر فێڵ و کاوەیان بۆ کارەکە هەڵخەلەتاندووە).

کاوە وەکو لە ئوستورەکەدا بە ئاسنگەر دیاری کراوە ئەوەش ڕاست نیە، بەڵکو دیارە کە ئاسنگەر شۆڕەتی بووە. ئەگین زوحاکیٚ بەو گەورەییە، بەو پاشایەتی و تەخت و تاجەوە کە هەیبووە کابرایەکی ئاسنگەری لە چینی خوارەوەی کۆمەڵ چۆن ڕێگە ئەدریٚ بچێتە بارەگای و ؟ چۆن زات ئەکات لە بارەگاکەیدا تۆمارەکەی بدڕێنی؟. ئەمە لە درۆ بەولاوە هیچی تر نیە. پاشان ئەگەر زوحاك تۆماری عەدالەتی خۆی نووسیبیٚ ئەوا هەوڵی داوە کە سەرکردەو سەر لەشکر و پارسا و گەورە پیاوەکان ئیمزای بکەن نەك کابرایەکی ئاسنگەر. تا ئەم دواییانەش کە تۆمار و قەواڵە و شەجەرە نووسراونەتەوە بە ئیمزاو مۆری پیاوانی ناودار و زانا و خاوەن نفووز تەسدیق کراون نەك خەڵکی ڕەشۆکی و چینی خوارەوەی کۆمەڵ.

بەم پێیە ئەبیٚ کاوە لە حکومەتەکەی زوحاك دا دەستەڵاتداریٚ بووبیٚ و لە بن دەستی زوحاکدا ژیابیٚ، بۆیە ئەو کۆدێتایەی پێکراوە. کەواتە کاوە هەڵخەڵەتاوێکی خیانەتکار بووە و تاوانەکەی لێبوردنی نیە، چونکە پاشایەکی گەورەی کوردی لە ناو بردووە و ئەگەر وانەبوایە لەوانەیە بۆ هەمیشە فەرمانڕەوایەتی ئێران هەر بەدەست کوردەوەبوایە.

سەبارەت بە مارەکانی سەرشانی زوحاکیش و چارەسەرکردنیان بە مۆخی سەری لاوان ئەوە بۆ سوکایەتی پێکردن و ناشیرین کردنی وشەی کورد هەڵبەستراوە و هیچ بنەڕەتێکی زانستی نیە. ئەم ئوستورەیە لێکۆڵینەوەی فراوانتر هەڵدەگرێت و چاوەڕوانی قەڵەم بە دەستانی خۆی دەکات کە زیاتر بچنە بنج و بناوانی و من بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەوەندەم لیٚ هەڵکڕاند، هیوادارم خەڵکی تریش لە سەری بێنە دەنگ و بە تەواوی ساغ بکرێتەوە.

دووتێبینی وەك پەراوێزی ئەم باسە:

١. شاعیرو نووسەری گەورە ﴿ئەحمەدی شاملو﴾ لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ دا لە زانكۆی (بریكلی) كالیفۆرنیای ئەمەریكادا قسەو باسێكی وروژێنەری لە سەر ئەم ئوستورەیە كردووە كە پاشان ژمارە (٤٧) ی گۆڤاری (آدینە) تیرماه ١٣٦٩ لە رووپەڕی (٥) لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووە كە لێرەدا بە پێویستم زانی ئاماژەی پێبكەم بۆ ئەوەی خوێنەر ئەگەر ویستی بە دوایدا بچێ ئەوە چاك بزانێ كە هەردوو باسەكە لە یەك جیاوازن، هەریەكەمان بە مەبەستێك قسەمان لە سەر ئوستورەكە كردووە.

٢. خاوەنی كتێبی (قصص الانبیاء) بە هەڵە دوو (ضحاك) ی تێكەڵ كردووە كە بریتین لە زوحاكی ئەم باسەو یەكێكی تر.

نووسیویە: زوحاك دەستەڵاتدارێك بووە كە فیرعەونی میسر براو نوێنەری بووە لە سەر تەختی میسر، ناوی (سنان كوڕی علوان كوڕی عویج كوڕی عیملاق كوڕی لاوژ كوڕی سام كوڕی نوح)[٥٠] بووە. كە دیارە ئەم بۆچوونە هەڵەیە و پێویستە مێژوو نووسان بەرێیدا نەچن و دەبێ لە یەك جیابكرێنەوە.

٢٣- گردی قوڵخورد: قوڵخورد گوندێكە لە دەشتی شارەزوور بناری چیای سورێن. لە ناو گردەكەی ئەم گوندەدا چەند جارێ لیرەو كووپەی بچووك و گۆزەی گەورە دۆزراونەتەوە كە هەندێ لە گۆزەكان تەرمی مرۆڤیان تێدابووە. ئەم تەرمی ناو گۆزانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەكان. كەواتە گردەكە لەو دەورانەدا ئاوەدان بووە و پاشان بە هەر هۆیەك بووە كە نایزانین چۆڵ كراوە و بە وێرانەیی ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٤٤دا لە لایەن حاجی محەمەد ڕەحمانی هاروونیەوە كە دەبێتە باپیری كاك نووری حەمە عەلی ئاوەدان كراوەتەوە. حاجی محەمەد لە ساڵی ١٩٤٤دا دەچێتە سلێمانی و جەنابی حەسەن بەگی

جاف دەبینێ. پاش وتووێژکردن حەسەن بەگ کە تێدەگات حاجی مەحەمەد گوزەرانی تێکچووە زەوی و زارەکانی قوڵخوردی ئەداتێ کە ئاوەدانی بکاتەوە. ئەمیش ئەچێتە لای شێخی حیسامەددین بۆ ئەوەی رەئی لێ وەربگرێت. شێخیش دەفەرمووێ: قوڵخورد بۆ هەموو کەسێ ڕەش بووە بۆ تۆ سپی دەبێت بڕۆ بە دەمیەوە و ئاوەدانی بکەرەوە.

باسە مێژووییەکەی گردی قوڵخورد ئەمەیە، بە پێی ئەوەی کە نزیك بە گوندی ئەویێە دیارە لە کۆندا یەکێك بووە لەو بنکانەی کە لە سەنگەری پێشەوەدا دانراوە بۆ دیدەبانی و بەرگری کردن لە ئەویێ. هۆی دروست کردنی گوندەکەش هەر وەك کاك نووری حەمە عەلی دەماو دەم یا پشت بە پشت بیستوویە وەهابووە. (پاشای ئەویێ کچێکی جوان و نازەنینی دەبێت، دوو لاوی ئەو سەردەمە حەزی لێدەکەن و داوای دەکەن. پاشایش بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ ئەڵێ: یەکێکتان بڕوات لە فلانە شوێندا گردێ دروست بکات و یەکێکیشتان بڕوات ئاوی (وەڵەسمت) دەربێنێ، هەر کامێکتان زوو تەواوتان کرد ئەوە کچەکەمی پێ دەبەخشم. هەردوو لاوەکە هەریەکە و دەڕۆن بە دەم کارەکەیانەوە و دەست پێدەکەن، پاش ماوەیەك لاوەکەی کە چووە بۆ ئاوی وەڵەسمت ئاگادار دەبێ کە لاوەکەی تر خەریکە گردەکە تەواو دەکات و ئەمیش زۆری ماوە، دۆش دادەمێنێ، ناچار پەنا دەبات بۆ پیرەژنێکی زیرەکی دنیا دیدە و مەسەلەکەی تێ دەگەیەنێ. پیرە ژنەکەش ئەڵێ چار هەر ئەوەیە بچیت خامێکی زۆری سپی بەریت لە وەڵەسمتەوە بەری دەیتەوە بەرەو خوار ئیتر من تەگبیرت دەکەم کە لاوەکە بەو کارە هەڵدەستێ پیرەژنەکە ئەچێت بۆ لای لاوەکەی کە بە تەواوکردنی گردەکەوە خەریکە پێی دەڵێ: کوڕە ئەوە خەریکی چیت ؟ ئەها ئەو کاری خۆی تەواو کردو گرەوی بردەوە. ئەمیش کە سەیری

چیاکە دەکات ئاوی پیا دێتە خوارەوە دەست و دەم ئەمرێت و پاشان کورەکە لەسەرخۆ کاری ئاو دەرهێنانەکەی تەواو دەکات و کچەکەی بۆ دەبێت)[51].

سەرچاوەکانی ئەم بەشە

١-مەنبانە بۆرینە ل٢٩٥.

٢-فرهنگ اساطیر یونان وروم-گریمال

٣-هەمان سەرچاوە ج٢ل٦٥٤

٣-هەمان سەرچاوە ج٢ل ٦٧٢.

٤-هەمان سەرچاوە ج١ل ٢٤٠.

٥-هەمان سەرچاوە

٦-هەمان سەرچاوە ج٢ل٦٠٥.

٧-هەمان سەرچاوە ج١ل٢٤٤.

٨-المرشد الى مواطن الاثار الرحلة السادسة/١٧ سومر/١٦ل ١٤٧-١٤٩

٩-دەفتەرێکی دەست نووسی کاکەییەکان

١٠-رۆژشماری کردی سلطانی ل شش ١٢٧٢

١١-الکامل فی التاریخ ٥١٦/٩ ابن اثیر.

١٢-نزهه القلوب ل١٠٧ حمدالله المستوفی

١٣-دیوانی پیرە مێرد- ل ٢١٩-٢٢٠ محمد رسول هاوار.

١٤-اربعه قرون من تاریخ العراق القریب ل٦٦ لونگریك.

١٥-المرشد الی مواطن الاثار الرحلة السادسة سومر/١٦ ل ١٤٧-١٤٩

١٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو

17- Southem Kurdistan in the annals of ashurna sirpal and to day the annals of the American shool of oriental reaserch yiii

١٨-گۆڤاری کاروان- ژ/٥١ل٢

١٩-هەمان سەرچاوە

٢٠-گۆڤاری کاروان- ژ/٥١ل٦

٢١-گۆڤاری کاروان- ژ/٥١ ل ٨-٩.

٢٢-فرهنگ معین- ل ٧٧١

٢٣-بهرام یشت. کردە-١٤-٥٥

٢٤- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی‌کوردەواری د. جمال رشید

٢٥-تاریخ السلیمانیة وانحاءها امین زکی بگ

٢٦-هەمان سەرچاوە.

٢٧- تاريخ اردلان، مەستورەی ئەردەلانی

٢٨-تاريخ السليمانيه يا شەرەفنامە ل١٩٩

٢٩-دیوانی قانع ل٢٤٤ چاپی محمدی –سقز.

٣٠-فرهنگ عمیدل١٢٤٧.

٣١-شەرەفنامە. پەراوێزی ٣ ل١٩٥-١٩٦.

٣٢-شەرفنامە پەراوێزی٣ ل١٩٥.

٣٣-شەرەفنامە پەراوێزی ٣ل ١٩٥-١٩٦.

٣٤- تاريخ اردلان يا شەرفنامە ل١٩٩.

٣٥-ئەم ئەفسانەیەم لە کاك یوسف بیارەیی وەرگرتووە.

٣٦-بەدیع وعەرووزی نامی ل٣٢

٣٧-ایران باستان. ج ١ص٢١٢-٢١٤

٣٨-هنر ایران دردوران مادوهخامنشی ل٢٩٦ گریشمن.

٣٩- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی‌دەربارەی مێژووی ولأتی کوردەواری- د. جەمال رەشید. ل٢٨٥-٢٨٦

٤٠-لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولأتی کوردەواری-ل ٢٨٦

٤١-العراق القديم ترجمە حسين علوان.

٤٢-لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی ولأتی کوردەواری-ل١٢-١٣.

٤٣-کوردستانی باشور – وتاری سپایزەر ١٩٢٦

٤٤-کرد و پیوستگی نژادی وتاریخی او ل٢٥

٤٥- کرد و پیوستگی نژادی وتاریخی او ل٢٧.

٤٦-Shilmenxx 111/ IV

٤٧-تاريخ ماد.ل ١٥٦. دیاکونوف

٤٨-فرهنگ نامهای شاهنامە ل ٢٢٢ علی جهانگیری.

٤٩-هەمان سەرچاوە.

٥٠-قصص الانبياء ل١٢

٥١-ئەم زانیاریەم لە بەرێز کاك نووری حەمە عەلی وەرگرتووە

بەشی سێیەم

جاف وهۆزەکانی ناوچەکە
کاکەییەکان، ئەردەڵانیەکان، جولەکەکان

جـــاف

عەشـیرەتێکی گـەورەی بـەربڵاوە لەناوچـەکانی(جوانـڕۆ، هەڵەبجـە، دەربەندیخان، کەلار) ئـەژین، هـەندێکیش پاشماوەیـان لـە (سـنە، مـەریوان، دیواندەرە) مـاوە کـە لـە سـەردەمی قاجاریـەکاندا بەبۆنـەی کـۆچ وکۆچبـارەوە چوونەتە ئەو ناوچانە و پاشان تێیاندا نیشتەجێ بوون.

بنکـەی سـەرەکی ئـەم عەشیرەتە لەسـەرەتاوە تـا {سـەدەی١٧ هـەر لـە هـەرێمی جوانڕۆدا ژیاون کە دەکەوێتـە نێـوان هەڵەبجە-کرماشـان، ئەودەمـە هێشتا ساغ نەبووبووییەوە کە ئایا ئەم جافانە سەر بەئێرانن یاعوسمانی}[١]. ژیانی ئەم عەشیرەتە لەسەرئاژەڵداری بووە، بۆیە کاتێ کە ژمارەیـان زۆر بووە، ناچاربوون کەلە ساڵدا چەند مانگێک بەرەو لەوەڕگەکانی ناوچەی زەهاو کۆچ بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێکیان واز لـە کۆچ دێنن ولـە جوانڕۆو هـەندێ لەدێهاتـەکانی دەوروبـەری وهـەوارەکاندا نیشـتەجێ ئـەبن ولـەپاڵ ئـاژەڵداریدا کشتوکاڵیشیان کردووە. پاش ئەوەی کەتا دێت لەزیاد بووندا ئەبن {بەشێکیان بەڕابەرایـەتی زایەریـەگ کـۆچ ئەکـەن بـۆ ناوچـەی شـارەزوور، ئەمـە ڕێکـەوتی سەردەمی دەستەڵاتدارێتی سوڵتان مورادی چوارەم (١٠٠٢-١٠١٩) بووە، بـە هاوناوی سوڵتان موراد خۆیان ناوناوە (جافی مورادی)} بەرلـەهاتنی جافەکان {شارەزوور مەڵبەندی ژیانی چەند خێڵێ بووە کە پێشتر زۆریانم دیـوە، یـا لەوەرزەکانی تـردا ئـەیانبینم، ئـەو خێڵانـەش وەکـو- گـەڵاڵی، شێخ سمـایلی، بێسـەری، چوچانی، قەوڵـەیی، ئیسماعیل عوزێـری، شـینکی، کافرۆشـی، بلبـاس، کەڵـهوڕ، تیلـەکۆ، گـەڵباخی، مـەنمی. وەکـو ئـەڵێن چـوار خێڵـی

یەکەمیان هەرجاف بوون ولەکۆچێکدا کە ٥٠ ساڵ بەرلە ئێستە بووە هاتوون»[٢].

جافەکانی‌هەڵەبجە وشارەزوور وەچەی زایەربەگن کەبەم شێوە نەسەب نامەیان دیاری ئەکەین:



(زایەر بەگ لەگەڵ بەشێك لەعەشرەتەكەیدا سەرەتای سەدەی هەژدە كۆچەكەی بەرەو شارەزوورو هەڵەبجە دەست پێدەكات. بەرەبەرەكە زیاد ئەكەن سنووری جوگرافیای كۆچیان زیاد ئەكات)[٣]، لەدەشتی‌شاكەلەوە تا سارالْ، هۆبەتوو، زۆزانەكانی سنەو هەسەناوا رۆشتوون. ئەودەمە خان ئەحمەد خان والی ئەردەلأنیەكان ئەبێ ولەبەر ئەوەی جافەكان لەكۆچ كردنیاندا لەوەڕگایان بۆ ئەوان ئەمێشتۆتەوە، رێگەی هاتوچۆ كردنیان بەسنووری هەوراماندا لێ ئەگرێت. زایەر بەگ ملی بۆنادا وڕووبەڕووی ئەوەستێتەوە: شەڕێكی سەخت لەنێوانیاندا رووئەدات، لەشەڕەكەدا زایەر بەگ ﴿بەدیل ئەگیرێ وئەدرێ لەقەنارە﴾[٤].

لەم دەمەدا هەندێ لەكەماڵەییەكان لەهەوراماندا بڕ ئەبن، بەناچاری لەوێ مل ئەدەن وئەمێننەوە، هەرلەوێ دێیەك بەناوی (كەمالأ) ئاوەدان ئەكەنەوە كە ئێستەش ماوەو بەتەنیشتی شاری هەورامانەوەیە، ئیتر بەجاف نامێنن وئەبن بەهەورامی. ئەوانی تریشی كە بەدەردی سەری ئەگەڕێنەوە شارەزوور یەك ئەگرنەوەو سلێمان بەگی كوڕی زایەر بەگ ئەبێتەمیریان، دوای ئەوەی رێگەی هەورامانیان لێ ئەبەسترێ رێگای پێنجوێن وشلێر هەڵئەبژێرن بۆ چوونە ناو كوێستانەكانی سارالْ وهۆبەتوو. دوای سلێمان بەگ قادر بەگی كوڕی ئەبێتە جێ‌نشین. لەسەردەمی ئەمدا گەلاڵیەكان لەگەڵ جافدا ئەكەونە ملەجەڕێ. گەلاڵیەكان لەرەگەزدا جاف نین، لەزۆركۆنەوە هاتوونەتە شارەزوور و بەبنەچە

ئەچنەوە سەر هۆزی جەلالی ناوچەی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ، لەسەردەمی ئەم قادر بەگەدا تێکەڵی جاف ئەبن، جەلالی، جەلاڵی، گەلاڵی لەناو جافیشدا زۆرجار(ل) بە (ڵ) ئەگۆڕێ وەکو جەمال-جەماڵ، کەمال-کەماڵ، میکائیل-میکایەڵ، عادل-عادڵ...هتد.

ئەدمۆندز شەرێکی قادر بەگ و گەلاڵیەکانمان بەم شێوە بۆباس ئەکات ﴿ لەبەر ئەوەی-جافەکان -بەرەبەرە ژمارەی مەڕومالاتیان زیادی ئەکرد، لەهاویناندا وردە وردە بەرەو لای سەروو هەڵئەکشان، لەگەڵ ئەوەشدا مەوداو سنووری خەڵکیان ئەپاراست ، لە پێنجوێن بەولاوە نەئەچوون وپایزانیش زووتر ئەگەڕانەوە، قادر بەگ (کەئەودەمە سەرکردەی جافە کۆچەریەکان بوو) ئەوەی بەکەم شانی خۆی ئەزانی، لەبەرئەوە بەدوای شەڕدا ئەگەڕا. سەگەکەی ناونا-شێرە-شێرئاغا سەرۆکی خێڵی گەلاڵی بوو، گەلاڵیەکان کلکی سەگێکی‌خزمی‌قادربەگ ئەبڕن، قادر بەگ بەدوای بیانوودا ئەگەڕا دەستی کەوت. لەحەسەن شەهید- شەهیدان-نزیك كۆتایی دەرەی شلێر هێرشی کردە سەرشارەزووریەکان وچوارسەدکەسی‌لێ کوشتن وئەوی تریشی بڵاوە پێکرد. دوای ئەوە گەلاڵیەکان سەریان بۆجافەکان دانەواندو لەپلەی چوارەمین خێڵی گەورەدا پەیوەندییان کرد بەموورادیەکانەوە﴾[٥].

قادر بەگ لە ساڵی١٨٤٨دا بەدەستێکی چەپەڵ ئەکوژرێ. دوای خۆی عەبدوڵلاو محەمەدی کوڕی ئەبنە جێگەداری. عەبدوڵلا بەگ پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بووە، لەگەڵ میرانی باباندا دۆستایەتیەکی پتەو دروست ئەکات. ئەوەندە ئازاو لێوەشاوە ئەبێت لەگەڵ شەڕی عەجەم دا دژی کورد ئەبێتە یەکێك

لەدوانزە سوارەی مەریوان[*]. لەئەنجامی دۆستایەتی بابانیەکان کە زۆرهاتوچۆیان ئەکات لەگەڵ خوشکی میری بابان دا حەز لەیەك ئەکەن، پاش ماوەیەك میر بەمە ئەزانێ وپێی ناڕەحەت ئەبێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی جاف لە خۆی ئەوروژێنێ ناتوانێ بەئاشکرا هیچی لێ بکات. لەبەر ئەوە خۆی مەڵاس ئەدات بۆهەلێ لەو دەمەدا شەڕێکیتر لە نێوان ئەردەڵانیەکان و بابانیەکاندا ڕووئەدات، عەبدوڵڵا بەگیش لە بەرەی بابانەکاندا ئەچێتە مەیدانی جەنگەوە. بابانەکان لە شەڕەکەدا براوە ئەبن و پاشەکشە بە ئەردەڵانیەکان ئەکەن. عەبدوڵڵا بەگ لە شەڕەکەدا بریندار ئەبێ، میری بابان فەرمان ئەدات بە پزیشکەکەی کە لە باتی دەرمان - زرنیخ بخاتە سەر برینەکەی، بەمەش عەبدوڵڵا بەگ ئەمرێ، ئەوەی ئەم نهێنیە ئاشکرا ئەکات خوشکەکەی میر خۆی ئەبێت کە دێت و لە سەر تەرمی دڵدارەکەی خۆی ئەکوژێت.

کوشتنی عەبدوڵڵا بەگ پشێوییەکی گەورە دروست ئەکات. محەمەدی برای ئەکەوێتە دژایەتی کردنی بابانیەکان و چەند شەڕو ناخۆشیەك لە نێوانیاندا ڕووئەدات، لە هەندێ شەڕدا جافەکان سەرکەوتوئەبن و هەندێ تۆڵەی خۆیان ئەکەنەوە. بابانەکان شەڕی جافەکان بە توندی ناکەن و ترسی ئەوەیان ئەبێت کە ئەمان پاڵ بدەن بە ئەردەڵانیەکانەوە کە ئەو کاتە دوو هێزی

(*) هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵڵا بەگدا پیاوێکی تری خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە بە ناوی ئەکرەم بەگی ئەفغانی ئەبێتە یەکێك لە دوانزە سوارە. ئەم ئەفغانیانە با وەکو ئەورزلیەکان پێیان ئەڵێن ئەوغانی خەڵکی وڵاتی ئەفغانستانن. کاتی خۆی لە شەڕێکی عەشایەریدا سەرۆکەکەیان بە ناوی ئازاد خان ئەکوژرێ و لەشەڕەکەدا شکست ئەخۆن، ئیتر سەری خۆیان هەڵئەگرن و بە کۆچ وکۆچبار دێن لە ناوچەی ئەورزلی لە گوندی چرۆسانە ئەگیرسێنەوە و ئیتر لەناو ئەورزلیدا ئەتوێنەوە. شایانی باسە عەلیەر خاتوونی حەرانی شاعیری هێژا مەولەوی لەمانە ئەودەمە کە لەچرۆسانە مەلابووە خواستوویەتی.

یەککگرتوو لە بەرامبەریاندا ئەوەستیّ وتیّکیان ئەشکیّنن. لە سەرکەوتنی ئەم شەڕانەدا ئەم بەیتە شیعرە فۆلکلۆریە دیّتەکایەوە کە ئەڵیّ:

ئەگـــەر لـــە جافـــان یـــەکیّ بمیّنـــیّ

هـــەقی بـــەرودوا لـــە گشـــت ئەســـیّنیّ

محەمەد پاشا پیاویّکی ئازای قسە شیرینی دیوەخان گەرم بووە. کاتیّ کە جڵەوی ڕابەرایەتی جافی ئەکەویّتە دەست عەشیرەتەکەی جەم و جۆر تـر ئەکات و هـەوڵی ئەهیّشـتنی کیّشـەو ناکۆکیـەکانی نـاوخۆو دەرەوەی جـاف ئەدات. بە ناو خیّڵ و تیرەکـاندا مـەلا بـڵاو ئەکاتـەوە تـا منداڵـەکانیان فـیّری خویّندن بکەن و هەروەها بۆ ئەوەی دوژمنانی چاو ترسیّن بکات و ئیتر شەڕیان پیّ نەفرۆشن هەندیّ تفەنگ ئەکڕیّ.

محەمەد پاشـا بنکـەی سـەرەکی هەڵەبجـە ئـەبیّت و لـە ساڵیشـدا چـەند مـانگیّك لـە پیّنجویّـن دائەنیشـیّ دەسـت ئـەکات بـە کـاری ئـاوەدان کردنـەوە، نووسـەری تـەئریخی جـاف ئـەڵیّ: ﴿ پیّنجویّـن و ئەڵەبجـە کـە ئیّسـتە دوو قەصەبەن، لە پیّش محەمەد پاشا دوو دیّی بچوك بوون ئەوکردنی بە شـار، قەیصەری وچایخانەی تیّدا کردن ﴾[٦].

پاشا بەم کارانەی ناوبانگیّکی باش پەیدا ئەکات و کاتیّ عوسمانیەکان بەمە ئەزانن لە باب العالیەوە پلەو پایەی پاشایەتی ئەدەنیّ، ئیتر لە محەمەد بەگەوە ئەبیّ بە محەمەد پاشا و بناغەی پاشایەتی لە ناوجاف دا دائەمەزریّنیّ، هەر ئەو دەمە ﴿ لەلایەن تورکەکانەوە ئەکریّتە قایمقامی هەڵەبجە﴾[٧].

کاروباری ناو عەشیرەتی جاف بە شیّوەیەکی ڕیّك و پیّك ئەڕوا بەڕیّوە، پاشا لـە دوا سـاڵەکانی تەمـەنیدا زۆر لـە کاروبارەکـان ئەخاتـە سـەر شـانی

مەحموود پاشا و وەسمان پاشای کوڕی، لەمەشدا مەبەستی ئەوە ئەبێت کە دوای خۆی کوڕەکانی بتوانن سەرۆکایەتی ئەو عەشیرەتە گەورە بگرنە دەست. لە ئەنجامدا ئەمیش بە دەستێکی ناپاک ئەکوژرێ کە هەندێ گیرو گرفت بەدوای خۆیدا بەجێ دێلێ.[*]

نووسەری تەئریخی جاف ئەڵێ ﴿پاش کوژرانی حەمە پاشا مەحموود پاشا لەلایەن عوسمانیەوە بوو بە قایمقامی هەڵەبجەو سەرۆکی عەشیرەتی جاف ﴾[٨]. ئیتر لێرە بە دواوە حەز ئەکەم باسی ﴿ مەحموود پاشا، وەسمان پاشا، تایەر بەگی جاف، ئەحمەد موختار جاف ﴾ بمێنێ بۆ شوێنی خۆی.

* * * * *

لە ئەنجامی ئەو گەڕانە سەروەرەمدا بەدوای بەیازو دەفتەرە دەست نووسەکاندا ڕۆژێ بە هۆی کاك (عیرفان جاف) ەوە ڕێم لە دەفتەرێکی شیعر کەوت کە بە فارسی نووسراوەتەوە. هەرچەندە شیعرەکان لە هەندێ شوێندا سەکتەیان تێدایە، بەلاَم چەند لاپەڕەیەکی مێژووی عەشیرەتی جافمان نیشان ئەدەن، ئەویش شەڕی جافە لەگەڵ سوپای ئێران و هۆزەکانی گەڵباخی و تیلەکۆ لە ناوچەی سارال و تیلە کۆی دەوروبەری سەقزو دیواندەرە. شەڕەکەش دیارە کۆن نیە، چونکە فڕۆکەو تۆپی تیا بەکار هێنراوە. ئیتر ئەچمە سەر شیعرەکان با خۆیان ڕووداوەکە بگێڕنەوە.

بـــه قلـــب ســـپاه عشـــایر جـــاف
زدن ضـرب برنـــو فـــرارش بقـــاف

---

* کوشتنی محمد پاشاش لەلایەن دژە کوردێکەوە بووە، چونکە ئەم پاشایە لەگەڵ حسەین خانی قەڵخانی دا چەند جارێ کۆبوونەتەوە لەسەر یەککرتنی هەردوولا بۆ دامەزراندنی دەستەلاَتێکی کوردی سەربەخۆ لەناوچەکەدا.

بتوفیـــق یـــزدان چنـــان میشـــود
اسـیرش بـه تـاراج بـه شـــیراز رود
ســـپاه ایرانـــی حرکـــت نمـــود
مقـابل بـــه ســـارال شـــفقت نمـــود
رسـید خـط سـارال توقـــف بداشـــت
یکـــی نامـــه‌و ذیگـــری رانگاشـــت

واته: بەبڕنەو دایان لە جەرگەی سوپای عەشایری جاف و بەرەو کێوی قاف هەڵهاتن. بە یارمەتی خوا وا ئەبێت کە دیلیان بە تالآنی ببرێ بۆ شیراز. سوپای ئێرانی کەوتە ڕێ و بەرامبەر بە سارالْ ڕاوەستا. کە گەیشتە سەر سنووری سارالْ ڕاوەستا و یەکێ نامەیەکی هێناو یەکێکی تر نووسی.

(کاغذ نوشتن سرهنگ بهادر بسر ایل جاف)

(نامە نووسینی سەرهەنگ بەهادور بۆ سەرۆکی هۆزی جاف)

ســـرحمد بیحـــد ســـوی لم یـــزل
خـدای بـزرگ و بـــی شـــبه و خلـــل
وصـــف رســـول زبـــان اوریـــم
امامـــان یکـــایک بـــه‌یک بشـــمریم
ســـرایل جافـــان اســـلام نشـــان
چرابـــاد اقتتـــال باسرکشـــان
خـــدای بـــزرگ چـــه‌دارد قبـــول
کـــه ماهـــا نمـــائیم زقتـــل و قتـــول
کـه سـرایل جافـــان بـه پـس بـازگرد
خـــودت رامیـــانداز بـــدام نـــبرد
شمـــاملت کـــرد عـــراق بســـاط

بــــه ایــــران چـــه‌مربوط ویـــــا ارتبـــاط
اگـــــــر رایـــــــت را طلـــب میکننـــــــــد
نشســـتن کـــه اتـــش بخـــــود مـــــیزنند
ایـــران جملـــه اســـلام شمـــا هـــم چنـــین
چـــه‌واجب کـــه خونـــها بریـــزد زمـــــین
چـــو قـــاصد بـــبردش بـــــه ســـرایل بـــداد
بخوانـــد و بســـی گشـــت بدتـــر نـــــهاد

واته: ئه‌و په‌ڕی سه‌ری ڕێز دائه‌نوێنم، بۆ خوای گه‌وره‌ی ڕاست و ڕه‌وان. وه‌سفی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بێنینه سه‌ر زمان و ئیمامه‌کان یه‌ك به یه‌ك بژمێرین. سه‌رۆك هۆزی جافانی موسوڵمان، بۆچی کوشت و کوشتار له‌گه‌ڵ سه‌ر که‌شاندا ڕووبدات؟ که‌ی خوای گه‌وره قبوڵی ئه‌کات، که ئێمه دووچاری شه‌ڕ بکه‌ن؟ ئه‌ی سه‌ره‌ك هۆزی جافه‌کان بگه‌ڕێره دواوه و خۆت مه‌خه داوی شه‌ڕه‌وه. ئێوه گه‌لی کوردی خه‌ڵکی عێراقن، چ په‌یوه‌ندییه‌کتان به ئێرانه‌وه هه‌یه ئه‌گه‌ر ئالآتان ئه‌ته‌وێ، ئه‌وه دانیشتوون که ئاگر به‌ر ئه‌ده‌نه خۆتان. ئێران هه‌مووی ئیسلامه‌و ئێوه‌ش هه‌روه‌ها، چ پێویسته که خوێن برژێته سه‌ر زه‌وی. که نامه‌به‌ر نامه‌که‌ی بردودای به سه‌ره‌ك هۆز، خوێندیه‌وه وخۆی زیاتر ناڕه‌سه‌ن پیشاندا.

جواب نوشتن سرایل جاف به سپاه ایران

(وه‌ڵام دانه‌وه‌ی سه‌ره‌ك هۆزی جاف به سوپای ئێران)

رئیســـهای جافـــان جمیـــع گشـــت هـــم
جـــم وجمـــع مجلـــس بیاراســـت بـــهم
جوابـــــی نوشـــــتند ایـــــل غـــــرور
همـــه بـــی تمـــدن ســـر پـــر قصـــور
کـــــــه‌ماها برجنـــــــگ امـــــــاده‌ایم

برابـــــر بـــــا ایـــــران بایســــــتادەایم
نخواهــــم رفــــتن زســــارال رمـــــین
خیالهــــــای ایـــــران نبـــــاید چنـــــین
بــــــهادر بدانیــــــد بجنــــگ جملگـــــی
ســــپە را مـــیرانیم بـــــە یــــك حملگـــــی

واتە: سەرەك خێڵی جافەكان هەموویان: كۆبوونەوەو كۆڕیان گەرم كرد وەلاٌمیان دایەوە، ئەم هۆزە لە خۆبایی و بێ شارستانیەت و سەرەڕۆیە. وتیان كە ئێمە بۆ شەڕ ئامادەین و بەرامبەر بە ئێران ڕائەوەستین. ئامانەوێ لە ناوچەی سارالٌ دەرچین و ئێران نابێ خەیاڵی وای بێ بەسەرا. بە هادور بزانە كە ئێمە بە شەڕ، هەموو سوپاكەت بە هەڵمەتێ ڕائەماڵین.

شـــــنید پاســـــخ جــــاف شـــــیر دلــــــیر
بشــــــیپور اشـــــوب دفــــــع شـــــریر
چــــو امـــــر هجـــــوم داد بكشـــــتار جــــاف
كشـــــیدند برنـــــو بـــــدون گـــــزاف
طیـــاره زبـــــالا بـــــا بمـــــب افكـــــن
بـــــە ســــــرباز رەگـــــیر چـــــو اهریمـــــن
همـــــان تانكـــــهای پـــــولادی قشـــــنگ
بـــــە اتـــــش بـــــەیك بـــــارهزاران فشـــــنگ
هـــــزار افریـــــن بـــــر ســـــواره ایـــــران
سراســـــر گرفتنـــــد عبـــــور اینـــــان
نـــــەراە عبـــــور، نــــــەراە فــــــرار

همه جاف مقتول بی حدو شمار

واته: که وەڵامی جافی بیست ئەو شێرە نازایە، دەنگی شەیپوری شەڕ هەڵسا بۆ لە ناو بردنی ئەو شەڕ خوازانە. کە فەرمانی هێرش کردنی ئەرکرد بۆ کوشتنی جاف، بڕنەویان هێنایە سەرپێ بێ لاف و گەزاف. فڕۆکە لە سەرەوە بە تۆپ هاویشتن، وەکو ئەمریمەن ڕێگە لەسەربازەکان ئەگرێ، هەر ئەو تانکە پۆلاییە جوانانە بە جارێکا هەزاران فیشەکیان ئەتەقان. هەزار ئافەرین بۆ سوارەی ئێران، هەموو ڕێگاکانی ھاتوچۆی ئەوانیان گرت. ئەڕێگەی پەڕینەوە و ئەڕێگەی هەڵهاتنیان ما، لە رادەبەدەر هەموو جافەکان کوژران.

همان رزمگاه خاک او شبیخون
عشایر جاف بحالت زبون
غروب شدشب تار امد میان
سپه جانبین گشت راحت زجان
همان شب بوقت سحرگه رسید
قراول دوجانب سفیدی بدید
پس از شربت چای سپاه ایران
همه دلشاد هجوم نمودندبجان
بهادر باید بتوی سپاه
میان دلیران پر رزم خواه
بیاید بتوی سپاه عزیز
همه شیر مردان دلیر و تمیز

واتە: لە هەمان شەرگەی ئەوەوە شەبەیخون کراو هۆزەکانی جاف زەبوون بوون. ئێوارە هات و تاریکە شەو بوو بە ناو بژیوان، سوپای هەردوولا ئارام بوون. هەر ئەو شەوە کە گەشتە دەمەو بەیان و دیدەبانی هەردوولا کازیوەی بینی. دوای چا خواردنەوە سوپای ئێران، هەموویان دڵشادو بەدڵ و بەگیان هێرش ئەکەن. بە هادور پێویستە لە ناو سوپاکە دابێ، لە ناو هێزی دلێرە شەڕخوازەکانا. بێتە نێو سوپای خۆشەویستەوە، کە هەموویان شێرە پیاوو ئازاو جوامێرن.

بگفتـــش مـــــرا امـــــروز وقـــــت هـــــنر
همــــــەتن درســــــتی نمــــائیم بــــــدر
همـــــه جــــان خــــود را نشــــانیم بکــــف
همـــــه ســــینه راکــــرده جـــــای هــــدف
بقلـــــب ســــپاه عشــــــایر زجنــــــگ
یکــــی مثــل شـــیرو یکــــی چـــون پلنــــگ
بدانیـــــم اخـــــر چـــــه طــوری شــــود
ســــــــــــرنامداران کدامــــــــــــین رود
بدانیـــم ایـــن چـــرخ چـــه طــور و قـــرار
بگـــــردش، بگردیــــــم زلیــــــل و نـــــهار

واتە: وتی ئێمەین وئەمڕۆ کە ڕۆژی خۆنواندنە؛ هەموومان خۆپاراستن بخەینە لاوە. هەموومان گیانی خۆمان بخەینە سەر لە پی دەست و سنگمان بکەینە قەڵغان و سوپەر لە جەرگەی سوپای عەشایردا کاتی جەنگ؛ کە یەکێکیان لە شێرو یەکێکیان لە پڵنگ ئەچێ. بزانین ئەنجامەکەی چی ئەبێ و

سەری ناوداران کامیان تیانەچیٚ. بزانین ئەم چەرخە چۆن ئەسوڕیٚ، ئێمەیش شەوو ڕۆژ لەگەڵیا بسوڕێین.

علـــی را ز میـــدان کنیـــم پیـــش او
بمردانـــــه اساشـــــتاب و بـــــدو
ببینیـــم فـــاتح کدامـــین شـــود
بمغلـــوب و مقتـــول کدامـــین رود
جوانـــان ایـــران کلیـــه بـــدل
چوگـــل سرکشـــیدند زخـــار و زگـــل
جوابـــی درســـتی بدانـــد چنـــان
بـــهادر شـــکوفه بنمـــودش بجـــان
بتوفیـــق یـــزدان وحســـن رســـول
بـــهمراه اهـــل و هـــم ال بتـــول
ســـپاه عشـــائر بـــر افکنـــده دار
بخونشـــان همـــین خـط حنـــائی اثـار

واتە: عەلی بخەینە مەیدانەوە پێش ئەو، هەروەکو نێر بە پرتاو وەهەڵمەت بردن ببینین کێ سەرکەوتوو ئەبێ، تێکشکاوو کوژراو بەرەو کوێ ئەچێ. لاوانی ئێران هەموویان بە دڵ، وەك گوڵ لە توێی درك و گڵەوە سەریان دەرهێنا. وەڵامی ڕاستەقینە ئاوا بزانە، بە هادور چرۆی گیانی بگەشێتەوە. بە یارمەتی خواو نازداریی پێغەمبەر، بە هاوڕای ئەهل ونەتەوەی حەزرەتی فاتیمە. سوپای عەشایری بە غیرەت، بە خوێنیان ئەم ناوچە خەناوی ئەکەن.

(امدن عشایر و طایفەهای گلباغی و تیلکو و خرخره)

(هاتنی هۆز و خێڵەکانی گەڵباخی و تێلەکۆ و خوڕخوڕە)

زلشـــكريكى امريـــة شـــد عيـــان
بگلبـــــاغى و تيلكوئـــى چنـــــان
سـواران حركـت سـوى جنـــگ جـاف
رهـــايند ايشـــان سـوى كـوى قـــاف
بخوانـــدن نامـــه شـــدند جـــانفدا
ســـواران رزمـــى بكردنـــد جـــدا
محمـــد علـــى خـــان دلـــير و جـــوان
بســـــركردگى ايـــل گلباغيـــــان
وازتيلكـــو شـــير مـــردى دلـــير
بـــه عليخـــانيش نـــام رئيـــس دلـــير

واتـه: لـه نـاو لەشكرەكەدا يـەكێ وەكـو فـەرمانده دەركـەوت، لـه نـاو گـەڵباخى و تيلەكۆييەكانيشـدا هـەروا. سـوارەكان بـەرەو شـەڕى جـاف تێيـان تەقان، بەرەو كێوى قاف راويان نان. بە خوێندنەوەى نامەكە هـەموويان بوونـە گيانفيدا و سواره شەڕكەرەكانيان جياكردەوە. محەمـەد عـەليخانى ئـازاو لاو، سەركردايەتى هۆزى گەڵباخيەكانى ئەكرد. لـە تيلـەكۆش شێره پيـاوێكى بـە جەرگ، كە ناوى عەليخان بوو سەركردەيەكى ئازا بوو .

ســـواران جنگـــى نشســـتن بـــه زيـــن
چـــون ايـــل دســـتان ز زابـــل زمـــين
پيمـــوده راهـــــان بجنـــگ اشـــنا
رســـيدند بتـــوى ايرانـــى ســـپاه
بتعظيـم كـــردن ســـوى شـــير مـــرد

بســـــرهنگ بـــهادر دلـــير و نـــبرد
بســـى افريـــن كـــرد ســـرهنگ تمـــام
برايشـــــان نـــوازش نمـــــودش دوام

واتـه: شۆڕه سـواران چوونـه سـەر زیـن، وەكـو خێڵـی ڕۆستـەمی زابلـی (مەبەست ڕۆستەمی زاڵە) پیادەكـانیش كـه شارەزای شەڕكردن بوون، گەشتنه ناو سوپای ئێرانەوە. سـەری ڕێزیـان بۆ شێره پیـاو دانـەواند كـه سـەرهەنگ بـه هـادوری ئـازا و نەبـەرد بـوو. سـەرهەنگ زۆر ئافـەرینـی هـەموویانی كـرد و بـه هەموو شێوەیەك دڵی ئەدانەوە.

(حرب كردن اردوی دولتی و عشاير گلباغی و تيلكو با جاف)
(شەڕ كردنی هێزی دەوڵەت و هۆزەكانی گەڵباخی و تیلەكۆ لەگەڵ جاف دا).

بـه شـيپورچيان امـــر شـيپور جنـــگ
بـەميدان رزمـى عجلـه و بـــى درنـــگ
بنـــاقوس كرنـــا دهلـــهاى جنـــــگ
مبـــادا جوانــــان دلـــش بـــــاداتنگ
ســواره عشـــائر بشـــد پيـــش جنـــگ
سپه كـــرد حركـــت چـو جـم جـم نـهنگ
تفـــــاتق زبرنـــــو تفنـــــگ ايـــــران
بتانكـــهاى اعـــلاى خورشـــيد نشـــان
زبـــالا طيـــاره بــــزد بـــــر شــــرور
بكـــرد قتـــل و عـــام زنزديـــك و دور
بـــــهادر ســـــواران يـــــلان ايـــــران
بـــدوره چهارســـوى رزمـــى كنـــان

واتە :فەرمانی دا بە شەیپورچیەکان شەیپوری جەنگ لێبدەن و بە پەلە بچنە مەیدانی شەڕەوە. زەنگ و کەڕەناو دەهۆڵەکانی جەنگ لێبدن، ئەبالاوەکان دڵیان تەنگ ببێ. سوارەی عەشایر چوونە پێشەوەی شەڕ، سوپا وەکو پۆلی ئەهەنگ جولاَ. تەق و تۆقی تفەنگی برنەوی ئێرانی هەڵسا. لەگەڵ تانکەکان کە نیشانەی شێر خۆریان پێوە بوو . بە ئاسمانەوە فڕۆکە ئەیدا لەشەڕ خوازەکان و لە دوور و نزیکەوە قەلأچۆی ئەکردن. سوارەکانی بەهادور کە پاڵەوانانی ئێران بوون، لە هەر چوار لاوە بە نۆرە شەڕیان ئەکرد.

سپاه گرالی بشد سرنگون
همان دشت و صحرا بشد جای خون
بخون جوانان خاک شد باب
زحیلان اسبان چو برق شهاب
زروخزادیان سواران حرب
همی شاطری هم دونده بحلب
اشک فزونی بیرون از شمار
بخوردند ازدست ایران سوار

واتە : سوپای گەلألی سەرنگوون بوو، ئەو دەشت و سارایە بوو بە جێگای خوێن . بە خوێنی لاوان خاک بوو بە ئاو، حیلەی ئەسپەکان وەکو پزوسکەی ئەیزەك ئەهات. سوارە جەنگاوەرەکانی ڕۆخزاییەکان و هەموو شاتریەکان بەرەو حەلەب هەڵهاتن. فرمێسکێکی زۆر و لە ڕادەبەدەریان بەدەست سوارە ئێرانیەکانەوە ڕژان .

چوشیبور فتحی زدندش بکام
ملائک زاوج فلک سربسام
مخابره کردند سمای یکم

بدادنـــــد اخبـــار فتـــح ازنــــــهم
زهفتـم سمـاو زدو عــرش و كــرس
شــــــنيدند اواز طبــل و كـــــوس
تبـــارك سراســـر بخواندنـــــد دوام
بفتــح وظفـر بــاد ايرانــى مقـــام
يكــى زلزلــه بـــود يكــى رســـتخيز
جوانـــان خونـــين بندشـــان گريـــز
غـروب وشـب تـار گشـتند جــدا
بخيمـــه برفتنـــد بنعـــره وصــــدا

واتـه: كـه شـهيپوری سـهركهوتن بـه شـادييهوه لێـدرا، فریشـتهكان لـه ئاسمـاندا سهرسام بوون. هەواڵیان گەیاند بـه ئاسمـانی یهكـهم، تـا ئاسمـانی نۆههمیش ئهم ههواڵی سهركهوتنه بزانن. له ئاسمانی حهوتهم و ههردوو عهرش و كورسـی، ئـاوازی تـهپڵ و كووسـیان بیسـت. هـهموویان پیرۆزباییـان لـهم سهركهوتنه كرد . یهكێ بومهلهرزه بوو یهكێ ڕۆژی قیامهت، لاوانی خوێنـاوی ههڵهاتن. ئێـوارهو شـهوی تـاریك جیـای كردنـهوه و بهنركـه و هـاوار چوونـه خێمهكانیانهوه.

ســپهرا حســـاب ورديـــف و شمـــار
بداننــد كدامــين شــده جـــان نثار
رســيدند بــر صــورت كــل ســـپاه
بيـــك كـــس بندكـــم زروى حيـــاه
تمـــامى جوانـــان بفتـــح وظفـــر
همــــه شـــادمان همــــه خنــــدهور
ســـرحمد بيحـــد ســـوى لامكـــان

بوصـــف رســـــول وامــــير جـــهان
پنـــای حســــنین امـــــد بجــــاه
هـــم از پرتـــو عـــدل شـــاهپور شـــاه

واتە: سوپاکەیان ڕیز کرد و ژماردیان، تا بزانن کێ گیانی لە دەست داوە. هەموو سوپاکەیان بینی و کەس تیا نەچوو بوو. هەموو لاوان بە هۆی سەرکەوتنەوە شادمان و دەم بە پێکەنین بوون. سەری سوپاس و ستایشی لە ڕادەبەدەرمان بۆ خوا هەڵبڕی، وەسفی پێغەمبەر و خودامان کرد . سەنای حەسەن و حسەین کرا، لەگەل پرتەوی دادی شاپوور شادا .

ســـحر افتـــاب زریـــن شــــعله داد
جوانــــان جنگشــــــان بخــاطر فتــــاد
ســپاه ایرانـــــی ســــواران جنــــگ
حرکـــت بمیـــــدان مســــلح زشـــنگ
دســـتها تفنگـــــها کشـــــیده کتـــف
چـو علـی چـــو عبـــاس بشــهر نجــف
پیـــــاده نظامـــان جوانـــــــان بنـــــام
چوشــیران رزمـــی همـــه نیـــک نـــام

واتە: بەیانی خۆری زێڕین پرشنگیدا، لاوەکان جەنگیان کەوتەوە بیر. سوپای ئێرانی سوارە جەنگاوەرەکان، بەرەو مەیدانی شەڕ کەوتنە ڕێ و بەتفەنگ خۆیان چەکدار کرد. دەستەکان تفەنگەکانیان خستە سەرشان، وەکو عەلی و عەباس لە شاری نەجەفدا. سەربازە پیادەکان کە لاوانی بەناوبانگ بوون، وەکو شیرە نەرەکان وابوون و هەموو خۆش ناوبوون .

سواره عشایر ایرانی نژاد
نترس ونبرد همه کلّه باد
ملایک زهفتم نگاه سپاه
فتحنا پیاپی بخواندند صلاه
بیک حمله جلاد بزور اوری
بی اینکه بترسند از شاطری
- بەبرنو به پنج تیر قبضه تفنگ
پهلو چو زیره بزردی فشنگ
بتانک و بتوپان کوهساریان
به قمپاره و شست تیران چنان
زدند بر عشائر جافی چنان
بلغزید برهم زمین واسمان

واته: سوارەی عەشایری ئێرانی نەژاد، نەترس و نەبەرد و هەموو سەرمڕۆ. فریشتەکان لە ئاسمانی حەوتەمەوە سەیری سوپاکەیان کرد، خێرا خێرا (فتحنا) یان ئەخوێند. بە هەڵمەتێکی ئازایانە پەلاماریان دا بەبێ ئەوەی کە لە (شاتری) بترسن. بە تفەنگی برنەرو پێنج تیرەوە، سنگ و بەرۆکیان بە فیشەك وەکو زیرە زەرد کردبوو. بەتانك و تۆپ و هەروەها بۆمباو شەست تیر دایان لە عەشایری جاف وەکو ئاسمان و زەوی بدەن بە یەکدا.

ملایک زاوج فلک فتح خواند
همه جن وانسان سراسیمه ماند
بنوع زدو خورد بمردانگی
هنر ازمائی و فرزانگی

چورستم چو برزویلان ایران
فشار اوردند بجافی زبان
ببعضی بتیرو فشنگهای زرد
دریده و بریده هم اعضاء خورد

واته : فریشتەکان لە ئاسمان بانگی سەرکەوتنیان هەڵدا. جنۆکە و ئینسان هەموو سەراسیمە بوون. بە جۆرێك شەڕیان ئەکرد پیاوەتی و هونەر و زۆر زانییان ئەنواند. وەکو ڕۆستەم و برزوی جوتە پاڵەوانی ئێران، زۆریان بۆ جافەکان هێنا. هەندێکیان بە تیرو فیشەکی زەردەوە شڵت و پڵتیان ئەکردن و لە شیان ئەجنین.

سپاهان رزمی پیاده نظام
بحربه دلیری چون اولاد سام
طیاره زبالا بزد برشرور
نەراه گریزد نەراه عبور
در ان رزمزار روی جافی زبان
بنزدیک پانصد هراسان زجان
چو علیخان پیش جنگ همی کرد هو
بجولان اسبش همی راند بدو
زناگه بتقدیر امد قضا
بخورد تیر جافان زان رزمگا
اجل جام شربت بدستش بداد
که روحش بجنت شود شاد

واتە: پیادە جەنگاوەرەکانی سوپا، حەربەی ئازایەتی بەدەستەوە لە ئەوەی سام ئەچوون. فڕۆکە لە سەرەوە ئەیدا لەشەڕ خوازەکان، ئەڕێ ی هەڵهاتنی هێشتبوون نە پەڕینەوە. لەو مەیدانی شەڕەدا لەگەڵ جافەکان، نزیکەی پێنسەد کەسیان لێ کوژرا. عەلیخانی سەرداری جەنگ هەموویانی تارومارکرد، بە سواری ئەسپەکەیەوە گشتیانی ڕاونا. ناکاو لە تەقدیرەوە قەزا هات و گوللەیەکی جافەکانی بەرکەوت. ئەجەل جامی شەربەتی دایە دەستی و گیانی بە بەهەشت شاد بوو.

بدید این وقایع سپەدار جنگ
چومار اژدر پیچید ونعره بە تنگ
بامر هجومی سپاه تاخت سر
بە نیزه، بە شمشیر، بستە کمر
بزن هی بزن از سپە شد صدا
بفریاد و هانا زجاف شدادا
بکشتند چندان بیحد و شمار
بکرد امر سرهنگ بشیپور کنار
سپە گشت بیرون زمیدان کار
زخون جوانان زمین سرخ وار

واتە : کە بەڕێوەبەری سوپا ئەم ڕووداوەی بینی، وەکوماری ئەژدەر پێچی خوارد و هاواری لێ هەڵسا . فەرمانی دا بە سوپاکە، بە نێزەو شمشێر و کەمەربەندەوە پەلاماریان دا. دەنگی لێدەهەی لێدەرلە سوپاوە بەرزبوویەوە و جافەکان کەوتنە هاوار و ناڵە. ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن، سەرهەنگ

فەرمانیدا بەشەیپوور لێدان. سوپاکە لە مەیدانی جەنگ هاتە دەرەوە؛ بە خوێنی لاوان سەر زەمین سوور بوو.

(نامە نویشتن سرهنگ بهادر بسر ایلهای جاف و طایفەی روخزدای و شاطری و گرالی).

(نامە نووسینی سەرهەنگ بەهادور بۆ سەرەك هۆزەكانی جاف و خێڵەكانی ڕۆخزایی وشاتری و گەلاڵی).

یكی نامە بنگاشت بسر ایلها
بسایر سواران و سر خیلها
بس است این قتال و بس است این خیال
فراری تواری كنند زمین محال
بامشب درین ملك رفتە بیرون
نباید ازاین بیشترها زبون
سواران جافی همە شد تمام
نبایداسیرتان شود قتل و عام

واتە: یەكێك نامەیەكی نووسی بۆ سەرەك هۆزو هەموو سوارەكان و سەرۆك خێڵەكان. ئەم كوشت و كوشتارو خەیاڵە بەسە، بڕۆن و ئەم ناوچەیە چۆڵ كەن. ئەم شەو لەم ناوچەیە دەرچن، بالەمە زیاتر داماوورەنجەڕۆ نەبن. سوارەكانی جاف هەموو كوژراون و با دیلەكانیشتان نەكوژرێن

(جواب نوشتن جاف و عاقبت گرفتاری ایشان)

(وەلام دانەوەی جاف و ئەنجامی گرفتار بوونیان)

بخواندیم نامە سراسر تمام
بدانید سپەدار ایران مقام

که ما به بیستم هزاران سوار
همه جنگ جو عازم کارزار
اگریک سواره نماند زما
فراری نباشد به ما اشنا
برجنگ حاضرهم امادەایم
اگر چه زمیدان هم افتاده ایم

واته : نامەکەمان سەراسەر خوێندەوە ، نووسرابوو ئەی سەرداری سوپای ئێرانی بزانە کە ئێمە هەزاران سوارمان هەیە، هەموویان شەڕکەرن و ئامادەی شەڕن. ئەگەر یەك دانە سواریشمان نەمێنێ ئەوا هەڵنایەین و ڕاناکەین. بۆ شەڕکردن ئامادەین، ئەگەر چی لە مەیدانیشدا دیسان بکەوین .

(امر هجوم صادر شدن بسر کوبی جاف)

(فەرمانی هێرش دەرکردن بۆ سەرکوت کردنی جاف)

بخواند نامه سرهنگ شد پر خیال
زابله خیالی دلش شد ذغال
بگفت این ملتها بسی بی مجال
بسی لا زبان و هم ابله خیال
بکرد امر جاری هجوم کرده باد
سواره بجولان بجافان فتاد
پیاده پیاپی به نیزه بزد
کەمر این قبایل همین راسزد
چنان گرم شد جنگ و غوغاتمام
زمین گشت گرد و سما گم نام

واته : سەرهەنگ نامەکەی خوێندەوە و چوو بەخەیالاً. لە خەیالی خرا پی ئەوان دڵی بوو بە خەڵووز. وتی ئەمانە زۆر بێ مەجال و قسە نەزان و خەیالْ خراپن. فەرمانی هێرش کردنی دەرکرد، سوارەکان پەلاماریان داو کەوتنە گیانی جافەکانەوە. پیادەکانیش یەك لە دوای یەك نێزەیان ئەوەشاند تا ئەو هۆزانە بە سزای خۆیان بگەیەنن. شەڕو پێکادان وەها گەرم بوو، زەوی بوو بە تۆزو ئاسمان لە بەرچاو ون بوو

محـــاصره دانـــــد چیـــــخ و دوار
بــه نــیزه دریدنــد مــردان هـــزار
باسـیر گرفتنـــد رئیســهای جــاف
بیــازده نفرهـــا بـــدون از گـــزاف
چنــان امــر دادش همـــان بانشـــان
کــه ســرباز نیــارد زغاراتشـــان
فقـط ایـــن عشـــایر عـــالی ســوار
زگلبـــــاغی وتیلکوئــــــی اثـــار
گمـــانم بغـــارت شـــدند شـــادمان
زاســـبان تـــازی وهـــم مادیـــان
دودسته زسرباز در آن خط گـذاشت
بقایـــای جافـــان بعـــراق گماشـــت
هـر انچــه کــهمانده فــراری نمــود
ســرخود بــه یغمــا بعـــراق ربـــود

واتە: گەمارۆی چیخ و دەوارەکانیان دا، بە نێزە سکی هەزاران پیاویان هەڵدڕی. سەرۆکەکانی جافیان بە دیل گرت کە پانزە نەفەری تەواوبوون. سەرهەنگ فەرمانی دەرکرد کە سەربازەکان چەپاویان نەکەن. بەلاّم سوارەکانی هەردوو هۆزی گەڵباخی و تیلەکۆیی. وا ئەزانم بە چەپاو شادمان ئەبن، بە تایبەتی چەپاوی ئەسپ و ماین. دوو دەستە سەرباز دوور کەوتنەوە و پاشماوەی جافەکانیان بەرەو دیوی عێراق ڕاونا . ئەوەیشی کەمایەوە هەڵهات و سەری خۆی بەرەو وعێراق هەڵگرت .

صحیح است این جنگ قوهٴ دولت است
هنر آزمائی قوی شوکت است
فقط آن بهادر سپهدار جنگ
بنعرهٴ دلیری چوشیر و پلنگ
خودش همچورستم چو پیل دمان
در آن رزم میدان چو شیر ژیان
هزار آفرین باد عشایر را
همان شیر مردان نره شیر را
محمد علی خان شیر دلیر
مثالش زدنیا نبینم نظیر
محمد بلقب پدر آشنا
زشاه گشت صادر برش شد ادا
به علیخانیش نام جای پدر
مواجب بانعام وبوجه زسر

واتە: ڕاستە ئەم شەڕە هێزی دەوڵەتە، هونەر ئەنوێنێ و شکۆدارە. بەڵام ئەو بە هادوری سەرۆك سوپایە، کە بە نرکەی ئازایەتی لە شێر و پڵنگ ئەچێ. خۆی وەکو ڕۆستەم و فیلی بە هەڵمەت وایە، لەم شەڕەدا هەروەکو شێری بەهەڵمەت خۆی نەنواند. هەزار ئافەرینیش بۆ عەشایرەکان، ئەو کەڵە پیاوانەی کە لە شێری نەڕ ئەچن. محەمەد عەلیخانی شێری ئازا، لە دنیادا لە وێنەی نیە. محەمەد کە بەنازناوی باوکی نەناسرێ و لە لایەن شاوە پێی دراوە. بە ناوی عەلیخان لە جێگەی باوکی خەلات و بەخشیشی درایە.

بشـد بــر رئیـس همــه تیلکــو
حقیقــت در آن جنــگ کـرد جســتجو
فرامـــرز آسـا بجنـــگ تـــوران
ســواران جـافی بکـرد جـان فشـــان
هـــزار آفریـن بـــاد برغـــیرتش
بمـــردی زمیـدان و هـــم نصرتـــش
همـــان ایلـــهای ایـــران جـــاف
کـه بسیار کردنـد غـروری و گـزاف
کتـف بسـته وارد سـنندج شـــدند
بزنـــدان برفتنـــد آنجـا ببندنـــد
عشـــایری زنـــدان فرشادەشـــد
بحبـس و بتوقیـف قـرار دادەشـــد
بزنجـیر ایـران وهـم پالـــه هنـــگ
گرفتـار گشـــتند بتعجیـــل درنـــگ
نـــدانم آخـر چەشـــد کارشـــان

رهـــائی و حبســـــی و بازارشـــــان
ســـر پـــر غـــروری چنـــان میشـــود
هـــــم از عـــاقبت او بغـــــارت رود
نبـــاید بدولـــت کســـی سرکشـــد
مگـــر قبلـــی جـــان خـــودش درکشـــد

واتە: (عەلیخان) بوو بە سەرۆکی هەموو تیلەکۆ، لە راستیدا لەم شەڕەدا خۆی نواند . وەکو فرامەرز لە شەڕی تورانیەکاندا، ئاوا گیانی سوارەکانی جافی کێشا. هەزار ئافەرین بۆ غیرەتی، بۆ مەردایەتی لە شەڕدا وهەم سەرکەوتنی . هەمان هۆزەکانی جافی ئێرانی، کە زۆر لە خۆیان بایی بوون و لافیان لێ ئەدا کۆت لەشان بەرەو سنە بران و خرانە زیندانەوە . عەشایرەکان کە بران بۆ زیندان بەند کران. کۆت و زنجیر کرایە پێیان و گرفتار بوون . نازانم ئەنجامی کاریان چی بوو، لە ئازاد کردن و تەوقیف کردن و هەواڵیان بێ خەبەرم . سەرێ کە مانای یاخی بوونی تیابێ، سەرەنجام ئاوای بە سەر دێ. نابێ کەس لەگەڵ دەوڵەتا سەرکێشی بکات، ئەگەر بیکات مەگەر لە پێشەوە گیانی خۆی بسپێرێ .

(مراجعه بوضعیات کردستان و آمدن هوشمند افشار)

(سەیرێکی بارودۆخی کوردستان و هاتنی هۆشمەند ئەفشار)

چـو سـرتیپ افشـار سـپه کـرد جمـــع
عشـــائر اکـــراد شـــنیدند بســـمع
سـپه تـــاخت بـــر دژ مریـــوان زمـــین
بجنـگ و بغوغـا و هـــم بغضـب وکـــین

زجـــای ســـپەراند تعجیـــل چنـــــان
بملـــــک رزاب و بـــــه اورامیـــــان
نیـــــارم بدفـــــتر وقـــــایع آن
زدوخـــــورد دوجنـــــگ وضـــایع آن

واتـه: کـه سـەرتیپ ئەفشـار سـوپاکەی کۆکـردەوە، عەشـایرە کوردەکـان ئەمەیان بە گویێ بیست. سوپای نارد بۆ قەڵای مەریوان بە شەڕو بگرە و بەردەو ڕق وکینـەوە. لـە شـوێنێکەوە بـە پەلـە سـوپای نـارد بـۆ ناوچـەی ڕەزاوو هەورامیەکان. ئەو ڕووداوە نانووسمەوە، بە گڕا چوون و دوو شەڕو زیانەکەی.

لێرە بەدواوە باسی شەڕو پێکدادانی جافەکان تەواو نەبێت، ئیتر شاعیر دێتە سەر باسی حەسەن خانی ڕەزاو کە ئەو دەمە سەرداری هەورامیەکان بووە. شایانی باسە ئەم حەسەن خانی ڕەزاوە مێژوویەکی بە بایەخی نووسیوەتەوە کە من بۆ خۆم گەلێ سۆراخم کردو شوێنم هەڵگرت بەڵام دەستم نەکەوت، وا ئەزانم مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەستی کەوتبێ. هەروەها حەسەن خان کەشکۆڵێکی پڕ لە شیعری لێ بە جێماوە کە ئەوە ئێستە لای بەندەیە. زۆرترین شیعر لەم بەیازەدا شیعری شاعیرێکە بە ناوی (غەریب)، کە بە دووری نازانم شیعری خۆی بن.

باسی حەسەن خان لـە شـەڕی جافـەکاندا وا هاتۆتـە نـاوەوە کـاتێ کـە جافەکان تێ شکاون ڕووئەکەنە چیای کۆسالانی پشتی ڕەزاو. داوای یارمەتی لە حەسەن خان ئەکـەن ونامـەی بـۆ ئەنووسـن کـە پشـتیوانییان بکـات، بـەڵام حەسەنخان لە وەڵامیاندا ئەڵێ : بە داخـەوە ئـەوە بـەمن نـاکرێ ومـن لـە ژێـر سایەی دەرنـاچم و لە ژێـر فـەرمانی شـادام. پـاش ئـەوە حەسـەن خـان سـکاڵا نامەیەک ئەنووسێ بۆ شاو پێی ئەڵێ: ئەدارین و پێویستە یارمەتیمان بدەیت،

ئەگەر نەیدەیت ئەوا ناچارم لەگەڵ جافەکاندا بچم بۆعێراق. شای ئێرانیش وەڵامی ئەداتەوە، دێت بەهانایەوە و پارەو کۆمەکی چاکیان بۆ ئەنێرێ. لەم باسانە بەدواوە شاعیر هەندێ درێژە بە شیعرەکانی ئەدات، بە تایبەتی لە بارەی وەسفی شاوەو ئیتر کۆتایی پێ دێنێ .

* * * * *

شەڕێکی دیکەی خوێناوی جافەکان لەگەڵ عەشیرەتی فەیزولاّ بەگی ناوچەی سەقز – بۆکاندا بووە لە ساڵی ١٨٦٥دا. ئەم شەڕە لە سەر لەوەڕگە بووە. برای ئەدیب کاك (عومەر فاروقی سەقزی) لە سۆراخی خۆیدا کەشفێکی لە سەر ئەم شەڕە کردووە. ئەم کەشفەی بە شێوەی وتارێکی بەڵگەدار لە گۆڤاری سروە ژمارە (٣٠) ساڵی ١٣٦٧–١٩٨٨ بلاّوکردۆتەوە. تێیدا ئەوەی دیاری کردووە کە شێخ رەزای تاڵەبانی لەم شیعرەی خوارەوەیدا پشتگیری جافەکانی کردووەو سەرزەنشتی فەیزوڵلاّ بەگیەکان ئەکات کە نەچنە مەیدانی جەنگی جافەکانەوە. ئەڵێ :

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشـرەتی جافا
مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نەچووبێ
وەك تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بە نافا
خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدو بەندو تەنومەند
کامیان کە گەنە، شێرە لە مەیدانی مەسەفا
چونکە رەسەنی وردو درشتیان هەموو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی چ لە دڵدا چ لە سافا
وابێ غەم و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا

تۆ ناچیە سەر دۆشـەکی بووکـی لـە زەفافا﴿
یبغـــون الی الامـــــر صغـــــارا وکبـــــارا
یســـــعون الی الحـــــرب ثقـــالا وخفافـــا
وەسمان بەکیان ئامیرە وەختـیْ کـە بلْـیْ دەی
دێنـە جـەوەلان هـەروەکو حـاجی لـە تــەوافا
خواهـم زخـــدا آنکـە شـــود دشمـــن جـــاهت
کۆتی لە دەسا، دەس لە مـــلا، مـل لـە تـەنافا
لوتفـیْ بکـە رەزا باشـێخ رەزا بێتـەوە گوفتـــار
حەیفـە بـڕزیْ تیغـی مجەوهـــەر لـــە غیلافـــا

هەروەها کاك عومەر نامەیەکی بە فارسی نوسراوی حاجی سەلیم خانی فەیزوڵڵابەگی ناسراو بە حاجی سەرتیپ و پارچە شیعرێکی ئەم شاعیرە واتە حاجی سەرتیپ زیندوونەکاتەوە کە تیشك ئەخەنە سەر موناسەبەتەکە .

١. **نامەکە**: نووسراوی (قازی کەوثەر)ـە کە ئەبێتە مەلا محەمەد کەریمی سەقزی بۆ ناسرەددینی شای قاجاری نووسیوە. ئەمە دەقی نامەکەیە کە کاك عومەر بلاوی کردۆتەوە و منیش لە پالْیا بە پێویستم زانی بیکەمە کوردی:

تشکیا "وتظلما" بعرض میرسانیم که الحمد لله ظل معدلت اعلیحضرت اقدس شهریاری روحی فدا برهمه جا محدود و درمایه هما پایه او همه‌را اسایش موجود است بجز این بلوك محقر که ازجور این و آن و مجاورت اشقیا و معبریت ایل جاف پریشان واز مرحمت و داوری ملوکانه محروم و بی نشان مانده ایم... باید درکارما رسیدگی کامل بشود زیرا با ازدیادیك نقطه محرم بصورت مجرم و برانداختن یك نقطة سقز به سقر مبدل میشود. بال وپری برای مانگذاشتند تا وقت سر بریدن برای تسلیم نیم جان خود بهم بزنم، اغلب

رعایای اینجا ازبار طاقت فرسای دیوان به کسب معاش عیال خود نمیپردازندو بـه اشـك گـرم و آه سـرد میسـازند، بعضـی هـم ازبیـم جـان گریـزان و زمـرهای ازضعف بدن افتان خیزان و گروهی ازجان خود بیزارو برخی از فرط بـی نوائـی بسان بوتیمار درکلبه خود پریشان حال و زار و غمخوار میباشند. بهکوردی: به سکالأو ستهم لێکراوی عهرزتان ئهکـهین که سوپاس بۆ خوا سێبهری دادی ئێـوهی هێـژا و پـیرۆزترین شـههریار گیـانم بـه قوربـانی بـیّ بـه سـهر هـهموو شوێنێکدا پهخشهو له سایهی هوما پایهی ئهودا له هەموولایەك ئاسایش ههیه. جگـه ئـهم مهڵبـهنده دامـاوه کـه بـه دهسـت سـتهمی ئـهم و ئـهوو هاوسـێیهتی ئهشقیاکان و تێپهڕینی هـۆزی جافـهوه پهرێشـانه. لـه سـۆزو داوهریـی شـایانه بێبهش و بیّ جیّ وریّ ماوینهتهوه... پێویسته کاروبارمان چاك بکـهن. له بـهر ئـهوه به زیادکردنی یـهك نوختـه (محرم) به شێوهی (مجرم) و بهلابردنی یـهك نوختـه (سقن) بـه (سـقر) ئـهگۆڕیّ. پـهروبالیکیان بـۆ نهمێنشـتووین تـا لـهکاتی سهربڕین و تهسلیم کردنی نیوه گیاندا پهله قاژهیـهك بکـهین. زۆربهی پیاوانی ئێره له بـهر پیتـاك و سهرانه ناتوانن ژیـانی مالّ و منداڵنیـان دابین بکـهن و بـه فرمێسـکی گـهرم و ههناسـهی سـارد ئهسـازێن. هـهندێکیش لـه ترسـی گیـانی خۆیـان هـهلّدێن و دهسـتهیهکیش لهبـهر لـهڕولاوازیی ئهکـهون و ههڵئهسـنهوه و برێکیش لهگیانی خۆیان جاڕستن و ههندێکیش لهبهر بێنهوایی له ڕادهبهر وهك (بوتیمار) له کهلاوهکهی خۆیاندا پهرێشان و زویر و غهمبارن.

٢. حاجی سهلیم خان : سهرۆکی هۆزی فهیزوڵلابهگی و شاعیرێکی بهبههرهبووه، لهوهڵامی شیعرهکهی شێخ ڕهزادا ئهم پارچه شیعرهی نووسیوه .

٣. شیعرهکه ههروهکو چۆن کاك عومهر فاروقی بلاوی کردۆتهوه:

شێخ نەیبیستوە چەن ساڵ لەمەوبەر لە مەسافا
هەر جافە چووە نوکی ڕمی موکریی بە نافا
تیپی عەدو وەک پۆلی قوڵەنگ، ئەو وەکو شمقار
تێکی دەشکاند یەک یەک و ئەیخست لە مەسافا
شێخ بێ خەبەرە لەم قسە مەشهوورە لە ئافاق
حەربەو ڕمی ئەو بوو کە بەجێ ما لە غیلافا
هەر ئەو کوڕە جافە بوو لەبەر چۆپی دلێران
نالینی دەهات هەروەکو بووکێ لە زەفافا
زۆر کەس لە جەوانانی ئەوان بوو بە ئەسیر هات
دەست بەستەووتەن خەستەوو گەردن لە تەنافا
چاک وایە نەکات مەدحی ئەوان نەک بڵێ مونسیف
ئەم مەدحە کەفەرموویەتی شێخ لاف و گەزافا
بۆ مەدحەتیان کافیە شێخ بێتو نەزەرکا
مەعلوومە کە مەعنای لە لوغەتدا چیە جافا

* * * * * * *

جاف وشەیەکی کورتی سێ پیتە و تا ئێستەش نووسەران لە مشت و مڕدان بۆ دۆزینەوەی واتاکەی. لە هاوتای ئەم وشەیەدا هەژاری موکریانی نووسیویە:

جاف: گیایەکە لە ناودا دەڕوێ و گوڵێکی وەنەوشەیی هەیە[٩].

نووسەری تەئریخی جاف ئەڵێ: هۆزی جاف هۆزێکی ئازاو دلێر بووە و هەمیشە پێشتازی لەشکری کاربەدەستان و حوکمڕانی کوردستان بوون، لە

پێناوی ئەو لەشکرانەدا دەردو جەفایان کێشاوە، بۆیە پێیان وتوون جەفاکێش و، بە تێپەڕینی ساڵ وشەی جەفاکێش گۆڕاوە بە جەفا و جەفا بە جاف [١٠].

هەر لەم بارەوە « قانعی شاعیریش هەر لەو بڕوایەدایە کە عەشیرەتی جاف پاشماوەی سوارە جەفاییەکانە کە تایفەیەکی هەڵبژاردەی شاە سوڵتان حسەین، ئاخرین فەرمانڕەوای صەفەوین (١٦٩٤-١٧٢٢) کە پێیان سپێرابوو دەوروبەری ئەصفەهان لە چەتەو ڕێگر پاك کەنەوە، ئەم سوارانە خۆیان بوونە چەتە و ستەمێکی فراوانیان لە دانیشتوانی دێهاتی ئەو ناوچەیە ئەکرد و بەسوارەی جەفایی واتە سوارەی زۆردارو بێ بەزەیی ناوبانگیان دەرچوو، ئەو سوارانە کە پێیان ئەوتن سوارەی جەفایی هەندێکیان ناویان ئاوابوو : هارون، شاتر، میکائیل، ئیسماعیل عوزێر، کەمال .... هتد. ئێستەش بە خێڵەکانی جاف ئەڵێن: هارونی، شاتری، میکایەلی، ئیسماعیل عوزێری، کەماڵەیی » [١١].

«ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس لەو بڕوایەدایە کە جاف ئەسڵەکەی (ژاف) ە بە مەعنای تەڕە، بەو مەعنایە عەشایری کۆچەریی جاف هەموو ساڵێ سەرکەوتوون بۆ کوێستانەکان بۆ سوود وەرگرتن لە گیاو خواردەمەنی تەڕ بۆ خۆیان و حەیوانیان، وشەی ژاف بووە بە جاف » [١٢].

خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی بەڕیشەی (جەعفەر) ی ئەزانێ کە لە کوردیدا ئەبێتە جافە [١٣].

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی ئەڵێ: جاوانیەکان هۆزێکی کوردن، کاتی خۆی لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە بۆ خوارەوەی عێراق و لەگەڵ هۆزی (بنی اسد) شاری حللەیان دروست کردووە. پاشماوەی ئەم هۆزە ئێستە لە ناوچەی (دەماوەند) ی ئێران نیشتەجێن [١٤].

هەروەها دەڵێ: بە پێی نووسینی مێژوونووسی عەرەب -مەسعودی- جاوانیەکان لە ناوەڕاستی چەرخی چواردەی کۆچیدا لە هۆزە هەرە بەناوبانگەکانی کوردبوون و لە ناوچە شاخاویەکانەوە بەرەو خوار بوونەتەوە[١٥].

دیسان دەڵێ: (جاوان) لە پێشا (چاڤان) بووە، ئەمەش بە پێی شێوەی زمانی کرمانجی سەروو کە بە زۆری لە جیاتی پیتی (واو)، (ڤێ) ئەخوێننەوە. شێوەکانی تری کوردی هەر (واو) ئەخوێننەوە. هەرچەندە لە زمانی فارسیدا ئەم وشەیە بە (جابان) هاتووە. دوور نیە وشەی (چاڤان) عەرەبەکان بە (جافان) یان خوێندبێتەوە کە وشەیەکی دوانە (تثنیە)یەو بە درێژایی ساڵ بووبێتە جاف[١٦].

ئەمە تا ئێرە کورتەی بیروڕای نووسەرانە لە مەڕ وشەی جافەوە. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بیروڕاکانیان ئەبێ ئەوە بڵێین کە بەو شێوە ناو لێنانە نیشانەکەیان نەپێکاوە و بەوەش زیانێکی گەورەیان بە مێژووی ڕەگەزی ئەم هۆزە دێرینە گەیاندووە. هەروەها ئەو شەجەرەی کە ئێمەش بڵاومان کردۆتەوە و دیاری دەکات کە بە ڕەچەڵەک دەگەنەوە سەر (سەیید ئەحمەد) ئەوە بیروڕای جافەکانی جوانڕۆیە و بەگزادە جاف موردای حاشا لەوە دەکەن کە سەیید بن، منیش ئەمەم پێڕاستە چونکە دیرۆکی دروست بوونی جاف گەلێ کۆنترە لە هاتنی ئیسلام. من بۆ خۆم پێم وایە کە دروست بوونی جاف وگۆران لەناو کورددا هێندە کۆنن بە دواداچوونی وردی دەوێ تا ڕاستییەکەی دەربکەوێت.

ئێستەش دەچینە سەر ئەوەی کە ئەم هۆزە گەورە چۆن بە درێژایی ڕۆژگار بووە بە چەند بەشێکەوە و بە پێویستی دەزانم کورتە باسێکیان لێوە بکەین لەگەڵ هەندێ لە هۆزەکانی دیکەی ناوچەی هەڵەبجە کە جاف نین.

١. تاوگۆزی: لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (تاوگوێ) ی سەر بەناوچەی جوانڕۆن. ناوەکە لە ناوی دوو درەخت پێکهاتووە (تاوگ + گوێز) کە ئێستەش گوندەکە هەر ئاوەدانە. لەم دیو لەم گوندانەدا نیشتەجێن: (سەرشاتەی خواروو، سەرشاتەی ژووروو، زارێن، سەعداوا، گڵێجاڵ، گمە، پشتە، قەڵپ، گوکوڵێن، کانیژەنان، مۆرتکە، گەڕاو، پشت قەڵا، کانی وەیسکی، بەلەسۆ، بەڕوێنی سەروو، بەڕوێنی خواروو، چوارداران، تووە وشکێ، خێڵی گورگە، بەشی ئەلی، بانی بۆلان). لە هەندێ لەم گوندانەدا بنەماڵەی (زەردۆیی، شەرەویانی، قواوی، باوەجانی) هەن. ئەم ناوچەیە بەر لەوەی تاوگۆزی و خێڵەکانی تری تێ بێت هەردوو گوندی (زارێن) و (پشت قەڵا) ئاوەدان بوون.

٢. یەزدان بەخشی یا شەمێرانی: شەمێران ناوی لە مێژینەی ناوچەکەیەو یەزدان بەخشی ناوی هۆزەکەیە، یەزدان بەخش ناوە بۆ کەسێکی ناودار کە بنەڕەتی ئەم هۆزەی دامەزراندووە. ناوچەی شەمێران بریتییە لەم گوندانە (ئیمامی زامن کە سەرەتای حەفتاکان ئاوەدان کرایەوە، بەشی پیرك، توڵەبی، کانی کەوە، وڵوەر، وەرمن، پشت قەڵا، دۆڵی ئاومز، دەنگە وەرە، بەشی ئەحمەد بەگ، دڵفی سەروو، دڵفی خواروو، توون) بەر لەوەی ئەمان بێنە ناوچەکە (دڵف، وەرمن، پشت قەڵا) ئاوەدان بوون.

٢. نەورۆڵی: لە بنەڕەتدا خەڵکی نەورۆڵی بەری جوانڕۆن کە (نورروەلی) ئاوەدانی کردۆتەوەو وشەی (نەورۆڵی لە (نورروەلی)گیراوە، لە دوو دێی نزیکی

کرمانشانیشدا هەندێ ئەورۆڵی هەیە. لە دەوروبەری هەڵەبجەدا ئەبن بە دوو بەشەوە:

یەکەم: ئەورۆڵی پارچەکە بریتیە لەم دێهاتانە (هانە سوورە، سەراو، هانە ژاڵە، کەوتە، نوەر، گونە، میراولی، چرۆسانە، تریفە، پریسی سەروو).

دووەم: ئەورۆڵی دەشت کە لەم دێهاتانەدا نیشتەجێن (پریسی خواروو، بەکراوا، زەمەقی خواروو، تەپە کورە، خێڵی حەمە، گۆمەلار، دێ کۆن، بەشارەتی سەروو، بەشارەتێ خواروو، شەشکی سەروو، شەشکی خواروو، قشلاخەرووتە، هەسە ناوا) بەر لەوەی ئەمان بێنە ناوچەکە هەردوو(بەشارەت و کەوتە و زەمەقی و پریسی سەروو گونە) ئاوەدان بوون، شایانی باسە لە هەردوو بەشارەتدا (یارۆتیسی) و لە هەسەناوادا (کەڵهوڕ) هەن.

٤. میراولی: لە بنەڕەتا خەڵکی گوندی میراولی لای جوانڕۆن و ئەچنەوە سەر ئەمیر عەبدوڵلا کە پیاوێکی گەورەی خواناس بووە. ئێستەش لە ناوچەی جوانڕۆ هەرماون و ئەوانەشیان کە هاتوون بەم دیودا لە گوندی (کانی تو) ی تەنیشت ئەورۆڵیدا ئەژین .

٥. ئیمامی: ئەمانیش خەڵکی شەروینەی لای جوانڕۆن، لە بنەڕەتدا لە هۆزی (مەنمی)ن، باوە گەورەیان بە ناوی (ئیمام ئاخە) بە هۆی ڕووداوێکەوە سەری خۆی هەڵئەگرێت بۆ ئەو ناوچەیە واتە جوانڕۆ، لەوێ نزیک بەمیراولیەکان ئەبێتەوەو میر عەبدوڵلای میراولی کچی خۆی لێ مارە ئەکات. ئێستەش لە دەوروبەری جوانڕۆ لە چەند دێیەکدا ماون و ئەوانەشیان کە هاتوون بە دیوی هەڵەبجەدا لە هەردوو گوندی (لاوران و زمناکۆ) نیشتەجێن.

٦. کۆکۆیی: بەبنەچە ئەچنەوە سەر دێی (کۆکۆ) ی لای دەشتی زەهاو، کە جافەکان کاتی خۆی کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچە ئەمان لەوێ

نیشته جیٚ ئەبن، ئێستەش ئەو گوندە ئاوەدانە، هەندێکی تریان کە نیشتەجیٚ نابن لەگەڵ کۆچەریەکانی جافدا هەر لە ڕەودا ئەبن و ئەو بەشەیان کە دێنە ناوچەی هەڵەبجە لەم گوندانە نیشتەجیٚ ئەبن (چاوگ، چنار، باوە کۆچەك، بۆین، ئەیجەڵە) هەندێکیشیان ئەپەڕنەوە بۆ ناوچەی شەمێران و گوندێك بە ناوی کۆکۆیی ئاوەدان ئەکەنەوە.

٧. **زەردۆیی**: ئەمانیش بەبنەچە خەڵکی گوندی (زەردە)ی دەشتی زەهاوون لە نزیك گوندی کۆکۆ. ئێستەش لە دەوروبەری جوانڕۆ هەن لە گوندی (ڕوان) نیشتەجێن کە بەشێکیان هاتوون بەم دیودا لە گوندی (ڕێشاو و دەڵەمەڕ) نیشتەجیٚ ئەبن، هەندێکیشیان لە (گردە ناویٚ) و(مۆردین). لە گوندی (گردە نازیٚ)ی شارەزوور و (وەڵەسمت)ی بناری شارەزووردا هەن، جگە لەوەی کە بەشێکیان لیٚ پەڕیوەتەوە بۆ نێوان (سەید صادق) و (بەرزنجە) و لەویٚ گوندێکیان بەناویٚ (زەردۆیی) ئاوەدان کردۆتەوە. شایانی باسە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا سەیید تایەری هاشمی لە نووسینێکداوای دیاری کردووە کە ئەم هۆزە جاف نین، بەڵکو بە ڕەگەز پاشماوەی زەردەشتیەکانن. ئەم بۆچوونەی مامۆستا راستە و بەلاٚم ئێستە لە ناوجافدا خۆیان گرتۆتەوە.

٨. **عەبابەیلێی**: بریتین لە دانیشتوانی گوندی عەبابەیلیٚ کە وەك خۆیان ئەڵێن لە (شێخ و بۆر) پێکهاتوون. شێخەکانیان ئەچنەوە سەر شێخ حەیدەری گەورە کە ئەویش لە ساداتی بەرزنجەیە و بۆرەکانیشیان بەشی زۆریان بەرەبابی (حەمە چاوشی)ن.

٩. **یاروەیسی**: ئەچنەوە سەر یاروەیسی باوکی مەحموودی یاروەیس کە لە هەڵەبجەدا دانیشتووە و خەزنەداری مەحموود پاشای جاف بووە. بەشێکیان لە کوردستانی ئێران ماوەو ئەوانەشیان کە هاتوونەتە دەوری هەڵەبجە لەم

گوندانەدا نیشتەجێن (تەپی سەفای سەروو، تەپی سەفای خواروو، بە شارەتی خواروو).

١٠. **سـەیانی**: لـە بنـەڕەتدا باجـەلانین و لـە ناوجـافدا تواونەتـەوە، بـە شێکیان لە ناوچەی مەریوان ماونەتەوە بەشێکیشیان هاتوون بەم دیودا کە لەم گوندانەدا ئەژین (کوڵکنی حاجی حەمە سوور، کوڵکنی سمایل، کوڵکنی حاجی فەقێ کەرەم، گردی گۆ، گێڵەك، گردی قازی، تەپە تۆڵەکە، تەکیـە (ئـاوایی حەمەمین مراد)، ئاوایی حەمە فەرەج، شێرەمەڕ، تازە دێ) .

١١. **کەڵـهوڕ**: بەڕەگەز ئەچنەوە سەر کەڵهوڕەکانی ناوچـەی کرماشـان. ئـەمانیش جـاف نـین و ئەوانـەیان کـە هاتوونەتـە شـارەزوور لـە نـاو جـافدا تواونەتەوە، لەم گوندانەدا نیشتەجێن (خاکو خۆڵ، لامەرکەزی، تەپە گولاوی، شەکرالی، گردی شەریف، هەسەناوا). لە (شەکرالی) دا هەندێ لە هۆزی (وەلی) و (یاروەیسی) هـەن، لە (هەسەناوا) شدا هـەندێ نـەورۆڵی هەیە. کە ئـەم گونـدە کاتی خۆی کەڵهوڕەکان ئاوەدانیان کردۆتەوە، لە بەر ئەوەی خۆیان لـە بنـەڕەتدا خەڵکی (هەسەناوا) ی نێوان کرماشان و ڕوانسـەرن هـەر بـەو نـاوەوە ئەمیشـیان ناوناوە هەسەناوا.

١٢. **عەمەڵـەیی**: لـە هـۆزە کۆچەریـەکانی ناوچـەی جوانڕۆبـوون، لـە بەرئـەوەی کاروبـاری بـەگزادەکانی جافیـان هەڵسوڕاندووە نـاونراون عەمەڵـە، عەمەلەو ئەتباع دوو وشـەی عـەرەبین و لـە دەربارەی میرو بـەگزادەکاندا بۆ دوو چین خەڵك بەکار براون. ئەوانەیان کە هاتوون بەم دیودا بەشێکیان لە گەرمیان ناوچەی کفری نیشتەجێ بوون و بەشێکی کەمیشیان لە شارەزووردا لە گونـدی (جانجان) دا جێگیر بوون و هەندێکیشیان لە (کاگرەڵ) هەیە.

١٢. وەلەو بەگی: بەرەگەز ئەچنەوە سەر وەلەد بەگ ناوێ، ئێستە بەشی هەرە زۆریان لە ناوچەی (جوانرۆ) و (پاوە)ن، بەشێکی کەمیشیان هاتوون بەم دیودا لە گوندی (ئاوایی: رۆستەم بەگ) و(هەرەشیش) و (ریشێن) و (دێ کۆن) نیشتەجێ بوون.

١٤. هاروونی: ئەچنەوە سەر هاروون ناوێك، کە پیاوێکی هۆشیار و دەم راستی دەربارەی باپیرەی زایەر بەگ بووە. پاشان کە نەوەی لێ ئەبێتەوە بە هاروونی ناو ئەرنەکەن، لە شارەزوور و بناری شارەزووردا لەم گوندانەدا نیشتەجێن (قاجر، تەپەرێزینە، قەدەفەری، مەستەکانیمەلاعەلی، مەستەکانی کۆن، قوڵخورد، عەلیاوا، گوڵە خانە، مەلا وەیسە، کانی شێخ، قارەمانی، غوڵامی سەروو، غوڵامی خواروو، دوانزە ئیمامی سەروو، دوانزە ئیمامی خواروو، بێژاوا، گردی شەریف، دەرە گولان، ریشێن، قارەمانی. نێرگسە جار، گوڵان. چەرداسنە، وازۆڵ، گولانە کۆن، تومقوت، دێی قادری مارف، گامێش تەپە، ناوگردان، بێ ڕەشکە، شاتوان، دۆلاش، کەلوران، تەپەرەش، کشەیەری). بە شێکیشیان لە بەری جوانرۆ ماونەتەوە.

١٥. شاتری لە گوندەکانی: (دێی قادری مارف، گامێش تەپە، هەردوو مەستەکان، ناوگردان، بێ ڕەشکە، دۆلاش، شاتوان، کەلوران) هاوڕێ لەگەڵ هارونیدا (شاتر)یش ئەژین. کە ئەمانیش جافن و بەرەگەز ئەچنەوە سەر کوێخا شاتر ناوێك.

١٦. دەوانی: تەنیا لە گوندی (گریانە) ی نزیك گوێ ئاوی سیروانـدا ئەژین و بە بنچە ئەچنەوە سەر دەوانیەکانی ناوچەی جوانرۆ، کاتی خۆی ئەم دەوانیانە سەر بە رێبازی - ئەهلی حەق کاکەیی بوون و گەلێ پیاوی ناوداریان تیا هەڵکەوتووە وەکو (پیر میکائیلی دەوانی) کە لە ناو خەڵکدا بە

پیرمکەیانێ نەناسرێ و (بابا سەرهەنگی دەوانی) کە گۆڕەکەی لە تەوێڵەیە و هەندێکی تر. پاشان دەوانیەکان لەو ڕێبازە وازیان هێناوە و موسوڵمان بوون.

١٧. **سازانی:** لە گوندی سازان و یەك دوو ماڵێکیشیان لە (باوەکۆچەك) هەیە، ئەمانە نەوەی شێخ مۆمنی سازانین کە ئەویش خەڵکی سەلاوات ئاوای ڕۆژهەلاتی شاری سنەیە. شایانی باسە سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانیش لەم بنەچەیە .

١٨. **کەماڵـەیی:** ئەم هـۆزە بەشی زۆریان لە گەرمیان ئەژین، ئەوبەشـە کەمەشیان کە هاتوونەتە شارەزوورەوە لە گوندی (قلرخی سەروو)، (قلرخی خواروو) ئەژین.

١٩. **شـێخ سمـــایلی:** بەشـێکیان لـە کوردسـتانی ئێران و بەشـێکیان لـە شارەزوورو بناری شارەزووردا لەم گوندانەدا نێشتەجێن (شانەیەری، ئاوایی حاجی ئامیق، کەچەڵی، ماو، کێلەکەوە، گڵە زەردە، سەراوی سوبحان ئاغا، هەیاس، موانەکان).

٢٠. **قەویلـــەیی:** بەشـێکیان لـە دۆڵـی گـەلاڵی نێـوان سـەید صـادق و بەرزەنجەدا ئەژین و بەشێکیشیان لە بناری شارەزووردا لەم گوندانەدا جێگیر بوون (توتا قاج، دەرە گولان، مایندۆڵ، کانی ئاسکان، کانی سپیکە، ڕیشێن).

٢١. **یۆسـوجانی:** لە شارەزووردا لـەم گوندانـەدا نیشتەجێن (قوماشی ئەحەی فارس، تاسلۆجە، سەروای سوبحان ئاغا، کشەیەری) .

٢٢. **گــــەلاڵی:** ئـەم هـۆزە لـە بنچینـەدا جـاف نـین، بـەڵکو بەڕەگـەز دەگەڕێنـەوە سەر جەلالیـەکانی ناوچـەی تەرگـەوەڕو مەرگـەوەڕ، سـەرچاوەیەك پێمـان دەڵێ (لەسەردەمی کۆنەوە کورد لـەم ناوچەیـەدا –شـارەزوور– ژیـاوە. ناوی چەند تیرەو هۆزێك دیاری کراوە کە نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بوون وەك

هۆزی جەلالی، باسیان، سیوەیلی)[١٧]. ئەم هۆزە لە دەشتی شارەزووردا لە گوندەکانی (مالوان، تەپەکەل، سۆیلەمیشی سەروو، سۆیلەمیشی خواروو) دا نیشتەجێن. لە بناری شارەزووریشدا لەم گوندانەدا (کانی کەوە، کانی کەوەی چووخ، ئالان، حاسڵ، قەڵبەزە، کانی مرواری، دەق، بان دەق).

٢٣. ئێناخی: لە کوردستانی ئێراندا لە ناوچەی خۆیاندا نیشتەجێن کە دەکەوێتە خۆراوای شاری پاوە لە سەر ئاوی سیروان. هەندێکیشیان هاتوون بەم دیودا بە پرش و بلاوی لەم گوندانەدا دەژین (نەیجەلە، لمە، پێگە، سازان، کۆساوا).

٢٤. بەرازی: ئەم هۆزە بەرەگەز خەڵکی کوردستانی تورکیان. نەمانزانی بەچ هۆیەکەوە ئەم هەندەیان پەڕیوەی شارەزوور بوون. لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی هاروونی و زەردۆیی و بڵباسدا لە هەردوو گوندی (قاینەیجە) و (گردە نازێ) دا نیشتەجێن.

٢٥. دۆم: ئەم هۆزە زۆرتر لە شاری (سەیید صادق) و (هەڵەبجە) دا دەژین. لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری (دۆمان) ی هیندستانن. هەروەکو (قەرەچی) خەڵکی شاری (کەراچی) پاکستان و (خەڕات) خەڵکی شاری (هەڕات) ی ئەفغانستانن. دۆم و خەڕات لە ناو کورددا تواونەتەوە و ئێستە هەموو سیفەتێکی کوردیان وەرگرتووە. دۆمەکان لە بنەڕەتدا لە سێ تیرە پێکهاتوون:

١. دێلن سلیڤان کە گەورەترین تیرەی دۆمن و سەرۆکایەتی دوو تیرەکەی تر دەکەن .

٢. داروین: ئەمانە کاریان دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلە ژەندنە و لە سەر ئەوە ژیاون.

٢. جولانی قەفقاسی : ئەم تیرەیان دەست رەنگینن. کلاش و قەفەزو پنە و تیزۆك و تولینەو تەیکەو لانکە و شتی وا دروست ددکەن و لە سەری دەژین .

٢٦. خەڕات: بە پرش و بلاوی لە شارەزووردا ئەژین و هەندیکیان زەوی و زاریان کڕیوە .

ئەمانەو هەندێ هۆزو تیرەی تر لە شارەزوور و بناریدا دەژین، بەلام لە بەرئەوەی ئەو پەڕی سنووری ناوچەی هەڵەبجەیان گرتووە بە پێویستم نەزانی کە هیچیان لە سەر بنووسم.

کاکەییەکان

کاکەییەکان وەکو (ئەهلی حەق) یشیان پێ ئەگوترێ هۆزو تیرە نین، بەڵکو دینێکی کۆنی کوردن و پاشماوەی دیانەتی زەردەشتین. بە پێویستم زانی لێرەدا ئاورێکی تایبەتیان لێ دەمەوە. چونکە هەندێکیان لە سێ گوندی ئەم ناوچەیەدا ئەژین بە ناوی (دەرەتوێ، هاوارە کۆن، هاوان).

کاکە وشەیەکی کۆنی کوردیە هەم بە واتای (برا گەورە) و هەم بۆ (ڕێزگرتن لەکەسێ) بەکار ئەهێنرێ. هەندێ جار بە (ئەهلی حەق) ناو ئەبرێن بە واتای ئەوەی کە بڕوای تەواویان بە بوونی خوا هەیە و هەر ئەو بە حەق ئەزانن. هەندێ سەرچاوەش بە (عەلی ئیلاهی) ناویان ئەبات، کە خۆیشیان باوەڕیان بەم نازناوە هەیە. چونکە لە بناغەی دینەکەیاندا بڕوایان بە (دۆنا دۆن = تناسخ الارواح) هەیە... گوایە خوا حەوت جار خۆی دەر ئەخات و ئەچێتە گیانی حەوت کەسی پایە بەرزەوە کە یەکێك لە وانە (حەزرەتی عەلی)ە. وشەی عەلی لای کاکەییەکان زۆر بەڕێزە، هەم بەشێوەیەکی فراوان ناوی کوڕ ئەنێن عەلی یا ئەیخەنە بەر ناوی ترەوە، وەکو (عەلیرەزا، عەلیوەیس، عەلیمحەمەد) هەم لە بەیەك گەشتن و خواحافیزیدا بە یەکتر ئەڵێن (یا عەلی) و وەلام دەرەوەش ئەڵێ

(عـەلی یـارت). کاکەییـەکان لـە کوردسـتانی ئـێراندا لـە (کرماشـان، کرنـد، تووشامی، کۆزەران، ئیسلام ئاوا - شەهاباد- دێیەکی نزیکی شاری قـروە، دێ یەکی نێوان سنەو مەریوان و هەندێ دێهاتی تری دەوروبەری کرند، هەندێ شوێنی لورستاندا ئەژین) لـە کوردسـتانی عـێراق دا جگـە لـەو سـێ گونـدەی نزیکی هەڵەبجە کە ناومان بردن، لە قەڵەم حاج و دوو شێخی نزیك مەندەلی و کەرکوك و هەندێ دێهاتی نزیکی دا ئەژین.

هەندێکیشیان پەیڕەوی رووسیا بوون و لە هەرێمی (ئـەلیزابیت پۆڵـی) ناوچـەی قارسـدا ئـەژین. هەندێکیشـیان لـە چـوار گونـدی ناوچـەی داقـوق دا نیشتەجێن.

کاکەییەکان ئەگەرچی تا ئێستە لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە تیا ئەژین هەر لە سـەر دینـی خۆیـان ماون و دینـی ئیسـلامیان قبـوڵ نـەکردووە، بـەڵام هەمیشە هەوڵیان داوە کە بەرنامەکەیان لـە نـاو خۆیـاندا بشـارنەوە و نـەهێڵن کەسی تر لە ڕازونهێنیان تێبگات. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەندێ نووسـەر بـە هـەر دەردی سەرییەك بووە خۆی لێ نزیك کردوونەتەوە و بڕێ لە دینەکەیانی کەشف کردووە. ئەوانەی لەم بارەوە شتیان نووسیوە حەزم کرد بە سەریان بکەمەوە.

١. مینۆرسـکی: سـاڵی ١٩١٥ بـە زمـانی ڕووسـی کتێبێکـی بـە نـاوی (کوردەکان)ەوە نووسیوە و لەو بەرهەمەیدا ئاوڕی لـەم دینـە داوەتـەوە و هەندێ باس و خواسی بە سوودی لە سەر کردوون.

٢. نووسەرێك بە ناوی نهێنی -عراقی- لە ساڵی ١٩٢٩دا بەزمانی عەرەبی وتارێکی لـە دوو تـوێی پێنـج لاپـەڕەدا لـە گۆڤـاری (لغـە العـرب) دا بـڵاو کردۆتەوە. بنجی وتارەکەی ئەم نووسـەرە لەسـەر کاکەییـەکانی گـەڕەکی - قەڵەم حاج - ی شاری مەندەلیە، کە بە پێـی خۆی هـەوڵی داوە هـەندێ لە

سەر ئاداب و رسوومیان بنووسێ. بڕوانە گۆڤاری لغە العرب. بەرگی ٧سالی ٧.

٣. لەبەرگی ٨ی هەمان گۆڤاردا نووسەر عبد الرزاق الحسنی وتارێکی لە بەرپەرچی – عراقی– دا نووسیوە و هەندێ زانیاری تری تێدا خستۆتەڕوو.

٤. سالی ١٩٤٩ نووسەر عباس العزاوی کتێبێکی بە ناونیشانی (الکاکائیە فی التاریخ) نووسیوە. ئەمیش هەندێ زانیاریێ بەکەلکی تیایە، ئەگەر چی خوێنەر بە پێی ناوی کتێبەکە چاوەڕێی گەلێ شت لە نووسەر ئەکات، بەلام لە ڕاستیدا ئەوەی نەوتووە کە ئەو ناونیشانە لە کتێبەکەی بنێ .

٥. ئەمین زەکی بەگ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی – خۆلاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان – چەند لاپەڕەیەکی لەسەر ئەم ڕێبازە هەلداوەتەوە کە بەداخەوە ئامانجەکەی نەپێکاوە .

٦. مەلا جەمیلی ڕۆژ بەیانی لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا ژمارە (٧) وتارێکی تێرو تەسەلی لەسەر مەندەلی و کاکەییەکان نووسیوە کە لە گەلێ جێگادا باسەکەی باش شیکردۆتەوە .

٧. ئەدمۆندز لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا کە من بۆ خۆم بە فارسی خوێندومەتەوە بە ناونیشانی (کردها، ترکها، عربها) بەشێکی داناوە بۆ لێکۆلینەوە لەسەر کاکەییەکان و دینەکەیان.

٨. دهخدای نووسەری گەورەی فارس لە بەرگی چوارەمی لوغەت نامەکەیدا هەندێ باسی لە سەر کردوون .

٩. له گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (١١، ١٢) ی ساڵی یەکەمدا تۆفیق وەهبی بەگ لە ناوباسی (دینی هیندۆ ئەوروپاییەکان) دا شتێکی لەم بارەوە نووسیوە .

١٠. سەیید قاسمی ئەفزەلی کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی ئەم ڕێبازە و ئێستە لە شاری کرماشان دانەنیشێ بە ناونیشانی (دفتر رموز یارستان) بە زمانی فارسی کتێبێکی قەوارە گەورەی بڵاو کردۆتەوە، ئەم بەرهەمە زۆرتر شیعری شاعیرانی سەر بەو ڕێبازەی تیایە تا باس و خواسی چڕو پڕ لە بارەی دینەکەیانەوە. هەرچەندە لە ناو ئەو شیعرانەدا کە بڵاوی کردوونەتەوە گەلێ سەرەداوی دینەکە ئەکەوێتە دەست خوێنەر، بەڵام لە زۆر شوێندا پەراوێزی پێویستە کە نووسەر دای نەناوە .

سەیید قاسم ئێستە لەگەڵ سەیید نەسرەدینی یەکە پیاوی کاکەییەکانی کوردستانی ئێراندا کەوتۆتە کێشەوە، زیاتر لە سەر ئەوەیە کە سەیید نەسرەدین لەو بڕوایەدایە کە نابێ شتیان بخرێتە بازاڕی نووسینەوە، بەڵام سەیید قاسم بە پێچەوانەی ئەومەوە بیر ئەکاتەوە و ئێستەش بەر هەمێکی تۆکمەی ئامادەی چاپ کردووە کە بەقسەی خۆی (گەورەترین خزمەتە بە کورد).

من بۆخۆم کاك سەیید قاسمم چەند جارێ دیوە وگەلێ باس وخواسمان پێکەوە کردووە. تەنانەت ڕەخنەم لە ناونیشانی کتێبەکەی گرت و پێم وت کە (یارستان) هەڵەیەو (یارسان) دروستە، بە واتای (یار + سان) سان کورتکراوەی سوڵتانە کە بۆ سەروەری بە سوڵتان ئیسحاق ئەڵێن. لە وەڵامدا وتی هەڵەی من نیە و خۆش نووسەکە وای نووسیوە .

١١. ماشاء الله سوری نووسەرێکی ترە کە بە ناونیشانی (سرود دین یارسان) کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە. کتێبەکە بریتیە لە بیستو یەك پارچە پەخشان و دە سروودی دینی ئەو ڕێبازە، ئەم کتێبەش دیسان پێویستی بە هەندێ پەراوێز هەیە کە بە داخەوە نووسەر خۆی لێ بواردووە .

١٢. کاکەیی ناونیشانی کتێبە بە نرخەکەی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانیە کەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی پێش خۆی وەهەروەها هەندێ زانیاری کە لە گوندی هاوار دەستی کەوتووە لە ڕووپەڕی (٣٠٤) لاپەرەدا لێکۆڵینەوەیەکی بەهاداری لەم بارەوە کردووە و ئەتوانرێ ناو بنرێ سەرچاوەیەکی بە کەڵك و پڕ بایەخ .

١٣. صدیق بورەکەیی: هەرچەندە نووسەرێکی خاوەن متمانە نیە، بەلآم لە سەر ئەم بابەتە چەند شتێکی بلأو کردۆتەوە کە بەوتەی سەیید قاسمی ئەفزەڵی شێواندوویەتی و بازرگانی پێوە ئەکات. تەنانەت جارێکیان سەیید قاسم وتی: لە وەزارەتی ئیرشاد شکاتمان لێکردووە کە جارێکی تر لە سەر بەرهەمی ئێمە نەنووسێ.

کتێبەکەی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سەرچاوەیەکی زۆر باشە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی ئەم دینە و بەسەرکردنەوەی نموونەی پەخشان و شیعریان. من لێرەدا ئەو شتانە ناڵێمەوە و ئەو کەسەشی ئەیەوێت سەر لەم دینە دەربکات بابگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوە. تەنیا شتێ کە بە پێویستی ئەزانم باسی بکەم ئەم دێڕانەی خوارەوەیە کە پەیوەندییان بە کاکەییەکانی ناوچەی هەڵەبجەوە هەیە، چونکە باسەکەمان ئەوە هەڵئەگرێت.

١. ئەفسانە: لای کاکەییەکان ئەفسانە زۆرە کە ئەوەش لە بواری خۆیدا نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیەو ئەوانەی لە ئەفسانەی کوردی ئەکۆڵنەوە

ئەتوانن سوودی لێ وەربگرن. مامۆستا محەمەد ئەمین لە کتێبەکەیدا هەندێ ئەفسانەی ڕست کردووە. منیش لێرەدا ئەفسانەی (دیتنی شاهی عالەم و لە دایك بوونی سوڵتان) ئەنووسمەوە، کە ئەم ئەفسانەیەم هەم بەدەمی لە کاك سەید هەژیر وەرگرتووە، هەم سوودم لە پێشەکیەکەی (دفتر رموز یارستان) وەرگرتووە. ئەفسانەکەش لە ناوچەی هەڵەبجەدا بووە. بەم شێوە :

دەستەیەك لە غولامەکان لەگەڵ حەزرەتی پیر بنیامین دا و هاوڕێ لەگەڵ داود و پیر موسا ومستەفا لە کەناری دەریاکەدا (مەبەست ڕووباری سیروان) ە مانەوەو ماوەیەك چاوەڕوانیان کرد. هەریەکە و لە گۆشەیەکدا دانیشتن، جار جاریش ئەگەڕان. یارەکان تاقەتی چاوەڕوانی کردنیان نەما. بە پیر بنیامینیان وت: شاهی عالەم بەڵێنی بە تۆ داوە کە بیری بکەیتەوە. پیر بنیامین پێی وتن کە شاهی عالەم بەڵێنی داوە بە پیر (ئەلی) کە هەڵسن و لەگەڵیا بچین بۆ مۆڵکی (مۆردین) . هەڵسان و لەگەڵیا ڕۆشتن. دوای ئەوەی ماندوویەتییان دەرچوو ڕوویان کردە پیر ئەلی و پێیان وت : لە سەر بەڵێنی شاهی عالەم هاتووین بۆ لای تۆ، وای بە پێویست ئەزانین کە جارێکی تر زیارەتی بکەینەوە. پیر ئەلی پێی وتن : ئەگەر شاهی عالەمم دۆزییەوەو هێنام بۆ لاتان چ پاداشتێکم ئەدەنەوە ؟. هەموو پێکەوە وتیان : ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەی بە پیری خۆمان قبووڵت ئەکەین و ئەبینە موریدت. چونکە پیر ئەلی کەسێکی خاوەن کەرامات بوو خۆی کرد بە باڵندەیەك و بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان باڵی گرتەوە، لەوێ هەرچەند گەڕا شای عالەمی نەدۆزییەوە. ئینجا دابەزی و خۆی کرد بەبنی دەریادا، لەوێ شای عالەمی بینی لەگەڵ دەستەیەك لە یارەکانیدا لە ژێر (گرە ساجنار) دا دانیشتووە. داوای کرد بچێتە پێشەوە و قسەی لەگەڵ بکات، پرشنگی ساجنارەکە ڕێی لە ڕۆشتنی گرت، گەڕایەوە بۆ لای

هاوڕێکانی و پێی وتن: شاهی عالەمم دۆزییەوە. بەڵام هەر چەندم کرد نەمتوانی لێی نزیك ببمەوە.

یارەکان کاتێ جێگەو ڕێگەی شاهی عالەمیان زانی دەستەو داوێنی پیر بنیامین بوون و لێی لاڵانەوە: تکایان لێکرد که ئەرکی بەجێ هێنانی ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ - ئینجا پیر بنیامین شوێن پێی پیر ئەلی هەڵگرت و هەنگاو بەهەنگاو شوێن بە شوێن گەڕا. چووە بنی دەریا، لەوێ شای عالەمی بینی کە لە ژێر ساجنارەکەدا دانیشتووە. پرشنگی ساجنارەکە هێندە بە تین بوو کەس نەینەتوانی لێی نزیك بێتەوە. پیر بنیامین هیممەتی نواند، ڕۆشتە پێشەوەو بە خزمەتی گەیی، کەوت بەسەر دەست و پێیدا و عەرزی کرد ئەی دین و ئیمانم... هەموو غولامەکان چاوەڕێی بەڵێن و تەشریف بەخێرهێنانی ئێوەن و هیوادارم وادەکەت بەریتە سەر. شای عالەم فەرمانیدا کە بەهەموویان بڵێ بڕۆنەوە بۆ جێی خۆیان، بە پیر ئەلی بڵێ کە لە موڵکی مۆردیندا چاوەڕێ بکات، بۆنی ئێمە وەکوشنەی بەربەیان بەڕێوەیە. هەر کاتێ کەوتینە ڕێ بێت بۆ (پردیوەر) بۆ لام، بە داود و پیر موساش بڵێ بڕۆن بۆ ماڵی شێخ عیسای کوڕی سەیید بابا عەلی لەوێ نەیانبینم. بنیامین گەڕایەوە بۆ ماوای خۆی، لەوێ چەند شەوو چەند ڕۆژ چاوەڕێی کرد. پیر بنیامین و داود و موساش خۆیان گەیاندە ماڵی شێخ عیسا. شەوێکیان شێخ عیسا لە خەودا بینی کە چەند دەروێشێ هاتوونەتە ماڵەکەی و دیاری و گەوهەری بە نرخیان بۆ هێناوە. کاتێ لە خەو هەڵساو گەڕایەوە بۆ ماڵ سەیری کرد دەروێش لەوێن. کە سەرنجی دان بۆی دەرکەوت هەر ئەوانەن کە هاتبوونە خەوی. دەروێشەکان کە شێخیان بینی زۆر دڵشاد و خۆشحاڵ بوون. دوای ئەوەی چەند ڕۆژێ لە خزمەتیا مانەوە داوایان لێکرد کە ژنێ بهێنێ. شێخ لەوەڵامدا وتی: من پیرە مێردێکم هەروەها

ئەوەندەش ماڵ و سامانم نیە کە بتوانم ژنی پێ بهێنم. دەروێشەکان وتیان : قوربان حسەین بەگ پیاوێکی دەوڵەمەندەو چەند کچێکیشی هەیە، ئێمە ئەڕۆین داوای یەکێك لە کچەکانی ئەوت بۆ ئەکەین. لێیاندا ڕۆشتن بۆ ماڵی حسەین بەگ. چەند ڕۆژێ لەوێ مانەوە کەس لێی نەپرسینەوە. پاشان داوایان لە یەکێ لە خزمەتکارەکان کرد وتیان ئیشمان بە جەنابی حسەین بەگ هەیە. ئینجا حسەین بەگ بە دیارییەکی بە نرخەوە هاتە لایان و داوای لێبوردنی لێکردن. ئەوانیش دیاریەکەیان وەرنەگرت، وتیان ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بەڵکو بۆ کارێکی تایبەتی هاتووینەتە خزمەتت. حسەین بەگ وتی: کارەکەتان چی‌یە؟ هەرچیم لە دەست بێ بەجێی دێنم. وتیان : قوربان لە ماڵە بەشەرەفەکەتدا چەند کچێکت هەیە، ئەوەیان کە لە هەموویان بچوکترە و ناوی خاتوون (دایراکە) داوات لێ ئەکەین کە بیدەیت بە شێخ عیسا. حسەین بەگ سەیرێکی کردن و وتی: خەیاڵتان کردووە. پاشان بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وتن: دەروێشینە شێخ عیسا پیاوێکی پیر و هەژار و کەم دەستە و ماڵ و حاڵێکی نیە کە ئێوە هاتوون خوازبێنی کچی بۆ ئەکەن. دەروێشەکان هەر سووربوون لە سەر داواکردنی. پاشان حسەین بەگ وتی باشە بەڵام بە مەرجێ هەرچییەکم وت بۆم بەجێ بێنن و دڵگران نەبن. دەروێشەکان وتیان : قوربان داخوازیتان چیە بیڵێن تا بزانین چیەو لە توانامان‌دا هەیە بەجی‌ی بێنین. حسەین بەگ وتی : بۆ ئەم مەسەلە حەوت کاروان باری وشتر دانەوێڵەو گەوهەرم ئەوێ. ئەگەر ئەتوانن بە دەستی بێنن ئەوا کچەکەمتان پێشکەش بێ. ئەگەر ناشتوانن ئەوا لە کوێوە هاتوون بڕۆنەوە. دەروێشەکان دەستیان خستە سەرچاویان. هەڵسان بەرەو گوندی (تەپی سەفا) کەوتنە ڕێ. بە بێڵ هەندێکیان لە تەپەکە هەڵکەند دیتیان دەرگایەك دەرکەوت. پیر موسا

قەڵەمەکەی گرت بە دەستەوە، هەرچی حسەین بەگ داوای کردبوو لە ژێر تەپەکەدا دەریان هێنا. ئەوە وای کرد کە هەموو خەڵکی دەشتی شارەزوور لە مەسەلەکە حاڵی بوون و لە خواستەکەی حسەین بەگ تێگەشتن، پاشان دەرگای تەپەکەیان داخستەوە. وشترەکانیان بارکردو بەرەو ماڵی حسەین بەگ کەوتنە ڕێ. حسەین بەگ کە ئەوەی بینی لە کارەکەیان سەرسام بوو، هات بەرەو ڕوویان و بە لالآنەوەوە داوای لێبووردنی لێکردن.

ئەمانیش دەستیان ماچ کردو کچەکەیان لێوەر گرت و بە حوکمی شەرع مارەیان بڕی لە شێخ عیسا. ئیتر ئەو دەستە یارە کەوتنە خزمەت کردنی شێخ و ژنەکەی تا ئەوەندەی کە بۆیان دەرکەوت سکی پڕ بووە. خەڵك کە بەم کارەیان زانی دڵیان لێ پیس کرد و دەستیان کرد بەتانەوتەشەر لێدانی. شێخ عیسا لەوتانەوتەشەرانە نارەحەت بوو، دەروێشەکان ڕۆشتن بۆ ئەشکەوتێکی نزیکی ئەو دەوروبەرە. بە شێخ عیسایان وت : چونکە خەڵك لەسەر ئێمە لۆمەت ئەکەن ئەوا ئێمە ئەچین لەو ئەشکەوتەدا ئەژین تا بۆیسانەکەی کە پیر بنیامین ناشتوویەتی پێدەگات. بۆیسانەوانەکە ناوی (ئیوەت) بوو، ڕۆژێ بە ناو بۆیسانەکەدا ئەگەڕا لە ناکاودا شابازێکی بینی بەسەر دارێکەوە هەڵفڕی و بەسەرتوویەکی وشکەوە نیشتەوە، توەکە سەوز بوویەوەو لەم بارەوە وتی:

باغ ئەو تەماشا...

غولآمان بێدی باغ ئەو تەماشا

شاهو شابازان چو تووت وست را

خاتوون دایراك دامانش کێشا .

پاشان شابازەکە هێدی هێدی دای لە باڵ و لە ماڵی شێخ عیسا نیشتەوە. چووە دەمی خاتوون دایراکەوە، لە ڕێگەی دەمیەوە سوڵتان ئیسحاق لە دایك بوو. پیر بنیامین نایە بێشکەوە و دەستی کرد بە خزمەت کردنی.

<u>تێبینی</u>:

پیربنیامین : مایەی ئەزەلی خاکی دەرەخشانە.

پیرموسا : بریتیە لە مەوادی ئاوی ئاسمانی.

پیرداود : مەنشەئی نیگاری گیانە.

* * * * *

٢. لە بارەی شیعرەوە چەند شاعیرێکی سەر بەم دینە ناو ئەبەم وەکو (بابا ناوسی سەرگەتی، نێرگس خانمی شارەزووری، عابدینی جاف، پیر نالی مۆردینی، پیر محەممەدی شارەزووری، لزا خانمی جاف، دایە خەزانی سەرگەتی، قازی نەبی سەرگەتی، ئەحمەدی جاف، ئیبراهیمی جاف، حاجی سەی باوەیسی، پیر بابا غەیبی هاواری، پیر دلاوەری دەرەشیشی، پیر نەرە باڵاَمۆی). کە ئەمانە پاشان لە گۆشەی شیعردا هەندێ لە ژیان نامە و نموونەی شیعریان پێش چاو ئەخەم، سەرچاوەی بە دەست هێنانی ئەمەش ئەو دەفتەرە دەست نووسانەبوو کە کاك سەیید هەژیر خستنیە بەردەستم .

٣. لە پەراوێزی ئەم باسەدا بە پێویستی ئەزانم ئەوەش بڵێم کە : دەمێکە هەندێ لە لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی (بابا تایەری هەمەدانی) بەسەر قافڵەی شاعیرانی کورد ئەدەنە قەڵەم، بەڵام هیچ یەکێ لەو کەسانە شیعری بە کوردی وتراوی ئەم شاعیرەیان نەخستۆتە بەر دەستی خوێنەر، من بۆ خۆم لە ئەنجامی گەڕان بە دوای کەلەپووری گەلەکەم دا ڕێم لە چەپکێ شیعری کوردی ئەم شاعیرە کەوت کە بەلەهجەی لەکی هۆندویەتیەوە، دامناوە لە لێکۆڵینەوەیەکی فراواندا لە سەر بابا تایەر پێشکەش بە کاروانی شیعری

کوردی بکەم. وا لێرەدا بە چاکم زانی نموونەی شیعرە کوردیەکانی پێشکەش بە خوێنەرانی ئەم کتێبە بکەم .

لە یەکێکیاندا ئاماژە بەوە ئەکات کە لە تیرەی (لەك) ەو ئەڵێ :

م دەروێشـم (لـەک) م ئیعجـاز دیــرم
م دوسـی چـو خوەشـین هـاوڕاز دیــرم
م مەعشــوقێ وەنـــامی فاطمــە لـــوڕ
ســنەوبەر قامـــەتێ پـڕ نـــاز دیـــرم

واتـای هـەندێ لـە وشـەکان (م = مـن. لوڕ و فەیلیـەکانیش هەربـەم شـێوە بەکاری دێنن. دیرم = هەمە. لوڕ و فەیلی و کەوڵوڕیش هـەر بـەم شـێوە بـەکاری دێنن. دوسی = دۆستێ. خوەشین - شاخوشینی لوڕستان کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی کاکەیی و بەشاموبارەکیش ئەناسرێ. وەنامی=بەناوی. فاطمە لوڕ- لـە ژنە ناودارەکانی کاکەییە). لەم دوو بەیتیەی تریدا شوێنی لە دایك بوونیمان بۆ دیاری ئەکات و ئەڵێ :

م تاهــیر ســـــاکینی پــــایی گــــەڕینم
م دەرویش مەسڵەک و ئــاگر دەروینـم
بووریێ دەرباخی خاوم لە حزەیـێ چـەند
ک شایەد وەختی خەو روویـی تـە وینـم

واتــای هـــەندێ لـــە وشـــەکان (ســـاکین= نیشــتەجێ. پـــایی- بنــاری. گـەڕین=چیایـەك ولەوەڕگایەکـە لـە نزیـك شـارۆچکەی خـاوی سـەر بەشـاری ئەلیشـتەری لەکسـتان. مەسـڵەك =ڕێبـاز. دەرویـن-دەروون. بـووریێ =وەرە، لـە

هەورامیشدا بـە کـاردێ. خـاوم=خـەوم. لـەحزەیێ چـەند=چـەند چرکـەیەك. ك شایەد - کە بەڵکو. تە = تۆ. لـە کرمـانجی ژووروشدا هـەر وا بـەکاردێ. وینـم - ببینم. لە هەورامیدا وینوم بەکار دێ .)

لەم دانەی تریاندا گلەیی لە دڵدارەکەی ئەکات و ئەڵێ:

وە دڕکسـانی عیشـقت موبتـەلاَ بویـــم
ئەسـیری پەنجـەیی تیـژی بـــەلاَ بویـــم
نەزانســـتم کـــە یـــاری بـــێ وەفـــایی
خـەتاکردم وەگـــەردت ئاشـــنا بویـــم.

واتـای هـەندێ لـە وشـەکان (دڕکسـان - شـوێنێ دڕکـی زۆر بـێ. موبتـەلاَ =گیرۆدە. بویـم - بووم، فەیلی و کەڵوڕیش بـەم شێوە بەکاریدێنن. نەزانسـتم =نەمزانی. وەگەردت - لەگەڵت، فەیلی و کەڵوڕیش هەرِوا بەکاری دێنن) .

وەهەروەها شایانی باسە کە شاعیری گەورە (عێلی بەگی جاف) بە دین کاکەیی بووە، ئەم شاعیرە تا ئێستە لە ئەدەبی کوردیدا حەقی شایانی خۆی پێ نەدراوە و پێویستە شیعرەکانی ساغ بکرێتەوە، ئەگەر چی ژمارەی شیعرەکانی کەمن، بەلاَم بۆ ئەدەبی کوردی گەنجینەیەکی بە نرخن، چونکە گەلێ پێشبینی گەورە گەورەی تیا کردووە .

عێلی بەگ شاعیرێکی کۆنە و چەند چەرخ لەمەو بەر ژیاوە. بەلاَم تازە شیعرەکانی لە ناوماندا ئەژی، چونکە هەموو ئەو پێشبینیانەی کە کردوویەتی لەم دواییانەدا هاتنە دی. لێرەدا تەنیا یەکێکیان پێش چاو ئەخەم کە ئەویش پەیوەندی بە هەڵەبجەو شارەزوورەوە هەیە. پێش بینی کردووە کە دەوڵەتی ئێران ئەچێتە ژێر دەستەلاَتی مەلاوە، ئەم دەوڵەتە شەڕ لەگەڵ عێراق ئەکات

شەڕەکەشیان لە شارەزوور کۆتایی دێت (دوای کیمیاوی بارانی هەڵەبجە بڕیاری شەڕ وەستان درا) ئەڵێ :

دەورە دەورەی مەلا ئەوێ
دەعوا لەگەڵ بەغا ئەوێ
لە شارەزوور کۆتا ئەوێ
هەروا بووەو هەروا ئەوێ

ئەردەڵانیەکان

کۆنترین و باشترین سەرچاوە بۆ باسی ئەردەڵانیەکان کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەتلیسیە بە پەراوێزە جوانەکانی مامۆستا هەژاری وەرگێڕیەوە .

وەکو مێژوو پێمان ئەڵێ ئەم بنەماڵەیە بە ڕەگەز ئەچنەوە سەر کوردەکانی ناوچەی (دیار بەکر) ی کوردستانی تورکیا. کە بەڕابەرایەتی گەورەکەیان (بابا ئەردەڵ) کۆچیان کردووە بەرەو ناوچەی شارەزوور، ئیتر بنەماڵەکەیان بە (ئەردەڵانی) ناوبانگی دەرکردووە. بەداخەوە ئەمان زانی لەڕەچەڵەکدا لە کام تیرە و هۆزن و لە پێشەوە ناویان چی بووە .

سەبارەت بە ناسینی بابا ئەردەڵان ئەچینە سەر لاپەڕەکانی شەرفنامە کە لە بارەیەوە ئەڵێ: ﴿بابا ئەردەڵ ناوە بۆ پیاوێك کە چەند سەردەم و تاوێك لە ناو هۆزەکانی گۆراندا ژیانی رابواردووە. لە بەرەو دوای دەستەڵاتی جەنگیزیەکاندا دەستی بەسەر شارەزووردا گرتووە و ئەمیرایەتی لێ دامەزراندووە. ئەوسا ناوی بابا ئەردەڵانی گۆڕیوە و کردوویە بە قوبادی کوڕی فەیروزی ساسانی ﴾[١٨].

ماموّستا هەژار لەسەر ئەم دوا ڕستەیە پەراوێزێکی داناوەو ئەڵێ : ڕەنگە لێرەدا کورتەی هێنا بێ ڕاستەکە ئەوەیە (رایگەیاندووە کە لە وەچەی قوبادی کوڕی فەیرووزی ساسانیە) چونکە ئاشکرایە قوباد بابی ئەوشێروانی پادشای بە ناوبانگی ئێرانە و بەر لە پێغەمبەر ژیاوە. شەرەفنامە دوای ئەو پێناسە کورتەی بابا ئەردەڵان دێتە سەر باسی هێزو دەستەڵاتی و بەم شێوە لە سەری ئەدوێ (بابا ئەردەڵان لەو خاوەن زۆرانەبوو کە زۆریان ئەبردووە و بە سەربەستی فەرمانڕەوایی مەڵبەندی شارەزووری کردووە و پیاوێکی وردو کارزان و بە دەست وبرد بووە و لە ماوەیەکی کەمدا زۆری پەل هاوێشتووە و برەوی بە قەڵەمڕەوی خۆی داوەو زۆری پان و پۆڕو هەراو کردۆتەوە و هەتا ژیاوە هەر بە خونکاری و سەرداری ماوە)[١٩].

ئەمەی کە شەرەفخان دیاری کردووە ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێ کە بابا ئەردەڵان بە هێزو نفوزێکی زۆرەوە هاتۆتە ناوچەی شارەزوور، چونکە ئەگەر هێزو نفوزو دەستەڵاتێکی باشی نەبووبێ ئەوا دەستەڵاتدارێتی بۆ نەئەکرا. ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە بۆچی لە شارەزووردا ڕەچەڵەکی خۆی بردۆتەوە سەر (قوبادی فەیرووزی ساسانی) دیارە ئەو دەمانە هێشتا لە ناوچەی شارەزووردا وشەی (ساسانی) بەڕێزو خۆشەویست بووە و بەوە زیاتر لای خەڵکی ناوچەکە ئیعتیباری بۆ خۆی پەیدا کردووە. شەرەفخان لە کتێبەکەیدا زۆر لاپەڕەی لەسەر ئەم بنەماڵەیە هەڵداوەتەو هەروەها چەند مێژوویەکی تریش شتیان لە سەر نووسیون، من لێرەدا نامەوێ بە قووڵی بچمە ناو ئەو باسەوە، چونکە ئەوە ئیتر پەیوەندی بە باسی هەڵەبجەو شارەزوورەوە ئەبڕێ، بەس ئەوەندە هەوڵ ئەدەم ئەو مێژووەیان دیاری بکەم کە پەیوەندی بە ناوچەکەمانەوە هەیە. ئیتر هەر کەسێك ئەیەوێ بە وردی بچێتە ناو باس و

خواسـى ئـەم بنەماڵەيـەوە ئـەوا لاپـەڕەكانى شـەرەفنامە (١٩٤-٢٣٢) بخوێنێتـەوە لەگـەڵ مێژووەكـەى (مەسـتوورە) و (ئـەمين زەكـى) و (مـەردۆخ) و هەندێ سەرچاوەى تردا .

بەپێى شەرەفنامە دواى لە دنيا دەرچوونى بابا ئەردەڵ (كلۆڵى كوڕى لە جێگەى دانيشتووە، ئەميش پاشماوەيەك بـەرەو كوڕەخانـە لێ نيشـتووە)[٢٠]. پاش ئەم يەك بە دواى يەكدا كوڕ وكـوڕەزا بـەم شـێوە فـەرمانڕەوايى ئەگرنـە دەست ١. خدرى كوڕى كلۆڵ ٢. ئەلياس كـوڕى خـدر ٣. خـدر كـوڕى ئەلياس ٤. حەسەن كوڕى خدر ٥. بابلۆ كوڕى حەسەن ٦. مونزير كوڕى بابلۆ ٧. بێگە بەگ ٨. مەئموون بەگ .

مـەئمون لـە سـەردەمى فەرمانڕوايى خۆيدا چوست و بزێوە بووە و گـەلێ چالاكى نوانـدووە، هـەوڵى داوە سـنوورى قەڵەمڕەوەكـەى زيـاد كـردووە، لـە پێنـاوى سەربەسـتى و بەدەسـت هێنـانى دەسـكەوتى گـەورەتردا كەوتۆتـە تێكۆشـان و وەكو ميرەكـانى پێش خـۆى ئەيويسـتووە سـنوورى دەسـتەڵات و فەرمانڕەواييەكـەى لـەو جوگرافيـا بـەر تەنگـەدا بمێنێتـەوە. ديـارە بـۆ ئـەم مەبەستەش ئەبێ هێزى كارامە و سوار چاك و چەك و تفاقى پێويستى پەيدا كردبێ .

شەرەفخان ئەڵێ (مەئموون لـە پاش مردنـى باوكى بوو بە فـەرمانڕەواى سـەر بەخۆى شارەزوورو ماوەيـەكى دوور و درێـژ بە بالاّ دەسـتى وسەربەسـتى ژياوە)[٢١].

خواليخۆشـبوو ئـەمين زەكـى بـەگيش لـە مێـژووى (تـاريخ السـليمانية وانحاءها) لە سـەر ئـەم مـيرە نووسـيويەتى، هـەروەكو مامۆسـتا هـەژاريش لـە پـەراوێزدا هێناويـەتى ئـەڵێ : مـەئموون بـەگ لـە سـاڵى (٨٦٢ك = ١٤٥٧ز تـا

سالی ٩٠٠ك - ١٤٩٤ز) واتا نزیکەی سی و هەشت سالْ حوکمی سەروو و بەهۆی پسپۆری لە مەر پێراگەیشتنەوە زۆری برەو پێداوەو دەوڵەتۆکەکانی هاوساشی وەك میرنشینەکانی (درنە و پێنجوێن) کە لای ئێرانن و میرنشینەکانی (کۆیسنجەق و حەریرو رواندن) کە لەناو - دووزێ- دان و میرنشینی (عەقرە و عیمادیە و دهۆك و دەوروبەریانی) خستە سەر دەوڵەتی خۆی.[٢٢]

مەئموون بەگ بەم کارەی ترسێکی گەورەی خستە دڵی دوژمنانەوە، بۆیە ئەوانیش کەوتنە خۆیان و هەروەکو لە شەرەفنامەدا هاتووە (سوڵتان سلێمانی عوسمانی سوڵتان حسەین بەگی فەرمانڕەوای عیمادیەی دەگەڵ هێندێك ئاغاواتی کوردی دیکە ناردە سەر و لەقەڵای زەڵم دا دەورەیان دا. زۆریان کردو کۆشا بەشەڕ بۆیان نەگیراو سوڵتان حسەین بە ناوی پێکهاتن و ئاشت بوونەوە هاتە پێش و مەئموون بەگی لە قەڵا دەرخست و ناردیە ئاستانەو لەوێ خستیانە بەندیخانەوە). دوای ئەمە سنووری دەستەڵاتی ئەردەڵانیەکان ئەچێتەوە جوگرافیاکەی جاران و هەر لە قەڵای زەڵم دا میرایەتی ئەکەن. میرەکان یەك بە دوای یەکدا ١. سور خاب کوڕی مەئموون ٢. سوڵتان عەلی کوڕی سورخاب ٣. بیسات بەگ کوڕی سورخاب بەگ ٤. تەیمور خان کوڕی سوڵتان عەلی ٥. هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی ٦. خان ئەحمەد خان.

لێرەوە ئیتر مێژووەکە لە هەڵەبجەو شارەزوور ئەپچڕێ. چونکە فەرمانڕەوایەتیەکەیان ئەگوازنەوە ناوچەی (سنە). هەر چەندە خان ئەحمەد خان لە قەڵای زەڵمیشدا فەرمانڕەوایی کردووە و ئێستەش قەڵای خان ئەحمەد خان لە دەربەندی زەڵمدا شوێنەواری هەرماوە. بەڵام شەرەف نامە ئەڵێ (سنەی کردە پایتەختی خۆی).[٢٣]

جولەکەکان

هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد جولەکەکان دووەمین بنەماڵە بوون لە دروست کردنی هەڵەبجەی نوێدا .

جولەکەکان فێری کوردی بوون و لە ناوخۆیاندا بە زمانی عیبری قسەیان کردووە. هەموویان کاسبکار بوون و لە ماڵ و سامان پەیدا کردندا زۆر زەحمەت کێش و بەدەست و بردبوون. یارمەتی هەژارو کەمدەستەکانی خۆیان داوەو نەیان هێشتووە کەسیان موحتاجی سواڵ بێ .

کلیسایان دروست کردووە و کاروباری دینی خۆیان تیا بردووە بەڕێوە. ئەم کلیسایە ئێستەش هەرماوە و کراوەتە مزگەوت بە ناوی مزگەوتی (ئەحمەدی). ئەگێڕنەوە ساڵێکیان ویستوویانە کلیساکەیان تەعمیر بکەنەوە کەس داری نەداونەتێ تا جەنابی شێخی حیسامەددین ئەمە ئەبیستێتەوە و لە باخەکەی خۆی بە پێی پێویست داریان ئەداتێ، خەڵکی ئەو کارەیان بەلاوە سەیر ئەبێ و هەندێ خەلیفەو مەلای دەوری شێخی حیسامەددین پێی ئەڵێن: چۆن ئەم کارە ئەکەیت؟ و دین قبوڵی نیە، ئەویش لە وەڵامیاندا ئەفەرمووێ خەمتان نەبێ پاشە ڕۆژ ئەم کلێسایە دەبێتە مزگەوت .

لە ساڵی ١٩٤٨دا بە فەرمانی ساڵح جەبر جولەکەکان جنسییەیان لێ ئەسەنرێتەوەو ئەمانیش بەرەو ئیسرائیل کۆچ ئەکەن. هەرچی ماڵ و سامانێکیان ئەبێ ئەیکەن بە پارەو لە بەغداد دەوڵەت لێیان زەوت ئەکات و بەدەستی خاڵی ئەیانێرن. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٥٨ کلێساکەیان چۆڵ ئەبێت تا ئەکرێتە مزگەوت .

جولەکـەکان گۆڕسـتانی تایبـەتی خۆیـان هـەبووە و موسـوڵمانەکان ڕێگەیان نەداون مردوویـان لـە گۆڕسـتانی ئەماندا بنێژن. گۆڕستانەکەشیان لە پشتی باخی میرەوە بووە بەرەو مۆردانە کە لە شەستەکانەوە بوو بە ژێر ماڵەوە.

لەگـەڵ خـەڵکی هەڵەبجـەدا بـەینیان بـاش و خـراپ بـووە، ئـەوەی زۆر موسوڵمان بوویێ ئەوا هیچ سەوداو مامەڵەو تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەکردوون و بگرە هەندێ جاریش ئازاریان داون؛ ئەوانەش کە لـە سـەر دیـن ئـەوەندە قایم نەبوونە لەگەڵیاندا تێکەڵ بوون و هەموو چەشنە مامەڵەیەکیان لەگەڵ کردوون. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کەس ژنی نەداونـەتێ و بە پێچەوانـەوە هـەندێ جار لێیان خوازراوە ئەویش بە مەرجی ئەوەی کە موسوڵمان بن.

شـاوڵە کـەڕەی زەڕنگـەر پیـاوێکی دەوڵەمـەندو بـە ناوبـانگی جولەکـەکان بووە، کچێکی بووە تایەر بەگی جاف دڵی لێ چووە و دوای ئەوەی موسڵمانی کردووە خواستوویەتی.

ژن و کچـانی جولەکـە ئـەو دەمـە بـە کونـە و گـۆزەوە لـە کـانی نەواڵـەوە ئاویـان بردووەو بـۆ کاروبـاری خۆیـان سـوودیان لێوەرگرتـووە. ئامینـەی کچـی شاوڵ لەو کچانە بووە، تایەر بەگیش هەموو عەسرانێك لە سەر بانێژەکەی ماڵی خۆیـان دانیشـتووە و سـەیری دیمـەنی هـاتووچۆی ئـەو ئازدارانـەی کـردووە. بـە بۆنەی ئەوەی تایەر بەگ پاشا زادەبووە ئـەوانیش هەریەکە و بـۆ خۆیـان پێیـان خۆش بـووە کـە دڵـی ڕابکێشـن. ئێـواران بولبـولی دڵـە تەڕەکـەی تایـەر بـەگ لـە قەفەزی سینە دەرچووە و بەسەر چڵەدارێکی سـەر کـانی نەواڵـەوە نیشـتۆتەوە، تا ڕۆژێ لە ناو ئەو هەموو ئازدارەدا چریکـەی خـۆی بـە ڕووی کچەکـەی شـاوڵدا هەڵـنـەدا. ئیـتر تایـەر بـەگ هـەتا دێـت شـەرابی عەشـقەکەی خەسـت و خەسـتر ئەبێتەوە .

ڕۆژێکیان مەلا کاکە حەمەی ناری شاعیر میوانی تایەر بەگ ئەبێت. ناری ئەگەرچی مەلایەکی شەرع زان و موریدی شێخە نەقشبەندیەکان بووە، بەڵام زۆر دڵتەڕو چاو بزێو بووە بۆ سەرنجی سیمای جوانی ژنان و گرتنی وێنەی لە باریان. تایەر بەگ باسی عەشقەکەی خۆی لە لا ئەدرکێنێ و عەسر پێکەوە ئەچنە سەر بانێژەکە. کاتێ کچەکەی شاوڵ بە باڵا جوانەکەیەوە دەرئەکەوێت بۆیان ئەبێت بە ئیلهامی شیعرو پێکەوە ئەم شیعرەی لە سەر دائەنێن. هەموو میسرەعەکانی یەکەم هەستی ناری و میسرەعەکانی دووەم هی تایەر بەگە.

بە خەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی، مەستی مەی کردین

بە ماچی لێوی مستغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین

کاتێ کە دائەنەوێتەوە گۆزەکەی پڕکات سوخمەکەی ئەترازێ، بەڵام دەستی لە سەر دائەنێ.

ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من

کەچی دەستی لە سەر دانا لە سەیری باخی بەی کردین

هەر لەهەمان دیمەنی دانەوینەوەدا پەرچەم و زوڵفی شۆڕ ئەبنەوە سەر ڕووی ئەمانیش ئەڵێن :

بەهەوری پەرچەم و زوڵفی ڕوخ و ئەبرۆی کە داپۆشی

لە شەوقی ڕوئیەتی بەدر و هیلالی یەک شەوەی کردین

دوایی ئەڵێن:

ئەگەر چی کوشتینی، خۆ قابض الارواحی موژگانی

بە قانوونی مەسیحایی بە خەندەی لێوێ حەی کردین

که دیمەنەکە تەواو نەبێت غەزەلەکەش بەم بەیتە دوایی دێت

دەوایی دەردی دڵ (ناری) لــە (تاهـیر بـەگ) تەمەنناکـە

بڵێ ئــەمڕۆ گوڵـەندامێ بـە تـیرێ جـەرگی پـەی کردیـن

کە تایەر بەگ داوای ئەکات شاوڵە کەرە بێ یەك و دوو نەیداتێ، چونکە وای بیر کردۆتەوە کە تایەر بەگ ببێ بە زاوایان گەڵێ گیروگرفتی کۆمەڵایەتییان بۆ چارەسەر ئەبێ.

جولەکەکان سێ جۆر جەژنیان هەبووە

١. کەپرە شینە

٢. جەژنە چەقالە

٣. جەژنی کفتە

دیـارە نـاوی ئـەم جەژنانـەیان بـە زمـانی خۆیـان جیـابوون و لـەناو کوردەواریدا ئەو شێوەیان وەرگرتووە.

لە جەژنی کفتەدا هەرچی کەل و پەل و کاسەو کەوچکی خۆیـان هـەبووە هێناویانەتە بازاڕو فرۆشتوویانە، بە پارەکەی شتی تازەیان کڕیوە. ئەم جەژنە کەوتۆتـە ڕۆژی شـەممەی سـاڵەوەو لـەم ڕۆژەدا بـە هیـچ شـێوەیەك ئاگریـان نەکردۆتەوە و پێویست بووە دوای ئەو ڕۆژە کەسێکی غـەیری خۆیـان ئاگریـان بۆ بکاتەوە. لەو ڕۆژو جەژنەدا ئاگر کردنەوەیان بەلاوە ناڕەوا بووە.

جولەکەکان هەندێ پەندی پێشینیانیان لە کورد وەرگرتووە و بە زمـانی خۆیان بەکاریان هێناوە، وەکو:

١. بیلـەن شـەو نورخیـل مـای بیلتـە. واتـە:ماڵەکـەمان ئـەڵێی ئاشـی لـە نـاو کەوتووە.

٢. پیسەرە لیخلی ئەخلیلی گەرمە لیخلی لە توریلە. واتە: گۆشتی یەك بخۆن ئێسقانی یەك ناشکێنن.

٣. ڕەکاوە مین سوسی مەکوشە تیغ. واتە: سوار لە ئەسپ دێنێتە خوار.

٤. قاطو ئیلەف ل مەطیاوە لیلە کیمراوە مەلوختیە. واتە : پشیلە دەستی نەنەگەشتە دووگ ئەیووت ترشە .

٥. لیپە گە تو کە نوشەف یە تورتەیە. واتە : بەرد لە جێی خۆیدا سەنگینە.

٦. هیزیخ ئینە ویشە. واتە : بچمە سەر کانی وشکی ئەکەم. ئێمە ئەڵێین: بچمە سەر سیروان وشکی ئەکەم .

٧. حەتا خەلوە مەریچی ع گەبیلوهیت : واتە : تەنانەت شێری چۆلەکەش لە ماڵیاندا هەیە. مەریچی = چۆلەکە. لە هەورامیدا (مریچلە) ئەگوترێ. مریچی و مریچلە یەك ڕیشەن .

٨. دوم کلاش طە رس ئەقلە قلەپی چیر. واتە : دۆم کلاش دروست ئەوکاو خۆی بەپێی پەتی ئەگەڕێ. ئێمە ئەڵێین : دۆم بێ و کلاش بۆ خۆی بکات. لەم پەندەشدا وشەی (کلاش) و (پێ) بەکار هاتوون کە کوردین.

لە بارەی ئەدەبیاتیشەوە جارێکیان لە یەکێك لەدانیشتنەکانمدا لەگەڵ حیلمی شاعیردا پرسیاری شیعرو ئەدەبیاتی جولەکەکانم لێکرد، وتی : یەك دوو شاعیریان هەبوو بەلاَم هەر بەزمانی خۆیان شیعریان ئەوت و نەئەهاتنە کۆڕی ئێمەوە. یەکێکیان ناوی (ئیدریسەتر) بوو. فایەق بێکەس زۆر هەوڵی لەگەڵ ئەدا کە بەکوردی شیعر بنووسێ، بەلاَم هیچمان لێ نەدی تا ڕۆژێکیان لە باخی میر لە بن تووە سووردا دانیشتبووین (من و کەمالی و حەمەمین و ڕەشید) فایەق بێکەس بەعارەقەکەیەوە هات و هەر لە دوورەوە وتی : کوڕینە شتێکی سەیرم بۆ هێناون. ئێمەش گاڵتەمان لێهات، فایەق یا شیعری وەتەنی هەیە یا عارەق. ئەوەندەش ئەو دوانەمان لێ دیبوو لێی تێر بوو بووین. گەشتە لامان و سەلامی کرد، وتی باسەرم گەرم ببێ شیعرێکتان بۆ ئەخوێنمەوە ئەمما شیعر. ئێمەش زۆر بەلامانەوە موهیم نەبوو چونکە وامان ئەزانی شیعری خۆیەتی. دوای تاوێ دەستی کرد بە باخەڵیداو ئەم شیعرەی خوێندەوە :

مەحبووبە ئەمڕۆ هەوایی گوڵستانی دڵ دەکا
هەرچەند جار جارێ وەکو ئاهوی گەرمیان سڵ دەکا

هەروەعدە لەدا و ئەلێ، ئەتکەمە هەمرازی خۆم
وەعدی چی وا ساڵێ زیادە عاشقی ماتڵ دەکا
قەترە قەترە خوێنی دڵ ئەرژێتە سەر لەوحەی بەرۆک
وەختێ یاری زوڵف خەناوی گەردن بەند لەمل دەکا
وەک مونەجیم چاو ئەوەستێ بۆ تەماشای ئاسمان
وەختێ یارم چاوی جوانی پڕ لە سوورمە و کل دەکا
عاشقان وەرنە صەفایی باخی شێخ و سەیر بکەن
چەندبەشەوق بولبول حکایەت بۆ گریشمەی گوڵ دەکا
وا لەمەکتەبخانەیی عەشق بۆتە ئوستادی فنوون
سەد من و مەجنون بەدەرسێ هۆشمەندو عاقڵ دەکا
هەرکەسەو بۆ خۆی خەریکی گوڵ چنینەو بۆنی خۆش
کێ بۆ ڕازی عەشقی تۆ (ئیدریسا) گوێ شل دەکا

کە لە دوا بەیتدا ناوی ئیدریسی هێنا یەکسەر عەقڵمان بۆ ئیدریسە تر چوو، بەلاّم بەلایشمانەوە سەیر بوو کە بەو کوردیە جوانەو بەو شێوە شیعری وتبێ، جارێکی تر پێمان خوێندەوە و دوایی هەموومان لە بەرمان کرد. کەمالی وتی : بەخوا فایەق تۆ ئەوەندە تەعەسوبت زۆرە دنیا ئەکەی بە کورد. بەڕاستی هەموومان پێمان خۆش بوو، ئیتر دوای ئەوە عەلاقەمان لە گەڵیا زیادی کرد و شیعری تریشی وت.

وتم: ئەی بۆ هەوڵتان نەدا ئەو شیعرانە لای خۆتان بپارێزن؟

حیلمی وتی: ڕەنگە کەوتبنە لای کەمالی، چونکە ئەو بەیازەوان بوو، دەفتەری هەبوو شیعری زۆر ئەنووسییەوە(*)

* بۆ باس لەسەر جولەکەکان گەلێ سوودم لە (محەمەدی باول)، (حیلمی)، (عارف حاجی فەرەج)، شەهید (ساڵح شارەزووری) وەرگرتووە.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە:

کوردها. ترکیا. عربیا ل ۲۰ بەدەوبەدو

٢ هەمان سەرچاوە ل ١٥٦ ١٥٧

٣ هەمان سەرچاوە ل ١٥٦-١٥٧

ئەوریخی حاف ل ٢٦. کەریم بەگی فەتاح بەگ

کوردها. ترکیا. عربیا ل ١٥٧

ئەوریخی حاف ل ١٨٥

٧ کوردها. ترکیا. عربیا ل ١٦٣

ئەوریخی حاف ل ٦٥

هەمانە بوریند ل ١٨٠

ئەوریخی حاف ل ٢٠

١١ هەمان سەرچاوە ل ٢٢

١٢ هەمان سەرچاوە ل ٢١

١٣ میژووی ئەدەبی کوردی ل ٤٧١

١٤ ئەوریخی حاف ل ٢٢

١٥ هەمان سەرچاوە

١٦ هەمان سەرچاوە

١٧ کتاب الفتوح ج١ ص٢٨٠ ابن اعثم الکوفی

١٨ شەرەفنامە ل ١٩٥

١٩ هەمان سەرچاوە ل ١٩٦

٢٠ هەمان سەرچاوە ل ١٩٧

٢١ هەمان سەرچاوە ل ١٩٨

٢٢ [illegible]

٢٣ شەرەفنامە ل ٢١٥

بەشی چوارەم

شارەزوورر، هەورامان، زمانی ئاخاوتنی هەڵەبجە

شارەزوور

شارەزووری ئێستە بەو پارچە زەویە بەرفراوانە ئەگوترێ کەڕووبەرەکەی (٦٧٥کم^{2})یە. دوای دروست کردنی بەربەستی دەربەندیخان کەبەشێکی زۆر لەئاوەکەی لەدەشتی شارەزووردا پەنگی‌خواردۆتەوە(٦٠)کم٢ ی زەویەکەی کردووە بەژێرەوە. ئەم دەشتە لەباکووروباشوورەوە ئەکەوێتە نێوان هەردوو شاری هەڵەبجە وعەربەت ولەخۆرهەلاًت وخۆرئاواشیەوە هەردوو چیای (سورێن) و(خەنجەرە) بەیەك ئەگەیەنێ. شارەزوور لەوزەوییە پڕپیت وبەرەکەتانەیە کەنموونەی لەدنیادا زۆرکەمەو بەئاسانی وبەقازانجێکی زۆرەوە (گەنم، جۆ، مەرەزە، توتن، پەمو، کونجی، پەتاتە، کەتان، گوڵەبەڕۆژە، چایی، چەنەوەر، بامیێ، تەماتە، شووتی، خەیار، ترۆزی، کاڵەك، کوولەکە، باینجانە ڕەشە) وهەموو جۆرە سەوزەیەکی تیا بەرهەم دێت. کە لە سەر ئەم بەرهەمانە لە ڕۆژی خۆیدا ئەتوانرێ چەند جۆر کارگە و کارخانەی پڕ بەرهەم دروست بکرێ.

خاکەکەی بە چواردەورا قاوەیی وبۆرە، تا بەرەو ناوەڕاست بچێت ڕەش ئەبێتەوە، تاکو ڕەشیش بێتەوە پیت وفەڕی زۆرترە. بێجگە لە هەندێ وردە چەم کە لە سەرچاوەی کانیاوەکان دروست ئەبن، هەندێ ڕووبار و چەمی گەورە ئەڕژێنە ئەم خاکەوە تێرئاوی ئەکەن. وەکو:

١-تانجەرۆ: لەسەرچاوەی ئاوی سەرچناری تەنیشت سلێمانیەوە سەرچاوە ئەگرێ، لەخواری عەربەتەوە دێت تائەڕژێتە دەریاچەکەوە. ئەمە درێژترین ڕووبارە لەشارەزووردا.

٢-چەقان: چەمێکە لەسەرچاوەی ئاوی کۆڵەجۆو کەوڵۆسەوە سەرچاوە ئەگرێ، دێت و بەناوشارۆچکەی سەیید سادق دا ڕەت ئەبێ تائەڕژێتە دەریاچەکەوە.

٣-ڕیشێن: چەمێکی گەورەیە لەسەرچاوەی ئاوی گوندی ڕیشێن بناری چیای سووریێنەوە سەرچاوەئەگرێ ، بەناوەڕاستی شارەزووردا دێت تائەڕژێتە دەریاچەکەوە.

٤-زەڵم: ئەم ڕووبارە لەسەر چاوەی ئاوی زەڵمەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەشارۆچکەی خورماڵ دارەت ئەبێت تائەڕژێتە دەریاچەکەوە.

٥-دەلێن: چەمێکی گەورەیە لەچەند وردەچەم وەندێ لەئاوی زەڵم پێکهاتووەو دیسان چەندجۆگەی لێ هەڵبەستراوە کەهەمووئەمانیش بەرەو دەریاچەکە ڕێگا ئەبڕن.

کەش وەهەوای شارەزوورلە بەهاروپایزدا لەبارە ، بەڵام هاوینی زۆرگەرمەو زستانیشی هەندێك ساردە وکزەبای هەیە ، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆربارانی لێ ئەبارێت وەهەندێ جاریش بەفر ، بەڵام بەفرەکەی ئەوەندە نامێنێتەوە.

شارەزوور لەچاخە کۆنەکاندا دەمێك یاسین تەپە و دەمێك بەکراوادەمێك خورماڵ پایتەختی بووە.

ئێستە شارەکانی (هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، سەیید سادق، عەربەت) بنکەی بەڕێوە بردنی کاروباری دێهاتەکانیەتی وبازاڕی کڕین وفرۆشتنی کاڵاو بەروبوومیانە.

شارەزووربەبۆنەی ناوی زۆرو زەوی بەپیتــەوە لـەدێر زەمانـەوە جێگـای ژیان وگوزەران بووە.شوێنەوارە کۆنـەکانی کە لەجێگەی خۆیداباسمان کـردن پەنجە مۆری ئەم ڕاسـتیەئەکەن.وەهـەروەها لـە سـەردەمی ساسـانیەکاندا کـە پایتــەختی پێشــەوەیان تیســفونی لای بــەغدادبووە شــارەزوور چـــەند کاروانسـەرایەکی تێدابـووە بـۆ حەوانـەوەی ئەوکەسـانەی کـە لـە کرماشــان وهەمــەدان وڕەیــەوە هــاتوچۆی تیســفون–مــەدائین–یــان کــردووە.ئەمــەش بۆتەمایـەی ئـەوەی کە ناوچەکە زیاتر ئاوەدان ببێتـەوە. شـارەزوور بەڕواڵـەتیا دیارە کە لـە دوو وشـەی (شـار+زوور) پێکـهاتووە.شـار لەبنـەڕەتدا وشـەیەکی سۆمەرییەکە (ئوور) یشیان بەکارهێناوە ، ئوورلـەعێراقدا شوێنەوارێکی کۆنـەو هەندێلـەمێژوو نووسـان لایـان وایـە زێـدی حـەزرەتی ئیبراهیمــە.لەفەلەسـتین (ئوورشلیم) هەیە بەواتای شاری شلیم . لەکوردستانیشدا(ئوورمیە–ورمێ) مان هەیەکەپێکـهاتووە لـە(ئـوور+میـاە)واتـە شـاری ئاوەکـان.ئەمـەش بەوهۆیـەوە ناونراوە کەئەم شارەنزیك بەدەریاچەکەبنیات نراوە.شایانی باسەبۆ یەکەم جار لەسەرزەویدا سۆمەریەکان شاری(نیپـوور) و(ئور) و(لاگاش) یان دروست کرد لەگـەڵ یەکدووشـاری تـری بچووکـدا ، بۆیەئەکرێوشـەکە بـەهی ئـەوان بزانـین ولەمانەوە وشەکەپەڕیوەتەوە بۆناوئیلامیەکان وبۆیەکەم جار شاری(شوش) یان دروست کردووە. وشەی شارلەکوردەوایدا بەشێوەیەکی فراوان جێگای گرتـوە وبـەناوی هـەندێ شوێنیشـەوە ماوەتـەوە وەکـو (شـاربازێڕ، شـارەبان، بانیشـار، شارستێنە، شـاریا، تەشـار، دەرەشـار..هتـد). شـار لـە ئاڤێسـتادا بـە شـێوەی

(شوێنێره) بەکارهاتووه، لە (پازەند) دا کەلێکۆلینەوەیەکە لەسەر (زەند) و(ئاڤێستا) بۆتە (شیهیر) ، لەپەهلەوی ئەشکانی وساسانیدا بۆتە(شەهر) کەئێستەش فارسەکان هەروا بەکاری دێنن. بەشی دووەمی وشەکە (زوور) ئەم واتانەی خوارەوە هەڵدەگرێ.

١-زوور یا زەور لەدینی زەردەشتدا واتە بەجێهێنانی مەراسیمی مەزهەبی وقوربانیدان لەگەڵ تەشریفاتی مەزهەبیدا[1].

٢-زوور= تەپۆڵکەی بچووکی ڕووتەن لەدەشتاییدا[2].

٣-زوور=قووڵ[3].

٤-زوور-کوڕی زوحاکی پاشای ماد.ئەمەبۆچوونی یاقوتی حەمەوی یە لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا بەناوی (معجم البلدان) وای دیاری کردووه کە شارەزوور، زووری کوڕی زوحاك دروستی کردووه.

*هەیشە پێی وایەکە(شا+رەزوور) بەواتای دارستانێکی گەورەیە (رەزوره) وشەیەکی ئاڤێستاییە بەواتای جەنگەڵ.

*شەرەفخانی بەتلیسی لەشەرەفنامەکەیدا بە(شەهرە+زول)ی داناوه، بەواتای شارێکی گەوره.

*لەکۆنیشدا کاکەییەکان بە(شارەزول) یا(شارەزویل)ناویان بردووه، زول یا زویل بەواتای زەلکاو لێکدراوەتەوه.

*سپایزەر لەگەشتنامەکەیدا لەبارەی شارەزوورەوە وتوویەتی:شوێنی شارێکی تیایەلەکۆندا(سیازور) ی پێ گوتراوه.یا(سیانەرزوور) بەواتای دارستانی ڕەش.

لەناوئەم بۆچوونانەدا(١، ٢، ٤) زیاترخۆیان ئەسەپێنن وپێم وایەواتاکەی یەکێك لەوانەئەگرێتەوه. دەربارەی بۆچوونی یەکەم:هەروەکو لە باسی

(شـــوێنەواری کـــۆن) داباسمـــان کـــرد، کەلەشـــارەزووردا گونـــدی (موان-موغـان) هەیەلەگەڵ گوندی(مەستەکان-بەرزەخ) کەواتەئەم ناوچەیە بەشێکی گرنگ بووە لە قەڵەمڕەوی دینی زەردەشت ،بۆیە ئەکرێ ئەومانایە هەڵبگرێ.

بۆچوونـــی دووەم: شـــارەزوورتەختە وگردوتەپۆڵکـــەی زۆریشـــی تیایەکەژمارەیان(٣٠) گردێك ئەبێت. کەواتە ئەومانایەش هەڵدەگرێ.

بۆ چوونی چوارەم: هەروەکو لەباسی(ئەوێ)دادیاریمان کردشوێنەواری جێ پەنجەی زوحاکی تیایە،ئەمەش بۆیئەچێ ئەگەردڵنیابین کەزوحاك کوڕی بەوناوەی هەبووبێ.

لەبارەی باسی شارەزوورەوە هەندێ نووسەروتوویانە:

١- شارەزوور شارێکی بچکۆلەیەو کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتووە لەلایەن سوڵتانەوە میری بۆدیاری نەکراوە وکارگێڕێکیشی نیە سەرپەرشتی بکات ، زۆربەپیتەو شوێنێکی چاکە[٤].

٢- دینـەوەر وشـارەزوور دووشـاری قەرەباڵـەخ وبـەپیت وبەرەکـەتن وخەڵکیچاکیان تیایە[٥].

٣- لـەم ناوچەیـەدا کۆمـەڵێکی زۆرپیاویگـەورە ، ڕۆشـنبیر، زانـا، چەندقازییەك، چەند شەرع زان هەڵکەوتوون کەئەمانەهەموویان ژمارەناکرێن وباس کردنیان وئامارکردنیان نەفەسی درێژی ئەوێ.

هەرئـەم نووسـەرەئەڵێ:خوێندنگاکـانی جیـهان لـە خوێندەوارانـی شارەزوورئاخنراوەو لەودەمەوەی کەئیسلام هاتووە لەهیچ ناوچەیەکدا ئەوەندە زاناو ڕۆشنبیر هەڵنەکەوتووە[٦].

٤-شارەزوور شارێکی ئاوەدان وموناسیب بووە لەجێگەی یاسین تەپەی ئێستادا بووە[٧].

٥-ابن وهبان ی شاعیر وتوویەتی:

مابلد نصف اسمها جزء من الزمان
ونصفه الاخر لایخلو من البهتان
بینه للسائل یاذا الفهم والبیان[٨]

٦-ابا المبارك كوڕی حەسەنی شارەزووری وتوویە:
وعدت بأن تزوری بعد شهر
فزوری قد تقصی الشهرزور
وموعدبیننا نهر معلی
الی بلد المسمی شهرزور
فاشهر صدرك المحتوم حق
ولكن شهروصلك شهرزور[٩]

هەندی مێژوونووس شارەزوور لەمەی کە هەیە بەگەورەتری ئەزانن.

*یاقوتی حەمەوی ئەڵێ: ناوچەیەكی فراوانەلەنێوان هەولێروهەمەداندا[١٠].

*(ریچ) یش لە گەشتەکەیدا کە ئەگاتە کەرکووك بەپایتەختی شارەزووری دیاری ئەکات.

*لەبارەی کەرکووك وشارەزوورەوە کاك جەبار جەباری مێژوویەكی تر نیشان ئەدات ئەڵێ: مێژوویەکمان بەدەستەوەیە کە تا ساڵی ١٢٩٦ی ڕۆمیش هەر بە کەرکووك وتراوە شارەزوور. شاری کەرکووك پێش هاتنی فیض‌الله پاشای کوڕی‌حسەین پاشا سنجەقێك بووە سەربەویلایەتی‌موسڵ. بەڵام ئەم

هەولی‌داوە ویلایەتەکە لە موسڵەوە بگوازێتەوە کەرکووک وموسڵیش بۆتە سنجەقی. حاجی‌عبدالله صافی شاعیری ئەوسەردەمە وتویە:

گلــدی برمصــلای تـــاریخن دیـــدی

المــدد اولــدی ویلایـــت شـــهرزور

واتە (پیاوێکی موسڵاوی هاتوو مێژووەکەی وت: ئەی هاوار شارەزوور بوو بەویلایەت).

فیض الله پاشادەستی کردبە خزمەت کردن ، یەکێك لەکارەباشەکانی دامەزراندنی چاپخانەیەك بووبەناوی ویلایەت کەهەمان شاعیرشیعرێکی لەوبارەوەنووسیوەو مێژووەکەی دیاری‌کردووە:

بندەسی صافی تشکر لـەدیدی تـاریخن

مطبعە بوییلدە شهرزوردە اولدی گشاد.

واتە(بەندەی ئەو(صافی) بەسوپاسەوە مێژووەکەی وت:چاپخانەکە لە سالەدا لە شارەزوور کرایەوە)[11].

لەناوبیروڕای نوسەراندا سەبارەت بەشارەزوورلەهەموویان سەیرتر بەلامەوە ئەمەیە کە (مسعرکوڕی‌مهلهل)ی مێژوونوس ئەڵێ: ڕووداوی طالوت وجالوت لەشارەزووردا بووە. قورئان وەکوسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە ئایەتەکانی (٢٤٦-٢٥١)ی سورەی (بقرە) دائەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە . وای دیاری ئەکات کەلەزەمانی حەزرەتی داوودابووە. لەوسەردەمەدا دووپاشا ئەبن بەناوی طالوت وجالوت. طالوت خواناس بووە لەبەرئەوە خوائەیکاتە پاشای گەلەکەی (قورئان گەلەکە بە بەنی ئیسرائیل دائەنێ). پاشان لەنێوان ئە دووپاشایەدا شەڕ دروست ئەبێ، حەزرەتی داوود لەسوپاکەی طالوتدا سەربا

ئەبێ. ئەچێتە مەیدانی جەنگەوە. لەشەڕێکی دەستەویەخەدا جالوت ئەدات بە زەویدا و ئەیکوژێ. بەم کارە لەناو سوپا و خەڵکەکەدا ڕێزو خۆشەویستی و ناوبانگ پەیدا ئەکات وهەموو داوا ئەکەن کەئەم ببێ بەپاشایان، ئەبێتە پاشا وپاشان ئەبێتە پێغەمبەر وکتێبی زەبووری بۆ دێتە خوارەوە.

لەبارەی وتەکەی مسعرکوڕی مهلهلەوەبگەڕێینەوە سەر کاکەییەکان . کاکەییەکان لەدینیخۆیاندا بڕوایان بەداود هەیەو بەڕابەری ئەزانن ، ئەڵێن:

پـــیرم بنیــامین، ڕەهبـــــەرم داوود

وەجـەوزی سـککە دەسمـاڵ بـی سـابت

هەروەها –عیراقی– لەباسی کاکەییەکانی قەڵەم حاج دا نووسیویە: کە هـەندێکیان دەڵێـن:(ئێمـە قورئـان نـاخوێنین ونایخوێنینـەوە ، بەڵکو(زەبـوور) دەخوێنینـەوە بەوجۆرەی کەپێمان گەشتووە)[١٢]. دیسـان لێرەدا بەپێویستی ئەزانم ئەوە دووپات بکەمەوە کە کاکەییەکان شارەزووریان بەلاوە شوێنێکی گرنگە و بەمەیدانی ڕۆژی حەشری ئەزانن وهەروەها –قۆرتاس– ی شارەزوور بەجێگەی بینینی هیلالی جەژن ئەزانن. وەئەوەش جێگای سەرنجە کە کاکەییەکان سوێند بە (گاکوڵیداوود) ئەخۆن وسوێندێکی گەورەیە بەلایانەوە. شتێکیتر کەهاوناهەنگی لەنێوان هەردوودینی حەزرەتیداوودو کاکەییەکاندا دروست ئەکات ئەوەیەکە حەزرەتی داوود بـەدەنگ خـۆش بەناوبانگە وگوایە (مزامیر) ەکانی زەبووری لەگەڵ لێدانی مزماردا خوێندۆتـەوە کەئامرازێکی کۆنی مۆسیقایە ، کاکەییەکانیش (سەرەنجام) کە (کەلام) یشی پێ ئەڵێن لەگەڵ لێدانیتەنبووردا ئەخوێننەوە.

لەم لێکدانەوەوبەڵگە هێنانەوەدا نزیك بووینەوە لە بۆچوونەکەی مسعرو پێویستە زیاترهەوڵ بدەین بۆئاشکراکردنی نهێنیەکانی‌دینی کاکەییەکان، واهەست ئەکەم شتی ترمان لەم بارەوەدەست بکەوێ. کەئەمەش بۆ مێژووەکەمان شتێکی چاکە. هەروەها (مسعر) بەم شێوە باسی‌شارەزوورئەکات، ئەڵێ: شارەزوور شارە دێیەکی گەورەی تیایە ئێستا پێ‌ی ئەوترێ (نیم ازرای) ،ئەستوورایی شوراکەی هەشت باڵە ودووپشکی کوشندەی تیایە کە لە دووپشکی(نصیبین) خراپترە ،نزیك ئەم شارەشاخێك هەیە ناسراوە بە (شەعران)[١٣].

شارەزوور لەمێژووی ئیبن ئەثیردا

*طاهری کوڕی هلال وداگیرکردنی شارەزوور. لەوەو بەر باسمان کرد کە بەدری کوڕی حەسنەویە شارەزووری دایە دەست سەرلەشکرەکەی وجێگری خۆی تیا دانا.

لەم کاتەدا طاهری کوڕی هلالی کوڕی بەدر هێرشی کردە سەرشارەزوور. سەربازەکانی (فخرالملك) ی کوشت ولەمانگی رەجەبی٤٠٤ھ لێ‌ی سەندەوە کاتێ وەزیرئەم هەواڵەی زانی ناردیە سەرطاهروداوای لێکرد هەرچی دیلی لایە ئازادی بکا ، ئەویش کردی بەڵام شارەزوور هەربە دەستیەوە بوو تا ابوالشوك لێ‌ی راپەڕی وشارەزووری لێ سەندەوەوسپاردی بە (مهلهل) ی برای[١٤].

*ساڵی ٤٢٠ھ لەدوای مردنی فخرالدولە(سەرجەهان، زنجان، ئەبهەر شارەزوور) بوونەتە قەڵەمڕەوی ئیبراهیم سالاری کوڕی مەرزەبانی کوڕی ئیسماعیلی‌دەیلەمی[١٥].

*سالی٤٣٢هـ شەری نێوان ابی‌الشوك ومهلهلی‌مامی: ابا الفتح جێگری باوکی ئەبێ لەدینەوەرولەخۆی بایی ئەبێ‌ونەکەوێتە سەرپێچی کردنی بڕیارەکانی باوکی. لەم کاتەدا ابی‌الشوك لایەنگری اباالفتح ئەبێ کەلەشەڕی پێشوودا دیل ئەبێ، بەمەبەستی رزگارکردنی ئەو پەلاماری شارەزوور ئەدات وداگیری ئەکات(١٦).

*سالی٤٣٤هـ گرتنی‌شارەزوور: لەم ساڵەدا ابی‌الشوك هێرشی کرەسەرشارەزوور، تالأنی کرد و سووتاندی ودێهاتەکانی ڕووخان(ئەمەش لەسەرئەوەی کە ابا الفتح لەلایەن مهلهلەوە گیرابوو)(١٧).

*لەسالی٥٢٤هـ دا ئەتابکی زەنگی شارەزووروقەلأکانی دەوروبەری گرت کەئەو کاتە لەژێردەستەلأتی قیجاقی کوڕی ئەرسەلان تاشی‌تورکمانیدابوو، فەرمانڕەواییەکەی ئەمپەڕ تا ئەوپەڕی تورکمانی ئەگرتەوە، سەرپێچی لەقسەیدا نەئەکرا، ئەوپەڕی گوێ ڕایەڵیان ئەکرد، پاشاکان پشتیوانییان ئەکردودەستدرێژیان نەئەکردەسەر ویلایەتەکەی، چارەی گیروگرفتەکانی ئەکرد، پلەی بەرزبوویەوەونفووزی زیادی‌کرد، لەهەموولایەکەوەتورکمان ڕوویان تێئەکرد، ئەتابکی زەنگی لەشکری ناردەسەری، بەیەکاهەڵپێکان وکوشت وکوشتار ڕوویدا، قیجاق شکاو لەشکرەکەی بلأوەی‌کرد، ئەتابکیەکان شوێنیان کەوتن، گەمارۆی قەلأو حەسارەکانیان دان وهەموویان گرتن(١٨).

*سالی٦٢٣هـ بوومە لەرزەیە داویەتی لەشارەزوورو زیانی‌گەورەی پێگەیاندوەو وێرانی کردووە(١٩).

٢-لەمێژووی‌ئەمین زەکی بەگدا.

* لەهەرای دەعوەتی‌عەباسیەوخروجی(ابامسلم خراسانی) داقحطبە ابوالعون لەگەڵ ئۆردوویەکدا هاتەسەرشارەزوورو لەوێ لەگەڵ

قوماندانی خەلیفەمەروان (عثمان بن سفیان) شەڕی کردو لە١٣١ه دا داگیری کرد[٢٠].

* لەزەمانی معز الدولەدا چەندجارێك شەهرەزوور بۆتە سەبەبی شەڕو شۆڕ و بەعزێ حەرەکاتی تیاکراوە.حەتتا صاحبی سەبوکتەگینی لە٣٤٤ه دا بەلەشکرێکی بەقوەتەوە هاتە سەر شارەزوور و مودەتێك محاصرەی کرد[٢١].

*لەساڵی٣٦٩ه (٩٧٩م) عضد الدولە ئۆردویەکی ناردە سەرکوردانی شارەزوورو مەقصەدیشی ئەمەبووکەلەعەشرەتی(بنوشیبان)ی عەرەب جوێیان کاتەوە[٢٢].

*عمادالدین زەنگی لەساڵی٥٣٤ه دا ولاّتی شارەزووریشی لەئەمیر قیجاق کوڕی ارسلان طاش زەوت کرد[٢٣].

* لەساڵی ٦٤٥ ه دا ولاّتی شارەزوور لەژێر ظلم وتالانی مەغۆلدا پەرێشان بوو[٢٤].

* لەدوای سقوطی بغدادو انقراضی خلافتی عباسیە اهلی شارەزوور و بەعزێ جێگەی تر ولاّتەکانیان بەجێهێشت وهیجرەتیان کردە طرفی سوریە و مصر[٢٥].

*ساڵی١٠٣٩ ه خەسرەوپاشا لەدوای وەفاتی شاعباس وپاش ئەوەی مشاوەرەی لەگەڵ امرای کورد کرد وای بەمناسب زانی کە اولا حاکمی اردلاّن بشکێنێ وئەو ولاّتە زەوت بکاو لە دواییدا بچێتە سەربغداد ، لەسەر ئەم قەرارە بەسەر شارەزووردا ڕوی کردە اردلاّن.ئورد وگەیشتە شارەزوورو خەسرەوپاشا قەلاّی خورماڵی تعمیرکردەوە ، ئەم قەلاّیە لە طرف سلطان سلیمانەوە بینا کرابوو، لەدواییداشیخ عبداللە کە بە(شێخۆ) مشهور بوو قەلاّیەکی

لەسەرچاوەی زەلم بەناوی (ظالم علی)ەوە هەبوو.دووسێ کەسێك لە رونەسای کوردهاتن (اطاعەتیان کرد)[٢٦].

*لەساڵی ١٠٤٠دا خان احمدخانیاردلانی بەقوەتێکەوە شوێن ئوردوی عوسمانی کەوت ، شارەزووری داگیرکرد[٢٧].

*لەساڵی١١٥٦هـ دا نادرشا دیسان روی کردە عراق ، بەلاًم والی بغداد تەفرەی داو لەسەر قەولی ئەوبەئوردوە زۆرەکەیەوە بەسەرشارەزووردا رووی کردە موصل ، لافاوی خوێنرێژی نادرشا ئەوەندە بەقوەت بوو ئەعسکر ئەقوەتی امراوعشایر خۆیان لەبەریارانەگرت وبلاًوەیان لێکرد.اردوی ایران لەدوای تالاًن کردنی شارەزوور گەیشتە کەرکوك[٢٨].

*هەلال کوڕی ناصرالدین بدرحسنویە دوای ئەوەی لەگەڵ باوکیاتێك ئەچێ ، باوکی لە خۆی دوورئەخاتەوەوئەینێرێتە (صامغان) ، پاش ماوەیەك لەگەڵ (ابن الماضی) حاکمی شارەزووری هاوسێیداتێك ئەچێ. ئەم حاکمە ماموری باوکی بوو، بەدر کە ئەمەی بیست بۆهەلالی نووسی و تەمێی کرد کە هەرای لەگەڵ نەکا، بەلاًم هەلال گوێی نەدابە امری باوکی و هەرەشەی لە ابن الماضی کرد. ناصرالدین دووبارە بۆ هەلالی نووسی، هەرەشەی لێکردو پێی گوت هەر معاملەیەکی خراپ لەحق ابن الماضی بکەی بزانەکە لەحقی منی ئەکەی، هلال لەپاش ئەم تەمێی دواییەی باوکی بەعکس حرکتی کردولەدست بەجێ لەشکری کۆکردەوەو چووە سەرشارەزوور.لەدوای محاصرەیەکی کورت زەوتی کرد.ابن الماضی لەگەڵ کوڕەکانیدا کوشت وهەرچی بووتالاًنیکرد[٢٩].

*ساڵی٦٤٥هـ ١٢٤٧م مەغۆلەکان داویانە بەسەریاو لە ٦٥٥-١٢٥٧هـ دا لەشکری هۆلاکۆ وێرانی کردووە[٣٠].

٣- لەلاپەرەكانی تری مێژوودا كەپچڕپچڕ لێرەولەوێ خوێندومنەتەوەو لەدەفتەرە چكۆلەكەی بەرباخەڵمدا نووسیومنەتەوە كە بەداخەوە سەرچاوەكانم دیاری نەكردووە. بەڵام بەپێویستی ئەزانم بیان خەمە پێش چاوی خوێنەر لەگەڵ داوای لێبوردنمدا.

*ئەسەرحەدون-چەندجارێك بەلەشكری گەورەوە پەلاماری شارەزووری داوە، دوای چەندجارێك تێكشكان لەئەنجامدا توانیویە سەركەوتن بەدەست بێنێ. تا لەدەوروبەری ساڵی(٦٥٠پ.ز) دا میدیەكان كەئەودەمە دەوری دەستەڵاتی (فراوەرتیس) بووە توانیویانە بەسەریدا سەربكەون دەستەڵاتی خۆیانی تێداجێگیر بكەن.

*-كەیئەخسار-سێیەمین پاشای میدیەكان لەپەلاماری دووەمیدا بۆگرتنی ناوچەی نەینەوا لەشكرەكەی بەشارەزووردا بردووە.

*كە كۆتایی بەدەستەڵاتی میدیەكان هات ، فارسە ئەخمینیەكان شارەزووریان داگیركردو دەستەڵاتی خۆیان تێداسەپاند.

* لەساڵی (٨٠٩پ.ز)دا-شەلمانسەری سێیەم- پەلاماری ئەم ناوچەیەی شارەزور-داوەو داگیری كردووە.

*ئاشور ناسرپالی دووەم- لە نێوان ساڵەكانی(٨٦٠-٨٨٤پ.ز)دا شارەزووری گرتوەو وێرانی كردووە. لەسەر كەلاوەكانی شاری (ئەتلیلای) لولوبیەكان شاری (دورئاشور)ی دروست كردووەو حوكمڕانی تێدا كردووە.

*لەچەرخی دووەمی پ.ز دا ئەشكانیەكان هەڵیان كوتایە سەرشارەزوورو بنكەی فەرمانڕوایی‌خۆیان تیادامەزران.

*لە چەرخی چوارەمی(پ.ز)دا ئەسكەندەری مەكدۆنی سەركەوتنی تێدا بەسەر هێنا(واتە شارەزور) وخستیە ژێر ڕكێفی خۆیەوە.

* لــــەمانگی‌دووی ســــاڵی٦٢٨ی‌زاینیدا-هراکلیـــۆس-ی‌پاشــــای ڕۆم دای‌بەسەر شارەزورداو وێرانی کرد.

* لەسەربەمی‌خەلافەتی حەزرەتی عومەری کوڕی‌خەتابدا-عەزرەی کوڕی قــەیس- هــات بۆفــەتحی شــارەزوور بــەڵام نــەیتوانی ســەربکەوێ ، پاشــان بەڕابەرایەتی-عەتەبەی کوڕی فەرقەد-فەتح کرا.

*شارەزوور پەناگای یاخی‌بووان ولادەران بووە ، وەکوفیرقەی (خـەوارج) و(خورەمیە) کەسوودیان لە باری جوگرافیایی ودووری ناوچەکە وەرگرتــووە. بەڕابەرایەتی(فـروە بـن نوفـل الاشـجعی) کۆمـەڵێك لەحـەزرەتی عـەلی لایـان داو لەشارەزووردا جێگای خۆیان کردەوە، لەڕۆژانی خەلافەتی معاویەبن ابی سفیان دا ساڵی٤١ھ لەگەڵ کوردەکانی شارەزووردا ڕووی کردە(کوفە).

(شبیب بن یزید) لەڕۆژانی دەستەلأتدارێتی(حجاج بن یوسف الثقفی) دا لەگەڵ هەواداره کانیدا شارەزووری کردۆتە پەناگا.

ســاڵی١٢٧ھ (ضحـاك بـن قیـس الشـیبانی) لەگـەڵ چـوار هــەزار کــەس (خوارج)دا پەنایان بۆ شارەزوور هێناوە.

وەهەروەها (شیبان بن عبدالعزیز الیشکری) دوای چەند شەرێکی لەگەڵ (مـروان بــن محمــد)ی دوایــن خەلیفــەی ئەمــەویدا ڕووی کردۆتــە شــارەزوور وکردویەتیــە پــەناگا وە لــە ســەردەمی عەباسیەکانیشـدا (ابـو عمروالشــاری) لەساڵی١٥٤ھ دا بە مەبەستی خۆحەشاردان ڕووی کردۆتە شارەزوور.

*ساڵی ٩٤٤ لەلایەن سوڵتان سلێمانی عوسمانیەوە لەشکرێکی گـەورە بەسەرکردایەتی‌حسەین پاشـا سـازکرا بۆداگـیرکردنی کوردسـتان ، لەناوچـەی شارەزووردا مـەئمون بـەگ بەچوار هەزارسوارەوە بەرامبـەر ئـەوهێزە ڕاوەستا. ڕۆژی دووشـەمە ٨ی ذی الحجـەی ساڵی دیـاری کـراو هـەردوو هێزەکـە دایـان

بەیـەكدا. مـەئمون بـەگ بـەوهێزە بچوكـەوە بـەیانی تـائێوارە شـەڕی كـرد، ژمارەیەكی زۆرلەهەردوولا كوژرا، تاریكایی شەوناوبژی كـردن. مـەئمون بـەگ چونكە كزی ولاوازیی لەشكرەكەی بینی گەڕایەوە قەلاّی زەڵم وخۆی قایم كرد. نزیكەی مانگێ لەقەلاّكەدا بەرەنگاری كرد. عوسمانیەكان گەمارۆی قەلاّكەیان دا، مەئمون بەگ لەبەر ڕزگاركردنی گیانی خۆی لەگەڵ چەندكەس لەدەست وپێوەندكەیدا هاتە دەرەوەوخۆی تەسلیم كرد كەئەوگیرا لەشكری عوسمانی قەلاّكەیان چەپاوكردو دوایسەركەوتن گەڕانەوە شوێنیخۆیان.

*ماوەیەك دوای ڕووداوی پێشوو كە باسمان كرد.میر سورخابی مامی میر مەئمون بەگ بەیارمەتی(شاە طهماسب)ی فارسەكان كەوتە پەلاماردانی شارەزوور وگرتیەوە.پاش ماوەیەك كەدەستەلاّتی خۆی تیائەسەپێنێ دیسان لەلایەن عوسمانیەكانەوە پەلاماری ناوچەكە دراوەتەوەو گیراوەتەوە.

*كاتێك كەمحەمەدپاشایجاف لەو پەڕیدەستەلاّتدابوو، ئەیویست دەستكەوتێكی گەورەتر بۆگەلی كورد بەدەست بێنی، لەلایەن عوسمانیەكانەوە لەشكرێكی گەورەی كرایەسەركە(عومەر پاشای سەردار) ڕابەرایەتی نەكرد.لەشكریعوسمانیەكان هەم بەژمارە زۆربوون وهەم بەچەك تۆكمەوتەیارتر بوون ، لەبەر ئەوە دوای شەڕێك ناوچەی (هەڵەبجە، شارەزوور،ئەورۆڵییان)چۆڵ كردووە و ڕوویان كردۆتە ناوچەی (شەمێران).

لەشكرەكەی دوژمن لەپەلامارەكەیدا هەرگوندێ لایەنگرو دۆستی محەمەد پاشای تیابووبێ سوتاندوویەتی، یەكێك لەوگوندانە گوندی(چرۆسانە)ی ئەورۆڵیبووە ، كەئەوبەمە شاعیری گەورەی كورد-مەولەوی-لەوێ مەلابووە. ئەمیش لەگەڵ خەڵكەماڵ سووتاوەكەدا ڕووی كردۆتە شەمێران.

مەحموود بەگی خزمی محەمەد پاشای جاف لەسەرئەو ڕووداوە ئەم پارچە شیعرەی بە زمانی فارسی نووسیوە وناردوویەتی بۆ-مەولەوی-

شمالا عمرافزائی وجان بخش

کە هستی چون دم عیسی روان بخش

(ئەی بای شەماڵ کە تەمەن زیاد ئەکەیت وگیان ئەبەخشیت ، هەیت و وەکو هەناسەی عیسا ڕۆح ئەبەخشیتەوە بەبێ گیان)

سیە ابر از تو چون سیحاب گردد

زفرط کوە برفین اب گردد

(هەوری ڕەش لەتۆدا وەکو جیوەی لێ دێ، لەئاستی چیای بەفرین دا ئەبێ بەئاو).

کە دارم عرضە ای دل نوازم

تحمل کن کە بندە عرض سازم

(پێشنیارێکم هەیە ئەی دڵدارەکەم، ئارامت هەبێ تاپێشکەشی بکەم)

مهمی هست مارا ازشمیران

زروی لطف انجا اسب میران

(ئێمە کارێکی گرنگمان هەیە لەشەمیران ، لەڕووی سۆزەوە بەرەونەوێ ئەسپی خۆت تاودە)

مترس انجا اگرچـه جـای بیـم اسـت

مقـام مرشـدم مـولی ارحیـمااسـت

(مەترسە هەرچەندە ئەویٚ جێگـەی ترسـە، بـەڵام شوێنی رابـەرم مـەولا رەحیمە. رحیم=عبدالرحیم=ناوی راستەقینەی مەولەوی شاعیرە).

زاشـــوب زمـــان وچـــرخ غـــدار

زشـــومی لعمـــر پاشـــای ســـردار)

(لەبەر ئاژاوەی رۆژگارو چەرخی غەددار ولەبەرشومی‌ی عومەر پاشای سەردار)

یزیـــد ثانـی ان ســـردار افخـــم

ولایـت شــد زبیـــدادش پرازغـــم

(یـــەزیدی دووەم ئـــەو ســـەردارە بەناوێیـــە ، ولأتەکـــەمان لـــەبێدادی ئەوداپڕبووە لەخەم)

اذلـــەرا نمـــوده اهـــل عـــزت

کـەمولای مـن از او کـرده هجـــرت

(هەتیمچە وداماوانی کردۆتە خاوەن ویقار، کەمەولای من لەدەستی ئەو هەڵهات)

چروســـتانه بـزد اتـش بــه یکبـار

گزیـــده جـای خـود دامـان کهسـار

(چرۆسانەی بەجاریٚ ئاگری تێبەردا، ئەویش واتە مەولەوی داوێنی چیاکانی بۆخۆی هەڵبژارد).

میان-قلعه-ودشت-ولوبر-
سیاه چادر زده‌چادر به‌چادر

(لەنێوان-قەلاْ-ودەشتی-ولۆەر-دابەڕیز رەشماڵ هەڵدراوە).

ورا - عثمان - و - کاکه یونس -
ندیمان یمین هستندومونس

(عوسمان وکاکە یونس بوونەتە هاوڕیٚی دەستەراست وهاودەمی).

یسارش را-خضربگ-یا-فتاح-است
به همراهي انها ذوجناح است

(هاوڕێکانی دەستە چەپیشی خزر بەگ وفەتاحن بە هاوڕێیەتی ئەوانە بۆتەخاوەنی دووباڵ).

شرفیاب حضورش باش ازمن
تواز من دست اویزش به دامن

(لەباتی من بچۆرە خزمەتی ودەستەو داوێنی ببە)

زحال بندەمیپرسد کەچون است
بگو دیدم کەدرگرداب خون است

(هەواڵی بەندە ئەپرسیٚ کەچۆنە، بڵیٚ بینیم لەناو گێژاوی خوێندا بوو).

کـــەازخیل مـــهین بـــانوی ارمــــن
لرســتان را قدیمـــه کـــرده موطــن

(لەبەرخاتری ئەوخاتوونە گەورەی خێڵی ئەرمـەن- مەبەسـت شیرینە- کەلوڕستانی کرد بەزێدو نیشتمانی دێرینی).

ز- قصـر- ازبیم - شـیرویه - گریـــزان
بە مخمـل کو - شدند افتان وخیزان

(لەترسی-شیرویە-لە-قەسر-ڕای کردو بەزەحمەت گەشتە(مەخمەڵکۆ)

یکـی مـە پـــاره ازنســـل-شـیرین-
بـــت شکرشـــکن بـازوی رنگـــــین

(سیما وەکـو مـانگێ لەنـەوەی شـیرین کـە بتیشـەکری شـکاندو بـازوی ڕەنگینە)

رخـش مـاه دوهفتـه کـرده محبـوس
لقـــب شـــیرین ثـانی نـــام طـاوس

(روخســـاری مـــانگیچواردەی زینـــدان کـــردووە، شـــیرینی دووەم شۆرەتیەتیوناوی تاوس-٥)

پـــــی تفریـح قلـب وخواهـــش دل
ســـرای مـــیر مـــارا کـــردة مـــنزل

(لەبەر سەیران وئارەزووی دڵ سەرای میری ئێمەی کرد بەجێگای خۆی).

نــــە بتوانــــد قلــــم وصفــــش نوشــــتن

بــــــــەخود داردهمــــی بیــــم شکســــتن

(قەڵەم ناتوانێ وەسفی بنووسێ، چونکە ئەترسێ کەبشکێ)

مــە دوهفتە در وی دیــــدنــــاگــــــــــاه

مقــــابل چــــون نشــد بــاروی ان مــــاه

(مانگی چواردە لەناکاودا لەودا خۆی بینی بەڵام وەکو سیمای ئەو نەبوو)

اشــارت کــرد تــار هــردو گیســــــــو

مــــــــەدو هەفتــــــــەرا آرنــــد بــــررو

(ئاماژەی کرد بۆ تاڵی هەردوو ئەگریجەی کە ئەو مانگی چواردەیە بێننە روو)

خبرداراســــــت البــــــــت ســــــــرورما

زحبــــــس مــــــامو حکــــــم دلبرمــــــــا

(ئەڵبەتە گەورەی ئێمە ئاگادارە لەگرتنی مانگ وحوکمی خۆشەویستەکەمان)

خرامــــان رفــــــت روزی روی صحــــــرا

شودسرســــــبز ازوگلــــــهای حمــــــرا

(رۆژێ بەلەنجە رۆی بۆ دەروەشت وگوڵاڵەکان لەبەریاگەشانەوە)

ز-شـــيروان تپـــه-تادامـــان-شــــاكل-

گـــروه اهـــــوان بدگلــــه درگــــل

لە-شیروان تەپە-تاكو داوێنی-شاكەل-ڕەوە ئاسكەكان لە ناو قوڕدا ڕەوتیان تێكچوو)

نظـــر افتادشـــان برچشـــــمه جـــادو

سراسرچشـــم اهـــو گشـــــت اهـــو

(كەچاویان بەچاوی جادویی ئەو كەوت،ئاسكەكان هەموو چاویان عەیبدار بوو)

غـــزالان جملـــه صـــف صـــف ایســـتادند

اطـــاعت راهمـــه گـــــــردن نـــهادند

(ئاسكەكان هەموو بەڕیز وەستان وگەردنیان بۆ فەرمان كەچ كرد)

مـــن مـــهجور طـــاقت رفتـــه ازدســـت

ربـــوده جـــان ودل ان نرگـــس مســـت

(منی دوور كەوتە كەتوانام لەدەست دەرچوو، ئەودووچاوەمەستە دڵ وگیانیان فڕاندم)

گريـزان گشـــته عقـــل وهـــوش هرســـو

معلـــق روح مـــــانده دســـــت زانـــــو

(ئاوەزاو هۆشم هەریەكەو بەرەولایەك ڕایانكرد، ڕۆحم بەهەواوە مۆلەقەو دەست بەئەژنۆ)

ولی او از بـــدن کـــرده کنـــاره

بفرمـــا، ســـرورا، تاچیســـت چـــاره؟

(بەڵام ئەوکەلە لاشەم دووریگرتوە   فەرموو گەورەم چارەچیە؟)

* * * * *

ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەم پارچە شیعرەدادیاربێت دووشتە.

١-کورتەباسێکی هێرشەکەی دوژمن، ناوبردنی سەرلەشکرەکەی دوژمن، سووتانی ماڵی خەڵك ولەگەڵ مەولەویدا و ڕاکردنیان بۆ ناوچەی شەمێران.

٢-دیـارە ئـەم شـاعیرە دڵـدارە لـەو نـاوەدا خۆشەویسـتێکی هـەبووە ودووچاری دەردو ئازاری هەڵهاتن وماڵ وێرانـی بووە. بەسۆزەوەهەستی خۆی بەرامبەر بەوە دەرئەبڕێت.

مەولەوی، شاعیری گەورەو هونەرمەندو پڕ بەهرەی ئەودەمە لەسەر ئەم ڕووداوە کەخۆی تێیدا بەشدار بووە، بەداخەوە هیچ شتێکی وای نەنووسیوە، نەیکردووە ئەم ڕووداوە بکات بـە موناسـەبەتێك وەك هـەموو موناسـەباتەکانی تـری نـاو دیوانەکـەی بیهۆنێتـەوە، لـەناو ئەوکارەسـاتە ناهـەموارو پـڕدەردی سەریەدا، لەناو ئەوماڵ وێرانی و دەربەدەریەدا کەسەدان کەسی تیا دووچاری نەگبـەتی وئێش وئازار بووە، وەك مێژوو هیچی تۆمارنەکردووە. بەڵکو تـەنیا لەچوار چێوەی شیعرێکدا باسی سـوتانی کتێبخانەکـەی خـۆی ئـەکات وئیـتر هیچ. (بڕوانە دیوانی مەولەوی شیعری(٢)ی پیتی(خـێ) کـە شـیعرەکەی بـەم شێوە دەست پێدەکات:

خامـــەی ســـەراوێز نـــەچای سیایـــی

مـــەڕێزۆ ئەســـرین شـــەکوای جیـــایی

هد

شیعرەکە تا دەست داگریت پڕە لە هونەرو زەوق وسەلیقەی شاعیرانەو وێنەی جوان وناسک. بەلأم ئێمەیش ونیشتمانیش ئەوەمان لەمەولەوی ئەویست کە لەپاڵ ئەوهونەرەدا رووداوەکەی وەك واقیع ومێژوو لەناو شیعرەکەیدا تەوزیف بکردایە، واتا رووداوەکەی بکردایەتە چامەیەکی شیعریی مێژوویی چونکە کارەساتەکە کارەساتێکی مێژوویی گەلەکەمانە و مەولەوی خۆی تێیدا بەشدار بووە کە ئەوەی بکردایە ئەوندەمە چامەکە لەگەڵ هونەردا هەستی کورد پەروەریشی لێ دەتکا، وەکو (نالی وسالم ومەحوی) بەوپەڕی هونەرەوە لەسەرڕووداوە سیاسی و کۆمەلأیەتیەکانی سەردەمی خۆیان هەلوێستی خۆیان دیاری کردووە.

هەورامان

ئەم مەڵبەندە بەشێوەیەکی گشتی ئەکرێت بەحەوت بەشەوە:

١-هەورامانی تەخت.

٢-هەورامانی لهۆن

٣-ژاوەرۆ

٤-چەمی شامیان

٥- چەمی دزلی

٦- چەمی رەزوا

٧- چەمی گاوەرۆ

بەشی گەورەی‌هەورامان بەرکوردستانی ئێران کەوتووە. تەنیا لهۆنەکەی نەبێت بەشێکی کەوتۆتە کوردستانی عێراقەوەو سەربەشاری هەڵەبجەیەکەلەم شوێنانەدانیشتەجێن:

١-شـــارەدێی تەوێڵـــە ٢-سۆســـەکان ٣-پاڵـــەنیا ٤-جـــاور ٥-بەڵخـــە ٦-شارۆچکەی بیارە ٧-دەرەقەیسەر ٨-زەردەهاڵ ٩-بنجۆی‌دڕە ١٠- خارگێلاَن ١١-خـــەرپانی ١٢-نارنجڵـــە ١٣-گەچینـــە ١٤-باخـــەکۆن ١٥- گوڵـــپ ١٦-ئەحمەدئاوا ١٧-زەڵم ١٨-سەرگەت ١٩-هانەی قوڵ ٢٠- یالانپێ ٢١-هانەی‌دن ٢٢-دەرەی مـــەڕ ٢٣-بانی‌شـــار ٢٤-بەشـــێك لەشـــارۆچکەی خورمـــاڵ ٢٥-دەگاشێخان.

(زەڵم، ئەحمەدئاوا ، چەمی بیارە، مێشلە، وەزەنێ، ناوێسەری تەوێڵە، چەمی‌گەرپاتی تەوێڵە) لەوشوێنە خۆش ودڵگیرانەن کەهەمیشەجێگای سەیران وبەزم بوونە و ئەکرێ بە کەمێ دەستکارییەوە بکرێنە شوێنی توریستی

وسالأنه بەتایبەتی لە دوامانگی بەهار و سێ مانگەی هاوین ویەکەمین مانگی پایزدا لەبەرهەوا خۆشی وئاوی سازگارو میوەی جۆراوجۆر خەڵك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێبکات، کە ئەمەش دەرامەتێکی چاکی ئەبێت بۆناوچەکە، خۆشکردنی هەورامان بەوە دەبێت کە لە دەربەندەکانیدا (تەلکابینە) دابنرێ بۆ هاتووچۆ و گەشت وهەروەها گازینۆ وخواردنگەی بەشێوەی نوێ تێدا دابمەزرێت، ئەمەو قەدەغەکردنی ڕاوی باڵندە وگیانداره کێویەکان و ڕێگەنەدان بە بڕینەوەی درەخت ودەوەنەکانی.

لە هەوراماندا لەبەر ئەوەی کە ناوچەیەکی شاخاوییە دانەوێڵە زۆرکەم بەرهەمدێت، بەلأم هەمووجۆرە میوەیەکی درەختی زیاد لە پێویستی خۆی هەیە، بەتایبەتی (گوێز، ڕەزەدێم ، توو) کەئەمەش بەئاڵ وگۆڕکردنی لەگەڵ دانەوێڵەدا زیاتر لە ژیانیخۆیان مسۆگەر ئەکات، بۆیە چینی هەژاری کەمە و چینی مامناوەندی زۆرەو هەروەها لە (تەوێڵە، بیارە، سۆسەکان)دا ژمارەیەك دەوڵەمەندی گەورە و سەرمایەداری تیاهەڵکەوتووە.

هەورامیەکان هەرلەکۆنەوەگەلێ لەپێویستیەکانی ژیانیخۆیان بەدەستی خۆیان دابین کردووەو لێشیان زیادبووە ، زیادەکەیان لە بازاڕینزیکی خۆیاندا فرۆشتوەو هەندێپێویستیی تریان پێکڕیوە. گەلێ دەست وپەنجەڕەنگینن وبەشێوەیەکی جوان وشیاو(شاڵ، جاجم، مەوج، بەرماڵ، کلأش، کوریە، گۆزە، کاسەوکەوچك، شانە، گۆرەوی، پووزەوانە، پەستەك، کوڵەباڵ، لباد، کێردوچەقۆ، پنە، دەرخۆنە، خوێدان، دەستاڕ، تەشی، کونە، مەشکە، ئاشی ئاو، خانووبەرە، بانگردێن، بەرچینە، سەبەتە، هۆرورەشکە) دروست ئەکەن. کەئەمەش گۆشەیەکی فراوان لەژیانیان پڕئەکاتەوە.

هەرچەندە لە هەوراماندا (گا، مانگا، مەڕ) بەخێودەکرێن، بەلاّم لەبەر ئەوەی ناوچەکە سەخت وشاخاوییە ژمارەی(بزن) زۆرترە. بزن جگە لە گۆشت وکەوڵەکەی سوود لە مووەکەی وەرئەگرن بەتایبەتی بۆدروست کردنی شاڵ قازانجی باشی لێدەکەن. لەم بەشەی هەوراماندا دووچینی دەستەلاّتداری ئاینی وکۆمەلاّیەتی هەبووە وهەیە.

یەکەم: شێخەکان کەشێخایەتیەکەیان لەشێخی سیراجەددینەوە دەست پێدەکات، ئەم زاتە کوڕی خالیدکوڕی عەبدلّلاّکوڕی محەمەد کوڕی دەروێش کوڕی مەعروف کوڕی جومعە کوڕی ظاهیرە. یەکێکە لەخەلیفە گەورەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، لەپشتی سێهەمیانەوە واتە-محەمەد-هاتوونەتە هەورامان ولەوەوبەر خەڵکی پشتی کفرین،کەئەم هاتۆتە تەوێڵەئیترلەناو هەورامیدا تواونەتەوە. کوڕونەوەی شێخی سیراجەددین بەم شێوە دەست پێدەکات.



دیارەشەجەرەی ئەم بنەماڵە لەمەی کەدیاریمان کردگەورەترە، پاشان لەگۆشەی پیاوە ناودارەکاندا یەك یەك باسیان ئەکەین.

ئەم شێخانە لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە خزمەتی گەورەیان کردووە. وەکو:

١-خزمەتی زانست: جگەلەوەی خۆیان زانستەکانی ئەوسەردەمەیان خوێندووە هەوڵیشیان داوە لەپاڵ خانەقاکەیاندا کۆڕیخوێندن بۆفەقێومەلایان گەرم بکەن وببنەهاندەرێك بۆئەوەی زانست لەناوچەکەدا بلاَوببێتەوە.

٢-خزمەتی هەژاران ولێقەوماوان: لەم بارەوە هەمیشە خانەقاکانیان پڕبووە لەم جۆرەکەسانە(شەل، گۆج، کوێر، شێت، خەڵکیکەم دەست ولانەوان) کە ژیانیان بەڕێوە چووە.

٣-خزمەتی پزیشکی: بەدوعاو نوشتە و داودەرمانی لە گژو گیا دروست کراو خزمەتی نەخۆش وبیمارانیان کردووە. کەپاشان لە گۆشەی خۆیدا باسی ئەکەین.

٤-خزمەتیکۆمەلاَیەتی: هەمیشە وەك ڕابەرێکی دینیی باوەڕ پێکراو لەدەستی ئەماندا ئاوکراوە بەسەر ئاگری کێشە کۆمەلاَیەتیەکاندا بەتایبەتی شەڕو پشێوی ناوتیرە و عەشیرەتەکان.

٥- خزمەتی شیعر و ئەدەبیات: شێخەکان لەناوخۆیاندا شاعیری باشیان تێدا هەڵکەوتووەهەروەکو لەشوێنیخۆیاندا باسیان ئەکەین وزۆرڕێزیشیان لەشاعیرونووسەران گرتووە (مەلاحامیدی بێسارانی، صەیدی دووەم، مەولەوی، مەلاعوسمانیفایق، مەجزوب، مەحروم، مەلا عەبدوڵلاَی داخی، مەحوی، ئینجەگەلاَلی، بێخود، ناری، قانع... هتد) لەوشاعیرونووسەرانەن کەلەدڵی شێخەکاندا جێگای تایبەتییان هەبووە.

دووەم: بەگزادەوسانەکان کەبەبنەچەنەچنەوە سەرسانەکانی ئەوسوو. لەشەجەرەیەکدا وایان دیاری کردووە کە لە بنەڕەتدا نەوەی (بەهمەنی کوڕی

ئەسفەندیاری کەیانین) هەندێکیشیان پێیان وایە کە دەچنەوە سەر (قوبادی کوری فەیروزی ساسانی).

کەیانیەکان زنجیرەپاشایەك بوون کەبەرلەشەدادیەکان لە ئێراندا فەرمانڕەوایەتییان کردووە. بۆیەپێیان ئەگوترێ (کەیانی) چونکە ناوی پاشاکانیان بە(کەی) دەست پێدەکات، وەکو(کەیکاوس، کەیخوسرەو کەیقوباد... هتد). (کەی) یش واتای ئاغا ئەگەیەنێ. سانەکان دارا و موڵکداربوون، ژیانیخۆش وپڕلەزەوق وئارەزوویان بەسەر بردووە، سەردەمانێك بووە لەسنووری ناوچەی(ئەوسوو)و (تەوێڵە)دا بۆخۆیان حکومەتێکی چکۆلەیان دروست کردووەوسەربەخۆودوور لەدەستەڵاتی بێگانە ژیاون. هەندێ جارلەگەڵ بەگزادەجافی جوانڕۆومیرەکانی ئەردەڵاندا دووچاری گێرمە و کێشەبوون، بەڵام زوویش هەوڵیان داوە کێشەکەیان چارەسەرکردووەو بەژن وژن خوازی خوێنیان خۆش کردووە. سانەکان هەمیشە لەسەنگەری بەرگریکردن لە کوردایەتیدا بوون، گەلێ پیاوی بە شکۆ و دلاوایان تێدا هەڵکەوتووە کە دەکرێ هەورامییەکان خۆیان یا کەسێك لە بنەماڵەی سانەکان بە وردی و بە چڕو پڕی لەسەریان بنووسێت وراستییەکانیان پێشچاو بخرێت.

شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە بەم شێوەیە:



دیارە ئەم شەجەرەی سانانا کە ئێمە خستمانە روو لەمە فراوانترە و ئێمە تەنیا وەك پێناسەی رەگەزی سانەکان ئاوا بە کورتی ئامارژەمان پێکرد.

* * * * *

دەربارەی مێژووی شەڕ و پێکادان وداگیرکردن وتاڵان وبڕۆ، بەشێکی زۆر لەوەی کە لە باسی شارەزووردا باسمان کرد، ئەم ناوچەیەی هەورامانیشی گرتۆتەوە لەبەرئەوە پێویست ناکات دووبارەیان بکەینەوە.

شتێ کەزۆرپێویست بێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە باسی فۆلکلۆرە لەهەورامانداکەئەمەش زیاترئەکەوێتە سەرشانی نووسەرە هەورامیەکان . هەورامان لەم بارەوە گەلێ دەوڵەمەندەو بەداخەوە تائێستە وەکو پێویست کاری

لەسەرنەکراوە. ئەگەرچی هەندێ هەوڵی سەرەتاییدراوە،بەلاّم زۆرکەمن لەچاوئەو خەرمانەگەورەی کەلەم ناوچەیەدا هەیە.

بابەتەکانی(ئەفسانە، حیکایەت، پەندی پێشینان، مەتەڵ، قسەی نەستەق، گۆرانی، جۆرەکانی یاری، داب ونەریت، نوکتە) لەهەمووگۆشەیەکی هەوراماندا بێناز کەوتوون، پێم وایەئەگەر بەم زووییە دەست وبردێ نەکرێ ئەوادوای دوونەوەی تر لەناوئەچن وئەوگەنجینە گەورەیەلەدەست ئەچێ.

هەورامیەکان هەندێنووسەریبەتوانای چاکیان هەیەوئێستەش دەستەیە لاوی خوێن گەرمیان سەرگەرمیئەدەبیاتن، بەلاّم بەداخەوەئەم لایەنەگرنگەیان فەراموش کردووەوبایەخیخۆی پێنادەن. باوەڕیش ناکەم هەستیان بەوەنەکردبێ کەئەمە خزمەتێکیگەورەیە بەزمان وئەدەبیکوردی.

دەربارەی زمان: هەورامی زمان بووەودەمێکە بۆتەزاراوەیەکی کۆن وقایمی زمانی کوردی. ئەگەرچیچەند کەسێ لەکوردو بێگانە پێیان وایە کە هەورامی کوردنین، بەلاّم ئەوانە تائێستە بیروڕاکەیان لەقسەی سەرپێی دەرنەچووە و نەیانتوانیوە بەڵگەی باوەڕپێکراولەم بارەیەوە بدەن بەدەستەوە.

(ناشتوانن) هەورامان کەوتۆتەجەرگەی کوردستانەوە، دیارە ئەگەر کورد نەبن ئەبێ لەشوێنێکی ترەوە هاتبن ولەوێدا نیشتەجێبووبن، بەلاّم ئەوشوێنە کوێیە کە لێوەی هاتوون؟

شوێنەوارە کۆنەکانی هەورامان وای دیاری ئەکەن کە زۆر بەر لە زایین ئەم مەڵبەندە ئاوەدان بووە، ئەمە هیچ قسەی پێ ناوێ چونکە بەڵگەی ڕۆژهەلاّتناسەکان وهەندێ لەمێژوونووسە کوردەکانمان لەم بارەیەوە بە دەستەوەیە. کەواتە هەورامیەکان دوێنێ وپێرێ وچەند سەدە لەمەوبەر نەهاتوونەتە ئەوناوەڕاستی کوردستانە تا بە کوردیان نەزانین. زاراوەی

هەورامی گۆڕانی زۆری بەسەر ...روە. قەوا... ...ی ... مار ...ە دکتۆر جەمال رەشید لێکۆڵینەوەی لەسەرکردوون، هەندێ وشە ...هەورامی ...ی لە یەکێکیاندا دیاری کردووەو بەراوردی کردووە. بۆ ئەمە خوێنەر، ئەتوانێ بچێتەوە سەر کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) منیش لەڕێگەی سۆراخی خۆمەوە ئەم دوومەتنەم دەست کەوتووە:

١. (ئاهۆرا مو ئایرا کوژیی خەشیم کەر، خولەنە مو زەتە کورد و بزە)

کوردو-کردم . بزە=گوناح.

واتە: ئەی ئاهۆرامن ئاگرم کوژاندەوە تاوانم کرد، ڕەحمم پێ بکە چونکە ئەو گوناحەم کرد.

٢. (سوزە گەلا بهیم پسی توردوو زی مە نەخەشیمۆ کەرێ روا نەهیم شیدو مزمە دونە روچان ئاهۆرا خێوا).

واتای وشەکان: سوزە=پیرۆز . گەلا-خزمان . بهیم-پێکەوە. پسی-پزوو توردو=بگرن . وزیمە=لە ئێمە . نەخەشیمۆ-نەتۆرێی . کەرێ-کردم. روا-بەرپا . نەهیم-مەراسیم . شیدو-شادبی . مزمە-پاداشتمان. دونە=ئەدات. روچان-کلاورۆشنە. ئاهورا-خودا. خێوا-پێشکەش. من ئەم دوومەتنەم لەبرای بەڕێز کاک مەلائەحمەدی ئەزیری وەرگرت، ئێترپێ‌ی‌ئەوتم کەبەچ خەتێك نووسراونەتەوە. ئەوەندەی من بزانم هەردووکیان پەهلەوین لەگەڵ هەندێ وشەی ناوچەییدا.

دوای ئەم دوومەتنەپارچە، ...رێک ...رهە ،کەگوایەلەسەرپێستی‌ئاسك نووسراوەتەوە و ئەگەڕێتەوە بۆ سە ...ەمی ...سی ...ەشکری ئیسلام بۆناوچەکە. ئەمەش شیعرەکەیە:

هورمزگـــان ڕمـــان ئاتـــەران کشـــــان
وێشـان شـاردەوە گـــەورە گـــەورەکان
زۆرداریـــی ئارەوکردنــــــە خــــاپوور
گنـــالی پاڵــــە هـــــــەتا شـــــارەزوور
شـــەن وکــــەنیکا وەدیـــــل بشــــینا
مــــــــەردئازاتلی وەڕووی هوینــــــــا
ڕەوشـتو زەڕدەشـت مـانۆوە بێکـــەس
بزیکـا نیکـا هورمـزد وە هیــچ کـــەس

من بۆخۆم گومانم لەم شیعرە هەیەوبەدەست هەڵبەستی دکتۆر سەعید خـانی کوردسـتانی ئـەزانم: هەرچـەندە هـــەندێ وشـەی کۆنـی تیایەکـە لەهەورامیئێستادا بەوشێوە بەکارناهێنرێن. بەڵام هەندێوشەی تریشی تیایە وەکو (شاردەوە، گـەورە گـەورەکان، هـەتا، دیـل) کـە ئەمانـە جێگـای سـەرنج وتێرامانن وهەروەها ئەوە نزیك بەسی ساڵە ئەم شیعرە بیستراوە و ئەبیستریٚ، بەڵام کەس سەرچاوەکەیدیاری نەکردووە!!

زمـان لـەم پارچـە شـیعرەودووەمەتنەکەی ئێمەوقەواڵـەکانی هـەوراماندا زۆرجیاوازە. ئەمە نیشانەی دەست تێوەردانی پێوە دیارە، لەکاتێکدا کە ئەگەر شیعرەکە ئەسڵی هەبێت. وەهەروەها چەندسەدەیەك دوایمێژووی ئەم شیعرە صەیدی یەکەم وەکوشاعیریٚ هەڵئەکەوێت وبەشێوەی هەورامی سەردەمیخۆی شیعری وتووە. کەزمانیشیعرەکانیئەمیش لەگەڵ ئەوپارچەشیعرەدا جیاوازە. بۆنموونەبائەم دێڕانە لەصەیدیبخوێنینەوە:

دیۆم چێش یارم ئوما وەختیٚشۆمە
ئەرەجێیمۆنگەنە مۆنگی تەمۆمە

* * * * *

لوڤۆ نۆڤە سەروتۆفو جەحێلی
دمرەک پیرنو شرمن وەخت وسەعاتم

* * * * *

نەک تە پەرێش دیڤۆنەبی، هەکلێت برەبێگانەبی
تەپەی شەمەی پەرڤۆنەبی پی تە نەداسوتارەبە

* * * * *

نەژیڤانۆ مەژیڤۆبیٚ تە ساتیٚ
حەیاتەمنی حەیاتەمنی حەیاتم

ئەمانەلەگەڵ هەورامیئەمرۆداجیاوازییان زۆرەوئەوەمان پیٚدەڵێن کەهەورامی دەوران دەورگۆڕانی بەسەرداهاتووە.

بەڵام بەدوای ئەوەدا بگەڕێن کەبنجی زمانی هەورامی بدۆزینەوە، ئەوەزەحمەت وتوێژینەوەی زۆری ئەویێت وکارێکی وەهائاسان نیە کە راستە ڕێگایەك بگریت و بتباتە سەرسەرچاوەی بنەڕەتی. هەندیٚ کەس پێیان وایەکە ئاڤێستا سەرچاوەی گەورەی زمانیهەورامیە، قانعیشاعیر لەم بارەوە وتوویە:

کتێبی زەردەشت کەئاڤێستایە
وەک باقی کتێب خەڵاتی خوایە

بـەزوان هـەورامی هاتـە سـەر بەشـەر
یانیهای زەردەشـــت بـوو بـە پێغەمبـەر
تا دەوری خـۆی بـوو وەك بـاقی دینـان
بەڵام نەسـخ بـوو ئـەویش بـە قورئـان

ئەم بۆچوونە بەوەدا ڕەت ئەکرێتەوەکە:

١-ئاڤێستاچەندیٚوشـەیلەهەورامیدا ماوەتەوەئەوەندەشـی لـەزاراوەوبن زاراوەکانی تری کوردیدا هەیە، ئەمەمن خۆم لە ئەنجامی چەندجارخوێندنەوەی ئاڤێستادابۆم دەرکەوتووە.

٢- لەباری گرامـەرەوە ئاڤێستاوهەورامیهەندیٚ جیاوازیـان هەیـە. ئـەم دووخاڵە باسێکیچڕوپڕ وسەربەخۆن ولێرەداجێگەی نیە کە بەوردی بچینە بنج وبناوانیـەوە، بـەس جـەخت لەسـەرئەوەئەکەم کەوایەوئـەوەم بەلاوەگرنگـە کـە ناتوانین پیٚ لەسەر ئەوە دابگرین کە هـەورامی پاشماوەی زمـانی ئاڤێستایە و بەس.

هـەورامی ئەگـەر کۆمـەڵیٚ وشـەی بچێتـەوە سـەر (ئاڤێسـتا)، (پەهلـەوی ئەشکانی)، (پەهلەوی ساسانی) ئەواچەندین وشەیشی هەیە ناتوانریٚ ببرێنەوە سەر ئەوسـەرچاوانە، کەواتـە ڕیشـەی تریـان هەیـە، مـن بۆخـۆم ئەوڕیشـەیە بەزمانی ئاخاوتنی (مادەکان) ئەزانم کە هـەورامان لـەکاتیخۆیدا مەڵبـەندێکی گەورەیان بووە. لێرەوە بابچینە سەرڕیشەی زمانی کوردی بەگشتی. کورد وەکو ئەوەی کە ئێستە هەیە، بە درێژایی مێژووی کۆنـی تـا ئەمڕۆ هـەرگیز زمـانێکی یـەککگرتووی نـەبووە. لەکوردستاندا سیٚ جۆر زمـان هـەبووە(پ.ن) کەئێسـتەش ڕیشەیان هەرماوە:

١-زمانی ئیلامی: کەلەسەردەمی دەستەلاّتی خۆیداسنووری ئەم زاراوەوبن زاراوانەی کوردی گرتۆتەوە (لور، لەک، فەیلی، کەلّهور، جاف، گەرووس، گەرمیان).

٢-زمانی هووری کەسەرپاکی ناوچەی کرمانجی ژووروی گرتۆتەوە.

٣-پاش ئەوەی بەچەندچەرخ ئەم دوو زمانە بوونی خۆیان سەلماندووە پاشان مادەکان لەگەلّ کۆچی ئاریەکانداهاتوون ولەکوردستانداجێگیربوون ئیترمادەکان ئەوەندە زۆروزالّ بوون دەوری سەرەکییان بۆئەو دووزمانە نەهێشتۆتەوە (هەرچەندتائێستەش گەلّ وشەیان هەرماوەتەوە)ئیلامیەکان لەخوارەوە و هوریەکان لە سەرەوەی کوردستان وەکودووحکومەتی سەربەخۆو زمان وهەموو شتێ جیاواز، هەمیشەلەبەرمەترسی شالاّوی گەلانی میزۆپۆتامیا (مابین النهرین)دابوون وزۆر داماوی دەستی شەڕوهەرای ئەم گەلانەبوون. بەلاّم کاتێ کە مادەکان بەهێزێکی گەورەوە کۆچیان کردۆتە ناوچەکە لەگەلّ ئەودووحکومەتەی تردایەکیان گرتووە ئیلامیەکان وهوریەکان حەزیان کردووە مادەکان هاتوون، چونکە بوونەتە پشتیوانیان لەدژی شالاّوی گەلانی میزۆپۆتامیا. مادەکانیش بۆئەوەی بەبێ گیروگرفت لەناوچەکەدا بژین دەستی برایەتییان لەگەلّ ئەودووحکومەتە تێکەلّ کردووە... واتەهەرسێکیان بوونەتە تەواوکەری یەکتری ، بەرەبەرە دەستەلاّتی مادەکان پەرەی گرتووەوحکومەتێکی وەهایان دامەزراندووە کە دەوری بۆ هەردوو حکومەتەکەی ئیلام وهوری نەهێشتووە. ئەمە وەکو دەستەلاّتی سیاسی و ئیداری، بەلاّم وەکو زمان بە تەواوی نەیتواندوونەتەوە، بەلّکو تا ئێستەش ڕیشەیان هەرماوە و زمانی ئێستەی کوردی پاشماوەی ئەوسێ زمانەیە، بۆیە ئەبینین لەنێوان زاراوە

وبنزاراوەکانی باشوور و هەورامی وزاراوەوبن زاراوەکانی باکووری کوردستاندا سێ جۆر گرامەر هەیە، ئەمە جگە لەجیاوازیی سەدان وشە لەیەکتر.

وە هەروەها ئەبینین کە کورد جگە لە سێ گرامەری جیاواز، سێ جۆر جل وبەرگ وسێ جۆر ئەفسانەیشی هەیە ئەمانەش نیشانەی ئەوەن کە کورد لە پێکهاتنی سێ گەل (ئیلامی، مادی، هوری) ماوەتەوە، ئەمەش شتێکی سەیرنیە گەلێ نەتەوەی تر هەن کە لە چەند رەگەزێ دروست بوون لەوانە ئەڵمانیەکان، فەرەنسیەکان، یۆنانیەکان... هتد.

هەندێ نووسەری دیکە بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵێ وشەی هاوبەشیان لەنێوان زمانی کوردی وزمانی فارسیدا دیاریکردووە، بێیەك ودووبڕیاری ئەوەیان داوەکەزمانی کوردی زاراوەیەکە لەزمانی فارسی. ئەم نووسەرانە لە درزێکی بچکۆلەوە سەیری ئەو مەسەلە گەورە و گرنگەیان کردووە. چونکە هەموو زمانزان و مێژوو نووسە کارامەکان ئەوەیان دیاری کردووە کە زمانی ئێستەی فارسی پاشماوەی زمانی هەخامنشیەکانە کە ئەمانیش لەگەڵ کۆچی ئارییایەکاندا هاتوون ولەشوێنی خۆیاندا نیشتەجێ بوون لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە:

١- لەگەڵ هەخامنشیەکاندا مادەکانیش هاتوون و لە بەشێکی گەورەی سەرزەمینی کوردستاندا نیشتەجێ بوون ویەکەمین حکومەتی سیاسی و ئیداریان دامەزراندوە کە ئەودەمە هەخامنشیەکان لەژێر دەستەڵاتی ئەم حکومەتەدا بوون تا لە سەردەمی (کورش)دا شۆڕشیان بە سەرمادەکاندا کردووەو سەرۆکایەتی گەلانی ئێرانیان گرتۆتەدەست. بەڵێ هەخامنشیەکان توانیوویانە دەستەڵاتی سیاسی و ئیداری لە مادەکان بسێنن، بەڵام نەیانتوانیوە زمانەکەیان قووت بدەن، چونکەزمانی‌ئێستەی کوردی بەشی زۆری

پاشماوەی زمانیمادەکانە، ئەمە جگە لەوەی کە هەر وەکو لەپێشەوە ئامارژەمان بۆکرد (زمانی کوردی ئێستە بەشێکیشی پاشماوەی زمانی (ئیلامی)و (هوری)یە).

عەرەبەکان توانیان زمانی(قبطی)و(فینیقی) قووت بدەن وتورکەکانیش لەئێران توانیان هەمان بەلأبەسەر(ئازەر)یەکاندابێنن، بەلأم فارسەکان هەرگیزاوهەرگیز نەیانتوانیوە زمانیکوردی داگیربکەن ولەگەلٚ هەمووهەولٚ وکۆششێکیاندا زمانیکوردیهەربەرگریلەپاراستنیخۆیکردووەوماوەتەوە.

٢-کورد یا پاشماوەی (ئیلامی) و (هوری) لیٚ دەربکەین. لەسەردەمی لوتکەی دەستەلأتی مادەکاندا کورد بە یەکێك لە گەلە ئێرانیەکان دانراوە... کۆمەلەی زمانی ئێرانی لەچەند زمانیٚ پێکهاتووە وەکو(ئازەر، بلوچ، کورد، فارس، گیلەك.. هتد) هەروەکو کۆمەلەی سلافی لە زمانەکانی (روسی، چیکی، لەهستانی...هتد) پێکهاتووە و هەروەها لە دنیادا چەند کۆمەلە زمانێکیتر هەیە. کە هەموو ئەم کۆمەلأنە هەریەکە و لەناوخۆیاندا بەدەیان وسەدان وشەیان لە یەکترنەچیٚ، بەلأم هەر گەلەشی بۆخۆی خاوەنی تایبەتمەندێتی زمانی خۆیەتی، هەروەکو ناتوانریٚ بگوتریٚ (چیکی) زاراوەیەکە لەزمانی (روسی) هەرواش ناتوانریٚ کورد بە فارس یا فارس بەکورد دابنریٚ. من لێرەدا ئەم لێکچوونە لە کۆمەلیٚ وشەدا لە نێوان کوردو مازیندەرانیدا پێش چاونەخەم، کە کوردو مازیندەرانیش بەجوگرافیا سەدان کیلۆمەتر لەیەکەوە دوورن وگەلی فارس لەنێوان هەردووکیاندایە. کەچیئەم وشانەیان ناوالێکەوە نزیکن:

مازیندەرانی	کورد
ئابجی	خوشکەگەورە، لەئەردەلأنیدا(ئاباجی)ە
ئیسا	ئیسە، ئێستە

ئیشکیندین	شکاندن
ئیما	ئێمه
نوگیر	هۆگر
بیتاشین	تاشین
بەووتن	وتن
بەسوتین	سوتان
پاپیلی	پەپووله
پیریك	برێك
پیت	پووت(مێشك پووت)
پیس	پیس
تیر[illegible]	تریشکه
[illegible]	جەم بوون
چینی	چڵ
نەرز	درز
قسیر	قسر
کیجا	کچ
گەر	گەڕ
گیل	گل(گلێ، دانەیه)
لەچیك	لەچك
ماچی	ماچه(ئاژەڵی مێ)
مەچ	ماچ

ئایا بەلێکچوونی ئەم وشانه وهەندێکی ترنەتوانین بڕیاریئەوه بدەین که مازیندەرانیەکان کوردن؟ یابەپێچەوانەوه؟ یاخودلەنێوان کوردی وبلوچیدا

[illegible]چی	کوردی
چەم	چەم،هەو[illegible] به واتای چاو

ئەوان	ئەوان
چوونی	چۆنی
ئەمانیت	نامێنیٚ
مانیت	ئەمێنیٚ

ئەمانەونموونەی تر هەیە کە دیارە هیچیان نابنەمایەی ئەوەی کەبڵێین ئەم گەلانە یەکێکن، خۆ ئەگەر لە ڕەچەڵەکیشدا یەکێك بووبن ئەواپاش تێپەڕینی چەندین سەدە هەرگەلەو بۆخۆی جیابۆتەوەو قەوارەی زمانی سەربەخۆی بۆخۆی دیاری کردووە. هەرلەسەرئەم پێودانگە واتە لێکچوونی وشە هەندیٚ نووسەرلایان وایە کە هەورامی بەتایبەت زمانەکەی لەریشەیزمانی فارسیە، کە دیارە ئەمەش، هەڵەیەکیگەورەیە چونکە تەنیا بەڵگەیەك کەبەدەستیانەوەبێت لێکچوونی ژمارەیەك وشەیە لە نێوان ئەم دووزمانەدا. ڕاستە وشە زمان پێکدێنی، بەلاٚم ڕێزمان-گرامەریش ئەبیٚ بۆ زمان بە بناغە سەیر بکرێت.

لێرەدا با چاو لەسەر ئەم چەپکە وشەیە دانێین، کە تیایاندا دەردەکەوێت هەورامی وفارسی چەند لێکەوە دوورن، لەگەڵ ئەوەشدا دیاری دەکات کە فارسی و کرمانجی نێوەراست چەند لێکەوە نزیکن.

فارسی	کرمانجی	هەورامی
پشت	پشت	مازی
کرباس	کراس	گجی
سە	سیٚ	یەریٚ
ایستاد	وەستا	مدرا (هەموو مشتەقاتەکانی)
کبك	کەو	ژەرەژ

کمی	کەمێ	لادێ
برو	بڕۆ	لوە (لە کۆندا -شۆ- بەکار هاتووە)
رفت	ڕۆشت	لوا (هەموو مشتەقاتەکانی)
جاه	جێ	یاگە
یك	یەك	یوە
بخت	بەخت	ڕژن
چاه	چاڵ	وڵ
خواب	خەو	وەرم
بخواب	بخەوە	بووسە ە ...ە.

لە نێوان هەورامی و فارسیدا دووخاڵی سەرەکی جیاوازەیە کە پێویستە ئاگاداری بن، چونکە ئەودووخاڵە بەگرامەر هەورامی وفارسی زۆر لەیەك دوور ئەخەنەوە، ئەویش ئەوەیە:

١- لە هەورامیدا جیاوازی لە نێوان (نێرومێ)دا هەیە، بەڵام لە زمانی فارسی وکرمانجی نێوەڕاست و خواروودا نیە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەم جیاوازیە لە کرمانجی ژووروشدا هەیە.

٢- ئامرازی بچووك کردنەوە (اداة التصغیر) لە شێوەی هەورامیدا بە (لە) یا (ڵە)یە وەکومریچڵە-مریبچووك، بەواتایچۆلەکە)، (کناچڵە-کچیبچکۆلە)، (براڵە- برابچووك)، (حەمەڵە=حەمەبچکۆل)...هتد ئەمە لە کرمانجی نێوەڕاستیشدا سیمای دیارە وەکو: (کانی-کانیلە، بەرخ-بەرخۆلە، گۆزە-گۆزەڵە، کچ-کچۆڵە)...هتد .کەچی بەم شێوەیە لەزمانیفارسیدا دیارنیە، ئامرازی بچووك کردنەوە لە زمانی فارسیدا وەکو لای کرمانجی نێوەڕاست وخواروو وایە کە بە (چە) و (ك)ـە. لێکچوونی نێوان گرامەری هەورامی و فارسی لە:

١-کرداری داهاتوودایە کە هەردووکیان بەپیتی(میم)لەدەست پێدەکەن، وەکو:(مەکەروو، مەوەروو، مەلوو...هتد) کە لە فارسیدا ئەبنە (میکنم، میخورم، میروم) لە کرمانجی نێوەڕاستدا (میم)ە کە ئەگۆڕێ بە (دە) یا (ئە) کەئەوسێ وشەیە ئەبنە (ئەکەم یائەکەم، دەخۆم یائەخۆم، دەڕۆم یائەڕۆم).

٢-کرداری رابردووکە بەپیتی(ش)دوایی‌دێت، وەکو(بەردش، کەردش، وەردش) لە فارسیشدا هەروایە (بردش، کردش، خوردش) کەچی لەکرمانجی نێوەڕاستدا بەپیتی (ی) کۆتایی‌دێت، وەکو ئەو سێ وشەیە ئەبنە (بردی، کردی، خواردی). شتێکی تری گرنگ بۆ جیاوازی نێوان هەورامی و فارسی کە پێویستە بگوترێ پیتی (ڤ)ە، ئەم پیتە بەدرێژایی هەزار ساڵ لە تەمەنی ئەدەبیاتی نووسراوی فارسیدا کە لە (رودکی) شاعیرەوە دەست پێدەکات هیچ سیمایەکی دیار نیە، لە هەورامیشدا ئەگەر چی ئێستە بەکار ناهێنرێ وسواوە، بەلأم لەزووداهەبووەو صەیدی یەکەم لەشیعرەکانیدا زۆر بەکاری هێناوە.کە بەوەشدا دیارە لەدەورانی ئەوپێش ئەودابرەوی‌خۆی هەبووە. هەندێ وشە کە صەیدی بەکاری هێناوە (ژیڤان=ژیان. لوڤۆنوڤە=ئەچوومەوە دیڤۆنە=دێوانە.پەرڤۆنە-پەروانە.ڤەهێشت=بەهەشت.ئاڤوردەنم-هاوردم، هێنام ...هتد).

شتێکی تر کە پێویست بێ لە بارەی (ئاڤێستا) وزمانی کوردییەوە بگوترێ ئەوەیە کە ئەم پیتانە (ق، ل، ڵ، ح) لە زمانی کوردیدا هەن، بەلأم لە ئاڤێستادا نین. ئەی کەواتە لە کوێوە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە؟

من بۆخۆم لەئەنجامی‌گەلێ سۆراخ کردندابوۆم دەرکەوتووەکەئەم پیتانە بەوشەکانیانەوە پاشماوەی‌زمانی(ئیلامی)و(هوری)ن. پیتی(ق) بەشێوەیەکی فراوان لە هەموو زاراوە وبن زاراوەکانی کوردیداهەیەو پێویست بە نموونە

هێنانــەوە ناکــات. پیتــی(ل) هەروەهاوشــایانی باســە لــەدوای ئاڤێســتا لــە (پەهلەوی) شدا جێگای دیارە. پیتی(ڵ) لەزاراوەی کرمانجی ژووروودا جێگای دیارنیە. لە (لوڕی)شداکەم بەکارئەهێنرێ لە شێوە زاری ناوچەی (سوران)یشدا نیە و لە جێگەیدا پیتی (ر) بە کار دەهێنرێ ، وەکو:گوڵ-گور، ماڵ- مار ،دڵ-در، شەماڵ-شەمار، کوڵ-کور...هتد. هەندێکەس بەم پیتە ئەڵێن (لامی قەڵەو) وەك ئــەوەی لەگــەڵ پیتــی (ل)دایــەکێك بــن ، بــەڵام وانیــە و ئەمــە پیتێکــی سەربەخۆیە و مانای سەربەخۆ ئەدات بەوشە، بۆنموونە:

(گوڵ، گول) بەواتا زۆرلەیەك جیائەبنەوە. یا(کوڵ، کول)، (شڵ، شل)، (سڵ، سل)، (گەڵ، گەل)، (خێڵ، خێل)، (کەڵ،کەل)، (چڵ،چل). کەواتــە زۆرلەوجیایــە. پیتــی(ح) بەشێوەیەکی زۆرکــەم لــەکوردیدا ڕیشــەی مــاوە. زۆر لــەزاراوە وبــن زاراوەکــانی باشــوور بــەکاری نــاهێنن. لــە نــاو وشــەی (هــوری) یەکانیشــدا بــۆی گــەڕام ســۆراخم نــەکرد، کەواتــە لەئیلامیەکانــەوە ماوەتــەوە. ئیلامیــەکان لــەدەورەی دەســتەڵاتیخۆیاندا دوو پاشــایان هــەبووە بــەناوی (حەڵەوشۆ)، (ناحونتە) کەواتە لــەکۆندا لایــنەمان هــەبووە، ئێستەش هــەندێ وشــە کــەپیتی(ح)ی تیــابێ لەکوردیداهــەن کــەدیارەپاشماوەی زمــانیئیلامین، ئەووشــانەش وەکــو: خۆحــەن-راســتەوخۆ. حــەنا-ئاســت. حەتحەتۆکــە - خشڵێکیکۆنی ژنانەیــە. حــۆڵ-گێــژوور. بڵــح-نــاقۆڵا. گــەلحۆ-گێــل وگــەمژە. حــەپۆل-بێئاگــا. زەبــەلاح-زل ونــاقۆڵا. حەپەحــەپ-دەنگیســەگ(اسم الصوت)ە،حیلکەحیلك-دەنگی پێکەنین(اسم الصوت)ە. هتد.

هــەندێ وشــەی دیکــەی وەکــو(حــەز. حــەوز. حــەمامۆلکێ، ڕەحــەت، حەشامات، ڕێحانە، حەڵوا، سوراحی، حلێو،حەوسەڵە) ئەمانەعەرەبین وشێوەی کوردییــان وەرگرتــووە. وشــەکانی(حەوشــە، کــەحێل، حــەوت، حوشــتر، حێــل،

جەحێڵ، حێولانیْ، ترحێو، حیز، حەسارۆست)هەموو پیتی(ح)ەکانیان لە پیتی (هـ)ەوە گۆڕاوە. لەکوردیدا گەڵێ جارهەردووپیتی(ح)و(هـ)بەیەك ئەگۆڕێن. وەکوحەسەن–هەسەن، حۆری–هۆری، حەلاج–هەلاج، جەهەنم–جەحەنم، حتی–هەتا، هەفتە–حەفتە، هەریر–حەریر...هتد) وشەکانی(حەجمێن، مزراح، حەپولك) ڕیشەکەیانم بۆساخ نەکرایەوە.

مەبەست ئەوەیە بوونی ئەم پیتانە (ق ، ل، ڵ ، ح) لە ناو زمانەکەماندا ئەوە ئەسەلمێنێ کە زمانەکەمان بەسەرو بەرەوە ناچێتەوە سەر ئاڤێستاو زمانی مادەکان هەرچەندە نکوولی لەوە ناکرێت کە (ئاڤێستا) سەرچاوەیەکی گەورەی زمانی کوردییە. بەلاّم نابیْ بە یەکجارەکی خۆمان بەسەر ئەوەدا دابڕین. بەڵکو ئەبیْ هەوڵی زیاتر بدەین بۆ دۆزینەوەی وشەی (ئیلامی) و (هوری) و ساخ کردنەوەیان لەگەڵ ئاڤێستادا. کە ئەمەش مێژوویەك وچارەنووسێکی ڕۆشنتر بۆ زمانەکەمان دیاری ئەکات.

شتێکی تر کە پێویستە لێکۆڵینەوەی جیددی لەسەر بکرێت ئەوەیە کە (لولوبییەکان) و(کوتیەکان) کە لە بنچینەدا ئیلامین لە سەردەمانێکدا لەگەڵ(هوری)ەکاندا لەچوار چێوەیحکومەتی(میتانی)دایەکیان گرتووەوتێکەڵ بوون، دیارەلەم یەکگرتنەدا چەندین وشەیان بۆ یەکتر گواستۆتەوە لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەی شایان لەسەرزمانی (میتانیەکان)بەرهەمێکی تربەزمانەکەمان ئەبەخشیْ‌ودەرگای مەسەلەیەکیترمان لەڕوودا ناوەلآئەکات.

هەرچەندە هەندیْ‌مێژوونووس پیْ‌یوایە کەموریەکانیش بەڕەگەزئاریایین وبەرلە مادو هەخامنشیەکان لەشوێنیخۆیانەوەکۆچیان کردووە بۆ ناوچەی(وان)و (جزیرە)ودەورووبەریان. بەلاّم من بۆخۆم هەرس کردنیئەم شتەم بەلاوە ئاستەمەوهەر بەگەلێکی سەربەخۆیان ئەزانم وهیچ پەیوەندییەك لەنێوان

ئـەمان وئارياييـەكاندا شك نابـەم، ئەگەرچی‌دوای‌هاتنی‌ئارياييـەكان ئـەمانيش كەوتوونەتە ژێر كار تێكردنەوە، بەڵام ئەوە هەمووشتێك نيە.

* * * * *

(هەورامان وەك ناو)

وشەی هەورامان كە ناوە كۆنەكەيمان لێ ونبووە، لە(ئاهۆرامان)ەوە هاتووە.

ئاهۆرامـــەزدا خـــوای ئاشـــتی‌وپاكی‌ولێبوردن بووەلەدينی‌زەردەشـــتا، بەپێچەوانـەی (ئەهريمـەن)ەوە. (مـان)يـش لەئاڤێستادا‌پاشـگری‌جێگايە(ظـرف المكـان)واتـــە هـــەورامان كەلـــەدوو وشـــەی‌لێكدراوپێكهاتووە، هـــەردووكيان ئاڤێســتايين بـەواتای (جێگـای ئـاهورا)پێـم وايەسەرەتابەوشـوێنەگوتراوەكە ئێسـتەپێ‌ی ئـەڵێن(شـاری هـەورامان)دێ‌يەكی‌گەورەيـە لەناوەندی‌دەربـەندی هەوراماندا بەشی‌كوردستانی ئێران.

لـەم شوێنەدا گۆڕوپەرستگاوچلەخانەيەكی تيايەكە هەوراميەكان ئـەڵێن هی پيرشالياری زەردەشتی خاوەنی پەڕاوی (ماريفەت)ە. شوێنێكە تا ئێستەش جـەژنی سـالأنەی تيـا ئـەبرێت بـەڕێوە. سـەير ئەوەيـە كـە بـە (پيرشـالياری زەردەشتی) بەناوبانگە، كەچی گۆڕەكەی بە شێوەی گۆڕی ئيسـلاميە و ڕووەو قيبلە نێژراوە، لە كاتێكدا كە گۆڕی زەردەشتيەكان وەهانەبووە. هەروەها خەڵك پێی وايە كە ناوی ماريفەت بە كوردی كردنی وشـەی (معرفە)ی عەرەبييە بـەڵام لە ڕاستيدا كتێبەكە نـاوی(ماليفەت)ە كـە وشـەيەكی ڕەسـەنی كوردييە بـەواتای (ڕاهێنـان و پـەروەردەكردن) پاشـان لەسـەر زمـان گۆڕانـی بـە سـەردا هـاتووەو شێوەی ماريفەتی وەرگرتووە.

ئەوەشی‌کەهەندێ نووسەرنموونەیان لەم کتێبەهێناوەتەوە هیچ بەلای ئەوەدا ناچێ کە هەورامیەکی کۆنی ئەورانی پێشوو بووبێت، بەڵکو هەورامیەکی تازەی ئەمڕۆیە، ئەمەش نموونەیەکیەتی.

وەروێـــــوە وارۆ وەروە وەرێنـــــە
وەریســـە بڕیـــۆ چـــووار ســـەرێنە
کـــەرگێ ســـیاوە، هێڵـــە چەرمێنـــە
گوشـــڵێ مـــەمڕیۆ دووەبەرێنـــــە(*)

واتە: بەفرێ ئەبارێ بەفر ئەخواتەوە. گوریس بپچڕێ ئەبێتە چوارسەر، مریشك ڕەشە وهێلکەسپیە، گۆزەیەك بشکێ‌ئەبێ بەدووبەشەوە.

من بۆخۆم لەهەوراماندا زۆر بە دوای ئەم مەسەلەیەداگەڕام، بەڵام هیچم بۆساخ نەبوویەوە.

بەقسەی کاك مەلائەحمەدی‌نەزیری، چەندپیرشالیارێك لەهەوراماندا هەڵکـــەوتوون، ئەمـــەیان کـــەخاوەنی(ماریفـــەت)ەتازەترینیانـــە. وەجەختی‌لەسەرئەوەئەکرد کە یەکێك لەپیرشالیارەکان کۆنەونووسراویشی هەیە. وەوایشی‌ئەرنەبڕی کەلای ئەودەست ئەکەوێت، بەڵام هەرچەندچاوەڕێمان کرد نەیخستەڕوو تەنانەت من پێم وت کە هەندێکی لە گۆڤاری (سروە)دا بخاتە بەر دەستی خوێنەران ئەوکاتە زمانزانەکان ئەتوانن باس وخواسی‌لەسەربکەن وساخی بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستە نەیکردووە.

---

* ڕەنگە لە کۆندا شیعرەکان بەم شێوە دانەڕێژرابن، بەڵکو زمانەکەی شێوازی کۆنی هەبووبێ و پاشان ساغ بووبنەوە

زمانی ئاخاوتنی هەڵەبجە

جگەلەوەی جافەکان لە سەردەمی محەمەد پاشادا هاتوونەتە شارو نیشتەجێ بوون و سێیەمین گەڕەکی شاریان پێکهێناوە، هەر چوار دەوریشی هەر جافی تیانیشتەجێیە کە بەم پێیە ئەبووایە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی شار جافی بوایە، کەچی وانیەولەیەك جیاوازن. هەرچەندەگرامەری هەردووکیان هەریەکێکە، بەلاّم وشەیان لێك دوورن.

بۆنموونە با ئەم ڕستانە لەبەرچاوبگرین.

جاف = گەرەکمە بچم چتێ بسێنم

هەڵەبجە = ئەمەوێ بڕۆم شتێ بکڕم

جاف - یەژن مامۆیوتکیە تێم

هەڵەبجە = ئەڵێن مامەیوتویەتی یەم

جاف = هەسی و نیەسیداگیە وەسیلەکۆیەکیخراو

هەڵەبجە - هەیەتیو نیەتیداویەتی بەهێلەساوەیەکی خراپ

جاف - ئەشێ بێریتی نەناتێم قولت ئەوڕم

هەڵەبجە - ئەبێ بێنیتینەگینایەم قاچت ئەبڕم

جاف = هاتگەسەرم وکرگیە وەهۆڵەهۆڵ

هەڵەبجە - هاتۆتەسەرم وکردوێتی بەقۆڕەقۆڕ

جاف = چووگەچتەکەیهاورگەسۆ

هەڵەبجە = چووە شتەکەی هێناوەتۆ... هەروەها نموونەی تر زۆرە جیاوازی هەندێ وشەی تر کە بۆ نموونە ئەیانهێنمەوە، ئەگین جیاوازیەکان زۆرترن:

هەڵەبجە	جاف

کۆکە	قفە
پووریٚ	میمك
ڕووخان	هەڕۆژیان
بۆش	هەروڵ
قنچکەسڵاو	سلەزەوە
لباد	نەووگ
ژان	برك
سەرکەوە	هەڵوگرە
دابەزە	داوگرە
بڵیٚ	بێژە
لەگەڵ	لەتەك
زۆر	فرە
یاری	گەمە
پێڵاو	کەوش
لاسایی	ئاسانکیٚ
دەنگەدەنگ	قاڵەقاڵ
قوڕ	هەڕك

هەندیٚ وشەی تر کە ڕیشەیان یەکێکە، بەڵام بەکارهێنانیان جیاوازییەکی کەمی تیایە بەشێوازی (ابدال الحروف) وەکو:

هەڵەبجە	جاف
هەڵەبجە	هەڵەورجە
سمێڵ	سوێل

سوێر	سۆڵ
سەگ	سە
بەفر	بەور
ئەستێرە	هەسارە
هاکا	هاکەتێ
سابرێن	ساورێن
یەت	تێت
ئاسان	هاسان
گووپ	گپ
مامە	مامۆ
سەبەتە	سەوەتە

هەندێ جار پیتی (واو) لە کۆتایی وشەوە لەناو جافدا ئەگۆڕێ بە(ک)

وەکو:

هەڵەبجە	جاف
جێماو	جێماگ
دۆڕاو	دۆڕیاگ
ڕوخاو	ڕوخیاگ
دراو	دریاک
دڕاو	دڕیاک
بڕاو	بڕیاک...هتد.

هەندێ جاریش(واو) ئەگەر بکەوێتە پێش پیتی(ە)وە هەر ئەگۆڕێ بە(گ). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
دەرچووە	دەرچووگە
بووە	بووگە
خەوتووە	خەوتگە
هەڵساوە	هەڵسیاگە
گۆڕاوە	گۆڕیاگە
بڕاوە	بڕیاگە
دراوە	دریاگە...هتد.

پیتی(س) لە جێگەی (یە) لەناو جافدا زۆر جێگا ئەگرێت. وەکو:

هەڵەبجە	جاف
هەیە	هەس
برایە	براس
هەرایە	هەراس
ڕەوایە	ڕەواس
پاشایە	پاشاس...هتد.

یا هەندێ جار پیتی یاکەی ئەگۆڕێ بە(س)و پیتی(ە)ی ئەمێنێتەوە.

وەکو:

هەڵەبجە	جاف
وایە	واسە
ئەمەیە	ئەمەسە
ئەوەیە	ئەوەسە
کامەیە؟	کامەسە؟

(لەو)ناوەیە (لەو)ناوەسە...هتد.

هەندێ جاری تریش پیتی(ت) لەپێش دوا پیتدا ئەگۆڕێ بە پیتی(س).

وەکو:

هەڵەبجە	جاف
هاتۆتۆ	هاتکەسۆ
نیەتی	نیەسی
هەیەتی	هەسی
گەڕاوەتۆ	گەڕیاکەسۆ
چاویەتی	چاویەسی
ناویەتی	ناویەسی...هتد.

گۆڕانی پیتی (ی) لەسەرەتای وشەدا بەپیتی(ت). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
یەم	تێم
یەڵم	تێلم
یەت	تێت
یەنمی	تێرمی...هتد.

گۆڕانی پیتی(د) لە کۆتایی وشەدا بە پیتی (واو). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
بەد	بەو
سەد	سەو
مراد	مراو
فەرهاد	فەرهاو

دادوبێداد	داووبێداو...هتد.

گۆڕانی پیتی(ب) بە پیتی (واو). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
دابە	داوە
ئەبێ	ئەوێ
لایبە	لایوە
سەرباز	سەرواز
سێبەر	سێوەر
زێبا	زێوا...هتد.

ئەگەر پیتی (ب) بشکەوێتە پێشەوە هەر ئەگۆڕێ بە(واو). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
کەباب	کەواو
غەریب	غەریو
تێزاب	تێزاو
زۆراب	زۆراو...هتد.

گۆڕانی پیتی (ح) بشکەوێتە دواوەوە هەر ئەگۆڕێ بە(واو). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
حەیدەر	هەیەر
حەڵوا	هەڵوا
حەسەن	هەسەن
حۆری	هۆری...هتد.

گۆڕانی پیتی (ع) بە پیتی (هـ)وەکو:

هەڵەبجە	جاف
عومەر	هۆمەر
عەباس	هەواس

یاگۆڕانی بەپیتی (ئەلف)وەکو:

هەڵەبجە	جاف
عەلی	ئەلی
عەزیز	ئازیز

یابەپێچەوانەوە گۆڕانی (ئەلف) بە (ع). وەکو:

هەڵەبجە	جاف
ئەمین	عەمین
ئەنوەر	عەنۆر

هەندێ جارگۆڕانی پیتی(ئەلف)بەپیتی(هـ) لەسەرەتای وشەدا وەکو:

هەڵەبجە	جاف
ئومێد	هومێو
ئائیسە	هاییسە

ئەمانە و هەندێ وردە گۆڕانی تر هەیە. گرنگ دەرخستنی جیاوازی نێوان ئاخاوتنی هەڵەبجەوجافە. ئێستە هەرلەم بارەوە پێویستە ئاورێکیش لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بدەینەوە،چونکە هەڵەبجە دەمێکە قەزایەکی سەر بە سلێمانیە و ڕۆژانە لە نێوان هەردوولادا هات وچۆهەیە، بەتایبەتی بە بۆنەی کاروباری ئیداری و نەخۆشی وهەندێ شتی ترەوە، خەڵکی هەڵەبجە زۆرتر ڕوو ئەکەنە سلێمانی و ئەمە جگە لەوەی کەچەند بنەماڵەیەکی سلێمانی لە کۆنەوە

نیشتەجیٚی هەڵەبجە بوونەو هەروەها چەند پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریمان لەنێواندا هەیە. بەم پیٚیە ئەبوایە لەبارەی زمانەوە سلێمانی هەندیٚ کاری بکردایەتە سەر شێوە ئاخاوتنی هەڵەبجە. بەڵام وانییە و ئەگەرچی لەگەڵ سلێمانیدا گرامەرمان یەکێکە، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی هەندیٚ و شەمان لەیەك جیایە. وەکو بۆ نموونە لەم ڕستانەدا ئەیبینین.

هەڵەبجە : بەیەکۆ لەگەڵ مام یەین بۆلاتان

سلێمانی : پێکەوە لەگەڵ مامم دێین بۆ لاتان.

هەڵەبجە : ڕۆیی وگەڕایۆ

سلێمانی : ڕۆشت وگەڕایەوانیٚ

هەڵەبجە : خاڵۆم موسیلەکەی هەڵلا بۆ پوورێم

سلێمانی : خاڵم ئەنگوستیلەکەی هاویشت بو پوورم.

هەڵەبجە : بەخوا خۆی شۆڕدوگووم بوو

سلێمانی : بەرخوایەخۆی شت و ون بوو

هەڵەبجە : ڕۆییولای نەکردۆ.

سلێمانی : ڕۆشت وناوڕی نەیایەوە.

ئەمانە و جیاوازیی لەبەکار هێنانی هەندیٚ وشەی تردا. وەکو:

هەڵەبجە	سلێمانی
کەژ	کێو، شاخ
جمێن	جنێو
بیکەرۆ	بیکەوە، بیکەرەوە
هەڵسە	هەسسە، هەستە
یەت	دیٚ، دێت

بەشکوم بەڵکو، بەشکو

لەدووشتی تریشدا جیاوازیمان هەیە کە هەردوولامان لەگەڵ شێوەی نووسینی باوی ئەمڕۆدا بەجۆرێکی تر بەکاری دێنین. وەکو (١) هەر وشەیەك (ند)ی تیابێ بە شێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوە بەکاردێ کە لە سلێمانیدا ئەبێتە (نگ) کە ئەم (نگ)ە ش لە لووتدا دەرئەبڕدرێ.

هەڵەبجە	سلێمانی	زمانی باوی نووسین
دەربەن	دەربەنگ	دەربەند
پەن	پەنگ	پەند
خوێنەوار	خوێنگەوار	خوێندەوار

بەڵام هەمووجارێ لەسلێمانیدا (ند) بەوشێوەی لێنایە بەڵکو هەروەکو خۆی دانی پیا ئەنرێ. وەکو:خەندە، جوندی، هیندە، زەند...

(٢) بەشێوەیەکی گشتی(وە)ی‌دوای وشە لەسلێمانیدا(انێ)یەکی پێ زیاد ئەبێ و لە هەڵەبجەدا ئەبێتە(ۆ)ی‌تەنیا. وەکو:

هەڵەبجە	سلێمانی	زمانی باوی نووسین
خوارۆ	خوارەوانێ	خوارەوە
سەرۆ	سەرەوانێ	سەرەوە
هاتۆ	هاتەوانێ	هاتەوە
گەڕایۆ	گەڕایەوانێ	گەڕایەوە
کوژایۆ	کوژایەوانێ	کوژایەوە

بەپێی بیروڕای ئەوانەی کە لە زمانناسیدا پسپۆڕن ئەڵێن: وشە تا کورتترو ساناتر خۆی بدات بەدەستەوە نیشانەی پێشکەوتن وخۆشخوانی زمانە لەم دوو خشتەیەدا بەو ڕاستیە ئەگەین کەشێوە ناخاوتنی هەڵەبجە کورت

وساناتره. شایانی باسه (جاف وئەردەلأن وناوچەی مەریوان) یش ئەووشانه هەر بە شێوەی هەڵەبجه بەکار ئەهێنن. بۆنموونه با لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هەندێ وشەی هاوبەش دیاری بکەین تا ببێتە بەڵگەی سانایی وخۆشخوانی وشه.

فارسی	کوردی
سایبان ﴿سایەبان﴾	سەیوان

﴿ لە کوردیدا پیتی(ب) ئەگۆڕێ بە(واو)کەواتە(سایەبان) بۆتە سایەوان، ئەمەش گۆڕانێکی تری بەسەردا هاتووەو بەو شێوەی لێدەرچووە کە نووسیمان﴾

اباد (ئاباد)	ئاوا

﴿ (ب) گۆڕاوە بە(و)و(د)ە کەشی قووت دراوە (حسن اباد)ی فارسی لەکوردیدا ئەبێتە(هەسەناوا)﴾

کبوتر(کەبوتەر)	کۆتر

﴿ (ب)گۆڕاوە بەواو (کەووتەر)دەرچووە، لە گۆڕانێکی تردا دوو(و)ە کەبوونەتە(ۆ)و(ە) کەش قووت دراوە﴾

برادر(بەرادەر)	برا

﴿(ە)ی یەکەم و(دەر)ی لێ قووت دراوە وبەشێوە کورت وسانا بۆتەوە﴾

اندك (ئەندەك)	هەندێ

﴿ لەکوردیدا بەم شێوەگۆڕانی بەسەردا هاتووەوکورت بۆتەوە. پیتی(ئەلف)گۆڕاوە بە(ە)بۆتە هەندەك کەئێستەش لەکوردیدا زۆرجار(هەندەك وهەندێك، هیندێك)بەکارئەهێنرێن. دواگۆڕانی(هەندێك) (ك)ەکەی قووت دراوەئەوەی ماوەتەوە.﴾

یا بابگەڕێینەوە سەرئاڤێستاو هەندێ نموونە بێنین تا بۆمان دەرکەوێت کە وشەکانی ئاڤێستا هەندێکیان چۆن ئەمڕۆلەزمانی کوردیدا کورت وسانا بوونەتەوە.

ئاڤێستایی	کوردیێ ئەمڕۆ
پەیاو	پیاو
کۆهرپە	کۆرپە
زرەیە	زەریا
ڤەرازە	بەراز
کەمەرا	کەمەر
پیریسۆ	پەراسو
خوەرێتە	خۆراس
هەندامە	ئەندام

وەهەروەها نموونەیتر زۆرە با ئەمە(مشتێ نموونەی خەرمانێك)بێ، هەردوو نموونەکە ئەوەمان پێنەڵێن کە: وشە تاکورت وسانابێ چاکترو خۆشخوان ترە.

* * * * *

ئەم نیوە زمانە ئەدەبیە یەکگرتووەی ئەمڕۆ کە هەموو ناوچەکانی (سلێمانی، کەرکووك، سۆران، جاف، ئەردەلان، موکریان، هەورامان، خانەقین) وهەندێ گۆشە وکەناری تری گرتۆتەوە گەشەکردووی ئەوزمانە ئەدەبیەیە کە لەدەوری سلێمان پاشای بابان دا(کوردی ونالی وسالم)بەردی بناغەیان دانا؛ بەلآم زمانی ئەدەبی ی ئەودەمە تادێتە سەرهەوڵ وتێکۆشانەکەی هەردوو پایە بەرز (تۆفیق وەهبی بەگ) و (گۆران) زمانێك بوو بەگرامەر کوردی بەلآم بەوشە

تێکەڵ لە (کوردی، فارسی، عەرەبی) هەموو شاعیرەکان لە(کوردی) بناغەدا نەرموە تا(گۆران) هەربەو زمانە تێکەڵە بەرهەمەکانیان پێشکەش کردووین، هیچ باکیان نەبووەو بگرە بە هونەریشیان زانیوە کە بە لێشاو وشەی عەرەبی وفارسی بەکاربێنین کە ئەمە زۆرجار وای کردووە هەندێ لەبەیتە شیعرەکانیان هەرگرامەرەکەی کوردی بێ و ئیتر سەرجەم وشەکانی هی بێگانە بێ، بۆ نموونە نالی لەبەیتە شیعرێکیدا وای کردووە.

ئەڵێ:

بــرق البصــر لەبــەر بــەرق تەلــەئلوئی لــەئالی
خســف القمــر لــە ئیشــراق قیامــەتی جــەمالی

یا تایەر بەگی جاف نووسیویە:

مەطلەعی صوبحی سەعادەت مەظهەری صیدق ویەقین
ئــەی ســوپە هـ ســالاری فــەوجی ئــەنبیاء ومورســەلین

گۆران خۆیشی تانیەتی نەهێناوەبە کوردی پەتی‌ی بنووسێ بەئارەزوو لەزمانی عەرەبی‌وفارسی وشەی وەرگرتووە، یەك دووجاریش وەك نالی و تایەر بەگی کردووە لەمیسرەعێکدا ئەڵێ:

تــەنەککورت ســەبەبی ســانیحات وئیلهامــە

یا لە بەیتێکی تریدا نووسیویە:

مــع مافیــە طەبیعــەتی شــاعیر
نــەو وەظیفــە و ضــەرورەتــی قاهــیر

بەلاَم پاشان ئەوقوتابخانە كوردیە پەتیەی دامەزراند كەئەمڕۆ هەموومان تێیدا قوتابین. زمانی عەرەبی بەبۆنەی هاتنی ئیسلام وخوێندنی قورئان وشەرعەوەو زمانی فارسیش بە بۆنەی خوێندنی(گولستان وبوستان)ی سەعدی و دیوانی حافظی شیرازییەوە بەسەدان وشەیان خستبووە هەگبەی شاعیرەكانمانەوە، ئەمەش وای كردووە بەسەدان وشەی جوان وناسك ولەباری كوردی بخرێنە خانەی فەرامۆشییەوە. تالەمەستی خاوێنی دووكەڵە پیاوی هەڵبجەییەوە بیریئەوەهەڵقولاَ كەئەو خەتەرە لەسەر زمانەكەمان لابەرێ ونووسین بەكوردی پەتی ببێتە باو. دیارەئەمەش ڕەنج وزەحمەت وشەو نخوونی زۆری ویستووە.هەرچەندە ناكرێ هەموو وشەی بێگانە سنورداشت بكەینەوە بۆ ولاتی خۆیان، چونكە گەلێ وشەی جوانی بێگانە هەیە كە لەناو زمانەكەماندا جێگایان گرتووە و هەموو كەس تێیان دەگات، لەناو هەموو زمانە زیندووەكانی تریشدا وشەی بێگانە هەر هەیە كە نەك ئەوەی زیانیان بە زمانەكە نەگەیاندووە بەڵكو دەوڵەمەندیان كردووە. بەلاَم بۆ زمان ئەوە ناخۆشە كە وشەی خۆی هەبێت، ئەم وشەیە بمرێنرێ وشەی بێگانەی لەجێ دابنرێ.

تۆفیق وەهبیبەگ زمانەكانی (عەرەبی، توركی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی) زانیوە، ئاگای لە (ئاڤێستا) و(پەهلەوی)ش بووەو شارەزاییەكی چاكیشی لەزاراوە وبن زاراوەكانی كوردی هەبووە، زۆر بەدوای وشەی ڕەسەندا گەڕاوەو لەناوچە جۆراوجۆرەكانەوە جۆگەلەی هەڵبەستۆتە سەرئەو دەریاچەیە.

لەم بارەوە جارێكیان لەگەڵ دكتۆرعیزەدین مستەفارەسوڵ قسەمان ئەكرد گێڕا یەوەوتی: جارێكیان تۆفیق وەهبی وشەی(گرنگ)ی بەكارهێناوە هەندێ كەس پێیان وتووەخۆی دای تاشیوە، بەلاَم دواجاردەركەوتووە كە ئەو وشە لە شیعری (پرتەو بەگی هەكاری)دابەكارهێنراوە.

هەروەها لەهەورامیەوە وشەی (یانە) ی لەجێگەی(نادی) و(وانە) ی لەجێگەی (دەرس) بەکارهێناوە، کەئەمانە ودەیان وشەی تری بەم شێوەی لەم لاولا خواستووە و برەوی پێداون کە ئەمڕۆ زۆر بەباشی لە زمانی ئەدەبیماندا جێگەیان گرتووەو تەنگیان بەوشە بێگانەکان هەڵچنیوە.

(گۆران)یش بەورزەوق وسەلیقەو دڵسۆزیەی خۆیەوە بەدوایتۆفیق وەهبی بەگدا چۆتەئەومەیدانەوجوانترین شیعری پاراوی کوردی کرد بە دیاری کە ئەتوانین بڵێین زمانی شیعری کوردی لەشێوەیەکەوە گۆڕی بۆشێوەیەکی تر. (ئەحمەد هەردی وکامەران موکری و بلە و حەمەسالح دیلان وع.ح.ب و کاکەی فەلاح وسالح هەژارو مەدهۆش و هەوری و حەسیب قەرەداغی) و هەندێکی تر لەژێر سێبەری هەستی گۆراندا ئارامیان گرت ومەڵۆمەڵۆ شیعریان خستەسەرخەرمانەکەی‌و بەدوای ئەمانیشدا تائێستە بێ‌پسانەوە لەخزمەتی خۆیدایەو تادێت پەل وپۆی زیاتر بۆئەم لاولا ئەهاوێت. ئەڵبەتە نابێ هەوڵ وتێکۆشانی پیاوێکی وەکو(پیرەمێر)یش لەبەرچاونەگرین، چونکە ئەوزاتەش بۆخۆی بەرهەمی زۆر جوان وبەرجەستەی‌داوەتەدەست خوێنەر کاری‌ڕاست بێ‌وخوابە بەهەشت شادی‌بکات. بەڵام کارەکەی گۆران جیایەو هەموونەوەمان لەلابڕاوەتەوە کەگۆران لەئەدەبی کوردیدا قوتابخانەیەونەگەر ئەو شۆڕشەمەزنەی ئەونەبوایە پێم وایەحاڵی زمانی کوردی لەحاڵی ئەمڕۆی زمانی فارسی چاکتر نەدەبوو لە کۆتایی ئەم باسەداچەپکی‌وشەی ناوچەی هەڵبجەدەکەم بەدیاری بۆفەرهەنگی زمانی کوردی بەهیوای ئەوەی لەم بارەومناوبنری‌خزمەت

چەپکێ وشە

فەرهەنگ نووسین لەزمانی کوردیداسەرەتاکەی دەگەڕێتەوەبۆدەست پێشکەریەکەی شاعیری داهێنەرئەحمەدیخانی، پاش سالأنێکی زۆری بێدەنگی ئینجا(شێخ مارفی نۆدێیی)بە(ئەحمەدی)یەکەی دەست پێدەکات وبەدوایدا (یوسف خالیدزیائەدین، عەلێئەکبەری وەقایع نیگار، ئایەتوڵلأمەردۆخ، سەرهەنگ موراد ئاورینگ -کەلەدوای مردنیسدیق بورەکەیی بەناویخۆیەوەچاپیکردووە -فاریزۆف ئیبۆ عەمەرۆفیچ، تۆفیق وەهبی، جگەرخوێن، شێخ محەمەدی خاڵ، گیوموکریانی، قەناتیکوردۆ، شوکروڵڵای بابان، سەمەدسیامەند، جەمال تەبەز، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمانیحاجی مارف، حەمیدئیزەدپەنا، فازیل نیزامەدین، کەمال جەلال غەریب، عەبدولمحسین بەنیوەیس.عەلی سەیدۆگۆرانی ، حەبیبوڵڵا مەنسوریان، مەعروف قەرەداخی، دکتۆرمحەمەدی تەقی ئیبراهیم پوور، عەلی ئەشرەفیدەروێشیان، سەلاح سەعدوڵڵا) هەر یەکەو فەرهەنگێکیان نووسیوە کەزۆربەیان داگری وشەی زاراوەکانیخۆیانە، خاڵ وئاورنگ نەبێ هەندێ جارلە زاراوەی خۆیان دەرچوون.

ئێستە ئەوەی ناویفەرهەنگ بێوبەشێوەیەکی باش پەلبۆ زاراوەوبەن زاراوەکانی زمانی کوردی هاوێشتبێفەرهەنگە بەنرخەکەی مامۆستا هەژارە ناوی(هەنبانە بۆرینە)هەرچەندەئەمیش نەیتوانیوە تێکڕای وشەیکوردی لەنامێزبگرێ، بەلأم لەهەموفەرهەنگەکانی تر سەرکەوتووترو دەوڵەمەندترە و ئەتوانرای بکرێت بە بناغەو لە هەموناوچەکانی کوردستانەوە ئەووشانەی کەماون بۆی بنێررێ وجارێکیدیچاپ بکرێتەوە، کەپێم وایەدوایيەك دووجار چاپکردنەوە فەرهەنگێکی تۆکمەوپەرداخی لێدەردەچێت وخەونیچەند ساڵەی

گەلەکەمان دێنێتەدی، چونکە هەموونەزانین نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتوی زمانەکەمان زیانێکی گەورەی لێ داوین خوابکادەزگایە یاخێرخوایەک ئەم ئەرکەگرنگە بەئەستۆبگریٚ. وابە ناوی دیاری هەڵەبجەوە من لەڕێگەی خۆمەوە ئەم وشانەپێشکەش ئەکەم بەوفەرهەرنگە:

١-ئاتەڵ وواتەڵ= دەست بەدەست پێکردن وئاڵوگۆڕکردن.
٢-ئاژە- رواڵەت.تەبیعەت (ئاژەم شێویا-تەبیعەتم تێکچوو).
٣-ئاسانکیٚ-لاسایی.
٤-ئەجویٚ=هەڵئەسیٚ.
٥-ئەزگڵ-پشکۆ، پەنگر.
٦-ئەزەڵیا-پێچرا.
٧-ئیسقل-بچکۆلەی بوورژەڵە.
٨-ئێلی-لەگەڵ.
٩-برژن-بۆیان ڕژابوو.
١٠-برن گرتی=پەرەسێلکە(ئەم وشەیەم تەنیا لەگوندی عەبابەیلیٚ بیستووە).
١١-بڵخاخ-هەرّاوزەنا، دەنگەدەنگی زۆر.
١٢-بلاچە-بڵێسە.
١٣-پاقلیس=تاشینی سەروتووك پێوە نەهێشتنی.
١٤-پرەمشت-بەردێك كەپڕی مشت بێت.
١٥-پیران=بلووری چرا(جگە مانای هەنبانە بۆرینە)
١٦-پێراوە -گەڕایەوە.
١٧-تاو-پەلامار.
١٨-تل-بەرد(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
١٩-تەفەڕنج=سەرنج.
٢٠-تەقەچێو=كەژماڵ. گەڕان بەدوای شتێكدا.
٢١-تەویٚ-ئەبیٚ.
٢٢-تێرین-دێنین.

٢٣-جگیٚ-جیاواز.
٢٤-چەن وملڕ-لاڵ وپاڵ.
٢٥-فرچیاگ-دڕاو.
٢٦-خۆحەن-راستەوخۆ، دەستوبرد.
٢٧-داوگرە-دابەزە.
٢٨-داهەلۆریان-داوەرین
٢٩-دەمباز-چەنەباز، قسە زۆر کەر.
٣٠-دەی=لێی(دەیکە-لێیدە) (جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٣١-دیٚ-خوشکەگەورە(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٣٢-ڕی-ڕۆشت(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٣٣-ڕیخەژاڵە-جۆریٚ قسەپێکوتنە بەمنداڵ دەگوتریٚ.
٣٤-زمکوت-بۆکس.
٣٥-زیق-ترسان(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٣٦-سلەزموە- قنچکە سلاو.
٣٧-سەروپاچکە-مناڵەوردکە.
٣٨-سیلەکۆ- هێلەساوە.
٣٩-سین- مانگرتنی ولاخ.
٤٠شرشێت=توورەو کەللە ڕەق.
٤١-قەیتوول-قەتارە، ریزبەستن.
٤٢-کەی کەم ئیسەکەم -بەخۆڕ، بۆبارانی بەتاوبارین دەگوتریٚ.
٤٣-کوزەماسە-کووزەڵە(ئەم وشەیەم لەگوندی گریانە بیستووە).
٤٤-کۆسپە=سڵ(جگەمانای هەنبانە بۆرینە)
٤٥-گودلە-سەرتاشین وچەپکیٚ مووهێشتنەوە بەسەرتەوێڵەوە.
٤٦-لەخشە-بیٚخەوش. جووڵە.
٤٧-ماقڵە-یاری منداڵانە، ماڵ باجێنە.
٤٨-متەق-فزە، بێدنگ بوون.
٤٩-مرۆشە-کۆبوونەوەی مێش ومەگەزوهەنگ...

٥٠-مینگە-بینۆگە، جێگای بینین(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٥١-مەخڵووم- دەستەوداوێن.
٥٢-نەسەق-فیز، تکبر.
٥٣-وەلکان-بووکە شووشە.
٥٤-مۆڵەمۆڵ-قۆرەقۆر، دەنگی گاومانگا.
٥٥-هەرس-ئەعساب(جگەمانای هەنبانە بۆرینە).
٥٦-هەرۆژیان-ڕووخان.
٥٧-هەرۆڵ-قرۆڵ، کلۆر.
٥٨-هەوابەستن-کەوتنەخوارەوە.
٥٩-هەوشار-تاڤگە(جگەمانای هەنبانە بۆرینە)
٦٠-هەوەسیاگ-حەپەساو.
٦١-هەیاهەیا- لەپەسا، خێراخێرا.
٦٢-هێڵە-هەرا (هێڵەم پێکردی-هەرام پێکردی).
٦٣-یەری یەری-بەماڵ وسامانەوە نازین.
٦٤-یەژی-ئەڵێی (ئەوەندە سپییەیەژی بەفرە).
٦٥-یەمان-هێشتا.
٦٦- چەتەوڵ - زەبەلاح.
٦٧- چالەکە - گیاندارێکی چوار پێیەو کەم دەردەکەوێ.
٦٨- چەقیلە- لەڕولاواز (جگە مانای هەنبانە بۆرینە).
٦٩- بەلەهەمس- جۆرێ بزنە.
٧٠- شەماڵە = ئاگرێ با یاری پێ بکات.
٧١- قوززەڵمە- جۆرێ قسە پێکوتنە.(*)

* ئەم وشانە هی شێوەی جافن وشە هەورامیە پەڕپوەکانی ناو فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەم نەهێناوە، چونکە ژمارەی وشەکان ئەوەندە زۆربوون نامیلکەیەکیان دەویست.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە

١-بندهش هندی ل ٢٦٦ رقیه بهزادی
٢- ممنبانە بۆرینە ل٢٨٣ هەژار موکریانی
٣-اصل تسمیە شهرزور.وتاری تۆفیق وەهبی
٤-صورة الارض ص٣٦٩ ابن حوقل.
٥-حدود العالم من المشرق الى المغرب ص ١٤١-١٤٢
٦-معجم البلدان ج ٣ص ٣٧٦ یاقوت الحموی.
٧- کوردوکوردستان ل١٢ ئەمین زەکی بەگ.
٨-تاریخ اربیل القسم الاول ص٢٢٤-٢٢٥ ابن المستوفی.
٩-معجم البلدان ج٣ ص٣٤٢٠
١٠-هەمان سەرچاوەی پێشو
١١-گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦)-١٩٧٤.
١٢-گۆڤاری لغه العرب جلد ٧ سالی ١٩٢٩.
١٣-شارەزوور لەناسۆی شوێنەوارو مێژوودا .وتاری کەمال نوری مەعروف-گۆڤاری بەیان. بەداخەوە ژمارەکەیم لەبەردەستدا نییە
١٤-الکامل فی التاریخ ج٣ ص٦٠٢
١٥- هەمان سەرچاوە ج ٦ ص٣٥.
١٦-هەمان سەرچاوە ج ٦ ص٩٤.
١٧-هەمان سەرچاوە
١٨- هەمان سەرچاوە ج٧ص ٣٢
١٩-هەمان سەرچاوە ج ١٢ ص٤٦٨.
٢٠-کوردستان وکورد بەرگی ١ ل ١٢٧ — ئەمین زەکی بەگ
٢١-هەمان سەرچاوە بەرگی١ ل ١٣١.
٢٢-هەمان سەرچاوە بەرگی ١ ل ١٣٢.
٢٣-هەمان سەرچاوە بەرگی ١ ل١٤٢.
٢٤-هەمان سەرچاوە بەرگی ١ ل ١٥٠.
٢٥-هەمان سەرچاوە بەرگی ١ ل ١٥٢.
٢٦-هەمان سەرچاوەبەرگی١ل١٩١.
٢٧-هەمان سەرچاوەبەرگی ١ ل١٩٢.
٢٨-هەمان سەرچاوە بەرگی ١ ل٢٠٦.
٢٩-هەمان سەرچاوە بەرگی ٢ ل١٠٤
٣٠-خلاصة تاریخ کردوکردستان ل ١٥٣-١٥٥-ئەمین زەکی‌بەگ.

بەشی پێنجەم

هاتنی ئیسلام و دروست بوونی اخوان المسلمین و بزوتنەوەی ئیسلامی.
-کوردایەتی تا دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان
-بەشداری لە شۆڕشی شێخ مەحموودا.
-بەشداری کۆمەڵی زانستی کوردان.
بەشداری شۆڕشی مهاباد.
-بەشداری شۆڕشی ئەیلوول
-سەرەتای ح.ش.ع لە هەڵەبجەدا.
-یەکەمین ئەڵقەی رێکخستنی کاژێك.
-سەرەتای کۆمەڵە لە هەڵەبجەدا.
کیمیاوی باران. دەنگی ئیسکە و رۆژنامەکان و گۆڤارو مرۆڤ دۆستان و دوو نامەی گرنگ.

هاتنی ئیسلام

له سەردەمی خەلیفەی دووەم -عومەری کوڕی خەتاب-دا دینی ئیسلام گەشتە قۆناغی بڵاوبوونەوەی بۆ سەر زەمینەکانی تر، چونکە تەنگوچەڵەمەکانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و ئەبو بەکری خەلیفەی یەکەم وردەوردە کۆتاییان پێ هات، ئیتر پێویست بوو ئیسلام وەك دینێکی سەرتاسەری لەو جوگرافیایەی جاران دەربچێت و بگات بە گەلانی تر.

دوای حەبەشە کوردستان یەکەمین سەر زەمینە کە ئیسلامی تێ هاتووە. چونکە کوردستان کەوتۆتە نێوان خاکی عەرەب و خاکی تورك و فارس و بلوچوگیلەکەوە.

ئەو دەمە ساسانیەکان فەرمانڕەوای گەلانی ئێران بوون. کە پێغەمبەر(د.خ) نامەی بۆ پاشاکەیان(خوسرەوی پەروێز) نووسیوە و ئەمیش نەك ئەوەی وەڵامی نەداوەتەوە بەڵکو کاغەزەکەشی دڕاندووە و گەلانی ئێران لەسەر دینی خۆیان کە(زەرەدەشتی) بووە ماونەتەوە تا لە سەردەمی خەلیفەی دووەمدا ولاتەکە فەتح ئەکرێ. لەم دەورانەدا(یەزد گورد) فەرمانڕەوای ئێران ئەبێت و ئەمیش دینی ئیسلامی پێ قبوڵ نابێت و ڕوو بەڕووی شەڕی گەورە ئەبێتەوە.

مێژوو نووسەکان هەموویان ساڵی هەژدەی کۆچییان داناوە بۆ هاتنی لەشکری ئیسلام. بەڵام لەناوی سەرکردەکانی لەشکرەکەدا بیروڕای جیاواز هەیە کە ئەتوانین لەم خاڵانەدا دیاری بکەین.٣

١. هەندێك ڕابەری ئەو لەشكرە بە عەبدوڵڵای كوڕی عومەری خەتاب ئەزانن و لایان وایە كە مزگەوتەكانی(پاوە) و(خورماڵ) و(نگڵ) دەستكردی ئەون. بەڵام ئەمە وانیە و لە كتێبی(فتوحات الشام) دا وادیاری كراوە كە حەزرەتی عەبدوڵڵا بەرەو شام ڕۆیشتووە، نەك بەرەو ئێرە.
٢. هەندێكی تر بە(قەقعاع كوڕی عەمرو عیازی كوڕی غەنەم) و (عەبدوڵڵای كوڕی عیمرانی كوڕی حەصین)ی دائەنێن.
٣. (ابن اثیر) لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا ئەڵێ:﴿پاشان قەحتەبە فەرمانی دا بە ئەباعەون عەبدولمەلیك یەزیدی زاسانی و مالیكی كوڕی تورافەی خۆراسانی بە چوار هەزار سوارەوە هاتنە شارەزوور. عوسمانی كوڕی سوفیان لەوێ بوو، لە پێشەوەی لەشكرەكەی عەبدوڵڵای كوڕی مەروانی كوڕی محەمەد لە(٢٠)ی ذی الحجە دا لەسەر دوو فرسەخەڕێی شارەزوور دابەزین. دوای شەوو ڕۆژێ عوسمانیان كوشت. لەشكرەكەی عوسمان تێشكان و لەناوچوون. ئەبو عەون لە وڵاتی موسڵ دامەزراو ئەڵێن عوسمان نەكوژرا بەڵكو ڕای كردو پەنای برد بۆ عەبدوڵڵای كوڕی مەروان. ئەبو عەون دەستی بەسەربازەكانیدا گرت و ژمارەیەكی زۆری لێ كوشتن. قەحتەبە سەربازەكانی تری نارد بۆ لای ئەبوعەون و سێ هەزار كەسی لە دەور كۆبوونەوە. كاتێ مەروانی كوڕی محەمەد كە لە حەڕان بوو هەواڵی ئەبو عەونی بیست هات بەدەمیەوە و سەربازەكانی خەڵكی شام و جزیرە و موسڵی لەگەڵ خۆی هێنا. (ئەبو نومەیە)ش كوڕەكانی خۆیانیان لەگەڵ ناردو هات بە پێشوازی ئەبو عەونەوە تا گەشتە سەر زێی گەورە. لە مانگی ذی الحجة و موحەڕەمی ساڵی ١٣٢ دا ئەبو عەون لە شارەزوور دامەزرا و پێنج هەزار سەربازی تیا سەقامگیر كرد[1]﴾.

١. کتێبی(تحفه ناصری)ش بەم شێوە بۆمان باس ئەکات ﴿بە فەرمانی خەلیفەی دووەم چەند سەرداریّ رێکەوتن بۆ گرتنی ولاّتی ئێران و لەناو بردنی دەستەلاّتی یەزد گوردی شەهریاری عەجەم. لە بەشی عێراقی عەرەبی ئەوساوە ئیمام حەسەن و حوزەیفەی یەمانی و قەشمی کوڕی عەباس دانران بۆ گرتنی هەمەدان و ڕەی و مازیندەران. عەبدوڵلاّی کوڕی عومەر و ئەبو عوبەیدەی ئەنساری لەگەڵ پێنج هەزار کەسدا بەرەو شارەزوور هاتنە سەر گویّ ناوی سیروان. سەرەتا خەڵکیان دەعوەت کرد کە ئیسلام قبولّ بکەن، ئەوانیش قبولّیان نەکرد و سەرپێچییان کرد، شەڕو پێکادان ڕوویدا. لەشکری ئیسلام شەو لە ڕووباری سیروان پەڕینەوە. بەرەبەیان کوردەکان لە پەڕینەوەی موسڵمانەکان ئاگادار بوون، دەهەزار سوارو پیادەیان لەسەر ڕێیاندا دامەزراندو ئامادەی شەڕبوون. ئاگری شەڕو کوشتار بەرزبوویەوە، لە بەرەبەیانەوە شەڕ درێژەی کێشا تا خۆرئاوا. ئەبو عوبەیدە شەهید ئەکریّ. شەو ناوبڕییان ئەکات. کوردەکان کە تەماشای خۆیان کرد زۆربەیان لەناو چووەو دەستیان پەڕیوە ترسان و نیوەشەوی دوایی هەندێکیان ڕایانکرد. بەرەبەیان لەشکری عەرەب هێرشی کردەسەر ئەوانەیان کەمابوون، لە هەڵمەتی یەکەمدا شکاندنیان، پاش کوشتن و بڕین و تالاّنی بە خۆشی بیّ یا ترشی کوردەکان مل کەچی ئیسلام بوون[٢]﴾.

هەرچۆن بیّ لە مێژووەکاندا وانیشان ئەدەن کە کوردستان بە گشتی و ناوچەی هەڵەبجە، شارەزوور، هەورامان بە ئاشتی ئیسلامیان قبولّ نەکردووە. چونکە دینی خۆیان هەبووە و لەسەری ماونەتەوە شەڕیان لە پێناویداکردووە. گۆڕی ئەبو عوبەیدەی ئەنساری لە عەبابەیلیّ و عەکاشە لە هەورامانی دیوی ئێران و

(ئەبو دوجانە) لە زەهاو (ئەسحابە سپی) لە سلێمانی وکۆمەڵێ گۆڕ لەناوچەی تاوگۆزی بەناوی(گۆڕستانی سەحابە) و گۆڕستانێك لە بانە و گۆڕی ئەسحابەیەك لە گوندی (بێژۆیّ)ی ناوچەی ئالان و گۆڕی سەحابەیەك لە هەولێر و هەروەها دوو گۆڕە جوو لە نێوان پریس و هەڵەبجە و هەڵەبجە و عەبابەیلێدا نیشانەی ئەو شەڕە سەختانەن کە لەکوردستاندا کراوە؛ بەڵام پاشان کە بەرنامەی ئیسلام تێگەشتوون و ناوەڕۆکی دینەکەیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە وردە وردە دەست بەرداری دینی زەردەشتی بوون و ئەویان قبوڵ کردووە. ئیتر لەو ڕۆژو سەردەمەوە ئیسلام بۆتە دینی کورد و هەمووی موسڵمان بووە جگە لە هەندێکی کەمی نەبێت کە ئێستەش بەناوی(کاکەیی) و(یەزیدی) یەوە ماونەتەوە. کاتی خۆی کە ئیسلام کوردستانی وەك قەڵایەکی محکەم و سەنگەری پێشەوە گرتووە، ئیتر گەلانی ئێران فارس و بلوچ و گیلەك بەبێ زەحمەت تەسلیم بوون. چونکە لەسەر خاکی ئەوان گۆڕی سەحابە و گورەجوونیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بەبێ شەڕ فەتح کراون.

دروست بوونی اخوان المسلمين

لە کۆتایی ساڵانی چلەکاندا لە وڵاتی میسر دروست بووە و ئەندامەکانی دەستیان بەکار کردووە، دوای ئەوەی لە میسر هەندێ ئەرکی بەجێ هێناوە ئیتر بە پێویست زانراوە کە بە وڵاتە ئیسلامیەکاندا بڵاوبێتەوە. بۆ ئەمە دەستیان بەکار کردووە و توانیویانە سەرکەوتن بە دەست بێنن. لە گەرمەی کارکردندا هەندێك لە ئەندامە کارامەکانی بە دەستی جەمال عەبدولناسر شەهید ئەکرێن، ئەم کۆستە گەورەیە نەك ئیخوانی واز پێ نەهێنا،

بەڵکو ئەندامەکانی تری گەرم و گوڕتر کردو زیاتر دڵی گەرم کردن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان.

لە ساڵی ١٩٥٤ دا شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ محەمەد صەواف بەناوی یارمەتی دانی خەڵکی موسڵمانی جەزائیرەوە بۆ رزگار بوونیان لە دەست فەرەنسای داگیرکەر، دێنە شاری سلێمانی. لەوێ لەگەڵ هەندێ مەلاو خەتیبدا کۆئەبنەوە، بەڵام پاشان لە باتی ئەوەی قسەکانیان وەربگرن بە جاسوسیان ئەدەنە قەڵەم.

ئیتر هەواڵ ئەنێرن بۆ باوکم لە هەڵەبجە، ئەمیش کۆمەڵێ خەڵکی خواناس کۆ ئەکاتەوە بۆ پێشوازی کردنیان کە لەناویاندا خاڵۆی بەڕێزم مامۆستا مەلا عوسمانی رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی تیائەبێت. مزگەوتی پاشا کە ئەوکاتە شێخ محەمەدی خەتیب خەتیب و مودەڕیسی ئەبێت ئەکەنە جێگای یەکتر بینین و کۆبوونەوە.

(شێخ ئەمجەد) و(صەواف) بە پێشوازی کردنی ئەو خەڵکە زۆر شادو خەندان ئەبن و پاشان هەریەکەو خوتبەیەك ئەدەن کە مەبەستەکەی خۆیانی تێدا دەرئەبڕن. ئەو دەمە شێخ محەمەد خالیدی نەقشبەندی قایمقامی هەڵەبجە بووە، ئەویش کارەکەی زۆر بەلاوە پەسەند ئەبێت و پشتگیری لێدەکات.

ئەم کۆبوونەوەیە ئەبێتە مایەی دانانی یەکەمین بەردی بناغەی ئیخوان لە هەڵەبجەدا. پاشان هێدی هێدی بە نهێنی دەست بەکاری خۆی ئەکات و تا ئێستا هەل و مەرجێکیان بۆ ئەڕەخساوە بە ئاشکرا کاربکەن، بەڵام بە نهێنی دەستی خۆیان وەشاندووە.

لە ساڵی ١٩٦١دا دروست کردنی مەدرەسەیەکی دینی سەر بە ئەوقاف لەسەر دەست و داخوازی باوکمدا و پاشان کردنەوەی مەعهەدی ئیسلامی دوو

مەکۆ بوون بە فراوانی کاریان بۆ ئیسلام تێدا کراوە. ئیخوان لە کوردستاندا دوای هەڵکشانی بەرەو لوتکەی گەشەکردن وردە وردە لە کۆتایی شەستەکان بەم لاوە دووچاری هەندێ گیروگرفتی ناوخۆیی ئەبن و لە ساڵی ۱۹۷۹ سەرجەم ئەڵقەی رێکخستنەکانی لە یەك ئەپچڕێن و زۆربەی هەرە زۆریان گۆشەگیر ئەبن. ئەمە بەبێ ئەوەی بە بیروباوەڕ وازیان لە مەسەلەکە هێنابێ.

هەر لەو ساڵەدا تەنیا کەسێك کە تێیاندا ئەمێنێتەوە و خوێنی گەرمی لە گەڕان ناکەوێت خاڵۆم (مامۆستا مەلا سدیق) ئەبێت. ئەم هەڵئەسێت بەسەر لە نوێ دروست کردنەوەی ئەڵقەی تازە و ئەو کەلێنەی کە لە ڕیزەکانی ئیخوان دا دروست بوو پڕی ئەکاتەوە. بە شێوەیەکی نهێنی و دوور لە چاوی نەیاران دەست ئەکەن بەکار.

لەم ساڵانەدا هەرچەندە ئەمان زۆر بە نهێنی کار ئەکەن بەڵام دوژمن-بەعس-هەست بە بوونیان ئەکات و چاوی زەقی ئەخاتە شوێنیان. ئەمانیش بێباك لە هەموو مەترسی‌یەك درێژە بە ڕەوتی کاری خۆیان ئەدەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەو تەشەنە ئەکەن.

بەعس بە هەموو توانایەکیەوە ئەکەوێتە سۆراخ کردنی جم و جوڵەکانیان، رێکخستنەکە وەك خۆی ئەمێنێتەوە بەڵام لە مانگی ۱۹۸۷/۲دا مامۆستا مەلا سدیق فەرمانی گرتن و ئیعدام کردنی دەرئەچێت. ئەمیش ئەکەوێتە خۆی و بەناچاری روو ئەکاتە ئێران.

هەر لەم ساڵەدا لە شاری هەڵەبجەدا راپەڕینێکی گەورە دژی ڕەفتاری فاشیانەی بەعس بەرپا ئەکرێ کە لە جێگەی خۆیدا باس دەکرێت-هەر سێ خاڵۆم(مامۆستا مەلا عومەر، مامۆستا مەلا عوسمان، مامۆستا مەلا عەلی) پشتیوانی لە راپەڕین ئەکەن و ئەوەندەی تر ئەبنەمایەی گەرم کردنی

راپەڕینەکە. دوژمنیش هەڵئەستێت بە ئاگرباران کردن و تەخت کردنی گەڕەکی کانی عاشقان و بە زەبری کاریگەرانە راپەڕینەکە سەرکوت ئەکات، خاڵۆکانم و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵك بە ناچاری بەرەو ئێران هەڵدێن.

دروست بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی

بەر لەوەی بزوتنەوە دروست ببێ پێویستە بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕین کە سالآنێك لەوەو بەر کۆمەڵێ مەلاو خەڵکی موسڵمان پەنایان بردبووە بەر ئێران.

١. رابیتەی ئیسلامی کۆمەڵێك بوون کە ماموستا شێخ محەمەدی بەرزنجی سەرۆکایەتی ئەکردن قەوارەیەکی شێوە حیزبییان بۆ خۆیان پێك هێنابوو، هەم لەگەڵ رژێمی ئێراندا و هەم لەگەڵ مەجلیس ئەعلادا دۆست و هاوپەیمان بوون. پاشان لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا خۆیان حەلکرد.

٢. کۆمەڵەی(جند الله) کە مەلا لوقمانی تەوێڵەیی رابەرایەتی ئەکردن.

٣. کۆمەڵەی(انصار) کە مەلا ئیسماعیل رابەریان بوو.

ئەم دوو کۆمەڵەیەش بە گەرمی پێشوازیان لە دروست بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد بەلآم پێك نەهاتن. کۆمەڵەی(جند الله) هەر ماوە، بەلآم(انصار) لە سەر کارەساتی هەڵەبجە و بەشداری نەکردنیان رژێمی ئێران هەڵوێستی لەگەڵ گۆڕین و ئەمانیش بێدەنگ خۆیان حەلکرد. (انصار) پێی وابوو بەشداری کردن لە رووداوی هەڵەبجەدا تاوانەو بەزیانی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکەیە.

بزوتنەوەی ئیسلامی لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا هەردوو خاڵۆم ماموستا مەلا عوسمانی بە رابەری گشتی و ماموستا مەلا عەلی بە جێگری هەڵبژارد. مانگی ١٩٨٧/٥.

ئەم بزوتنەوەیە لە ماوەیەکی کەم دا توانی پەل و پۆ بهاوێ و خەڵکی زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، یەکەمین ڕێکخراوی ئیسلامی بوو کە بە شێوەیەکی جوان مەسەلەی بەرگری کردنی لە مافی کورد ڕەچاوکرد ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی رابەرەکەی بزوتنەوە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت لە مەیدانەکەدا ببێ بەشت، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی هەڵەیشی لێدەکرێت چونکە لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی محکەم دانەمەزراوە.

بزوتنەوە بە بۆنەی ئیلتیزامی تەواویان بەدینەوە خەڵکی موسڵمانی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆ کردۆتەوەو هەروەها بە بۆنەی هەڵوێستیان لەمەڕ داکۆکی کردن لە مەسەلەی کوردەوە سەرنجی حیزبە نیشتمانیەکانیان بە تایبەتی(پارتی) و(یەکێتی) بەلای خۆیاندا راکێشاوە. کە ئەم دوو هەڵوێستەش بە قازانجیانە و ئەگەر نەهێڵن خەلەل تێ بکەوێت قازانجی گەورەی تیا ئەکەن.

بزوتنەوە چونکە لەسەر بناغەی ڕێکخستن دانەمەزراوە هەر لە ئێستەوە کە سەرەتای کاریانە هەست بە بوونی دەستەگەریی تێدا ئەکرێت، کە ئەگەر هەوڵێکی جیددی لەم بارەوە نەدەن ئەوا سبەینێ ڕوو بەڕووی زیان و لێک پچڕانی گەورە ئەبنەوە.

بزوتنەوە دوای کارەساتی هەڵەبجە ڕۆڵێکی فراوانی گێڕا بۆ گەیاندنی دەنگی کوردی مەزڵووم بە وڵاتە ئیسلامیەکان و هەندێ وڵاتی تر. ئەمە گەورەترین خزمەتیان بوو کە پێشکەش بە دین و نەتەوەی کوردیان کرد. بەشداریی کردنیشیان لە کارەساتەکەدا زۆر چاك بوو، یانی دەستیان خاوێن بوو، تەنیا یەك دوانێك نەبێت تاوانیان کرد کە ئەوانیش خێرا لە ڕیزەکانی بزوتنەوە دەرکران.

کوردایەتی

بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە و لەناوەرۆکدا لەسەر بناغەی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلی کوردو رزگارکردنی کوردستان دامەزراوە.

لەزووەوە کورد هەوڵی داوە ئازادو سەربەخۆ بژی، هەر لەسەرەتای دابەش کردنی کوردستانەوە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی - سەفەوی دا ئەم بزووتنەوەیە بەبێ دیسپلین دەستی پێکردووە و گەورە پیاوانی کورد دژی دەست بەسەرداگرتن وداگیرکردن وەستاون لەو پێناوەدا زنجیرەیەك مێژوویان دروست کردووە.

پاشان کەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی کوردستان دەکرێت بەچوار بەشەوە وبەسەر دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق ، تورکیا، سوریەدا دابەش دەکرێت، بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەرگێکی تردا خۆی ئەنوێنێ ودەنگی ناڕەزای پتر بەرزئەکەنەوە. هەر لەو ڕۆژەوەکورد دژی ئەو نەخشە گلاوە وەستاوە و تائێستە بەبێ سرەوتن و بێزاربوون وماندووبوون شۆڕش لەدوای شۆڕش ئەکات و هەموو شۆڕشەکانیش ئامانجیان رزگاربوونی کوردو کوردستان بووە لەژێر چەپۆکی ناهەمواری داگیر کەران.

کورد ئەگەر چی تائێستا پشتیوانێکی ڕاستەقینە ودڵسۆزی نەبووە ، بەلام ئەوەوای لێنەکردووە کەبێدەنگ دانیشێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرلەناو کوورەی شۆڕش وراپەرین دا ژیاوەوبەوپەڕی لێبوردنەوە سەنگەری لە دوژمن گرتووە و پڕ بەدەم هاواری بۆ داوای مافی ڕەوای خۆی کردووە.

یەکەمین پڕشنگی بزووتنەوەی کوردایەتی مەحمود پاشای جاف گەیاندوویەتیە ناوچەی هەڵەبجە، ئەویش دەنگی پەیامی ڕێکخراوی (تەعالی کوردستان) بووە.

دووەمین کەسانێك کەلەناوچەکەدا ئیلتزامی سیاسیان بەو رێکخراوەوە پەیداکردووە شاعیری شۆڕشگێڕ مەلا حەسەنی قازی ناسراو بە(شاهۆ) و شێخ جەمیلی نەقشبەندی بووە، کەئەمانیش داوی ماوەیەك هەر لەئەستەمبوڵ پەیوەندی ئەکان بەهەمان رێکخراوەوە.

پاشان شاهۆ پەیوەندی بەحیزبی (هیوا) وەئەکات کە لە سلێمانی مامۆستا رەفیق حیلمی رابەرایەتی کردووە. حیزبی هیوا لەناوچەی هەڵەبجەدا هەندێ ئەندام و لایەنگیری بۆ خۆی پەیداکردووە و خەریکی کارکردن بوون تا حیزبەکە نەماوەو پارتی جێگای گرتۆتەوە.

ئەگەر بەچاوێکی گشتی سەرنجی بزوتنەوەی کوردایەتی بدەین ئەوا ئەتوانین لەسێ قۆناغی سەرەکیدا دیاری بکەین.

١- سەردەمی تیرەگەری ونەبوونی حیزب ورێکخراوی سیاسی.

واتە سەرەتای بزووتنەوەکە ئەگەرچی هەوڵ وتێکۆشان بووە بۆ سەربەخۆیی و رزگار بوون لە داوی داگیرکەران ، بەڵام تیرە گەری رەنگی لەسەر داڕشتووە، واتە شۆڕش لە سەر نەخشەی بیری سەرەك هۆزو گەورە پیاوەکاندا بووە، نەك لەسەر هێڵێکی سیاسی کە حیزب یا رێکخراوێ نەخشە داڕێژی بووبێ، وەکو شۆڕشی شێخ عوبەیدیللای نەهری وپاشای کۆرە وبەرزانی یەکەم و ...

٢- سەردەمی دورست بوونی حیزب ورێکخراوی سیاسی لەچوارچێوەی بیری نەتەوایەتیدا.

لەم قۆناغی دووەمەدا رۆشنبیرانی کورد هەوڵیان داوە حیزب ورێکخراوی سیاسیان دروست کردووە بۆ کۆکردنەوەو هان دانی خەڵك وبەرهێنانی شۆڕش لەژێر دەستی سەرەك هۆز و تیرەکاندا. بەڵام حیزب ورێکخراوەکان لە بازنەی

بیری نەتەوایەتی نەرنەچوون و دەنگ و ڕەنگێکی جیهانیان بەخۆوەنەگرتووە. وەکو حیزب و ڕێکخراوەکانی (هیڤی، خۆیبون، هیوا، ژ.ك، ..هند.).

٣- دروست کردنی حیزبی بەرفراوان وکوردایەتی خستنە بازاڕی جیهانیەوە.

ئەم قۆناغە دوای هەڵوەشاندنەوەی (ژ.ك) و دروست بوونی حیزبی دیموکرات لەکوردستانی ئێراندا دەست پێدەکات. هێنانی وشەی (دیموکرات) بۆ ناو بزوتنەوەی کوردایەتی شێوازی حیزبایەتی لەناو کوردا گۆڕی و کوردایەتی لەبازنەی تەنگی خۆی دەرهێناو کردیە هاودەنگی بزوتنەوە پێشکەوتوو خوازەکانی گەلانی جیهان. خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بەخۆیو هێزێکی گەورەوە بەشداری شۆڕشی مهابادو دروست کردنی حیزبی دیموکرات ئەکات. هەرئەو دەمە هەوڵی دروست کردنی لقێکی ئەم حیزبەلەکوردستانی عێراق ئەدات و هەوڵەکەی سەرئەگرێت. ئەودەمە حیزبی هیوا حەل دەبێت وئیبراهیم ئەحمەد کاروباری پارتی دیموکرات هەڵئەسووڕێنێ. کە زۆر خێراو گورج وگۆڵ ئەم حیزبە ئەکەوێتە چالاکی نواندن و بۆشاییەکی گەورە پڕدەکاتەوە. (پاشان دێینەوە سەرباسی پارتی).

بەشداری لەشۆڕشی شێخ مەحموودا

ئەم شۆڕشە لەگەڵ دروست بوونیدا پریشکی گەشتۆتە هەڵەبجە، بەگزادە جاف وهەندێ لەسەرەك هۆزەکانی ناوچەکە و هەورامیەکان پێشوازییان لە پەیامی ئەو شۆڕشە مەزنەکردووە. بەتایبەتی هەرسێ شاعیرە شۆڕشگێڕەکە (ئەحمەد موختار جاف و شاهۆو قانع) وەك نموونەی سێ ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ چوونەتە لای شێخ مەحموود وبەڵێنی هاوکاری کردنیان پێداوە.

ئـەو دەمـــە گـــەزۆ و پێوانـــەی زەوی بەدەســـتی ئینگلیزەکانـــەوەبووە کـــە ویســـتوویانە لەســـەر دەســـتی شـــێخ مـــەحموودا وەك دەیـــان حکومـــەتی تـــر حکومـەتێکیش بۆ کورد دروست بکەن، بەڵام پـاش ماوەیـەك شـێخ مـەحموود بەکاریگـەرێتی هـەندێ بیر تەسك و کۆلکـە شـێخ ومـەلاو سـەییدی دەوروبـەری پشت ئەکاتە ئینگلیزەکان و ئیتر شیرازەی کارەمەزنەکە تێك ئـەچێت، خەڵکـە ڕۆشنبیرو شۆڕشگێرەکە پشتیان سارد ئەبێتەوە و مەیدانەکە ئەبێتـە جێگـای تـەراتێنی خـەڵکی نـەزان و ڕیاکارو نەزۆك. لێرەدا بۆ سـەلماندنی ئـەم ڕاسـتیە ئەچینە سەر بیرەوەریەکانی کەڵە ڕۆشنبیری ئەودەورە (ڕفیق حیلمی) کە ئەڵێ:

﴿میجەر نۆئیل بۆ ڕکخستنی کـارو بـاری شـارەکانی تـرو بـڵاو کردنـەوەی نفووزی شێخ مـەحموود تـا- ڕواندز-چوو، بۆ یەکخستنی ئـەم شارانە لەگـەڵ حکومـەتی سـلێمانی(کوردسـتان) تەقەلایـەکی زۆریدا ، بـەڵام کـە گەڕایـەوە سلێمانی شێخ مەحمودی لە وێنەیەکی تازەدا هاتە بەرچاو، وای بۆ دەرکەوت کە لە هەوایەکی ترایە و خەریکە لە ڕێ لا ئەدا. لەگەڵ ئەمەشدا نەیدا لە ڕووی، ئینگلیزێکی زۆر شارەزا بەهـەواڵی کورد بوو ، تا لـە سلێمانی مایەوە مـاوەی بەدەرکـەوتنی کـەم وکورتـی نـەدا. هـەوڵی ئـەوەی ئـەدا کـە چـەوتی کـرا ڕاسـتی بکاتـەوە، مەبەستی بیـانوو گرتـن نەبوویـەڵکو ئەیویسـت شـێخ مـەحموود پـێ بگەیـەنێت و بـۆ حوکمـداری بەراسـتی دوا ڕۆژ ئامـادەی بکـات. زەمـان بـەدڵی (نوئیل) بچوایە بەرێوە شکم لەوەدانیە کە بناغەی (کوردستانی گـەورەی) دا ئەمەزراند ، بە ئەمری شێخ مەحمود من لـە تەرجەمەدا یارمـەتیم ئـەداو شـەوان دەرسی کوردیم پێ‌ئەوت. لەدوای دەرس لەگـەڵم ئەکەوتە باسی کوردسـتانەوە، هەر لـەو ڕۆژەوە لەخـەیاڵی گەشـتێکدابوو بـۆ کوردسـتانی تورکیـە، ئەیویسـت لەلایەن کوردە ناودارەکانی تورکیاوە شارەزایی پەیابکا، باسی بەدرخانیەکان و

کوڕەکـانی جـەمیل پاشـاو بابانــەکانی ئەســتەموڵی ئەپرســی، وەکــو بــۆم دەرئەکـەوت ئەو لـەمن شـارەزاتر بوو. لەگـەڵ ئەمەشـا هەرئەیپرسـی، بـەلاّم لـەم باسـانە من سودم زیـاتر بوو. لـە دڵیا بوو کـە لەگـەڵ خۆی بم با بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، لەگەڵ نیشتمان پەروەرەکان و گەورەکانیان بۆ داوای کورد تێبکۆشێت و بۆ حکومەتی کوردستانی شێخ مەحمود پشتیوان و لایـەنگیر بدۆزێتـەوە، لەبـەر ئەمـە خـۆی لـە شـێخ مـەحمود زیـز ئەئـەکرد و نەیئەویست دەستی لێ بـەردا، بـەم ڕەنگـە و بـەم سیاسـەتە نـەرم و زرنگانەیـە توانـی تـا ماوەیـەکی بـاش کۆلۆنیـل ویلسـنی حـاکمی عـام لـە شـێخ مـەحمود نەتۆرێنێ. من بزانم لەلایەن ئامانجەکانی خۆیـەوە دەربـارەی کوردسـتانی دوا ڕۆژ بەدزییـەوە تەقریریشـی بـۆ ئەنووسـی. بـەلاّم شـارەکانی وەکـو کـەرکوك و کفری و هەندێ لە ڕەئیسەکانی کوردەکانی تر نـەیان ویست بێنە ژێر حوکمی شـێخ مـەحمود، ئـەویش ئەمـەی لــە ئینگلیزەکـان ئەناسـی و بـاوەڕی پێیــان نەمابوو. بە کورتیەکەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز ڕێ نە ئەکەوت و متمانەی پێ نەئەکردن. لەبەر ئەمە تەقەلای نۆئیل کەڵکی ئەگرت و ناکۆکی کەوتە بەینی ویلسن و شێخ مەحمودەوە[٢]».

لەم دێڕانەی سەرەوەدا بە ئاشکرا ئەوە دیارە کە ڕەفیق حیلمی بڕوای بە بەرنامـەی ئینگلیزەکـان هـەبووە و لـە ناوەڕۆکیشـدا گلـەیی لــە شــێخ مـەحمودی تیادیارە. ئێستەیش هەموو ئەڵێین کە ئەو سەردەمە هەلێکی گەورەی زێڕین بۆ کورد دروست بووە، بەلاّم لە دەست دراوە و کوردی ناحاڵی شێخ مەحموودیان لـە خشـتە بـردووە، هـەر لـەو سالاّنەدا چـەندین حکومـەتی تـر بـە نەخشـە و بەرنامـەی ئینگلیزەکـان دروست بووە و کەسـیش پێیکـافر نـەبووە، بـەڵکو لـە چنگـی داگیر کـەر ڕزگاریـان بـووە و بـە ئـاواتی گـەورەی خۆیـان گەشـتوون.

هەموومان دڵنیاین و ئەزانین کە ئەگەر شێخ مەحمود بە نەخشەی ئینگلیزەکان و بە وردبینی رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بجولایەتەوە ئێمەش بە ئامانجی خۆمان ئەگەشتین.

لە چەند دێڕێکی تردا رەفیق حیلمی بەم شێوە بیرەوەرییەکانی خۆی تۆمار کردووە، ئەڵێ: ﴿شێخ مەحمود دوای ئەوەی بە حوکمداری کوردستان کەوتە وەستاوێکی گرنگەوە، لە کاروباری حکومەتدا کەم تەجرەبەو لە مەیدانی سیاسەتدا بێ کەس بوو. ئازایی و بێ ترسی و کەمتەرخەمی خۆشی لەو هۆیانە بوون کە بە هەڵەی بەرن. لەبەر ئەمە ئەستێرەی بەختی زوو رووی کردە کزی، چونکە رێ و شوێنێك کە لە هەڵسووڕاندنی کاروباری عەشایری دا لەسەری رۆیشتبوو بۆ تەگبیرو رای نیشی حکومەت بە کەڵك نە ئەهات. ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدار نزیك بنەوە لەم بابەتە بوون: دەس و پێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەورو پشتی چاو برسی و دوای تالآن کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری تفەنگ لە شان، هەرچەن لە بەغداوە هەتا لە تورکیاوە هەندێ لە زابتە کوردەکان هاتبوونە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێ خوێنەواری باش و نیشتمان پەروەر لەوێ بوون و ئەیان ویست کە دەس لەناو دەس تێبکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن، بەلأم رێکەوتنی تاقمی دەورو پشتی حوکمدار و ئەمانەی تر نە ئەگونجاو تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا لە خەنجەر و دەمانچە دیوارێکی دروست کردبوو. ئەگەر حوکمدار خۆی بیویستایە ئەم دیوارەی ئەڕوخاند و لە زابتەکان و منەوەرەکان نزیك ئەکەوتەوە[٤]﴾.

لەم دێڕانەدا دەرئەکەوێت کە ئەو دەمە خەڵك بوون بە دوو بەشەوە:

١. کۆمەڵێ خەڵکی عەشایر و نەخوێندەوار و نەفام و چاوبرسی و تاڵانکەر کە چوار دەوری شێخیان تەنیوە و بە چەواشەیی شۆڕشیان ئاراستە کردووە و زیانێکی گەورەیان بە هەیکەلی شۆڕش و کەسایەتی شێخ گەیاندووە و دەستەلاتیان گرتۆتە دەست.

٢. کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و ئەفسەر و کارزان و بەڕاستی نیشتمان پەروەر و سیاسی کە ئەگەر شێخ بایەخی پێ بدانایە شۆڕشەکەیان بە ئاقاری گەشەکردنی مێژوودا ئەبرد و سەرکەوتن بە دەست ئەهات.

بەڵام بەداخەوە لەچاو حەشاماتە پۆخڵەواتەکەدا کەمایەتی بوون و نەیان توانیوە ئەخشی جێ پەنجەی خۆیان دیاری بکەن. دیارە شێخیش بڕوای بە لەشکری زۆر و بۆر هەبووە و ئەوانیش لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا ئەوەندە بە درۆ و ڕیاوە(بەڵێ قوربان) یان بۆ شێخ کردووە هەموو ڕاستیەکیان لەبەر چاوی ون کردووە. ڕەفیق حیلمی ڕۆشنبیرێکی قەڵەم بەدەستی سیاسی هاکەزایی نەبووە، بەڵکو کەسێکی هەرە دڵسۆزی شۆڕشی کورد و شێخ بووە و ڕەخنەکانیشی کە ئێستا چاپکراون دڵنیام لە ڕۆژی خۆیدا چرپاندوونی بە گوێی شێخدا. چونکە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە زۆر بە دڵسۆزییەوە لە بن دەستی شێخدا ژیاوە و هەموو ئاواتی ئەوە بووە کە شۆڕشەکە بە لوتکەی ئاوات بگات و ئەویش وەك دەیان شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیری تر لە سایەی ئازادیدا بژی و پڕ بەسیەکانی هەناسەی شادی هەڵمژێ، بەڵام بە داخەوە شەمەندەفەرەکەی شۆڕش بەسەر سکەی ئاوات و خواست و پێشنیاری ئەماندا ئەڕۆشتووە، بەڵکو سکەیەکی تری هەڵبژاردووە کە بەرەو هەڵدێری ئەمانی ببات.

رەفیق حیلمی لە شوێنێکی تردا دیسان پەنجە ئەخاتەوە سەر رەخنەیەکی مەوزوعی و ئەڵێ ﴿شێخ مەحموود هەروەکو بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باش و بەهێز بۆ ئەم حکومەتە تازەیە تەقەلایەکی تەواو و بەکەڵکی نە ئەدا، هیچ ئەبێ بۆ پاراستنی جێ و ناوچەی نەفسی خۆیشی کردەوەیەکی ئەو تۆی دیار نەبوو، نە تەشکیلاتێکی ئیداری رێك و پێك، نەدانانی نیزامێك، نە ڕێگەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت[٥]﴾.

رۆشنبیرەکانی تری ئەو سەردەمە، ئەوانەیان کە بەڕاستی دڵسۆزی شۆڕش بوون و بەرهەمیان لە پاش بەجێماوە، هەریەکیان لە ڕێگەی دڵسۆزی خۆیانەوە رەخنەیان لە هەندێ ئاکاری ئەو شۆڕشە گرتووە. هەندێکیان وەك (جەمیل سائیب، شێخ محەمەد خالس، جەمال عیرفان، شوکری فەزڵی، حەمدی ساحیب قران).

لێرەوە ئەمەوێ ئەو گلەییە لەسەر(ئەحمەد موختار جاف، شاهۆ، قانع) لابەم کە پشتیان لە شۆڕشەکە سارد بۆتەوە، ئەمانیش سێ کەڵە رۆشنبیری شۆڕشگێڕی ئەو دەورانە بوون، بە تایبەتی ئەحمەد موختار جاف زۆر دڵسۆزانە لەگەڵ شێخ مەحموود و شۆڕشەکەدا ژیاوە. ئەمیش یەکێك بووە لە هەوادارانی ئینگلیز و نەخشە و بەرنامەی ئەوانی بەڕێگە چارەی کێشەی کورد زانیووە. تاکو شێخیش لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەینی باش بووە هەموو ئەو رۆشنبیرانە چوونەتە ژێر سێبەری گەورەییەوە.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە ئەم هەواڵانەی رۆژنامەی(بانگی کوردستان) بڵاو بکەمەوە کە پەنجە مۆری بەشداری کردنی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکە ئەکەن لەو شۆڕشەدا. (بانگی کوردستان-ئۆرگانی جەمعیەتی کوردستان بووە کە لەسەر پێشنیاری مستەفا پاشای یامولکی دامەزراوە ٢١-٧-١٩٢٢).

(١)

لە بەگزادانی وەڵەدبەگی جەنابی ئەحمەد بەگی پیشێن و مەخدومی نەجابەت مەوسومی محەمەد عەلی بەگ و عەموزادەی محەمەد بەگی حەسەن بەگ و، وە حەسەن وە ڕۆستەم کوڕانی مەرحوم یار ئەحمەد بەگ لەگەڵ جەنابی ڕەشادەت مەئاب شێخ حیسامەددین ئەفەندی زادە شێخ محەمەد ئەفەندی بۆ زیارەتی حەزرەتی حوکمدار تەشریفیان هاتۆتە سلێمانی بەخێرهاتن[٦].

(٢)

حەزەراتی موحتەرەمی بەگزادانی جاف

جەنابی عەلی بەگی مەحموود پاشا، جەنابی کەریم بەگی فەتاح بەگ، جەنابی حسەین بەگی مەحموود پاشا، جەنابی حامید بەگ، جەنابی ئەحمەد موختار بەگی عوسمان پاشا، جەنابی ئەحمەد بەگی مەحموود پاشا، جەنابی حسەین بەگی حەسەن بەگ، جەنابی ئەحمەد بەگی حەمە سالح بەگ، جەنابی داود بەگی محەمەد سەعید بەگ، جەنابی محەمەد بەگی فەتاح بەگ، جەنابی شەهاب ئەلسەلتەنە عوسمان بەگ عەبدوڵڵا بەگی شەرەف بەیانی، ڕۆژی دووشەموو ٩ی تشرینی ئەووەل ١٩٢٢ تەشریفیان هاتووە بۆ سلێمانی بۆ زیارەتی حەزرەتی حوکمداری کوردستان، وە لە مەعییەتیانا کەت خودایانی جاف لە شاتری کەت خودا محەمەد ئیبراهیم و ئەحمەد محموود و حەمە تالیب سلێمان عەلی وەیس، وە لە ڕۆغزادی کەت خودا سالح کاکە خان و ڕۆستەم حەمەی مەحموود و حەمە ڕەشید باباجان و فەتاح کامەران خەسرەوو حەمە عەلی مەحموود، وە لە تەرخانی حەمە حەسەن و حەمە شاسوار ڕۆیتەن سەلیم ئەحمەد، وە لە هاروونی عەلی محەمەد ئەمین و عەبدولکەریم حاجی عەبدولحەمید محەمەد ئەمین، وە لە سەدانی خەسرەو مستەفا کەت خودا

ئەحمەد ئەلەبجەیی، وە لە ئەورۆڵی عەلی عەزیز، لە میکایەڵی رۆستەم حەسەن حاجی قادر و عەزیز حەمە گوردون و میرزای حاجی حسەین و حسەین ئەحمەد شاسوار و حەمەی فەتاحی سمایل و حاجی کاکە وەیس هاتوون بۆ سلێمانی[٧].

(٣)

کاتێ کە شێخ لە (صلاحیە) ئەبێ و ئەیەوێ بگەڕێتەوە سلێمانی، خەڵك دەچن بە پێشوازییەوە. لەناویاندا سێ کەس نوێنەری خەڵکی هەڵەبجەیان تێدا دەبێ. بانگی کوردستان نووسیویە: (لە بەگزادانی جاف جەنابان کەریم بەگی فەتاح بەگ وحەمید بەگ و ئەحمەد موختار بەگ تەشریفیان هاتە صلاحیە بەشەرەفی زیارەتی حەزرەتی حوکمدار موشەڕەف بوون بۆ ئەمەی کە لە کەلارەوە لە پاشان بێن بۆ سلێمانی روخسەتیان تەلەب کردو عەودەتیان فەرموو)[٨]، کاتێکیش لە شۆڕشەکەدا بە پێشنیاری مستەفا پاشای یامولکی(جەمعیەتی کوردستان) دروست ئەکرێ و رۆژنامەی(بانگی کوردستان) بلاْو ئەکاتەوە. لە دروست کردنی ئەو جەمعیەتەدا عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف بە(٣٩) دەنگ و شێخ محەمەدی گولانی بە(٣٢) دەنگ ئەبنە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری، بۆ خزمەتی رۆژنامەکەش هەر ئەو رۆژنامەیە پارچە شیعرێکی ئەحمەد موختار جاف و ئەم دوو هەواڵەمان پێ ئەگەیەنێ.

شیعرەکە:

بانگی کوردستانە، وا دنیای ئیحیا کردەوە

زامی قەلبی کوردی بێچارەی مداوا کردەوە

باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە

ئەلحەق ئەمڕۆ خاکی کوردستانی زیبا کردەوە
سەد شوکر وا لەشکری عیرفان و عیلم و عاقڵی
شاری پڕ شۆری جەهالەتیان کەیەغما کردەوە
لایەقی تەحسین و فەخری قەومی کوردە چونکە وا
ئەم جەریدە پیرو فەرتوتیشی بورنا کردەوە
بانگو هاوارێکی بەرزە بانگی کوردستان دەکا
مێشکی دنیای پڕ لە دەنگ و شۆرو غەوغا کردەوە
ژەنگو تاریکی جەهالەت وا لە دڵدا دەردەکات
قەلبی مەحزوونی هەموو کوردی موسەفا کردەوە
لاچووە تاریکی هەوری جەهالەت وا ئێستەکە
نەجمی ئیقباڵی هەموو کوردانی ڕەخشا کردەوە

قائمقام البجه: احمد مختار

واتای هەندێ لە وشەکان (ئیحیا=ئاوەدان. مداوا=چارە. باعیس-هۆ. مەتبەعە=چاپخانە، زیبا=جوان و رازاوە. یەغما=تالآن و برۆ، تەحسین-ئافەرین، فەرتوت-پیرو کۆنەساڵ. بورنا-لاو، موسەفا=خاوێن، نەجمی ئیقباڵ=ئەستێرەی بەخت).

هەواڵەکان

١-بەگزادانی جاف

بەگزادانی جاف کە بە وەتەن پەروەری و سەعی و کۆشش بۆ تورەقی و مەعاریف و تەنویری ئەبنای وەتەن مەشهوورن بۆ معاونەتی جەمعیەتی کوردستان کە خادمی مەعاریفە تەحریرەن وە شەفاهەن دەرعەهدبوون کە بە

هەموو نەوعێ درێغی هیمەت نەفەرموون وە مەحزەن بە بیستنی ئەمەی کە تەشەبوس کراوە بە ناوی جەمعیەتی کوردستانەوە ماکینەیەکی چاپ جەلب بکرێ وەکو لە ژێرەوە نووسراوە تەعەهود و ئیمزایان داوە کە معاونەت بفەرموون.

روپیە

٤٥٠ جەنابی عەبدولکەریم بەگ رەئیسی جاف.

٤٥٠ جەنابی ئەحمەد موختار بەگ قایمقامی ئەلەبجە.

١٠٠ جەنابی عیزەت بەگی عوسمان پاشا.

وە عەلاوەی ئەمە دیسان تەعەهودیان کرد کە لە ئەلەبجە لە هەموو بەگزادان جوێ جوێ میقدارێکی کوللی ئیعانە بۆ ئەم ماکینەی چاپەگرد بکەنەوە و بینێرن.

لەم خوسوسەوە بەناوی عمومی جەمعیەتی کوردستانەوە عەرزی تەشەککوربەیانی موحەمەدەت لە ئومەراو بەگزادانی جاف ئەکەین وە ئومێدمان هەیە کە سایری ئەشرافی کوردستان لەم ئەمری خێرەدا ئیشتیراک بفەرموون[٩].

٢-تەشریفی رونەسای جاف

بۆ بەعزێ موزاکەرە رونەسای موحتەرەمی جاف بە ئیستقبالێکی بە شەرەف و بە تەفخیم واریدی سلێمانی بوون. خودای تەعالا لەناو هەموو عەشایردا زەواتی وا منەوەرو بە تەدبیر زیاد بکا[١٠].

ئەو دەمە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجەش هەربوون بە دوو بەشەوە:

١. چینی رۆشنبیرەکان کە کەمایەتی بوون و خانمی وەسمان پاشا و ئەحمەد موختاری کوڕی سەرباشقەیان بوون، ئەمانە بە گەرمی هەواداری ئینگلیز بوون.

٢. چینی نەخوێندەوار کە زۆر بوون و هەوادار و دڵسۆزی شێخ مەحموود بوون.

گرنگ ئەوەیە لەو سەردەمەدا بەلای شێخ دابێ یا بەلای ئینگلیزدا خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری تەماشاچی نەبوون، بەڵکو هەر لایەنەو بە بیرو باوەڕی خۆی لە جوڵان و بزوتن دا بووە کە ئەمەش شانازییەکی ترە هەڵەبجە بە مێژووی گەلەکەمانی ئەبەخشێ.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کە چەند چالاکییەکی تر بخەمە پێش چاو تا چەند بەڵگەیەکی تر بن بۆ بەشداریی کردنی خەڵکی هەڵەبجە لە شۆڕشەکەدا.

١- گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لەژێر سەردێری(ئاڵای کوردستان)دا نووسیویە:

﴿پشت بەخوا لەناوچەی هەڵەبجەدا ئیمڕۆ ١٢ کانونی یەکەم ١٩٢٢ ئاڵای کوردستان بەشادی و زەمزەمەوە هەڵکرا، بە بای کێوەکانی کوردستان ئەلەرێتەوە[11]﴾.

٢- هەروەها لە ژمارەی چواریدا نووسیویە:

لە کاغەزێ کە لە ئەلەبجەوە هاتووە: حەزرەتی رەئیسی داخلیەی کوردستان جەنابی شێخ محەمەد غەریب ئەفەندی کە بۆ رێکخستنی ئیش و کاری ئەم قەزایە تەشریفی هێنا بوو لە پاش مواصەلەت فەرموون بە ئەلەبجە بەگزادەی جاف و هەورامان و ئەهالی داخل و خاریج بیل عموم حازر بوون بەیداغی موبارەکی ئیستیقلالیەتی کوردستان هەڵکراو نوطق ئیراد کرا لە سەعادەت

یەمینی ئەم ڕۆژە موقەددەسە لە هەموو لایەکەوە نەسەری شادمانی و سرور ئەبینرا- خودا بەدەوامی ئیجلال و شەوکەتی حەزرەتی مەلیکی موعەززەم(مەلیك مەحموودی ئەوەل) هەموو لایەك مووەفەق بیلخەیر بکات- ئامین[12].

(٣)

﴿ لەلایەن شێخ فەرەجی بانی بنۆکەوە بە خزم و عەشرەتیانەوە ڕێگەی سلێمانی-هەڵەبجەیان بەست، بانگی یاخیەتی و شۆڕشیان دا، وە ئەم نامەیە بۆ میجەرسون نێررا و ئاگاداریان کرد ئەو نامانەی کەلەمەوپێش بەناوی لیژنە و کۆمەڵانەوە بۆتان نێرراوە و تا ئێستە بەبێ وەڵام مایەوە زۆر بە پەلە و بە گورجی وەڵاممان ئەوێت. چونکە لەمەندە زیاتر ناتوانین چاوەڕێی بەجێهێنانی بەڵێنەکەتان بین کە ئیستیقلالی کورد و هێنانەوەی حوکمدارە.

میجەرسۆن بە وەرگرتنی ئەم نامەیە کە بەهۆی کوێخا سەعدوونی بۆیسان سورەوە بۆی نێررا زۆر تورەبوو. دەست بەجێ فەرمانی دا بەهێزی لیڤی لەژێر فەرماندەی جەنەراڵ ڤێتس گیڤن دا بچن بۆ بانی بنۆك بیسووتێنن و شێخ فەرەج و هاوپەیمانەکانی بگرن. وە بە کەلەپچە کراوی بیانهێنن بۆ سلێمانی. ماوەی دە ڕۆژ زۆر بە گەرمی جەنگی ئینگلیزو و کورد بوو، بەڵام کورد بە کورد بە کوشتن دان ڕووی‌دا. نزیکەی دە فڕۆکە -طیارە- لە چیاکانی هەورامانەوە بە گوللەی تفەنگی کورد خرایە خوارەوە و سووتا. فەرماندەکەیان ڤێتس گیڤن کوژرا و لاشەکەی بە شانی حەمەی قالەی پیرۆت سەربازی لیڤی کوردەوە ڕزگار کرا[13]﴾.

ئینگلیز دوای ئـەوەی سلێمانی داگیر کـردووە(١٩٢٤) ویسـتوویە بچێتـە ناوچەی هەڵەبجەش، بەڵام دڵنیا نەبووە کە بتوانێت، چونکە خەڵکی ناوچەکە دژایەتییان کردووە. لەبەر ئەوە ئەم بەیان نامەی بڵاوکردۆتەوە:

<u>بۆ عمومی ئەهالی قەزای هەڵەبجە</u>

ئەوا تەبلیغتان ئەکرێ بۆ ئەوەی تەئمینی ئیدارەی قەزا چاکتر بکرێ ئەحمەد بەگ قائمقام و حامید بەگ معاون لەگەڵ مەئمورانێ کە ئیجاب بکا نێرانەوە بۆ هەڵەبجە. ئەبێ لە ئیجرای وەزایفدا معاونەتی مـەئمورەکان بکـەن و موتیعانـە ئەوامری رەسمیەی حکومەت بەجێ بهێنن[١٤]﴾.

(٤)

جارێکی تر ئینگلیزەکان بەیان نامەیەکی تر بڵاو ئەکەنەوە و داوا لە خەڵك ئەکەن کە دەست نەهێننە رێگەی لەشکرەکەیان.

<u>بۆ عمومی ئەهالی ناحیەی تانجەرۆ و قەزای حەلەبجە و هەموو تایفەکانی جاف</u>

﴿ لە ئێوەوە مەعلووم بێ کە ئەگەر زەرەرێك و ئەزیەتێك واقع ببێ بۆ ئەم ئۆردووە کەوا لە ناحیە ومحەلی ئێوەوە مرور ئەکا هەر فەلاکەت و موسیبەتێك کە لەو ڕووەوە بە ئێوە بگات مەسئولیەتی لەسەر خۆمانە[١٥]﴾.

پیرانی ناوچەکە سێ ڕووداوی تر ئەگێڕنەوە کە هەرسێکیان پشتیوانی کردنە لە شێخ مەحموود و دژایەتی کردنی ئینگلیزەکان.

١. ناوچەی شەمێران

شەمێرانیەکان کە یەزدانبەخشیشیان پێ ئەگوترێ لەناوچەی خۆیاندا بە رابەرایەتی محەمەدی سان ئەحمەد ئەکەونە پشتیوانی کردنی شێخ مەحموود، وەکو لە چەند کەسێکم بیستووە بەم شێوە بووە.

* محەمەدی سان ئەحمەد دوای شەڕی-ئاو باریك-بەڵێن و پەیمان ئەدا بە شێخ مەحموود کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوکاریی بکات و هەرچی شێخ پێی باش بێت ئەوە بکات.

ئەو دەمە شێخ تەشریفی لە گوندی(داریکەلی) ناوچەی بازیان بووە، چونکە ئینگلیزەکان سلێمانییان پێ چۆڵ کردبوو، ئەویش پەنای بردبووە ئەو ناوچەیە و بەخۆیو هێزێکەوە لەوێ گیرسابوویەوە. خەڵك لەهەر لایەکەوە ئەوانەی هەوادار و دڵسۆزی شێخ بوون ئەچوونە خزمەتی و زۆریشیان بە شێوەی نامە پەیوەندییان پێوە ئەکرد. ئێمەش محەمەدیسان ئەحمەد ئاگاداری کردین کە ئەیەوێ نامەیەك بۆ شێخ بنووسێ و بەڵێنی هاوکاری کردنی پێ بدات. کەسمان لە قسەکەی سەرپێچیمان نەکرد، ئەویش نامەیەکی بۆ نارد.

پاش ماوەیەك شێخ مەحموود داوای کرد کە محەمەدی سان ئەحمەد بچێت بۆ لای: ئەمیش بۆی نەکرا بڕوات لە جێگەی خۆی مەحموودی کوڕی و مەحمودی ئەحمەدی وەسمان ئەنێرێ و پێیان ئەڵێ کە پەیڕەوی بڕیاری شێخ بکەن و لە قسەی دەرنەچن، وە هەر کاروبارێکیشی بووخێرا ئاگادارم بکەنەوە.

هەردوو مەحموود نزیکەی ساڵێك لە خزمەتی شێخدا مانەوە لەو ماوەیەدا بۆ چەند جارێك نامە لە نێوان محەمەدی سان ئەحمەد و شێخدا دێنن و ئەبەن، نامەکان بەداخەوە نەماون، بەڵام پاشان دەرئەکەوێت کە ئەو نامانە یەك لە دوای یەك پەیوەندییان توندتر و بەهێزتر کردووە. لە ئەنجام دا شێخ داوا ئەکات کە

خۆیشی ببینێ ئەمیش لەگەڵ برازایەکیدا بەناوی(محەمەدی قادر) رێگای داری کەلی ئەگرێتە بەرو بەدیداری شێخ شاد ئەبێ. دەست لەناو دەست پەیمانی لەگەڵدا تازە ئەکاتەوە.

دوای ئەم پەیمانە ئیتر هەرچی شەمێرانی هەیە هەموو پەتێکی پەیوەندی لەگەڵ میری و دەستەڵاتی ئینگلیزدا پچڕان. بە هیچ شێوەیەك دەخلی کاروباری داگیرکەر نەکەوتن و پشتمان هەڵکرد. زۆر جار لە هەڵەبجەوە ئەکرایە سەرمان کە باج و پیتاك بدەین، بەڵام گوێمان لێ ئەخەواند و نوێنەرەکانیانمان دەرئەکرد. ئەمە ماوەی چوار ساڵی خایاند.

سەرەك هۆز ئەیزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان دوژمن بەرۆکی پێ ئەگرێت، بۆ ئەوە هەمیشە تفەنگچی لەسەر کەژوملەوڕێگا و بانەکاندا دا ئەنا. مەفرەزەیەکی چاودێری دروست کردو کوڕێکی ئازا و قارەمان و کەللەی شەقی بەناوی(عەزە بەران) کردە بەرپرسیان.

دوژمن کێچ کەوتە کەوڵیەوە نەیزانی چۆن مل بەم هۆزە بدات و ئەو باردیان لە دەست وەرگرێ. بۆ ئەوە کاپیتان(لیس) کە ئەو دەمە فەرماندەی ناوچەکە بووە، هێزێ پێك دێنێ لە حسەینی حەسەن بەگ و(٢٠) پۆلیس لەگەڵ هەندێ دەستەو دایرەی تردا. ناردنی بۆ ئەوەی بارەکە هێمن کەنەوە. ڕوویان کردە گوندی(کانی کەوە) لەوێ داوا ئەکەن کە هەرچی کوێخای ئاواییەکانە گردبنەوە بۆ ئەوەی یەکی(٤٠) لیرەی زەویانەی ئەو چوار ساڵ یاخی بوونە بدەن. کوێخاکان کۆ ئەبنەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

گوند	کوێخا
١. توولەبی	ئەحمەدی حسەین
٢. چەمەڕەش	عەبدولای مام ڕەسوڵ

٣.كۆكۆیی شمێران	محەمەدی ڕۆستەم
٤.دەنگەوەرە	حەمە شەریفی قادر
٥.بەشی هاجە	محەمەدی مەحموودی هەواس
٦.بەشی پیرك	حەمە توفیقی هێران
٧.وەرمن	بارام حەمەی شاوەیس
٨.زمناكۆ	نادری مام بارام (ئەم هۆزمنیمامین و لە ناوچەی شمێرانن)
٩.ولۆمر	ئەحمەدی سان ئەحمەد
١٠. بەشی ئەحمەد بەگ	محەمەد عەبدول ڕەحمانی یونس بەگ
١١.دلف	تۆفیق فەرەج
١٢. مام شەوی	قادری هاجك
١٣.شمك مەیدان	مەحموود محەمەد چراغ

دوای ئەوەی کە ئەمانە گردبوونەوە، کاربەدەستەکان کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشە. عەبدوڵای مام ڕەسوڵ و ئەحمەدی حسەین کە بە تەوسەوە قسەیان کردو بەرپەرچی داواکەیان دایەوە، دایاننە بەرو بە پاڵ بردنیان. محەمەدی سان ئەحمەد کە ئەمەی بینی دەست بەجێ لە دیوە خانەکەی هاتە دەرەوە، دەمانچەکەی دەرهێناو هاواری کرد.

—ئادەی خەڵکینە بیانگرن، دەست بەستیان کەن، ئەمانە هاتوون شەرەفمان بشکێنن . بەو بانگ و هاوارە، خەڵکەکە هەموو پەلامارمان دان دامانئە ناوەوە. تێیان بەربووین و ڕاومان نان.

ئیتر کار وەك خۆی مایەوە تا دوای دوو مانگ دوژمن فڕۆکەیەکی ناردو بەیان نامەیەکی لێبووردنی بەسەر ئاواییەکاندا بڵاوکردەوە. لە بەیان نامەکەدا

داوای ئەوەیان لێکردبووین کەواز لەو سەرپێچی و یاخی گەرییە بێنین. ئەگەرنا ئەوا مەترسی دێتە ڕێتان و بۆمبارانتان ئەکەین.

محەمەدی سان ئەحمەدیش بە خەڵکەکەی وت مل نادەین و بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبین ئاواییەکە چۆڵ کەن و ڕووبکەنە ئەشکەوت و بن بەردەکان.

دوای چەند ڕۆژێ کە دوژمن هیچ هەواڵێکی پێ ناگات چەند فڕۆکەیەکی ناردو ئاوایی(کانی کەوە)ی کوتا. محەمەدی سان ئەحمەد خۆی لە پێینی دێکەدا مایەوە، تفەنگێکی برنەو خۆری پێ بوو کە(تەیارە شکێن) یان پێ ئەووت. کەوتە تەقە کردن لێیان و یەکێکیانی لێ خستە خوارەوە. سێ ئەفسەری تیابوو، بە پەرەشووت خۆیان بەردایەوە، لەناو بێشەو قامیشەڵانەکانی چەمەڕەشدا کەوتن. بە بەیداخێکی سپی نیشارەتیان بۆ یەکێ لە فڕۆکەکان ئەکرد کە بچێت بەدەمیانەوە. فڕۆکەکەش خێرا نیشتەوەو سواری کردن. هەر ئەو شەوە (لیس) نامەیەکی بۆ محەمەدی سان ئەحمەد ناردو تێیدا نووسیبوی ئەگەر فڕۆکەکە ئەسووتێنن لێتان خۆش ئەبین.

لە بارەی کەوتنە خوارەوەی ئەو فڕۆکەوە ڕۆژنامەی (نومێندەی نیستیقلال) لەژێر سەردێری (بۆمباردومان)دا وەك هەواڵ بلاوی کرۆتەوە و دەڵێ: (لە ١٢ی مارتدا پێنج تەیارە ئاوایی حەمەی سان ئەحمەد کە لەوبەر سیروانە بۆمباردومان کراوە لە تەیارەکان یەکێکیان سقوتی کردووە)[١٦].

بەڵام محەمەدی سان ئەحمەد گوێی بەنامەکە نەداو بڕیاری دەرکرد فڕۆکەکەیان سووتان. دوای ئەمە دوژمن ڕۆژێکی تر چوار فڕۆکەی نارد و ناوچەکەیان بە خەستی بۆمباران کرد. بەڵام زیانێکی ئەوتۆیان نەگەیاند. چونکە ملەی(تەمووره ژەنان) هەمیشە چاودێری پێوە بوو. بە تەقەکردن ڕێگەیان نەدا فڕۆکەکان بە ئارەزووی خۆیان دەست بوەشێنن.

کار وەك خۆی مایەوە، پاش ساڵێ ئینگلیزەکان داوایان کرد که پەیوەندیی نێوان هەردوولا خۆش بکەن. بۆ ئەوە داوایان کرد کە محەمەدی سان ئەحمەد بچێتە هەڵەبجە، ئەگەر خۆیشی نایەت ئەوا کوڕەکەی بنێرێ. تا مەسەلەکە کۆتایی پێ بهێنن و هیچ لە نێواندا نەمێنێ. محەمەدی سان ئەحمەدیش پاش ئەوەی کوێخاکان داوایان لێکرد، مەحموودی کوڕی وئەحمەدی حسەینی نارد بۆ هەڵەبجە . هەر کە گەیینە جێ یەکسەر گرتنیان و هەواڵیان نارد بۆ محەمەدی سان ئەحمەد تا خۆی نەیەت ئازادیان ناکەین.

ئەمیش کە زانی ئەمە پیلانە یەکسەر نامەی نووسی بۆ ئەم سەرەك هۆزانە:

١. عەبدوڵڵای حەمەی خوا کەرەم-تەوروڵی.

٢. حەمە ئاغا-گەلاڵی.

٣. سەیید ئەورەحمان-تاوگۆزی.

ئەمانیش هەموویان هاتن بە دەنگیەوە. لەشکرێکی گەورەیان پێك هێناو روویان کردە شاری هەڵەبجە. دایان بەسەر سەراداو شەڕ دروست بوو، ئینگلیزەکان زۆریان بۆ هات و ناچار بوون هەردوو گیراوەکە بەردەن و بەسەر بەرزی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

٢- عەبابەیلێ و هاوار

پیرانی عەبابەیلێش ئەگێڕنەوەکە: خەڵکی ئەم ناوچە باج و پیتاك و سەربازی نە ئەدا بە دەوڵەتی ئینگلیز. کاپیتان(لیس) دەکاتە سەریان. لە عەبابەیلێ: شێخ رەشید، شێخ کەریم، شێخ عەبدولرەحمان، ئەحمەدی حەمە چاورەش، مەحموودی یاسە و لە هاوار: سەیید مراد، وەستا تۆفیق وچەند کەسێکی تر لە گەڵیاندا بریاریان دا کە ئەگەر دوژمن بێت بۆیان دەستی لێ

نەپارێزن. هەرچەندە هەندێ کەس ئەترسان، بەڵام ئەوان گوێیان بە هیچ نەداو لەسەر بڕیاری خۆیان سوور بوون.

دوژمن هەم لەشکرەکەی زۆر بوو، هەم چەکی باش و فڕۆکەشی هەبوو. بەڵام چەکەکانی ئەمان بریتی بوو لە(تەیارەشکێن، سێ تیر، وەرەندڵ، تاپڕ، ساچمە زەن، ژێر ساف). بەڵێ دوژمن کاتێ ئەمەی بۆ دەرکەوت لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی کاپیتان لیس و بلقاسم بەگ ڕێکخست وگەشتە عەبابەیلێ، بەڵام بەشەڕ، دوای ئەوەی شەڕەکە تەواو گەرم بوو، دوژمن زەفەری هێناو سوارەکان بە شنرویێدا هەڵزنان و کەوتنە تەقەکردن لە لەشکرەکە. ئینجا دوژمن فڕۆکەی هەڵسان و ئەوانیش بەرەو ئەشکەوڵ دەرئەچن. دوایی دوژمن شوێنیان ئەکەوێ، ئەوانیش بەلاپاڵەکانی ئەشکەوڵەوە خۆیان دەشارنەوە، شێخ ڕەشید پێیان دەڵێ: تەقەیان لێ مەکەن با بچن گوندی هاوار تاڵانکەن، کە لەو سەرەوە گەڕانەوە ماندوون و کۆڵیان پێیە دەستیان لێ ئەکەینەوە. لەشکرەکە بەبێ تەقە ئەچێتە گوندی هاوارو تاڵانی ئەکات، کاتێ کە ئەگەڕێنەوە لە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا تێیان ئەسرەوێنن و کوشت و کوشتارێکی زۆریان لێدەکەن. دوژمن پاش ئەوە ئەکەوێتە دەست وەشاندن، هێزی تردێنێ لە پێشەوە گوندی عەبابەیلێ بە فڕۆکە بۆردومان دەکات و زیانی ماڵی و گیانی لە خەڵك ئەدات. عەبدوڵڵای خاڵۆی دایکی حیکمەتی مەلا عەلی شەهید دەبێت و چەند کەسێکیش بریندار دەبن. شێخ ڕەشید و هاوڕێکانیشی کە دەزانن لەشکرەکەی دوژمن زۆرە و دەرەقەتیان نایەن ناچار بەرەو دیوی ئێران ئەڕۆن و ڕوو ئەکەنە گوندی(باراماوا)ی لای مەریوان. دوای ساڵێك کە ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێ ئینجا ئەگەڕێنەوە.

٢. ئاوايی رۆستەم بەگ

لەم گوندەدا بەگزادە جافی وەڵەوبەگی تیا بووە. ئەمانیش چەك و تفاق و سوارچاکی باشیان هەبووە و لەگەڵ دەستەڵات دارانی ئینگلیزدا کەوتوونەتە ناکۆکی. ئینگلیزەکان نامەیان دەنێرنە سەر و هەڕەشەیان لێدەکەن، بەڵام نەك ئەوەی کە هەڕەشەکە نەیترساندوون بەڵکو بەو پەڕی ئازایی و جەسوورییەوە وەڵامیان دەدەنەوە و بڕیاری شەڕکردن دەدەن نەك خۆ بەدەستەوەدان. ئینگلیزەکان دوو فڕۆکە ئەنێرنە سەر گوندەکە و بۆمبارانی دەکەن کە پیاوێکی رۆستەم بەگی یار ئەحمەد بەگی تیا شەهید دەبێ.

پاشان هێزێك دێننە گوندەکەوە، ئەمانیش ماوەیەك شەڕیان لەگەڵ دەکەن و پاش ئەوەی کە فیشەکیان پێ نامێنێ و لەشکرەکەی ئینگلیزیش زیاتر دەکات دەشکێن و حەمە سەعید بەگ بەدیلی دەگیرێ کە دوای ماوەیەك گۆڕیویانەتەوە بە ئەفسەرێك و دوو سەرباز کە لای ئەمان دیل دەبن.

* * *

ئەحمەد موختار جاف وەکو (قانع) و(شاهۆ) لەسەر مەسەلەکە بێدەنگ نابێت. ئەمان هەر کە دەزانن شۆڕشەکە بەدڵی ئەوان نیە وازدێنن و گۆشەگیر دەبن. هەر چەندە هەندێ نومێدیان هەر بە شێخ دەمێنێ و جار جار هەر بە سەری دەکەنەوە. بەڵام ئەحمەد بەگ لەسەر کێشەکە دەڕواو لەگەڵ شێخدا دەکەوێتە ململانێ.

رۆشنبیرانی ئەو دەمە زۆریان وەك قانع و شاهۆ دەبن و جەمال عیرفان و عارف سائیب و جەمیل سائیبیش وەك ئەحمەد موختار جاف.

پاش ئەوەی مل ملانێکەیان توندو تیژ دەبێ شێخ ئەیگرێت و لە زیندانی(جاسەنە)توندی دەکات. دوای ماوەیەك کە ژیانی زۆر ناخۆش دەبێ

نامەیەکی شیعری بۆ شێخ دەنووسێ و داوای لێبوردنی لێدەکا شیعرەکە بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

سەبا عەرزی خلوسی و بەندەگیم و هەم دوعا خوانی

ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانی

دوای ئەوە ئیتر شێخ ئازادی دەکات و دێتەوە لە هەڵەبجە دادەنیشێ. ئەو دەمە ئینگلیزەکان بە بۆنەی هاوکاری کردنی خانمی وەسمان پاشای دایکی ئەحمەد موختار جافەوە لە هەڵەبجەدا دەستەڵاتیان زۆر دەبێ و ئەچنە بن کڵێشەی ئەحمەد موختار جافەوە. ئیتر کێشەکە ئەوەندەی تر لە نێوان ئەم و شێخدا توندو تیژ دەبێ. بەڵام تازە ئەحمەد موختار جاف دەستی لە شوێنی خۆی گیر بووە و شێخ هیچ دەستەڵاتێکی بەسەریدا نامێنێ.

ئیتر لەگەڵ دایکیان بە تەواوی دەست لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تێکەڵ ئەکەن، بە هیوای ئەوەی کە ئەنجامێ بەدەست بێنن. بەڵام پاش ئەوەی کە شۆڕش تێک ئەشکێ و شێخ لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بە بریندارى ئەگیرێ، ئیتر ئینگلیزەکان دەست لەو بەرنامەیە هەڵئەگرن کە دایان نابوو حکومەتێ بۆ کورد دروست بکەن. لەسەر ئەمە ئەحمەد موختار جاف دڵی لە ئینگلیزەکان کرمێ ئەبێت و بەینی لەگەڵیان سارد ئەبێت. لەم ماوەدا(ح) بەگ بە تەماحی ئەوەی بکرێتە قایمقامی هەڵەبجە زۆر بە گەرمی خۆی ئەخزێنێتە بن دەستی ئینگلیزەکان و دەست ئەکات بە گێرە شێوێنی. وردە وردە وای لێ دێت ئەحمەد موختار جاف لەبەر چاوی ئینگلیزەکان ڕەش ئەکات. ئینگلیزەکانیش تادێ پشت لە ئەحمەد موختار جاف ئەکەن و بایەخ بە(ح) بەگ ئەدەن و ئەیکەنە قایمقام.

ئەحمەد موختار جاف بەو نفوزەی کە هەیبووە ئینگلیزەکان ناتوانن هیچی لەگەڵدا بکەن، ئەمیش ئەو ساڵانە خۆی سەرگەرم ئەکات بە دانانی شیعری تەرو چیرۆکەوە. چیرۆکە بەناوبانگەکەی بەناوی(مەسەلەی ویژدان) بەرهەمی ئەو دەورانەیەتی. چەند ساڵ تێئەپەڕێ ئینگلیز هەر حاکم ئەبن و ئەحمەد موختار جاف گۆشەگیر تا لە ساڵی ١٩٣٤دا دژی ئینگلیزەکان رائەپەڕێ، بە خۆیو کۆمەڵێ چەکدارەوە ئەدەنە کەژی بالآنبۆ. ئینگلیزەکان بەم کارە ڕائەچڵەکێن و ئەکەونە جرت و فرت. لەم لاو لاوە جاسوس بلآو ئەکەنەوە و هەوڵ ئەدەن لە داوێکدا بیگرن. بەلآم ئەو بەشێوەی پارتی زانی ئەژی و بە تایبەتی کۆکۆییەکان یارمەتی دەری تەواوی ئەبن لەبەر ئەوە هەر چەند هەوڵ ئەدەن بەلآم هیچیان پێ ناکرێت.

ئەو دەمە بە چیاوە وێنەیەکیان گرتووە کەمن لەخوا لێخۆشبوو حیلمیم وەرگرت. وێنەکە ئیستەش ماوە، بەلآم کەڵکی چاپکردنی نەماوە. هیوادارم لای کەسی تر هەبێت و پارێزراو بێ، چونکە وێنەیەکی بەنرخی مێژووییە.

ئەو کەسانەی کە لەم بزوتنەوە چکۆلەیەدا بەشدارییان کردووە، هەموویان ناویان لەم پارچە شیعرەدا هاتووە کە لە پیا هەڵدانی ئەحمەد موختار جاف وسوارەکانیا دانراوە.

شــــازادەی دەوران ئەحمـــەد موختـــارمن
پــــەی رۆژی دەعــــوا ئەســـفەندیارمن
هەر پەی وێش خاسـەن شـەو و رۆژ هـەیجا
چـــەنی دوژمنـــان بکـــەرۆ هــــەیجا
شـــۆخەن، لیندەنـــەن، لارە کـــــلآوەن
جـــە دووری یـــارش جـــەرگ کـــەواوەن

دایـــم نـــه خـــەیاڵ حـــاڵی کوردانـــەن
بۆیـــه لـــەراکێل خـــاکی ئێرانـــەن
ئومێـــدش ئیـــدەن وملولـــەی تفـــەنگ
ئیســـــتیقلالمان بگـــــیرۆ وە چـــــەنگ
(مســـتەفا) شـــێرەن(غـــەفار) نەهەنگـــەن
(حەســـەن) و(مـــەجید) وێنـــەی پڵنگـــەن
(مســـتەفا) مەشـــهور بەمچـــه شـــازە
قـــاتیلی رۆح و گیـــانی ســـەروازە
(الایـــق) بـــه خاڵـــەن تفـــەنگی لاشـــان
بـــۆ(فـــەتاح) حـــازر پێنـــج تـــیری ئـــەڵمان
بـــۆ(بـــاقی) خاســـه لـــه قـــۆڵ و ســـەنگەر
وێنـــەی شـــێری نـــەر بگـــێرۆ لەنگـــەر
(مـــیرزا) مـــیرزا گـــەل شـــێری ژیانـــەن
(حەمـــە) و(حەمـــەمین) مـــەردی مەیدانـــەن
(لـــەتیفـــ) و(رەحیـــم)، (ســـاڵەح) و(کـــوردە)
بـــه مـــەردیی گـــرەو جەرِۆســـتەم بـــەردە
(شـــێخە) وو(کامـــیر) ئـــازاو زرنگـــەن
هەمیشـــه حـــازر مـــایل وە جەنگـــەن
بـــەوری بەیانـــەن(فـــەتاح) چنـــاری
دوژمنـــــش دایـــــم مکـــــەرۆ زاری
مـــەعلوم کەڵـــەمێرد شـــێری ژیانـــه

خـــواحەمـــە ســـاڵەح‌ا مـــــەردی مەیدانــــە
اعەبدولکـــەریم‌ایـــش خزمــــەت گـــوزارە
چاکـــەی ئـــەو لـــە لام زۆربـــــێ شـــــومارە.

ئەم بزوتنەوەیە رۆژ بەرۆژ دۆست و هـەواداری زیـاتر لـە دەوری خـۆی کـۆ ئەکاتەوەو رۆژ بە رۆژیش ئینگلیزەکان ترسی زیاتریان لێ ئەنیشێ. لەبەر ئەوە فـەرزی ئەکـەن لەسـەر شـانی(ح) بـەگ کـە هەڵسـێ بـە کوشـتنی ئەحمـەد موختـار جاف.

با لێرەدا بچینە سەر هەواڵێك کە رۆژنامەی (ئومێـدی ئیسـتیقلال) لـە ژمـارەی (٢٥)دا بڵاوی کردۆتەوە.

خەبەراتی داخلی

(بـەپێی مـەعلوماتی ئـەهالی لەسـەر تەشەبوسـات ومـوراجەعـەت ئەحمـەد بـەگی عوسمان پاشای ئەڵەبجە بۆ موحافظە ی مەنفەعەتی شەخصی خۆی بەهەر دەسایس و حیلەبازییەك بوو میلدارێك سوارەی لە حکومەتی بەریتانیا سەندبوو، بە واسیتەی ئەم قوەتەوە خەریکی غەدرو تەعەروضاتی ئەهالی بوو، لەسەر ئەوە عمومی ئەهالی ئەطراف وعەشایر مەجبورەن قیامیان کردو تەعەروضی ئەو قووەتەو ئەحمەد بەگ یان کردبوو تا شاری ئەڵەبجە تەعقیبیان کردبوون)

لەپاش ئەم وەقعەیە موفەتیشی کەرکوك میجەر ئەدمۆنس بە سێ طیارەوە ئەچێتە ئەڵەبجە، لە حینی طـیاندا طەیارەکـەی کـە میجـەر ئەدمۆنسـی تیـا بـووە سقوطی کردبوو. خۆی دەستی شکابوو، ماکینیستەکەی سەری شکابوو، بە دوو طەیارەکەی تر رۆیشتبوونەوە بۆ ئەڵەبجە و طەیارەکەی تر بە شکاوی لە ئەڵەبجە بەجێ دێڵن.

وە (خـانمی عوسمـان پاشـا بـۆ موحافەظـەی هـەموو شتێکی خـۆی جافرسـانی هێنابووە ئەڵەبجە) وە ذاتەن ئەو قوەتە سوارەیەی کە لەناو ئەڵەبجەدایە سوارەکانیان بە طەمەع ئولاغ وسیلاحەکانیان لەخۆیان تەقسیم کردووە)[١٧].

ئەم هەواڵە دەست هەڵبەست نیە، بەڵام ئەوەندەی تیایە کە کەسێکی دژ بە ئەحمەد بەگ وشۆڕشەکەی رایگەیاندووە و بڵاوی کردۆتەوە، چونکە مێژووی ژیانی ئەحمەد موختار جاف دوور نیە وگەلێك لەو کەسانە تـا حەفتاکانیش وهەشتاکانیش لێیـان مابوو کە لـە شۆڕشەکەیدا بەشـدارییان کردبـوو، ئەوانـە هەموو شایەت عەیان بوون کە هەرگیز ئەحمەد بەگ بۆ (مەنفەعەتی شەخصی) خـۆی کـاری نـەکردووە، بـەڵکو بـە پێچەوانـەوە هــەموو بـەرژەوەندی وگــەلێك لەسەرمایەکەی کردۆتە قەزاوگێڕی کوردایەتی. ئەم تۆمەتدانـە پاڵـەی دەسـت چنی نەیارەکانییەتی کە ئەحمەد بەگ پێیان دەڵێ:

جـاهیلان بـۆ (ئیسـتیفادەی زاتـی خۆیـان) رۆژو شــەو
لەم موحیطە مەنعی عیلم و سنعەت وعیرفان ئەکــەن
روورەشــی دنیـاو قیامــەت ئــەو نەفامانــەن کــەوا
هەجووی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارەو نان ئەکــەن

(ح) بەگ لەناو خەڵکی گوندی (مۆردین)دا چەند پیاوێ بە پارەو تەماحی دنیا دروست ئەکات و لە رێگەی ئەوانـەوە ئەکەوێتە شـوێن پـێ هـەڵگرتنیان، دوای چەند مانگ گـەڕان و سۆراخ کـردن بـە دزی و پەنامەکییەوە لەسـەر ئاوی سیروان فرسەت دێنن و ئەحمەد موختار جاف بە فیشـەکی بڕنـەوێك ئـەکوژن لـە کاتێکدا کـە بـە کەڵـەك ریسـتویانە لـە ئـاو بپەڕنـەوە. دوای کوشـتنی ئەحمـەد موختار جاف بزوتنەوەکە کۆتایی پێ دێ و دەوڵەت لە چەکدارەکان ئەبووریٚ و ئەگەڕێنەوە شوێنیٚ خۆیان.

هەر ئەو دەمانە واتە لەکاتی بزوتنەوەکەدا و پاش ئەمانی بزوتنەوەکەش (ح) بەگ و دوژمن لەناو خەڵکدا ئەیکەن بە پروپاگەندە کە گوایە ئەحمەد موختار جاف لە قومار کردندا ئیفلاسی کردووە و داویەتە کێو. لەم کارە نا ئینسانیەدا مەرامیان ئەوە بووە کە ناوی کوردایەتی لەسەر بزوتنەوەکە نەهێڵن و کەسایەتیە سیاسی-ئەدەبیەکەی ئەحمەد موختار جافیش لەکەدار بکەن.

راستە رەنگە لەو سەردەمەدا لای هەندێ نەفام و گێلە پیاو توانیبێتیان ئەو ناڕاستیە بچەسپێنن، بەڵام خەڵکی رۆشنبیر و شۆڕشگێڕ هەرگیز ناوی ئەحمەد موختار جافیان لەبیر نەبردۆتەوە و نایبەنەوە، ناوی ناشەریفی ئەوانیش کەوتۆتە زبڵدانی مێژووەوە.

هەڵوێستی خەڵکی هەڵەبجە لەمەڕ کۆمەڵەی گەلانەوە (عصبة الأمم)

کە رۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ لە جنێفەوە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان گەشتە (مەندووبی سامی) لە عێراق و بەتایبەتی لە خاڵی سێیەمدا کە دەڵێ: (حکومەتی بەریتانیا دەعوەت ئەکرێ بۆ ئەوەی کە لە داخلی صەلاحییەتی ئینتدابی خۆیدا تەئمینی ئاسایشی کوردەکانی عێراق بکا، تەئمیناتێك کە لە بابەت ئەو شکلی ئیدارەی محەلییەوەیە کە لە طەرەف لوجنەی تەحقیقاتەوە لە خیتامی راپۆرت دا تەوصیە کراوە) خەڵکی گەلێ خۆشحاڵ بوون وجەژنی شادمانییان گێڕا. بە تایبەتی چینی رۆشنبیر ئەو بڕیارەیان زۆر بە جیدی وەرگرتبوو، چونکە پێیان وا بووە کە تاقە هیوایەکە کە کورد دەتوانێ بە ئاواتی خۆی بگات.

یەکێك لەو رۆشنبیرانەی کە زۆر بە پەرۆشەوە بەرەو پیری ئەو چارەنووسە رۆشتووە شاعیرو چیرۆکنووسی بەناوی -ئەحمەد موختار جاف- بووە.

ئەحمەد موختار جاف بۆ خۆی پێشتر پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ ئینگلیزدا هەبووە، ئەمیش وەك زۆربەی رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە پێی وابووە کە کێشەی کورد لە لایەن دەوڵەتێکی زلهێزی وەکو بەریتانیاوە چارەسەر دەکرێت، نەك لە رێگەی دەوڵەتانی سەر دەستەوە، بەتایبەتی دەوڵەتێکی کۆنەپەرست ودژە کوردی وەك دەوڵەتی عوسمانی.

ئەحمەد موختار جاف هەرکە بەو بڕیارە دەزانێت لەشاری هەڵەبجەدا ئاهەنگێکی گەورەی سیاسی سازدەکات وپێشوازی لێدەکات. باس وخواسی ئەو ئاهەنگە لە رۆژنامەی (ژیانەوە) دا لەژێر سەردێڕی (خەبەراتی هەڵەبجە) دا کراوە. وا دەقەکەی بڵاودەکەینەوە، پاش ئەوەی هێنامانە سەر شێوە نووسینی نوێ:

خەبەراتی هەڵە بجە

حەفلەیەکی تەبریکیە لە موژدەی قەراری عصبە الامم لە خصوص موحافەظەکردنی حدودی ویلایەتی موسڵ وحقوقی کورد.

دوێنێ کە ١٩٢٥/١٢/١٨ رۆژی جومعە بوو، ناگاه لە ئافاقی ئەلەبجەدا غولغولەیەکی سروور هەڵسا موژدەیەکی خۆش بەناو هەوای موعەطەری کوردستانا، بە واسطەی تەلەغراف بێتەلەوە شەرەف ورودی کردو ئەم موژدەیە دەوایەك بوو کە حەیاتێکی تازەو ئەبەدی بەخشی بە عمومی عێراق، وە بیلخاصە بە میللەتی کورد، ئەم میللەتە مەظلومە، کە هەتا ئێستا بە دەست ظولم و تەغەللوبی تورکەکانەوە ئەی ئاڵان، لەپرێکا خەبەرێکی وا خۆش ئەثەری بۆ بێ وئەبەدی نەجات درابێ لە دەست تورك و حوقوقی محافەظە

کرابیٚ، وە لەو غائیلە عەظیمە کە سەبەبی فەوتاندنی مادی ومەعنەویمان بوو خەلاص بوبیٚ، عەجەبا موژدە لەمە خۆشتر و موبەشیرتر نەبیٚت؟

لەگەڵ وروردی موژدەکە بە واسطەی حەمییەت و وەطەن پەروەری حەضرەتی قایمقامەوە دەست بەجیٚ لە دائیرەی حکومەتا ئەمر درا بە تەدارەك کردن بۆ حەفلەیەکی تەبریکیە. لە خۆشیا لە طەرەفی عوموومی مەئموران و ئەهالیەوە دەست کرا بە فەعالیەت. بە ئانێك حەوشەی سەرا تەفریش کرا. جەنابی ضابطی ئیرتباط (کاپیتان مور) لەگەڵ موتەباقی مەئمورینی موحتەرەمی حکومەتی فەخیمەو قوماندانی عەسکەری جەنابی جەمیل بەگ، لەگەڵ عوموومی ضابطان مەعینیەن دەعوەت کران، عوموومی ئەشرافی مەملەکەت و متەباقی ئەهالی بە کەمالی سرور ئیشتراکیان کرد. لە دوای چاو قاوە خواردن ونیکرامی فەوقەلعادەی مەدعووەکان ئەو موژدە خۆشە کە بە تەلەغراف لە طەرەفی حەضرەتی ئەفخەم مەندوب ئەلسامییەوە هاتبوو خوێندرایەوە. عوموومی حاضرین لەخۆشیا دەستیان کرد بە گریان. لە دواییدا لە طەرەف رەشید نەجیب ئەفەندییەوە ئیرتیجالەن بە دەنگێکی بەرز نوطقێك خوێنرایەوە، مەقالەکەی عیبارەت بوو لە عەرضی تەشەکوراتی عوموومی میللەتی کورد بۆ حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا وبیلخاصە بۆ ذاتی ئوباتکار (مستەر نەیمری) وە بۆ جەمعیەتی موقەدەسەی حەقپەرست عصبە الامم، لە خیتامی قصەکانیدا لە طەرەف حاضرونەوە بە چەپڵە لێدان وبە دەنگی بەرز (هەر بژی حکومەتی فەخیمە) موقابەلە کرا. وە دیسانەوە لە طەرەف شاگردێکی مەکتەبی ئەڵبجە جەمال ناوەوە نوطقیکی زۆر موئەثیر و خۆش خوێنرایەوە عەینەن لە خوارەوە عەرضی ئینظاری قارئین کرا دیسانەوە

به چەپڵە لێدان موقابەلە کرا وە لە طەرەف شاگردانی مەکتەبەوە دەست کرا بە تەغەنی کردنی گۆرانی وەطەن. لەخۆشیا هەموو حاضرون سروورپان لەروو ئەتکا. وەگەورە وبچوك دەستیان کرد بەدەست گوشین و تەبریکاتی یەکتری. حاصلی هەتا ئێستا موحیط تەصادوفی جەژنێکی وا خۆشی نەکردووە وئەم رۆژە لە تەئریخی ئیجتیماعی کوردا بە جەژنێکی میللی وموقەدەس ئەناسرێ، هەر بژی حکومەتی فەخیمە، هەربژی حکومەتی عێراق، هەربژی میللەتی کورد قایمقامی وەطەن پەروەری ئەڵەبجە.

ئەمەش وتاری قوتابیەکەی قوتابخانەی هەڵەبجەیە بە داخەوە بۆمان روون نەبوویەوە کە قوتابیەکە کێیە؟ لە سەرووی وتاری قوتابییەکەوە نووسراوە: نوطقەکە کە لە طەرەف شاگردی مەکتەبەی ئەڵەبجە جەمال ناوەوە خوێندراوەتەوە:

حضار کرام

موعلومی هەموو لایەکە ئەم میللەتە مەظلوومەی ئێمەیە لەوساوە کە لەژێر دەست وحیمایەی تورکە وەحشیەکانابوو لە هەموو خصوصێکەوە لە تورەقیات وتەعالی مەحرومیان کردبووین، لە ژێر پەردەی ظولم وجەهالەتا هێشتبویانینەوە. ئەو ظولمەی کە لە حەربی عوموميدا لە ئێمەیان کرد طەبیعی لەفکر ناچێتەوە. بە واسطەی سەعی وجوهدی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیاوە بە ئیحتیلالی عەسکەری ئێمەیان لەپەنجەی ظولمیان نەجات دا. حقوقیان پی بەخشین بەم سەببەوە چاومان کرایەوە. تورکەکان چونکە ئیستیفادەیەکی زۆریان لێ کردبووین هەر بەو طەماعە بە ئەنواعی تەشەبوسات بە ناحەق ئەیان ئەهێشت بە کەمالی ئەمنیەت وئاسایش ئیدارە بکەین. ئەیان ویست دیسانەوە بمان خەنەوە ژێر ئیمارە موستەبیدەکەی خۆیان وەکو

حەیوان ئیستخداممان بکەنەوە. دیسانەوە بە واسطەی تەشەبوسات وهیمەتی فەوقلعادەی حکومەتی فەخیمەی بەریطانیاوە عمومی حکوماتی موتەمەدینە تێ گەیەنرا وبۆیان مەعلووم بوو کە تورکەکان سەعی بۆ دەعوایەکی ناحەق نەکەن، نەتیجە شوکر لە مەجلیسی عالی عصبە الامم دا قەرار درا کە حدودی حاضرەمان موحافەظە بکرێ. حکومەتی فەخیمەی بەریطانیا کە ئەم چاکە گەورەیەی لەگەڵ ئێمەدا کرد و بە هەموو قووەتیەوە ئەم میللەتە مەظلومەی موحافەظە کرد ونەجاتی دا ئومێد ئەکەین نابێ قەط لەفیکرمان بچێتەوە وهەموومان بەدڵ وبەگیان بە صەمیمی تەشەکوری حکومەتی فەخیمە ئەکەین. هەربژی حکومەتی فەخیمە هەر بژی حکومەتی عێراق، هەر بژی میللەتی کورد)[١٨].

ئەحمەد موختار جاف دوای ئەوەی کە تێدەگات وهەست دەکات چرای کێشەی کورد لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا بەرەو کوژانەوە دەچێت، بە پارچە شیعرە بەناوبانگەکەی لەسەر ئەو مەسەلەیە دێتە دەنگ و بەم شێوە هەستی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەردەبڕێت:

دێتە گوێم دەنگێ بەسۆز وشیوەن و گریانەوە
ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە
لانەواز وبێکەس ومەزڵوومن ئێستا قەومی کورد
گا بەدەستی تورکەکان وگا بەدەست ئێرانەوە
ئیسمی ویژدان وعەدالەت بێ موسەممایەو درۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەرلێوانەوە
راستە گەر ناوی عەدالەت بۆچی منداڵانی کورد
وێڵ و سەرگەردان بسورێنۆ بەسەر کێوانەوە

حاڵی کورد ئێستە لەبەینی تـورک وئـێران و عـەرەب
بێچـــووە تەیرێکـــــە کەوتۆتـــە داوی منداڵانـــەوە
ئەو قەراری (عصبە)یە وا خەڵک دەڵێن بۆ کورد ئـەبێ
هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتـە نـاو گیرفانـەوە
ئـەمڕۆ بـا وابـێ بـەڵام رۆژێ ئـەبێ ئـەولادی کـورد
بێنـەوە مـەیدان بـە عیلـم وصنعـەت وعیرفانـەوە
نەوجـەوانانی وەتـەن تـەوحید ئەکـەن ئـەم میللەتـە
هـەر لـە کرماشـان هـەتا ورمـێ وسـنە و بۆکانـەوە
رێـک ئەخـەن ومزعییـەتی وان وجزیـرە سەربەسـەر
عـەقرە وزاخـۆ ئەبەسـتن رێـــک بەقـــەد بۆتانـــەوە
خانەقین ومـــەندەلی خـاکی لوڕسـتان یـەک بەیـەک
وەک ومستا ئەدروون بـە بـاڵای مەنتیقـەی بابانـەوە
بەچکـە شـێرانی عەشـایەر بـۆ قڕانـی دوژمنـان
هـەروەکو رۆسـتەم ئەکەونـە هـاتن و جەولانـەوە
لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق رێـک ئەخـەن
جـوان ورازاوە بـــە تۆپـــی لاکـــەلی ئەڵمانـــەوە
پاش قڕانی مودەعی دەست پێدەکا تەعمیری موڵـک
جـادەی ئاسـن ئەچێتـــە شـــاخی هەورامانـــەوە
کێـو وکـەژ گشـتی ئەبێتـە بـاغ وجـادەو قەسـرو ڕێ
بۆ تەماشای دەسـتە دەسـتە دێـن لـە ئینگلسـتانەوە
لامـەدە ئەحمـەد لەباسـی میللـەت و سـاپێی بڵـێ
تـاکو سـاقی زوو بـدات بـادە بـــەدەم مەسـتانەوە
پێی بڵـێ بـەو سـاقە، بـەو حوسـن ونـازە دڵبـەرەی
داخـی خـۆی نـاوە بـە جـەرگی یوسـفی کەنعانـەوە

تا بە یادی پاشەرۆژی قەومی لیقەوماوی کورد
زەمزەمەو شادی بخاتە مەجلیسی رەندانەوە

کۆمەڵی زانستی کوردان

لە پاش پەرەسەندنی باری رۆشنبیری و زیاد بوونی ژمارەی خوێندەواران و سەرکەوتن بەسەر بەشێك لە ئۆردوی نەخوێندەواریدا، پێویستی بوونی رێکخراوێکی رۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا هاتە کایەوە. دەستەیە لاوی لێبوردەو ئەڵهای زانست و رۆشنبیری لە سەرەتای زستانی ساڵی ۱۹۲٦ دا پێشنیاری دامەزراندنی (کۆمەڵی زانستی کوردان) یان کرد.

دوای ئەوەی کارەکەیان جێگەی رەزامەندی تێکڕای خەڵك بووەو بە تایبەت لەلایەن خوێندەوارانەوە پێشوازی لێ کراوە و ئامادەیی یارمەتی دان و هاوکاریان دەربڕیوە، دەستەی دامەزرێنەریش گەلاڵەی بیری خۆیان داڕشتووەتە سەر پێشنیارێك و ئاراستەی وەزارەتی داخلیەیان کردووە هەروەکو کاك غەفور میرزا کەریم لە کتێبی (کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی) بەم شێوە دەقەکەی بڵاوکردۆتەوە.

پاش ماوەیەك لەلایەن وەزارەتەوە بەم شێوە وەڵامی هاتوەتەوە.

لە پاش ئیحترام:

جوابی تەحریراتتان کە بە تەئریخی ۱۹۲٦/۲/۱ و بەر ٥-٢٤ نووسراوە بە موجبی قانونی جەمعیاتی ساڵی ۱۹۲۲ مەئزونن بە دامەزراندنی جەمعیەتی ازانستی کوردان) بە شەرتێ موئەسیسەکانی تەسەروفیان تەتبیقی قانونی جەمعیات و پروغرام مەربوت بکەن. ئیتر ئیحترام

وەزیری داخلیە

ئینجا دوای ئـەم ڕێگەپێدانـە پـتر کەوتونەتـە هـەوڵی خـۆ یەکخسـتنی و بژارکردنی ڕا و بۆچوونەکانیان لە(شەوی٢،٢، نیساندا نزیکەی ٢٠٠ کەس لە کاربەدەستان، بازرگان و ڕۆشنبیران، حاجی و شێخ و پیاو ماقوڵانی شار تێکڕا لە شارەوانی سلێمانی کۆبوونەوە.

و لەو کۆبوونەوەیەدا دەستەی بەڕێوەبەریان هەڵبژاردوەوە هەندێ پارەشیان بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی هـەندێ کار کۆکردوەتەوە. بەم شێوە ڕێکخراوێکـی ڕۆشنبیری کە تەنها ئامانجی خزمەت کردن و برەو پێدانی زانست بووە ، چاوی بە ژیاندا هەڵهێناوەو لەلایەن پەروانەکانی شەیدای تیشکی زانستەوە خزمەت کراوە، تا لـە ئەنجامدا ئەم ڕێکخراوە توانـی دەوری کاریگـەری خۆی ببینـێ و هەندێك لە برینەکانی لەشی نەخوێندەواری ساڕێژ بکات.

لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا کە هەنگاوی یەکەمی کار بووە تا دوا خزمەت، خەڵکی هەڵەبجە وەك هەست کـردن بـە لێپرسـراوێتی مێژوویـی بەشداریان کردووە، ئەگەرچی بەشداری کردنەکە بە ژمـارەی کەمـەوە بـووە، بەڵام هەر زۆر بە چاکی جێگەی خۆی گرتووە و دەنگی شارێکی تر بووە بۆ پاڵ دەنگی مەردانەی شاری سلێمانی.

سـەرەتا عـیزەت بـەگی کـوڕی وەسمـان پاشـا، وەك یـەکێك لـە ئـەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر ناوی دیارەو بەشداریی کردووە.

ئینجا کۆمەڵی زانستی پێویستی بەدەست مایەیەك هەبووە بۆ دابین کردنـی هـەندێ شـتی پێویسـت، بـۆ ئەومەبەسـتەش بانگـەوازی هـەڵداوە و داوای لـە خەڵکی ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەر کردوە کە هەر کەس بە پـێی توانای خۆی دەستی یارمەتی درێژ بکات.

هەر کە ئەم بانگەوازە بڵاو دەبێتەوە، خەڵکی هەڵەبجە ئەوەی دەستی ڕۆشتووە و زیاد لە باخەڵی خۆی توانای هەبووە بەشداری کردووە.

ئێستا دەچینە سەر ئەو ناوانەی کە لە هەڵەبجەوە بەشدارییان کردووە و ڕۆژنامەی ژیان بە لیست بڵاوی کردۆتەوە.

١. لیستی سێیەم: جەنابی عیزەت بەگی عوسمان پاشا (٥٠) ڕوپیە[١٩].
پاشان لە لیستی چوارەمدا نووسیویە (جەنابی عیزەت بەگی عوسمان پاشا سەد ڕوپیەی تەبەروع فەرمووبوو، لە قائیمەی سێهەمدا سەهوەن پەنجا ڕووپیە نووسراوە، ئەمەیش پەنجاکەی تر کە جەمعەن ئەکاتە سەد).

٢. لیستی چوارەم: جەنابی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ (٣٠) ڕوپیە. جەنابی شێخ محەمەدی گوڵانی (٢٠) ڕوپیە[٢٠].

٣. لیستی شەشەم: جەنابی حامید بەگی مەجید بەگ قائمقامی هەڵەبجە (٢٠٠) ڕوپیە. جەنابی ئەحمەد بەگی ڕیشێن (١٠٠) ڕوپیە. جەنابی حسەین بەگی مەحموود پاشا (١٠٠) ڕوپیە. جەنابی ڕەئیسی ئەورۆڵی کوێخا ئەحمەد حاجی عەبدولرەحمان (١٠٠) ڕوپیە. جەنابی معاونی جاف حەسەن بەگ (٧٠) ڕوپیە. جەنابی عەلی بەگی ئەحمەد بەگی ڕیشێن (٥٠) ڕوپیە. جەنابی حەمەسەعید بەگ (٥٠) ڕوپیە. جەنابی عەبدولرەحمان بەگی قادر بەگ (٥٠) ڕوپیە. جەنابی بورهان بەگی کوڕی حامید بەگ (٥٠) ڕوپیە. جەنابی حاجی حەمەعلی (٥٠) ڕوپیە[٢١].

٤. لیستی حەوتەم: جەنابی وەسوی تەپەکەلی (١٠) ڕوپیە. جەنابی حاجی فەتاحی هەڵەبجە (١٠) ڕوپیە. جەنابی کوێخا ڕەحیمی کانی شێخ (٥) ڕوپیە[٢٢].

٥. لیستی هەشتەم: جەنابی جەعفەر سولتان (١٢٠) ر، ئەفراسیاب بەگ (٦٠) روپیە. جەنابی قادر بەگی جەعفەر سولتان ر روپیە[٢٣].

شۆڕشی مهاباد-دروست بوونی پارتی

ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە نوێ خوازەی کە لە سالی ١٩٤٥-١٩٤٦ دا لە ناوچەی سابلاّخ بە ڕابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی بەرپابوو، دەنگ و ڕەنگێکی وەها سیاسی شۆڕشگێڕی هەبوو، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە مایەی پێك هێنانی کۆماری مەهاباد.

پێش ئەو بزوتنەوەیە لەو ناوچەیەدا کۆمەڵەی(ژ.ك) ڕابەرایەتی سیاسی کۆمەلانی خەلکی شۆڕشگێڕی ئەکرد. بەلام دیارە نەیتوانیوە هەموو ئەرکە نیشتمانیەکانی سەرشانی بەجێ بێنێ بۆیە پێویستی دروست بوونی حیزبی دیموکرات خۆی سەپاندووە. وشەی دیموکرات هەم ناوێك و هەم سیاسەتێکی تازەش بوو کۆدەتای بەسەر ناوو سیاسەتی قەتیس بووی نێو چوارچێوەی نەتەوایەتیدا کرد، کە لەوەو بەر هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە هاتبوونە سەر شانۆی خزمەت کردنی گەلی کورد لە جوغزێکی نەتەوایەتی تەسکدا یارییان ئەکرد.

بەلام حیزبی دیموکرات ئەلقەی خەباتی گەلی کوردی گرێدا بە کاروانی خەباتی گەلانی شۆڕشگێڕەوە و روخساری تێکۆشانی گەلەکەمانی گۆڕی، ئەوەش بە هەولّ و تێکۆشانی قازی محەمەدی رۆشنبیر و نەخشەی بیری چەند ئەفسەرێکی لەشکری سوور بوو.

- که حیزبی دیموکرات وەك دیارییەکی نوێی دەستی مێژووی هاوچەرخ بنکەی لە هەناوی گەلی کورددا دامەزراند، هەموو بیروڕا نەتەوایەتیەکان بە تایبەتی حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ژ.ك.، هیچیان بە دەستەوە نەماو ناچار بوون لەناو حیزب دا بتوێنەوە و گۆڕەپان بۆ ئەو چۆڵ بکەن.

حیزب لە ماوەیەکی کورتدا گەشەی کرد و بە هەر چواردەوردا ڕەگ و ریشەی لێ بوویەوە و بوو بە تاکە ڕابەری گەلەکەمان.

لە کوردستانی بەشی عێراقیشدا دوای توانەوەی حیزبی هیوا خەڵکی شۆڕشگێڕو کورد پەروەر پەیوەندییان بەو لقەی حیزبی دیموکراتەوە کردووە کە بە پێشنیاری سەرۆك مەلا مستەفا دامەزراوە. خەڵکی شۆڕشگێڕی شاری هەڵەبجەش کە هەمیشە تامەزرۆی ئازادی بوونەو خەویان بە سەرکەوتنی گەلەوە دیوە، بۆ خزمەت کردنی کوردایەتی دەنگی بەنرکەی خۆیان داوەتە پاڵ دەنگی ئەو شۆڕە سوارانەی کە لە ژێر سێبەری بەرنامەی حیزبی تازەدا و هاو ئاهەنگ لە گەڵ چریکەی زوڵاڵی پێشەوای تێکۆشەردا هاواریان کردوە (بژی کورد... بژی کوردستان).

ئەو بەڵگە نامەی کە د. عزەدین مستەفا ڕەسول بڵاوی کردۆتەوە لە مێژووی ٢-٢-١٩٤٦[٢٤] دا هاتووە. چالاکی و جم وجوڵی دەستەیە ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ نیشان ئەدات کە بە پەرۆشەوە هاوبەشی بزوتنەوەی کوردایەتیان کردووە.

ئەو کارەشی کە پێی هەڵساون هەروەکو لە بەڵگە نامەکەدا دەرئەکەوێ پەیوەندی بەو خەباتە شۆڕشگێڕیەوە هەبووە کە لە ناوچەی سابڵاخ- مەهاباد دا بەرپا بووە بەڵگەنامەکە ژمارەی(٥٥/٢٥٧)ی لە سەرە بەپێی بەرواری ٢-٢-١٩٤٦ بە شێوەیەکی گشتی وەها نیشان ئەدا کە:-

١. له شارەكانی هەڵبجە، خورماڵ، بیارە، تەقەكراوە.

٢. هەندێ كتێب وبلاوكراوە گیراوە كە پەیوەندی بە بزوتنەوەی بارزان وناوچەی سابلاخ-ئازەربایجانەوە هەبووە.

ئەو شۆڕشگێرانەی كە بەم كارە هەڵساون كردونی بە سێ بەشەوە.

ا) هەندێكیان هیچیان لێ دەرنەكەوتووە و ڕوون نەبوەتەوە كە پەیوەندییان بە مەسەلەكەوە بووبێ. وەكو شێخ سەفادینی كاكە شێخ-بەڕێوەبەری قوتابخانەی تەوێڵە-و محەمەد سەیدڕەشید و شێخ عارف شێخ ئەحمەد- كە مامۆستای قوتابخانەی عەبابەیلێ بوون- و شێخ عوسمان شێخ عەلادین و عەبدول مەلیكی كوڕی و هەروەها شێخ عابدین شێخ خالید مەولانا عارفی كوڕی ئەبوبەكر و لەگەڵ محەمەد شەریف-قوتابی پۆلی چوارەمی خانەی مامۆستایانی لادێ-ئەمانە بە پێی مادەی ١٥٥ ئازاد كراون.

ب) بەشی دووەم بریتین لە ئەجمەددین مەلا ڕەسول-معاون بەیتەری لە هەڵبجە- ومحەمەد ئەمینی كاكە شێخ كاردۆخی-بەڕێوەبەری قوتابخانەی عەبابەیلێ- و شێخ زاهیدی شێخ عەلادین.

ئەمانەش بەڵگەیان لەسەر نەسەلمێنراوە، بەلام هەر بانگ كراون و فەرمانیان لەسەر دراوە، دیارە گومانیان لەسەریان هەبووە. چونكە كارەكەیان مەترسی گەورەی بۆ سەر دەوڵەت هەبووە بەڵێنی ئەوەیان لێ وەرگرتوون كە باش ڕەفتار بكەن. واتە بە پێی بەرنامەی ئەوان بجوڵێنەوە-هەروەها بارمتەی سێ سەد(٣٠٠) دیناریان لێ سەندوون. لە یەكەم واتە ئەجمەددین مەلا بۆ ساڵێك و لە دووەم و سێیەمیش واتە محەمەد ئەمین و شێخ زاهید بۆ ماوەی دوو ساڵ.

هەر ئەوكاتە شێخ محەمەد ئەمین دەگوازرێتەوە بۆ (زەردیاوا)ی ناوچەی قەرەداغ.

ج)بەشی سێیەم بریتین لە ڕەئوف یەحیا و محەمەد ئەمین شێخ عەبدولاّ- ماموّستای قوتابخانەی هەڵەبجە-و کەمال مەحموود- ماموّستای قوتابخانەی تەوێڵە- و شێخ محەمەدی شێخ عەلادین و شێخ تایبی شێخ عومەر و شێخ خالیدی شێخ جەمیل و شێخ مەحموودی کاکە شێخ.

ڕەئوف یەحیا بەڵێن و بارمتەی سەد(١٠٠) دیناری بۆ ساڵێ لێ وەرگیراوە، و محەمەد ئەمین شێخ عەبدولاّ و کەمال مەحموود بەڵێنیان لێ وەرگیراوە لە گەڵ بارمتەی دووسەد(٢٠٠) دیناری دەستی دا بۆ ماوەی دوو ساڵ و ئەوانی تریش دیسان بەڵێنیان لێ وەرگیراوە لەگەڵ بارمتەی پێنج سەد(٥٠٠) دینار بۆ ماوەی سێ ساڵ هەروەها خراونەتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە.

ئەو بەڵگەنامەیە پەنجە ئەخاتە سەرئەوە کە لە کاتی ئەو ڕووداوانەدا توّفیق قەزاز لە هەڵەبجەدا بووە، وە (وا باوە کە بەیاننامەکانی ماجید مستەفا لە ئەنجومەنی نیابیدا پەیوەندی بەم ڕووداوانەوە هەیە) و ئەمەش بەڕاست ئەزانێ بە هۆی ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ماجید مستەفا و شێخ قادرو توّفیق قەزازدا هەبووە.

ئینجا ئەوەش دیاری ئەکات کە داوایان لە بەڕێوەبەری مەعاریفی گشتی کردووە کە ماموّستاکان لە هەڵەبجە بگوزارێنەوەو لەوێ نەمێنن. هەروەها نەجمەدین مەلاش بگوازرێتەوە بۆ دیوانیە.

دیارە جگە لەو نامەیەش هەروا دەماودەم لە خەڵکی ناوچەکەمان بیستووە، ئەوانەی کە بە هۆشیاری‌یەوە ئاگایان لە ڕەوتی سیاسەتی ئەو سەردەمە بووە، هەموویان پەنجە ئەخەنە سەر ئەو ڕاستیە کە پارتی لەگەڵ یەکەم هەنگاویدا ڕووی کردوّتە هەڵەبجە و ئەندام و هەواداری بوّ خوّی دروست کردووە.

رەئوف حاجی حەمەعەلیش یەکێکە لەو تێکۆشەرە سەرەتاییانەی دروست کردنی رێکخستنی پارتی لەناوچەی هەڵەبجەدا و بە دڵێکی گەرم و هەستێکی خاوێنەوە چالاکی شۆڕشگێڕانەی خۆی ئەنجام داوە. ئەو کەسانەی کە کاك رەئوف حاجی حەمە عەلی ڕێکیخستوون بریتی بوون لە ﴿جەمال خەفاف، کەمال خەفاف، عەزیز کەریم ئوتومبیلچی، شێخ تاهیری شێخ رەوفی عەبابەیلیێ، شێخ ئەنوەری شێخ مستەفا، جەمال سعوودی، نووری محەمەد نانەوا، فەرەج حاجی حەمە عەلی، ئەنوەر جاف، عوسمان کەریم عارف، نووری حیلمی، ماجید محەمەد باول، نووری محەمەد مەحموود ئەفەندی، فوئاد ئەحمەد بەگی سۆسەن﴾ مامۆستا شێخ حەمەمین شێخ عەبدوڵلاش پەیوەندی کردووە بە ﴿ عوسمان حەمە خان، جەلال عیزەت قۆلچی، حسەین غولام، شێخ سەعیدی موفتی، سالح زۆراب، رەوف رەحیم، حەمە رەشید قادر، مەلا عابید﴾.

لە لایەکی تریشەوە خوالێخۆشبو مامۆستا شێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی لە چالاکییدا بووە، بەڵام بەداخەوە ناوی ئەو کەسانەمان بۆ دەرنەکەوت کە رێکی خستووون.

ئیتر پارتی بناغەی خۆی لە هەڵەبجەدا دائەکوتێ لەسەرەتای پەنجاکان تا شەستەکان کۆمەڵێ لاوی تر وردە وردە ڕێك ئەخرێن کە دیارەکانیان ئەمانەن ﴿عەبدولخالق عەبدولوەهاب، محەمەدی فەرەج، ئەحمەد حەمە سالح، عومەر خەزان، حسەینی عارف، باقی حاجی حەمە عەزیز، عەلی عەبدولرەحمان، فەرەج شاوەیس، حیکمەت مەلا عەلی، حەسەن سەیید محەمەد، رەئوف دەروێش تۆفیق، خالید حاجی فەرەج، لەتیف قادر، بەکر حسەین حەوتە، محەمەد حاجی حەمە کەریم، عومەرعەلی، عەلی شیعە، عوسمان حاجی عەلی، مەلا لەتیفی بامۆکی، محەمەد حاجی عەلی حەنیف، قادر حاجی مەحموود، محەمەدی کوێخا کەریم، تۆفیق رەحیم، فەتاح عەزیز، سیروان جاف، تۆفیق عەبدولرەحمان، عەلی کوور، نوری حەمە

سەعید بەگ، عەبدولرەحمان محەممەد، ئەحمەد حەسەن بەگ، سەرداری مەلا ئەحمەد، قادر محەمەد نادر، ئەولکەریمی قادر، رەشید مۆردینی، محەممەد صالح سەعید، کەریم خدر ئەفەنی، ناجی حاجی حەمە عەزیز، محەمەد ئەمین شێخ مستەفا، قادر محەمەد صالح، سەلاح ئەحمەد بەگ سۆفی، عوسمانی ئەلی محەمەدی حاجی مستەفا، شێخ ئەنوەری عەبابەیلێ، عوسمان علی حاجی سالح، ئەوزاد سالح رەفعەت، عەبدوڵڵا کەیخوسرەو، حەمە سەعید حاجی عەزیز، عوسمان سۆفی محەمەد، حەمە شەریف حەمە کەریم، محەمەد ئەولکەریم، وەستا حسەین، محەمەد شەمیرانی، کەریم عەبدوڵڵا، سالح مەلا محەمەد، عەلی محەمەمەد (عەلی شین)، سەباح حەمە سەعید بەگ، مەهدی ئازیزە، حەمەصالح بەگ، ئەنوەر حەمەمین بەگ عەنەبی، حەمەوەیس، حاجی عەبدوڵڵا ئەسروڵڵا، حەمدی حەمە سەعید بەگ، ئەحمەد دەروێش، حاجی حەمەئەمین فاتە، عمر سەعید ئەحمەد، حاجی عەلی سوور، غەریب بابل، عەبدوڵڵا سەعید، عەبدوڵلای حسلێ.

بەدوای ئەمانیشدا کۆمەڵێ قوتابی دڵگەرمی تر بوونەتە ناوکی ڕێکخستن کە ئەوانەیان زۆر ناویان دیار بووبێ و درێژەیان بە خەبات دابێ تا ١٩٧٥ ئەمانە بوون:

﴿ مەحموود عەبدولرەحمان، حەمە عەلی ئەحمەد حەمە مراد، قادر سۆفی سەعید، عەلی تۆفیق، عەبدولرەحمان فەرەج، محەممەد حەمە سالح، سەلاح حەمە نووری، هاوار نووری حەلاو، مەهدی مەلا عەلی، فەرەج حەمە سالح و محەمەد حەمە سالحی برای، غەریب حەمە ئەمین، سەیفەدین سەیید محەمەد، غازی مەلا عەلی، ئەحمەدی تەنزیلات، نوری مەلا ئەحمەد، شەوکەتی خاوەر، عەلی مەحمود، ئەنوەر کەریم عارف، عوسمان سەعید جەواهێر، شەوکەت حاجی مشیر، محەمەد دۆلاشی، فاتح شێخ حەیدەر، عومەر فەرەج قەساب، سالح ئیبراهیم ڕەزا، عومەر حەمە مراد، وریا براخاس هاواری، سالم حاجی سەعید، ئەمین ئەحمەد، ناجی حەمە عەزیز، عەلی عەبدوڵلای پۆلیس، مەلا رەئووفە سوور، عەبدولرەحمان سۆفی ﴾.

﴿ داوای لێبوردن ئەکەم ڕەنگە زۆرناوم لەبیر کردبێ﴾.

پارتی لە ساڵی ١٩٥٧-١٩٥٨دا بە هۆی خوشکە ناهیدەی شێخ سەلامەوە ڕێکخستن ئەباتە ناو ڕیزی ئافرەتانی هەڵەبجەوە، یەکەمین دەستە کچێ کە پەیوەندی ئەکەن بە ڕێکخستنەوە ئەمانە بوون ﴿ نەسرین ئەحمەد حەمە مراد، فاتمە فەتاح عەبدولمحەمەد، شەمسە براخاس هاواری، بەهیەی فەرەجی قەساب، شەوبۆی مەلا سوورە، ڕووناك مەلا عەلی ، شەونم شێخ حەمەمین کاردۆخی، پەری جەمال خەفاف ﴾ پاشان ئەمانیش پەرە ئەستێنن و ژمارەیان زیاد ئەکات.

ئەو دەمە سێ ئافرەتی سەلارەو بە ویقار کە تەمەنیان لەوانەی سەرەوە زیاتر بووە، وەك ڕەمزی ئافرەتی خاوێن و هەواداری پارتی بایەخیان پێدراوە و لە موناسەباتەکاندا دەریان خستوون. ئەمانیش:

١. تەیبەی حاجی فەرەج(دایکی سەلاحی حەمە نووری).
٢. شەمسەی پاشای ئەخشین(دایکی کەریمی حاجی مەحموود).
٣. عاسمە غوڵام حەمە کەریم(دایکی عومەری خەزان).

چالاکیەکانی پارتی لە پەنجاکاندا

١. وەکو هەریز پەل هاوێشتن بۆ ناو چینی قوتابیان و لاوان بە تایبەتی و کرێکاران و کاسبکاران و مامۆستایان و جوتیاران بە گشتی.
٢. کۆبوونەوەی پەیتا پەیتا بۆ باشتر بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیری پارتی.
٣. بڵاوکردنەوەی کتێب و بەیان نامەو شیعرو سروود بەناو ئەندامان و هەواداراندا بۆ بەرزبوونەوەی پلەی ڕۆشنبیری و هۆشیارییان.

٤. ئەورۆزی ١٩٥٤ لەم ساڵەدا یەکەمین جەژنی نەورۆز بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەبرێت بەڕێوە لە ئەشتاییەکەی کانی قوڵکەدا کە لەم دواییەدا بوو بە جێگە ماڵ. ئەم ئاهەنگە بە پۆلیس دەوری تەنراوە بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان.

٥. نەورۆزی ١٩٥٥ لە شوێنی باخچەی گشتی هەڵەبجە بەڕێوەبرا.

٦. لە مانگی ٣ی ١٩٥٤دا پارتی یەکەمین خۆ پیشاندانی لە شاری هەڵەبجەدا سازکردووە بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە بۆ بەرەی نیشتمانی. لەم خۆپیشاندانەدا جگە لە ئەندامان و پاڵێوراوان جەماوەری شۆڕشگێڕی خەڵکیش بەشدارییان کردووە و دروشمی سەرەکییان بریتی بووە لە ﴿ هەڵبژێرن دووناییەکەی جەبهەی وەتەنی نووری ئەحمەد تەها و ئەفراسیاو بەگی جاف﴾.

لە هەمان ساڵدا لەگەڵ شیوعیەکاندا خۆپیشاندانێکی تری گەورە سازکراوە کە دروشمی سەرەکیی ئەم خۆپیشاندانەش بریتی بووە لە ﴿بژی بەرەی یەکگرتوو-پشتیوانە بۆ هەموو﴾

٧. لە مانگی مارتی ١٩٥٨ دا لە کەش وهەوایەکی دیموکراسیداو بەدەست پێشخەری هەڤاڵانی پارتی یاداشتێکی سیاسی ئەدرێتە ئەم شوێنانە: ١. خاوەن شکۆ مەلیك فەیسەڵی یەکەم. ٢. سەرەکی وەزیران. ٣. سەرەکی مەجلیسی ئەعیان. ٤. سەرەکی مەجلیسی نەواب. ٥. ئیسگەی رادیۆی عێراق. ٦. رۆژنامەی ژین. ٧. گۆڤاری شەفەق. ٨. گۆڤاری هیوا. ٩. گۆڤاری هەتاو. ١٠. رۆژنامەی الاتحاد. ١١. رۆژنامەی العمل. ١٢. رۆژنامەی الحریة.

ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە کە کاك (عەبدوڵا) زەنگەنە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری شەفەق دەستی خستین.

﴿ئێمە کە رۆڵەکانی گەلی کوردین داوا ئەکەین ئەو هەقە قەومییانەمان پارێزگاری بکرێت کە لە دەستووری عێراقی وە قەوانینی ئیش پێکراوا وە لە ئیتیفاقاتی دەولیدا دانراوە، وەکە حکومەتی عێراق خۆی پێوە بەستووە لە رۆژی دامەزراندنیەوە، وە داوائەکەین کە لە دەستووری تازەشدا کە نیاز وایە دابنرێت ئەم هەقانەی تیا بنووسرێ بە شێوەیەکی فراوانتر بۆ ئەوەی گەلی کورد هەقی قەومی و سەربەستی مەشروعی خۆی پارێزراو بێت﴾.

ئەوانەش کە ئیمزایان کردووە بریتین لەم ناوانەی خوارەوە: ١. ئەنوەر بەگی جاف. ٢. مەحموود عەبدولڕەحمان بەگی بابان. ٣. مەحمود بەگی حسەین بەگی جاف. ٤. ئەفراسیاب بەگی ئەحمەد بەگی جاف. ٥. سەلاح بەگی عەبدولحەمید بەگی جاف. ٦. عەلی بەگی حسەین بەگی جاف. ٧. بەهرام بەگی ئەحمەد بەگی جاف. ٨. حەسەن بەگی حسەین بەگی جاف. ٩. عوسمان بەگی حسەین بەگی جاف. ١٠. دیاری بەگی عەبدولحەمید بەگی جاف. ١١. محەمەد رەشید بەگی ئەحمەد بەگی جاف. ١٢. کەریم بەگی داود بەگی جاف. ١٣. شێخ کەمالی شێخ رەشید. ١٤. ئەحمەد بەگی محەمەد بەگی جاف. ١٥. عەبدوڵلا ئیسماعیل ئەفەندی. ١٦. غاندی ئەحمەد بەگ. ١٧. مەلا حەسەن. ١٨. مەلا ساڵح قادر. ١٩. عەلی حاجی فەرەج. ٢٠. مەحموود محەمەد ئەفەندی. ٢١. عوسمان صالح. ٢٢. مەلا محەمەد ئەمین عوسمان. ٢٣. رەئوف حاجی محەمەد عەلی. ٢٤. نوری حاجی محەمەد. ٢٥. جەمال سەعید خەفاف. ٢٦. عومەر مەردان. ٢٧. عارف حاجی فەرەج. ٢٨. ساڵح هەژار. ٢٩. جەلال محەمەد مەکینەچی. ٣٠. فازیل سادق. ٣١. عومەر صالح. ٣٢. عەبدولڕەحمان مەحموود. ٣٣. مستەفا تایەر. ٣٤. محەمەد رەشید. ٣٥. تۆفیق عەبدولڕەحمان. ٣٦. مستەفا ئەحمەد. ٣٧. نوری

محەمەد. ٣٨. عوسمان عەلی. ٣٩. محەمەد نەجیب ناجی. ٤٠. عومەر ئەحمەد خەیات. ٤١. عوسمان محەمەد ئەمین. ٤٢. کەریم بەگ عەبدولرەحمان. ٤٣. عەلی شەریف. ٤٤ حاجی محەمەدەمین. ٤٥. عوسمان حاجی فەتحوڵلا. ٤٦. فایەق ئەحمەد. ٤٧. بهروز ئەحمەد الجاف. ٤٨. فەریق محەمەد فەرەج. ٤٩. حەمەکەریم حاجی عەبدولوەهاب. ٥٠. شێخ سەعید موفتی. ٥١. کەریم ئەحمەد. ٥٢. تۆفیق رەحیم. ٥٣. عوسمان حاجی عەلی. ٥٤. محەمەد صالح حاجی سەعید. ٥٥. کەریم عەلی. ٥٦. مەلا عوسمان شەریف. ٥٧. مەلا عەبدوڵلا ئەحمەد عەتتار. ٥٨. محەمە ئەحمەد بەزاز. ٥٩. مەلا کەریم مەحمود. ٦٠. عەبدوڵلا عەلی. ٦١. صالح قادر حەداد. ٦٢. جەمال محەمەد صالح. ٦٣. حاجی محەمەد شەریف. ٦٤. حەمە شەریف حەمە کەریم. ٦٥. عەلی ئەحمەد حەداد. ٦٦. مەحموود حاجی حەمە کەریم. ٦٧. تۆفیق زۆراب. ٦٨. ماجید محەمەد. ٦٩. رەزا خدر. ٧٠. شێخ ئەحمەد. ٧١. قادر فەتاح بەگ. ٧٢. ئەحمەد وەستا رەشید عەتتار. ٧٣. محەمەد ئەمین شێخ مستەفا. ٧٤. دادود بەگ فەرەج بەگ. ٧٥. غەریب محەمەد ئەمین. ٧٦. عوسمان عەلی. ٧٧. باقی سەید میرزا. ٧٨. ئیبراهیم اسماعیل ئەفەندی. ٧٩. ئەحمەد محەمەد مەکینە. ٨٠. ئەحمەد محەمەد ئەمین. ٨١. ئیسماعیل حاجی محەمەد. ٨٢. مەحموود حاجی رەشید. ٨٣. بەهنام رەزا. ٨٤. ئەنوەر نەسروڵلا. ٨٥. محەمەد فەرج. ٨٦. شێخ حەیدەر. ٨٧. تۆفیق باوەیس. ٨٨. عومەر صالح سەید محەمەد. ٨٩. مەلا عابد محەمەد. ٩٠. محەمەد رەشید محەمەد. ٩١. عەلی محەمەد ئەمین. ٩٢. عەبدوڵلا کەیخوسرەو. ٩٣. عوسمان محەمەد. ٩٤. ئەحمەد عەبدوڵلا. ٩٥. محەمەد ئەمین[٢٥].

خوێندنەوەیەکی کورتی ئەم یاداشت وناوانە لەچەند خاڵێکدا:

أ. ئەو ساڵەی ئەم کارە سیاسییە دیموکراسییە لە هەڵەبجەدا کراوە وئەم داخوازییە پڕ ناوەرۆکە راگەیەنراوە لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستاندا خەڵك پێی هەڵنەساون.

ب. ئەو کەسایەتیانەی کە یاداشتەکەیان خراوەتە پێش چاو گەورەترین دەسەڵاتداری ئەو دەمی عێراق بوونە، واتە داخوازییەکە بە هۆشیارییەوە ئاراستە کراوە.

ج. ناردنی یاداشتەکە بۆ (ئێسگەی رادیۆی بەغداد) کارێکی بەجێ بووە چونکە ئەو سەردەمە رادیۆ لە زۆر شوێنە گشتییەکان ومالە دەوڵەمەندەکان وچایخانەکاندا هەبووە. واتە ئەو ئیسگەیان بەهەند وەرگرتووە بۆ پەخش کردنەوەی داخوازیەکەیان.

د. ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش کە بۆیان نێرراوە ئەو دەمانە زۆرترین خوێنەریان هەبووە وبایەخی گەورەتری لەوەدایە کە سێ رۆژنامەی پڕ خوێنەریان لەبەر چاو گرتووە کە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە. واتە مەبەستەکەیان بە گوێی عەرەبی عێراقیشدا چرپاندووە.

هـ. ئەو نەوەدو پێنج کەسەی کە ئیمزایان کردووە لە رووی چینایەتیەوە جاوازییان لەنێواندا هەیە وەك (بەگزادە، جوتیار، کاسبکار، قوتابی، مامۆستا).

و. لەرووی حیزبایەتیشەوە ناوەکان دابەش دەبن بەسەر (پارتی، شیوعی، مەلای دینی، بێلایەن).

ز. بێلایەنەکان ئەوەندەی سۆراخم کردبێت (٦-٧) کەسن. مەبەست لە بێلایەنییەکەیان ئەوەبووە کە سەر بە پارتی یا شیوعی نەبوون. بەڵام لەوەدا کە ئیمزای بەرنامەیەکی ئاوای سیاسیان کردووە لە بێلایەنی دەردەچن و دەچنە خانەی نیشتمان پەروەری ونەتەوەییەوە.

ح. لەوە دەچێ کارەکە وەك تیرێ خێرا خرابێتەکەمانەوە بۆ پێکانی ئامانجەکە. ئەگینا لەو سەردەمەدا کەسی دیکە زۆر بوون کە ئیمزای وەها بکەن، هەروەکو ناوەکانیان لە باسی پارتی وشیوعی دا دیارە، بەڵام دیارە پەلەی تیا کراوە بە مەبەستی ئەوەی کە خێرا هەڵەکە بقۆزنەوە.

٨- لە مانگی ١٩٥٩/٣دا دژی پیلان و کۆدێتاکەی شەواف خۆپیشاندانێکی گەورە ساز ئەکرێت و پاشان لە ماڵی ئەحمەد بەگی سۆسەن ئاهەنگێك گێڕراوە کە هەیکەلی شەوافیان دروست کردووە و بە دروشمی شۆڕشگێڕانە و دەنگی جەماوەر هەیکەلەکە ڕووخێنراوە. ئەمەش نیشانەی پشتگیری پارتی بووە لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم.

٩- لە مانگی ١٩٥٩/٧دا دیسان خۆپیشاندانێ دژی شەواف و ڕەشید لۆلان ڕێکخراوە کە دروشمی سەرەکیی ئەم خۆپیشاندانە بریتی بووە لە:

شەرەکەی شەواف هەراکەی لۆلان

تەفرو توناى کرد پارتی کوردستان

ئەم خۆپیشاندانەش هەر پشتگیری کردن بووە لە حکومەتی عەبدولکەریم، ئەو دەمە خوالێخۆشبوو سەرۆك مەلا مستەفا لە بەغداد بووەو لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بە ئاشتی و دیموکراتی کێشەی کورد چارەسەر بکرێ. حکومەتیش بۆ ئەو مەبەستە هەندێ بەڵێنی دابوو، بەڵام پاشان بەڵێنەکانی نەبردە سەر.

ئەم چالاكیانە لە هەڵەبجەدا جەماوەری زۆری لە دەوری پارتی كۆكردەوە و هەڵەبجەیان كردە قەڵایەكی محكەم و پۆڵاینی پارتی كە تا ئێستەش ئەندام و دۆست و هەواداری زۆری لە ناوچەكەدا هەر ماوە.

شۆڕشی ئەیلول

هەر وەك لە پێشەوە باسی دەوری پارتی دیموكراتی كوردستانمان كرد، كە چۆن بووە حیزبێكی سەرتاسەری خەڵكی كوردستان و بووە قوتابخانەیەكی پڕ لە بەهرەی كوردایەتی و جۆش و خرۆشی خستە ناو هەناوی كورد پەروەرانەوە كە تا ئێستاش ئاڵای تێكۆشانی ئەشەكێنەوە. هەروەها پەنجەشمان خستە سەر ئەوە كە چۆن دەستەیەلاوی خەڵكی هەڵەبجە پەیوەندییان پێوە كردووە و بەرنامەی ئەم حیزبەیان لەناوچەكەدا سەپاندووە.

ئێستەش دێینە سەر ئەوە كە ئەو بنچ داكوتانە مایەوەو هێدی هێدی پەرەی سەند تا ساڵی ١٩٦١ كە پێویستی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول خۆی سەپاند.

شۆڕشی ئەیلول وەڵامی ئەو بەڵێنە درۆیانە بوو كە حكومەتی عەبدول كەریم قاسم دابوونی بۆ چارەسەركردنی عادیلانەی كێشەی گەلەكەمان.

پاش ئەوەی لە ڕێگەی گفتوگۆی پارتیەوە لەگەڵ ڕژێمدا هیچ نەكراو مافەكانی گەل نەهاتنە دی، ناچار ڕێگای هەڵگیرسانی شۆڕشی چەكدارانە گیرایە بەر، ئەمەش بۆ ئەوەی كە دەوڵەت ناچار ببێ بەڵێنەكانی جێ بەجێ بكات.

لەلایەك دیار بوو كە دەوڵەت نەیویست كورد تەفرە بداو لە لایەكی تریشەوە حیزبی سەرتاسەری عێراقی هەبوو كە مەسەلەی چارەسەر كردنی كێشەی كوردی بە ئاژاوە گێڕی و ڕەگەز پەرستی ئەدایە قەڵەم.

لەماوەی نزیك بە سێ ساڵدا بەڕێز سەرۆك بارزانی پێی لە شاری بەغداد و دیداری عەبدولکەریم قاسم نەبڕی، هەر بە مەبەستی ئەوەی کە کێشەی گەلەکەمان لە ڕێگەی ئاشتی و برایەتیەوە چارەسەر بکرێ و شەڕ و ئاژاوەو خوێن ڕشتن دروست نەبێ. بەڵام هەموو هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بەداخەوە جێگەیان نەگرت، چونکە دوژمن لە ڕاستیدا بەپێی خواستی بارزانی و پارتی نەیدەویست کێشەکەمان چارەسەر بکات و مەسەلەی-قەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلی کورد-لە فەرهەنگی کاری خۆیدا نەهێشت و سڕییەوە.

کاتێ پارتی بە تەواوی لەم مەسەلەیە حاڵی بوو لە دۆستایەتی ڕژێم کەناری گرت و ناچار بوو ڕێگەی چیا بگرێتە بەر و شۆڕشی چەکدارانە هەڵبژێرێ.

ئا لەم کاتەدا جەلال تاڵەبانی وەکو نوێنەری بارزانی ئەمر دەستی کردووە بە گەڕان و کۆبونەوە کردن بە خەڵك، لە پێشەوە لە ناوچەی پشدەرو پاشان لە بەهاری ١٩٦١شدا هاتوەتە ناوچەی هەڵەبجە و لە گوندی(تەپی مستەفا خواروو) کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ساز داوە کە هەموو سەرەك هۆز و پیاو ماقوڵانی ناوچەکە بەشدارییان تێدا کردووە.

لە کۆبوونەوەکەدا ڕێبازی شۆڕشی ڕوون کردوەتەوە و داوای لە خەڵك کردووە کە پشتگیری لە ڕێبازی پارتی و شۆڕش بکەن، هەروەها سەرەك هۆزەکانی سوێند داوە بە قورئان کە بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ شۆڕشدا بن و ڕێگەی خیانەت نەگرنە بەر.

ئەو سەرەك هۆز و پیاو ماقوڵانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون و بە قورئان سوێند دراون کە خیانەت لەگەل و نیشتمان و پارتی نەکەن بریتی بوون لە:

١. گەلاڵی: ئەحمەد ئاغا، محەمەد ئاغا، حسەین کوڕی محەمەد ئاغا.

٢. هارونی: حاجی مەحموود هارونی.

٣. نەورۆڵی: ئەحمەدی حەمەمین، میرزا حەسەن.

٤. عەمەڵە: حەمەمینی حامید.

٥. سەیانی: حەمە ڕەشید عەبدول محەمەد، حەمە عەلی عەبدولقادر.

٦. یارەویسی: حاجی مستەفا عەلی، حاجی حەیدەر هۆمەر، حاجی عوسمان هۆمەر، حاجی موشیر، حاجی خالید.

٧. شاتری: حاجی قادری مارف، حاجی ئیبراهیمی قەلاتەوزان، عەبدولقادر وەلی.

٨. بلباس: حاجی حەمە سەعیدی فەقێ حەسەن، حاجی سالحی دوانزە ئیمام.

٩. کەڵهور: عەلی خەلیفە حسەین.

١٠. عەبابەیلێی: شێخ کەمالی شێخ ڕەشید، شێخ حەمەمینی شێخ عەبدوڵلا.

١١. کۆکۆیی: حاجی فەرەجی زەڕە.

١٢. میر وەیسی: حەمە فەرەجی ئاخە، فەتاحی حەمە فەمرج، حەمەی فەتاحی مرادوەیس.

١٣. شێخانی نەقشبەندی: شێخ ناجی شێخ عەلادین، شێخ ڕەئوفی شێخ عوسمان، شێخ مەحموودی کاکە شێخ.

١٤. قەویلەیی: فارسی کاکەوەیس.

١٥. جاف: دیاری بەگی حامید بەگ، مستەفا بەگی کەریم بەگ.

١٦. لە خەڵکی هەورامانیش یار ئەحمەد بەگ و ئەسکەندەر بەگ.

١٧. زەردۆیی: مەحموودی مایجان، ڕەشید مۆردینی.

١٨. ئیمامی: مەلا عەبدولکەریمی زمناکۆ، ئەورەحیمی محە لاورانی.

١٩. خەڵکی هەڵەبجە: محەمەدی فەرەج، حیکمەتی مەلا عەلی، ئەحمەدی باوکە حەمە صالح، نووری محەمەدی نانەوان، جەمال بابان، کەمال خەفاف.

پاش ئەو کۆبوونەوەیە بەرەو تەوێڵە ڕۆشتوون: لەوێش بەهەمان شێوە کۆبوونەوە بەخەڵك کراوە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ خورماڵ و سەید سادق وعەربەت.

ئەم کۆبوونەوانە هێندەی تر تین وتاوی خستۆتە هەناوی خەڵکی شۆڕشگێڕەوە و زیاتر هانی داون بۆ تێکۆشان لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی گەلدا. خەڵکی ناوچەکە لەپێشوازی مام جەلالدا ئەم دوو بەیتە شیعرەیان دانا بوو کردبوویانە دروشم:

بژی وەفدی بارزانی - مام جەلال تاڵەبانی

هەموو هەڵسن بەپێوە - مام جەلال وا بەڕێوە

خەڵکە شۆڕشگێڕەکە بەسازو ئامادەکراوی مانەوە تا لە مانگی ١٩٦١/٩دا لە دەربەندیخان شەڕوپێکدادان دەستی پێکرد. دوژمن لەشکری(١٩) بەڕێ دەخات کەسەر لەشکرەکەی (عبدالجبار شنشل) بووە. ئەودەمە (نووری ئەحمەدی تەها) وەك نوێنەری سەرکردایەتی لەناوچەکەدا دەبێت. ماموستا شێخ حەمەمینی شێخ عەبدوڵلا وکادیری لاو عەریف سەعید هێزێکی گەورە پێکدەهێنن. کە ژمارەی خۆی داوە لە (٥٠٠) کەس بەرەو چیای زمناکۆو تونێڵەکەی دەربەندیخان بەڕێ دەکەون. سێ ڕۆژ شەڕ دەکرێت و لەشەڕەکەدا دوژمن ناچار دەبێت نەخشەکەی بگۆڕێ. جۆری چەکەکانی ئەم هێزە بریتی بووە لە (برنەو، یانزەتیر، لاکەل، پێنج تیری ئینگلیزی، داداشی رووسی، تەیارەشکێن، حسکە، تاپر، دەمانچە، خەنجەر).

پاش کۆتایی هاتنی شەڕەکە بە فەرمانی (نووری ئەحمەد تەها) بڵاوە بەهێزەکە دەکرێ. زۆریان دەچنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان و دادەنیشن. (شێخ مەحمودی کاکە شێخ) لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەدا لە گوندی (زەردیان) بنکە دادەمەزرێنێ و دەمێنێتەوە. لەملاوەش بە فەرماندەیی شێخ حەمەمینی شێخ عەبدوڵڵا پۆلێ پێشمەرگە ڕێك دەخرێ و لەڕێکەوتی ١٩٦١/٦/١٥. دا ڕوو دەکەنە چیای شنروێ وبارەگا لە هاوینەهەواری (وەزگێڵ) دادەمەزرێنن. ئەو پۆلە پێشمەرگەش بریتی دەبن لە:

١. ماموستا شێخ حەمەمین شێخ عەبدوڵڵا (فەرماندەی گشتی مەفرەزەکە).

٢. محەمەدی فەرەج.

٣. عومەر دوولوولە (لەبەر ئەوەی تاپڕێکی دوو لوولەی ماموستا شێخ حەمەمینی پێ بووە ئەو ناوەیان لێناوە)

٤. مستەفا کەریم عەبابەیلی‌یی ناسراو بە مچەکەچەڵ.

٥. نووری محەمەد نانەوا.

٦. جەمال بابان.

٧. مەحموودی مایجان.

٨. حەمەی حەمە تایەر بەگ.

٩. شێخ سەعیدی موفتی.

١٠. عەلی شیعە.

١١. عەلی ئەحمەد.

ئەم مەفرەزە لە شەوی یەکەمدا لە وەزگێڵ نیشتەجێ ئەبن ماموستا شێخ حەمەمین هەندێ قسەو باسیان بۆ ئەکات و هەموویان بەڵێن تازە ئەکەنەوە کە تا دوا دڵۆپی خوێن لەگەڵ شۆڕشدا بن.

ئەم یانزە قارەمانە یەکەمین مەفرەزەی شۆڕشی ئەیلول بوون لە ناوچەکەدا بروسکە ئاسا دڕیان بە تاریکە شەوی ئەو سەردەمەدا و تۆوی دڕکی ترسیان لە هەناوی دوژمندا چاند و ئەوەندی تر هیوای سەرکەوتنی کوردیان خستە دڵی جەماوەری شۆڕشگێڕی ناوچەکەوە.

یانزە تێکۆشەری گیان لەسەر دەست و لێبوردە بوون کە بێ سڵەمینەوە لە هێزی گەورەی دوژمن بە هەندێ چەکی سووکەوە لە لوتکەی چیای شنرویّ وە مەشخەلأنی شۆڕشیان پیشانی هەموو دوندوڕەوەزی چیاکانی کوردستاندا.

ئەم دڵدارە دەروون پڕ لە خۆزگە و ئاواتانە کۆمەڵێ(فەرهاد)ی تیشە بەدەست بوون کە لە پێناوی گەشتن بە(شیرین)ی ئازادیدا نەخشی جێ پەنجەی خۆیان بە سنگی چیای شنرویّ وە دیاری کردو لە بواری هونەری شۆڕشگێڕیدا گرەوی سەرکەوتنیان بردەوە.

ئەم مەفرەزەیە هێدی هێدی کەوتوونەتە چالاکی نواندن، جار جار لە بنکەکەیانەوە دەرچوون بۆ ناو گوندەکانی دەوروبەرو سەر ڕێگا و بانەکان و هەر کەسیان دیبێ ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوون کردۆتەوە. لەم ماوەیەدا هەندێ کەسی تر پەیوەندی پێوە کردوون، وەکو: حیلمی عەلی شەریف،قادر بەگی برزو بەگ ، قادر کۆکۆیی ، حیکمەتی مەلا عەلی ، شێخ عوسمان سەمینۆف . یەکەمین چالاکی پێشمەرگانەیان تەقەکردن بووە لە موسەلەحەیەك لەسەر ڕێگەی خورماڵ-بیارە. پاش ماوەیەك دوای ئەمە کەوتوونەتە نواندنی چالاکی گەورەتر، وەکو:

١) گرتنی بنکەی پۆلیسی(سۆسەکان). مامۆستا شێخ حەمەمینی فەرماندە بۆ گرتنی ئەم بنکەیە بەم شێوە بەرنامەی داڕشتووە.

ا-لە لوتکە و لاپاڵەکانی دەوروبەرەوە تەقەیان لێ بکرێت نەك بە مەبەستی کوشتن، بەڵکو بە مەبەستی ئەوەی کە بترسن و خۆیان بدەن بە دەستەوە.

ب-ڕەنگی سووریان کردۆتە ناو ئەو جۆگەلە ئاوەوە کە چۆتە ناو بنکەکە بۆ ئەوەی بە ژەهراوی بزانن و ترسیان لێ بنیشێ.

ج-بانگ کردنیان بۆ خۆ بەدەستەوەدان و بەڵێن پێدانیان کە ژیانیان پارێزراو ئەبێت.

ئەو کاتەش شەهید کاك محەمەد گوڵپی لەم بنکەیەدا پۆلیس ئەبێت و یەکەمین کەس ئەبێت خۆی ئەدات بە دەستەوە و ورەی ئەوانی تر ئەڕوخێنێ. پۆلیسەکانی تر هەموو لە ترسا لە بنکەکەیان دێنە دەرەوە و هەر دەستەی بەلایەکدا هەڵدێن. ئەوانەی کە بەرەو هەڵەبجە و تەوێڵە هەڵهاتوون قوتار ئەبن و حەوت کەسیشیان کە بەرەو دۆڵی تاوێرە رایان کردووە مەفرەزەکەی کاك محەمەدی فەرەج شوێنیان ئەکەون و بەدیل ئەیانگرن. ئەم حەوت پۆلیسە شەش تفەنگ و ڕەشاشێکی برنەو خۆریان پێ ئەبێت لەگەڵ کۆمەڵێك فیشەکدا کە ئەمە یەکەمین دەستکەوتی شۆڕش ئەبێت و لەو ڕۆژەدا بۆ شۆڕش گەنجینەیەکی گەورە ئەبێت.

دیلەکان ئەگەیەنێرنە بنکەی وەزگێڵ، بۆ بەیانی مامۆستا شێخ حەمەمین کۆبوونەوەیان پێدەکات و بە وردی ڕێبازی شۆڕشیان بۆ ڕوون ئەکاتەوە. هەروەها ئەوەشیان پێ دەڵێ کە ئێوە میوانی ئێمەن هەر کامێکتان ئەتانەوێ ببن بە پێشمەرگە ئەوە قبوڵمانە و هەر کەسیش نایەوێ ئەوا ئازادە و ئەتوانێ بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی. لەناویاندا کەسیان ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵنابژێرن بەلام بەڵێن ئەدەن کە هەرگیز دژایەتی شۆڕش نەکەن و بگرە لەناو خەڵکیشدا قسەی باش لەسەر شۆڕش و پێشمەرگایەتی بکەن.

ئەم سەرکەوتنە لەناوچەکەدا دەنگ ئەداتەوە، دوژمن ترس ئەکەوێتە گیانیەوە، لەوەوبەر ئەگەر بە کۆمەڵێ چەتەو یاخی گەری داناین و لە ناو خەڵکدا تۆمەتی نارەوای دابێتە پاڵیان بۆ ئەوەی خەڵك بە ڕێبازیاندا نەڕوات، ئەوا بەم کردەوەیان کە زۆر شۆڕشگێڕانە ڕەفتاریان لەگەڵ دیلەکاندا کردووە ئەو قسانەیان پووچەڵ کردۆتەوە.

خەڵکی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیری ناوچەکەش بە تایبەتی ئەڵقەکانی ڕێکخستنی پارتی ئەکەونە پیا هەڵدانی شۆڕش و پێشمەرگەکانی و ئەوەندەی تر ئاگری شۆڕش لە هەناوی خەڵکی ناوچەکەدا هەڵئەگیرسێنن ودەمی نەیارانی شۆڕشیش ئەکەنە تەڵەی تەقیو.

مامۆستا شێخ حەمەمین بەپێی پلەی پێشمەرگەکان تفەنگە تازەکان دابەش ئەکات بەسەریانداو دوای قسەو باس و لێکۆڵینەوە و پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخستنی شاردا بەرنامەی تر بۆ گرتنی شوێنی تر دائەنێن.

٢-چەند ڕۆژێ دوای گرتنی بنکەی سۆسەکان پەلاماری پۆلیسەکانی تەوێڵەیان داوە. ئەمانیش بە هەمان شێوە خۆیان لە بەردەم شالاوی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکاندا نەگرتووەو خۆیان داوە بە دەستەوە و دەست بەسەر هەموو چەك و کەل و پەلێکیاندا گیراوە.

مامۆستا شێخ حەمەمین کۆبوونەوەیەکیان پێ ئەکات و مەسەلەی شۆڕشیان بۆ ڕوون ئەکاتەوە. دوای کۆبوونەوەکە پێنج کەسیان ئەبنە پێشمەرگە و ئەوانی تریشیان لەگەڵ فەرماندەی بنکەکەدا کە ناوی ئیبراهیم بووە و بە(خاڵە بلە) ناسراوبوە ڕێگای ڕۆشتنەوە بۆ شار هەڵئەبژێرن. پێشمەرگەکانیش نەك هەر هەستیان زامدار ناکەن بەڵکو هەندێ پارەش یارمەتیان ئەدەن و دەست بەرداریان ئەبن.

٣-دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەی تەوێڵە نەخشەی پەلاماردانی بیارەیان داڕشتووە لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر ئەوێشدا ئەگرن و هەندێ دەستکەوتی ماڵی و چەکیان ئەبێت.

٤-ماوەیەك دوای گرتنی بیارە بیر لە گرتنی خورماڵ ئەکەنەوە، بەڵام دوژمن لەوێ خۆی توند ئەکات چونکە چاوەڕوان ئەکات دوای ئەو شوێنانە ئەوێ ئەبێتە روانگەی تیری پێشمەرگەکان ، هەروەها لە باری هەڵکەوتنی جوگرافیشەوە جیاوازی لەگەڵ سۆسەکان، تەوێڵە، بیارەدا هەیە لەبەر ئەوە پێشمەرگەکان دوای دوو رۆژ شەڕو ئابلوقە کە ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن وازی لێ دێنن و بێ زیان ئەگەڕێنەوە بنکەی خۆیان.

٥-بە یارمەتی کادیرەکانی رێکخستنی ناو شار مانگی ١٢/١٩٦٢ کە (ئەحمەدی حەمەسالح و عومەری خەزان و دارای عەزە، مەلا رەوف، رەوف رەحیم، خالید حاجی فەرەج، تایەری شێخ رەوف، عەلی عەبدولرەحمان) دەوری سەرەکیان تێدا هەبووە ٤٥٠٠٠ دیناری قاسەی قایمقامیەتیان فڕاندووە کە لەو رۆژانەدا گەلێ پێویستی شۆڕشی پێ جێبەجێ کراوە ، ئەو کاتە نوێنەری سەرکردایەتی حیلمی عەلی شەریف لەناوچەکەدا بووە و تەسلیم ئەو کراوە، ئەویش هەندێ پێداویستی پێشمەرگەکانی پێ بەڕێ ئەکاو ئەویشی ئەبات بەرەو سەرکردایەتی کە ئەو دەمە بنکەی بەشێك لە سەرکردایەتی لە ماوەت بووە.

هەروەها ئەبێ ئەوەش بڵێین کە لەو ماوەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵك پەیوەندی پێوە کردوون و بونەتە پێشمەرگە. دیارە هۆی ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی گەڕاوەتەوە بۆ چالاکی شۆڕشگێڕانەو هەڵسوکەوتی جوانی پێشمەرگەکان لەناو

کۆڕی خەڵکدا، بە شێوەیەکی وەها کاریان کردووە کە تۆوی بیرو باوەڕەکەیان لەناخی خەڵکی سەر بە ڕژێمیشدا چاندووە.

هەروەها چالاکیەکی تری پێشمەرگەکان ئەوەبووە پەلاماری گوندی سەرچاوگیان داوە کە گوندی ناوبراو دوو بەرە بوون ، بەرەیەکیان لەگەڵ پارتی و شۆڕشدا بوون ئەو بەرەکەی تر سەربە حیزبی شیوعی عێراق بوون کە ئەو دەمە(ح. ش. ع) زۆر بە توندی دژایەتی پارتیان کردووە. بوونی ئەو دوو بەرەیە نا ئارامی خستبووە گوندەکەوە.

لەو کاتەدا دەستەیەك پێشمەرگە لەناوچەی چوارتاوە هاتوون و لە نزیکی ئەو گوندەدا شوانێ ئەبینن پرسیاری ناوچەکەی لێ ئەکەن، دوای ئەوە شوانەکە ئەگەڕێتەوە ناو دێ هەندێ خەڵکی لەوانەی دژ بە شۆڕش بوون لێیان ڕائەپەڕن و تەقە دروست ئەبێ، کاتێ پێشمەرگەکانی بنکەی وەزگێڵ ئاگاداری ئەو کارە ئەبن دێن بە هانای دەستەکەوە. شەڕێکی گەورە ڕوو ئەدات لە ئەنجامدا دژەکانی شۆڕش بەرەو شار هەڵدێن و پێشمەرگانیشماڵەکانیان ئەسوتێنن. زیانی پێشمەرگە لەو شەڕەدا شەهیدبوونی کاکە حەمەی برایم ئەبێت. کە ئەبێتە یەکەمین شەهیدی ئەو شۆڕشە لە ناوچەکەدا و برینداربوونی کاکە حەمەی فەرەج وەهەروەها خێزانی مەجیدی مەلا حامیدیش شەهید ئەبێ.

ئەم ڕووداوە ڕەنگێکی درێژی لەناوچەکەدا دارشت و بوو بە مایەی زەمینە خۆش کردن بۆ جاشایەتی. وە هەروەها یەکەم هەنگاو بوو بۆ دووبەرەکی ناوەوەی نێوان خەڵك و هێزی پێشمەرگە کە لەوەو بەر نمونەی نەبوو.

دیارە ئەو دەمە(ح.ش.ع) بە هەڵە لە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد گەیشتبوون و هەروەها بوونی پارتییان وەك حیزبی گەلی کورد بە هەڵەو لادەرو پەرگر ئەزانی. هەر لە ئەنجامی ئەو بۆچوونەشەوە بوو کە ناکۆکیەکی گەورە لە

نێوان ڕیزەکانی گەلی کوردا دروست بوو و چەند ساڵێکی خایاند و شەڕی نێوان پارتی و شیوعی زیانی گەورەی بۆ کورد لێکەوتەوە. دیارە نامانەوێ پەردە لەسەر هەموو شتێ لادەینەوە بۆ ئەوەی برینی کۆن نەکولێنینەوە، بەڵام ئەوەندە نەڵێین کە ئەوە سیاسەتێکی ناڕاست بوو وە ئەڵێین کاشکێ (ح.ش.ع) لەو سەرەتایەدا هەمان هەڵوێستی ئێستایان هەبوایە کە دیارە کار بەم شێوەیە نەدەبوو.

هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەم چالاکیانەدا دەستەکانی ڕێکخستنی ناو شار کاری شۆڕشگێڕانەی خۆیان ئەنجام داوە، ئەو کارانەی پێی هەڵساون بریتی بووە لە ڕێخستنی ئاهەنگی نەورۆزو یادی دوانزە سوارەی مەریوان، خوێندنەوەی شیعرو سروودی شۆڕشگێڕی لە کۆڕو کۆبوونەوەکانداو پێشکەش کردنی شانۆگەری سیاسی، بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی پارتی. بەم کارانەیان توانیویانە سەرنجی خەڵك بەلای شۆڕش و کوردایەتیدا ڕابکێشن. کار بەم شێوەیە بەردەوام بوو، ڕۆژانە هێزی پێشمەرگە ڕووی لە زیاد بوون ئەکرد. ڕژێم بۆ دەست بەسەردا گرتنی ئەو بارە هەوڵی جێبەجێ کردنی نەخشەکەی جارانی داو لە ڕێکەوتی(١٢/٨/١٩٦٣)دا بە سەرکردایەتی زعیم سەدیق لەشکری(٢٠)ی لە سەید سادقەوە بەڕێ کرد بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەرنامەکەیان کە نەهێشتنی شۆڕش بوو. هێزی پێشمەرگە کە ژمارەیان نزیکەی(٢٠٠) کەسێك ئەبوو بۆ بەرەنگاری ئەو هێرشە کەوتنەخۆ ،هێزەکە بە هێزی هەورامان ناو براوە، کاك نەوشیروان مستەفا لێپرسراوو کاکە حەمەی فەرەج جێگری بووە، لەم کاتەدا مامۆستا شێخ حەمەمین لە قەرەداخ بووە ، هێزەکە بەسەر جادەکەدا دابەش بوون. هەر لە پردی زەڵمەوە تا بەری سەید سادق، سەرەتا تەقە لەسەر

چەمی ریشێن دەستی پێکردووە. لقێکی(٤٠) کەسی کە عەلی شەریف گوڵخە سەر لقیان بووە ڕووبەڕووی یەکەم پەلاماری دوژمن بوونەتەوە.

زەعیم سەدیق ئەفسەرێکی بەعسی ڕەفتاری بێ ویژدان بوو، ئاگرو ئاسنی بەسەر گیانی پێشمەرگەو ناوچەکەدا باراند.

پێشمەرگەش بەو پەڕی لێبوردنەوە چاکی مەدایەتیان لێ هەڵ ماڵیوەو بۆ ماوەی(٣) ڕۆژ بە باوەڕی گەورەو چەکی سوکەوە ئەو لەشکرە گەورەیان گیرداوە. لە ئەنجامدا بەهۆی زەبرو زەنگی لە رادە بەدەری ئۆردووی دوژمن و کەم بوونی خواردن و فیشەکەوە پێشمەرگە ناچاری پاشەکشە بوون. دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان بە جاش و سەربازی دوژمن گەیاند.

لەم سێ ڕۆژەدا حەوت(پ.م) شەهید بوون بەم ناوانە:

١. نادر حەمە حەسەن.

٢. مام ئەمین ئیبراهیم دەگاشێخانی.

٣. حەمە گوڵپی(کە گوللەی پێ نامێنێ بە خەنجەرەوە دەچێتە سەر دەبابەیەك و لە دواوە لێی ئەدرێ و شەهید ئەکرێ).

٤. عەلی ئەحمەد.

٥. حەسەن عەبدولقادر ئەورۆلێ.

٦. عەلی حەمە ئەمین ئێناخی.

٧. عینایەت ئێناخی.

وە هەروەها بریندار بوونی چەند پێشمەرگەیەکی تر[٢٦].

دوژمن کە لە پردی زەڵم پەڕییەوە بێ بەزەییانە کەوتە تۆپ بارانکردنی شار و گوندەکانی تریفە و باوە کۆچەك و عەبابەیلێ، بەمەش بڕێ ماڵ سوتان و ژمارەیەك خەڵکی بێ تاوان شەهید بوون. ئینجا کە هاتە ناو شارەوە پشکنینی

گشتی دەستی پێکرد ، لەهەر ماڵێ سۆراخی شۆڕشیان بکردایە تیۆی بەر ئەبوون، خانووبەرەیەکی زۆریان سووتاند و خەڵکێکی زۆریشیان گرت. هاتووچۆ قەدەغە کراو هەرکەس لە جێگای خۆیدا چاوەڕوانی مەرگی ئەکرد، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شار لە جەهەنم ئەچوو. ئۆردوی دوژمن بۆ سەندنەوەی تۆڵەیەکی گەورە هاتبوو، بۆیە دەستی لە هیچ شتێ نەپاراست. یەکێك لەو دیمەنە دڵتەزێنانەی کە نواندیان شەهیدکردنی نەجیبە خان بوو بە دوو منداڵەوە کە دوایی سالح هەژاری بەهەشتی بەم شێوەیە کردیە پارچە شیعرێکی سەر گۆڕەکەی:

خوشکم نەجیبە وا تۆش بە جوانی
منداڵی کۆرپە و خۆیشت دوو گیانی
بە گوللەی بەعسی خوێنەخواری کورد
هەرسێ بە جارێ بوون بە قوربانی

دوای چەند ڕۆژێ دوژمن لەسەربازگەیەکی گەورەدا خۆی جێگیر کردو چەند ڕەبایەیەکی جاشیشی لە هەندێ گەڕەکی شاردا دامەزراند.

دوای ئەمە ئیتر ناو بەناو شەوانە پێشمەرگە ئەهاتنە ناو شارو کاروباری خۆیان ئەنجام ئەدا. دوو جاریان بە هێزی گەورەوە هاتوون و بۆ چەند ڕۆژێ شاریان کۆنترۆڵ ئەکرد. هەر جارەی دوای ئەوەی ئەگەڕانەوە، دوژمن بەر ئەبووە گیانی خەڵك، ماڵ و دوکانی ئەسوتاند، خەڵکی ئەگرت و ئازاری ئەدا، دەستی بەسەر هەموو ئازادیەکدا ئەگرت هەر کەسێ وهەر گوزەرێ بۆنی شۆڕشی لێ بهاتایە داغانی ئەکرد.

دوژمن زۆر ئەترسا، چوار چاو ببوو، لەهەر گوند و چیاو دۆڵێکدا هەستی بە جموجوڵ بکردایە کوێرانە ئاگر بارانی ئەکرد. جاش و سەرباز و سیخوڕەکانی وەك سەگی هار بەر ئەدایە گیانی خەڵکی شەرەفمەند و شۆڕشگێڕ.

لەگەڵ ئەم کارانەشدا تا ئەهات ئاگری کوردایەتی کڵپەی ئەسەند و خەڵك بەرەو ژێر سێبەری سەیوانی شۆڕش و نیشتمان پەروەری ئەڕۆیشتن.

لەم ساڵانەدا شۆڕش ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەی ئازاد کردو سەرجەم دەڤەرەکە بوو بە سەنگەری شۆڕشگێڕان، تاکو ساڵ گەشت بە ناوەڕاستی شەستەکان وپارتی دووبەرەکی تێکەوت و تا ساڵی ١٩٧٠ ئەم ناوچەیە شەڕی دوو لایەنەی لێ ئەبڕا.

لە ساڵی ١٩٧٤دا کە شۆڕش و دەوڵەت بە ئاشتی نەگەشتنە ئەنجام و تا ئەهات نیشانەی شەڕ دەرئەکەوت لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا دوژمن ناوچەی هەڵەبجەی بەجێ هێشت و شار ئازاد بوو، لە کەرکووك و خانەقین و سلێمانیەوە خەڵکێکی زۆری شۆڕشگێڕ ڕوویان کردە شاری هەڵەبجە، خورماڵ، بیارە، تەوێڵە و بەگشتی ناوچەکە سیخناخ بوو لە خەڵکی شۆڕشگێڕ، هێزی پێشمەرگەی زۆر و بەرگری میللی خڕبوونەوەو هەمووی چاوەڕوانی شەڕی ئەکرد.

لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و قوتابیان چوونە دەورەی(بەرگری لە شار)ەوە هەموو ژێر زەمینەکانی شارمان دیاری کردو ژمارەمان لێدا بە مەبەستی ئەوەی لە ڕۆژی بۆمباراندا خەڵك پەنای بۆ ببەن و دەرسی برینداری رزگار کردن و ئاگر کوژانەوەو فریاکەوتنی منداڵ و پیر و پەکەوتەمان ئەخوێند و لە شوێنە چۆڵاییەکانی ناو شاردا نیو مەتر چاڵمان بە شێوەی(W). (Z) هەڵدەکەند بۆ پەناگە. بەم شێوەیە ئەو ماوە شارو ناوچەکە بۆنی خوێنی

گرتبوو، ماوەیەکی زۆر بەم حاڵە ناخۆشە دەروونیەوە بەسەر برا تا لە(٢٦-٤-١٩٧٤) دا چەند فڕۆکەیەکی خوێنەخوار هەڵنیشتنە سەر ئاسمانی شار و بە ناپاڵم و رۆکێت و شەست تیر ئاگر بارانیان کرد ، لە ئەنجاما ٣٦ کەس شەهید و زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون.

شەهیدەکان بریتی بوون لە﴿١.ئازاد ئەحمەد کەریم. ٢.حاجی ئەمین جەوهەر. ٣.ئیبراهیم ئەمین جەوهەر. ٤.عەزیزی پەزە. ٥.حەمە رەشید سەید قادر چایچی. ٦.مەحموود عەبدولڕەحمان ئەفەندی. ٧.دەروێش حەمە شەریف. ٨.عەبولڕەحمان حاجی حەمە ساڵح. ٩.بێستوون وەستا هاشم. ١٠.سەید قادر هانە سورەیی ١١.مەلا مەحموود. ١٢.عەبدولا مەلا ئەمین. ١٣.ئەحمەد غەفور ساڵح. ١٤.حەمیدە مەحموود ئەحمەد. ١٥.بەناز خالید رەشید. ١٦.شیرین خالید رەشید. ١٧.حەکیم قادر مەحموود. ١٨.بەختیار قادر مەحموود. ١٩.کاڵێ قادر مەحموود، ٢٠.ئاسکە قادر مەحموود. ٢١.نەوزاد حەسەن قادر. ٢٢.شێرزاد حەسەن قادر. ٢٣.فواد محەمەد قادر. ٢٤.مریم محەمەد قادر. ٢٥.ئازاد عەلی. ٢٦. عەبدولا حەمە فەرەج. ٢٧.شێرکۆ عومەر مەغدور. ٢٨.ئایار عەلی ئیسماعیل. ٢٩.ئاری عەلی ئیسماعیل. ٣٠.حیکمەت ئەحمەد بارام. ٣١.ئەحمەد شەریف مەحموود. ٣٢.کافیە مەحموود محەمەد. ٣٣.محەمەد حەمە رەشید مەحموود. ٣٤.حەسەن حەمە رەشید مەحموود. ٣٥.حەمە رەشید مەحموود وەلی. ٣٦.محەمەد قادر تاوگۆزی﴾.

دوای ئەوە بە ناچاری شارمان بەجێ هێشت و ڕومان کردە گوندەکانی دەوربەرو پاشان ئاوارەی ئێران بووین تەنها هێزی پێشمەرگەو هەندێکی کەم خەڵك لە شاردا مانەوە.

شایەنی باسە ساڵێك شارمان جێ هێشت، پاشان کە گەڕاینەوە دەرگای ماڵێ نەکرابۆوە. کەچی چواردە ساڵ دوای ئەوە لە کیمیاوی بارانەکەدا هەزاران دزیی وەها خراپ کرا کە بووە کارەساتێ لەناو کارەساتەکەدا، ئەوە شۆڕشەکەی پێشوو کە بەخراپیان ئەزانی و ئەمەش شۆڕشی نوێی پێشکەوتن خوازا!

لە مانگی پێنجدا هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەسەراوی سوبحان ئاغای شارەزور کۆبووبۆوە لەو بارەوە ڕاپۆرت درابوو بە دوژمن، دوژمنیش بە هەڵە سەراوی ئەوروزڵی دایە بەر ساروخ و شەست تیر لە ئەنجامدا ئەم خوشك و برایانە شەهید بوون:

١. فاتیمە سەید فەتاح
٢. عاسمە محەمەد.
٣. تۆفیق قادر.
٤. نازار حسەین.
٥. ئەمنە عەلی عەبدولکەریم.
٦. ڕەئوف حاجی فەتاح.
٧. ئەحمەد حەمەمین ئەورەحیم.
٨. ڕێبوار نوری.

ئەم سێ کەسەش بریندار بوون.

١. نەجمەددین ئەحمەد عەبدولا.
٢. ئەنوەر عەبدولقادر.
٣. فەرەج فەتاح.

سەرەتای(ح.ش.ع) لە هەڵەبجەدا

وەکو ئەگێڕنەوە سانی ١٩٤٦(فەهد) سکرتێری یەکەمی حشع هاتۆتە شاری هەڵەبجە و ماوەیەك لوقمی فرۆشتووە. دیارە هاتنەکەی بەبێ چاو ساغ نەبووە. ئەڵێن یەکەم کەس کە لە هەڵەبجەدا بۆتە ئەندامی حشع کابرایەکی جولەکە بووە بەناوی (بابلی یون طوب) کە لەناو موسڵمانانیدا ناوی خۆی گۆڕیووە بە(تۆفیق میران بابلی) پاشان هەندێ لاوی تر پەیوەندییان کردووە کە ئەتوانین ناوی ئەمانەیان بەرین (محەمەد ئەحمەد رەشان، مەلا حەسەنی حەمە کوژێڵ، مەلا حەسەنی مامۆستای قوتابخانەی تریفە، عارف حاجی فەرەج، عومەر ئەحمەد، حەمە ئەمین سەعید، مەحموود شەفیق هەلاج، عەبدولرەحیم دزە، ئەحمەد عەلی، رەشید ئەحمەد، عەلی حاجی فەرەج، تۆفیق سەیید قادر، ئەحمەد دەلاك، عەبدوڵلا مەلا فەرەج، محەمەدی مەلا کەریم، فاتیح عەبدولکەریم، ئیبراهیم سۆفی مەحموود، ئەحمەد غەفور، فەرەج مەلا ئەمین، ئیسماعیل خوسرەو، عەلی سمایل، حەمە کەرەم، لەناو ژنانیشدا(ناهید نووری قەساب، ئافتاو حاجی فەرەج، مەعسومە گۆج).

حشع لە بەرنامەی خۆیدا وای دانابوو عێراقێکی دیموکرات دابمەزرێ و لەو چوارچێوەیەدا هەندێ مافی نەتەوایەتی بدرێ بە گەلی کورد، گەلی کوردیش لە رووەوە ئەوەی کەوتبووە سەر کە دوا ئامانجی تێکۆشانی بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنووسین بێ و لەداوی شوومی چەندین ساڵەی نەتەوە رەگەز پەرستەکانی تورك و فارس و عەرەب رزگار ببێ و بناغەی کوردستانێکی سەر بەخۆدابنێ. حشع ئەو سەرەتای دامەزراندن و پەل هاوێشتنەی و تا ئەم دواییانەش هەر باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە کورد لە عێراقدا بە تایبەتی لە

چەند مافێکی سەرەتایی بەولاوە هیچی تری شایان نییە و هەرگیز ئەوەیان نەك پەسەند نەکردووە بەڵکو زۆر دژیشی وەستان کە کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت.

لەسەرکەوتنی عەبدولکەریم قاسم و نەمانی ڕژێمی پاشایەتیدا شیوعیەکان زۆر پەرەیان سەندو لەناو حکومەتەکەی عەبدولکەریم دا دەستەلأتێکی چاکیان پەیدا کرد. لەم سەرو بەندانەدا پارتیش خەریکی سازش بوو لەگەڵ دەوڵەتدا بۆ ئەوەی بە ئاشتی شتێ بەدەست بێ. بەڵأم پاش ماوەیەکی زۆر وتووێژ و بیروڕا گۆڕینەوە هیچ نەکراو کورد ناچار بوو شۆڕشی چەکدارانە بکات.

لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا شیوعیەکان بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتی بزوتنەوەکەی کورد و شیر و تیریان دژی هەیکەلی شۆڕش هەڵکێشا. لە باتی ئەوەی لە نێوان کورد و دەوڵەتدا هەوڵ بدەن ئاشتی و تەبایی سەقام گیر ببێ و توند و تیژیەکان خاو بکەنەوە، کەچی بە ئاشکرا بزوتنەوەکەیان بە کۆنە پەرست و ڕەگەزپەرست و پیلانی ئیستعمار ئەدایە قەڵەم و بە ئاشکرا ڕایان ئەگەیاند کە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتیەکەی دژی ڕاستی و دیموکراتی و ئاشتین. ئەمە وای کرد لە نێوان پارتی و شیوعیدا کێشەیەکی سەخت دروست بوو کە چەند ساڵ کورد تاڵأوی ئەو مەینەتیەی نۆشی.

ئەو دەمە هەڵەبجە یەکێك بوو لەو شارانەی کە نا ئارامی ڕووی تێکردوو لە ناو جادە و کۆڵأن و قوتابخانەکانی شاردا دەیان شەڕی دەستەویەخەی بە کۆمەڵ ڕوویدا کە هەمووی لەناوەڕۆکدا ڕیزەکانی گەلی کوردی لە یەك ئەپچڕان.

ح.ش.ع لەگەڵ دەوڵەتدا بە ناواتی خۆیان هیچیان پێ نەکراو لەم لاشەوە خۆیان کردە دوژمنێکی خراپی گەلی کورد، بۆیە کەوتنە هەڵوێستێکی نالەبارەوە و دنیایان لێ بوو بە چەرمەچۆلەکە. (باسکردن لەسەر ح.ش.ع و

بەرنامەی کاریان تا ئێستە لێکۆڵینەوەی فراوانی نەوێت و لێرەدا جێگای نابێتەوە).

گرنگ ئەوەیە کە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبەمان لە هەڵەبجەدا دیاری کرد و هەندێ هەڵوێستی هەڵەی ئەو دەمەیان کە ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوەو هەڵەبجەش پرشێکی گەورەی ئەو ئاژاوەیەی بەرکەوت و دەست پێشکەرەکەش شیوعیەکان بوون.

سەرەتا بە شەهید کردنی (شێخ ئەنوەری عەبابەیلیێ) دەستی پێکرد لە دەربەندیخان، ساڵی ١٩٥٩ شێخ ئەنوەر سەر بە پارتی بوو، لاوێکی ئازاو بە جەرگ و لەکەس نەترس بوو، ئەو ماوەیە چووبووە دەربەندیخان و لەوێ کاری قەسابی ئەکرد. شیوعیەکانیش لە دەربەندیخان و دەوروبەریدا نفووزیان زۆر بوو، کاتێ شێخ ئەنوەر ئازایانە بەرگری لە هەڵوێستی پارتی کرد بوو ماوەیەك سەرنگومیان کردو دوایی تەرمەکەی لە بەنداوەکەی دەربەندیخاندا دۆزرایەوە. هێنانەوەی ئەم تەرمە بۆ هەڵەبجە رق و کینەیەکی گەورەی لە دڵی خەڵکی سەر بە پارتیدا دروست کرد بەرامبەر بە شیوعیەکان. ئیتر ئەو رق و کینەیە تا ئەهات پەرەی ئەسەند و خەنجەری دوژمنایەتی لە نێوان هەردوولادا تیژ ئەکرد.

ئەو کاتە زۆر لە لاوە رۆشنبیرەکانی عەبابەیلیێ ئەندامی پارتی بوون و هەروەها شێخ ئەنوەریش لەو لاوە خۆشەویستانەی شاری هەڵەبجە بوو، بۆیە خەڵکی ناوچەکە ناهەقیان نەبوو لەسەری بێنە دەنگ و هەوڵی تۆڵە سەندنەوەی بدەن.

رۆژنامەی(خەبات)ی ئەو دەمە بابەتێکی لەسەر شێخ ئەنوەر نووسیوە و باسی بەناڕەوا شەهید کردنی ئەکات. هەر ئەو کاتانە لەناو لاوان و مێر

منداڵانی هەڵەبجەدا شیعرێك بە باڵای شێخ ئەنوەردا بڵاو بوویەوە کە نەمان زانی شیعرەکە هی کێیە و ئەمە دوو بەیتیەتی کە لە بیرم ماوە:

شێخ ئەنوەر ئەڵێی بێکەس کوژراوم

بە نوکی خەنجەر پەل پەل کراوم

گیانی خۆت بەخشی بەگەل و وڵات

ناوت رۆشتە ناو جەریدەی خەبات

ح.ش.ع کە ڕۆشتە بەرەیەکەوە لەگەڵ حیزبی بەعسدا گەلێ کاری ناڕەوای بەرامبەر بە کورد دەست پێکرد بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٤دا کە چەکیان هەڵگرت و شان بە شانی چەکدارەکانی ڕژێم کەوتنە تەقەکردن لە سەنگەری پێشمەرگە و چەندین کوڕی کوردیان شەهید کرد.

پاشان لەو ئەزموونەشدا سەرنەکەوتن و بەرەکەیان تا ئەهات ڕووی لە گێروگرفت ئەکرد و ساڵی ١٩٧٨ بەو پەڕی کزی و لاوازی گەشتن و نەیان ئەزانی چۆن دەست بەرداری ئەو مەسەلەیە بن کە بۆیان ببوە گرێ کوێرەیەکی سەخت و بۆیان نە ئەکرایەوە.

ح.ش.ع کە چووە بەرەوە لەگەڵ بەعسدا بەو نیازە بوو کە ڕۆژانە بەعس بەرەو سۆشیالیستی بەرێ وبە حیسابی خۆی هەموو ڕۆژێ تەغزیەیان ئەکات، بەڵام پاشان لێیان بوو بە بەڵای ناگەهان و کاتێکیان زانی کە تووڵە ماریان بەخێوکردووە.

لەم ساڵەدا کە کەوتنە پاشەکشە کردن لەبەرە یەکەمین مەفرەزەیان لە هەڵەبجەوە چوونە دەرەوە و ڕێگەی چیاو خەباتی چەکدارانەیان دژی بەعس هەڵبژارد، مەفرەزەکەش بەڕابەرایەتی کاك تۆفیقی حاجی بوو لەگەڵ

ئیسماعیلی برای و عەبدوللای مەلا فەرەج و عەبەی مامەو پاشان هەندێکی تر تاوای لێهات هەموویان ئەو ڕێگەیان گرتە بەر.

کاك تۆفیقی حاجی هەم لە سیاسەتدا عەقڵی ئیشی نەکرد و هەم لە بواری پێشمەرگایەتیشدا پیاوێکی ئازاو بە جەرگ و خاوەن هەڵوێست بوو. وە هەروەها یەکەمین کەس بوو کە لە ساڵی ۱۹۸٤دا لە حیزبی شیوعی لایداو سازشەکەی نێوان دەوڵەت و یەکێتی قبوڵ کرد و هەر ئەو ساڵەش شەهید بوو.

یەکەمین ئەڵقەی ڕێکخستنی کاژێك

کاژێك (کۆمەڵەی ئازادی ژیانەوەی یەکگرتووی کورد) لە ساڵی ۱۹۵۹دا وەك ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی درێژەپێدەری بەرنامەی (ژێکاف) خۆی لە کۆڕی سیاسەت و کوردایەتیدا نواند وخزمەتی گەورەی بە ڕێبازی کوردایەتی کرد. ئەندام و کادیرەکانی کوردپەروەرو دڵسۆزو ڕۆشنبیر وخۆراگربوون. بۆیەکەمجار لە ساڵی ۱۹٦٥دا کاك (حەمە عەلی ئەحمەد مراد) ڕێك دەخرێ ویەکەمین ئەڵقەی ئەو ڕێکخستنە لە هەڵەبجەدا دەست پێدەکات، ئەو کادیرانەی کە دیاربوون چالاکییان دەنواند بریتی بوون لە (فایەق براخاس هاواری، سەید ئەحمەد عەبابەیلێ، کەریم ڕۆژ، ستار سەعید خەڵەف، کەریم لهۆنی، نامیق هاواری، عەزیم هاواری، جەمالی وەستا محەمەد، مەهدی مەلا عەلی، باقی بابالە تەوێڵەیی، عەلی فەیمە، عەباسی حاجی تایەری وازۆلی، حامید حاجی خالید، عومەر حەمەسالح بەشارەتی، وریا براخاس هاواری، فاتیح شێخ حەیدەر، عمر حمەمراد، جەعفەر حاجی ئەولە، محەمەد غەفوور شەریف، کەریم عوسمان، فەرەیدوون عەبدوڵلا و سەروەت حاجی عزەت)

سەرەتای کۆمەڵە لە هەڵەبجەدا

لەساڵی ١٩٧١-١٩٧٢دا ئەڵقەیەکی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان لـە شاری هەڵەبجەدا دروست بوو. ئەم ئەڵقەیە چالاکانـە کەوتـە کـار کـردن و بـە شێوەیەکی نهێنی توانی ژمارەیەك لاوی شۆڕشگێڕ و کورد پەروەریـەك بخـات. ئەو ئەڵقەیەش مەحموود عەبدولڕەحمان بوو ناسراو بە(شێخ عەلی).

لە دوای نسکۆی شۆڕش واتە ساڵی ١٩٧٥ کە دوژمن مەیدانی بۆ چۆڵ بوو بە ئارەزوو کەوتە جێبەجێ کردنی نەخشەی بە بەعسـی کردنـی گـەلی کـورد. هەڵەبجەش وەك هـەموو شارەکانی تری کوردستان کەوتـە ژێـر بـاری ئـەم کـارە زۆرداری‌یـەوە، بـە زۆر و فریـودان و خەڵـەتاندن و بـە پـارە خـۆی خزانـدە نـاو ڕیزەکانی گەلـەوە و ئەیویسـت بـەرگی نیشـتمان پـەروەری بـە بـەری کەسـەوە نەهێڵێ. هـەر کـەس خۆی لـەو بازاڕی سـەودایە ببواردایـە لـە هـەموو کـارێکی دەوڵەت بێ بەش ئەکرا، نیشانەی پرسیاری لەسەر دائەنرا و چاودێری ئەخرایە سەرو دوو چاری هەڕەشەو بانگ کردن ئەبوو.

لەو لاشەوە ئەڵقەکەی کۆمەڵە بەردەوام لە ئەنجام دانی کاری نهێنی خۆیدا بوو، گەشەی کردو ژمارەیەکی زۆر ئەندام و دۆست و هەواداری پێك هێنا، گەرم و گوڕییەکی شۆڕشگێڕانەی خستە ناوچەکەوە.

کار بەم شێوە ڕۆشت تا پێویستی بوونی شۆڕشی چەکدارانە خۆی سەپاند. شۆڕش وەڵامی ئەو نەخشە گڵاوەی دوژمن بوو کە ئەیویست بۆ یـەکجارەکی بیروباوەڕی کوردایەتی لەناو بـەرێ و گەرووی ئازادیخوازان بتاسێنێ. وەڵامـی ئەو بۆشاییە سیاسیە بوو کە لە ئەنجامی نسکۆیشۆڕشی ئەیلوولدا دروست بوو بوو.

هەڵەبجەی شۆڕشگێڕ ئەو وەڵامەی دایەوە و یەکەمین مەفرەزەی لە شەوی (٢٦/٢٧)/٦/١٩٧٦دا ڕەوانەی چیاکرد. مەفرەزەکەش بریتی بوون لە:

١. مەحموود عەبدولڕەحمان(شێخ عەلی).

٢. عەلی شیعە(قالە) ﴿لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا لە یەکەم مەفرەزەدا بوو﴾.

٣. تۆفیق ڕەحیم(کامەران).

٤. شەوکەت حاجی مشیر(مەلا نووری).

٥. حامید حاجی خالید(دلێر).

٦. محەمەد حاجی مەحموود(عەزین).

٧. حەمە سەعید خورماڵی(دکتۆر ڕەزا).

ئەم پێشمەرگانە به چەند چەکێکی سووکەوە کە کاتی خۆی شێخ عەلی و شەهید وەستا ئەنوەری برای شاردبوویانەوە ڕوویان کردە چیای سورێن و ئەو شەوە لەسەر(کانی هەرمێلە) یەکەمین کۆبوونەوەیان کرد کە شێخ عەلی باسی شۆڕش و ئامانجەکانی بۆ کردبوون، هەر ئەو شەوە دەستیان خستبووە سەر دەستی یەکترو سوێندیان بە مارکسیزم-لینینزم خواردبوو کە خیانەت لەگەل و نیشتمان نەکەن.

(لە کاتی سوێند خواردنەکەدا محەمەدی حاجی مەحموود دەستی گێڕابوویەوە دواوە وتبووی من لە باتی ئەو سوێندە بە قەبری باوکم سوێند ئەخۆم).

پاش ماوەیەك کردیان بە بەرنامە کە شەوانە ئەبوونە میوانی لادێکان و لە بارەی مەسەلەی کورد و شۆڕشی تازەوە کۆبوونەوەیان بە خەڵك ئەکرد. هەروەها هەڕەشەیان لە خەڵکی لادەرو خۆفرۆش ئەکرد و ئەگەر تاوانی دیاری کراویشیان بوایە بە سزای گەل و شۆڕشیان ئەگەیاندن.

له ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانەدا جەماوەری خەڵك دەنگی خۆی دایە پاڵیان و کەوتنە بەرگری کردن لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان و خەڵکانی لاتەر و خۆفرۆشیش کە بە فێڵی دوژمن فریویان خواردبوو ئەتەکینەوە، بۆیە لە ناوچەکەدا دوژمن کەوتە چاوو راوو تەڵەدانان بۆ پێشمەرگەکان.

ئەوانیش کردە و لێبوردە و شۆڕەسواری مەیدان بوون، لە بن دەستی دوژمندا خۆیان حەشار ئەدا، هەموو شەوێ جێ گۆڕکێیان ئەکرد و هەر کاتێکیش هەلیان بۆ برەخسایە لە شوێنێکەوە چزەیان لێ هەڵئەسان. دوژمن سەری کەوتە ئێش و چوار چاو بوو، سەری بە هەموو کونێکدا ئەکرد بۆ ئەوەی رێی لێیان بکەوێت، لەو لاشەوە پروپاگەندەی جۆراجۆری بلاو ئەکردەوە و بە درۆ جەردە، تێکدەر و گێرە شێوێن، کۆمونیست، ناوی ئەبردن.

بێ ئەوەی دوژمن بە جێگە و رێگەیان بزانێ لە ماوەی چەند مانگدا ئەم کارانەیان ئەنجامدا.

١. نامە نوسین بۆ پیاوە خۆفرۆشەکان. کە بووە مایەی ئەوەی زۆریان لە دوژمن تەکینەوە.

٢. کوشتنی چەند پیاو خراپێ کە زۆر بە گەرمی دژی شۆڕش کاریان ئەکرد.

٣. لە شەوی کۆبوونەوەی گوندی-تەپەڕێزینەی شارەزووردا لەسەر جادەی زەلم ئۆتۆمۆبیلێکی موسەلەحەیان ئاگر باران کرد و زیانیان پێگەیاند رێکەوتی شەوی(١١/١٢)/٧/١٩٧٦.

٤. کوشتنی دوو پۆلیس لە خورماڵ و گرتنی دوو چەك بە دەستی شەوکەتی حاجی مشیر و عەلی شیعە یەکەمین دەسکەوتی شۆڕش بوون.

تا لە شەوی(٦/٧)/١٩٧٦/١٠دا دەستەیەکیان هاتبوونە گوندی قاینەیجەی شارەزوور بۆ کرینی چەك. دوژمن لە رێگەی سیخوڕەکانیەوە پێی زانین و هێزێکی گەورەی ناردە سەریان. ئابلوقەی گوندەکەیان دابوو، داوایان لە پێشمەرگەکان کردبوو خۆیان بدەن بە دەستەوە.

ئەوانیش مەردانە هاتبوونە دەست و خۆیان قوتار کردبوو. لەم شەڕی دەستەویەخەدا فاتیح شێخ حەیدەر بریندار ئەبێ و خۆی شەهید ئەکات بۆ ئەوەی دیل نەکرێ، ئەم ناوانەش(محەمەد حەمە فەرەج، هاشم رەشید، وەهاب حاجی عوسمان ،حەمە رەشید(خاوەن ماڵەکە) بەدیل ئەگیرێن و دوای ماوەیەك لە قەسابخانەکەی موسڵ شەهید ئەکرێن.

ئەمە یەکەمین داوی دوژمن بوو کەتێی کەوتن ویەکەمین شەڕی ڕوو بەڕووی دوژمن بوو. وە هەروەها یەکەمین شەهیدی ناوچەی سۆرانی تیادرا.

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە دڵسۆزەکانی پارتی ئاوارەی ئێران و هەندەران بوون؛ ئەوە وای کرد کە کۆمەڵە لە ناوچەکەدا جێگای سیاسی خۆی بکاتەوە. بەڵام پاش ماوەیەك دوای دەرچوونی مەفرەزەکەی کۆمەڵە بۆ چیا لە لایەن پارتییەوە بە بڕیاری کاك ئیدریس بارزانی لە ١٩٧٦/٩/١١ مەفەرزەیەك بە سەرپەرشتی کاك (مەلا عەلی زمناکۆ) هاتنەوە ناوچەکە و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا بوون بریتی بوون لە حەمەمینی خەلیفە قادر و محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا. پاشان کاك(نادر هەورامی) دێتەوە ناوچەی هەورامان و سورێن و هەردوولا واتە پارتی و کۆمەڵە پێکەوە شۆڕش ئاراستە دەکەن. تاکو(سالار عەزیز) و پاشان(مەلا بەختیار) بەناوی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە دێنە ناوچەکە و ئەو برایەتیە هەڵدەوشێننەوە. تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکدا کە کاك محەمەدی رەمەزان شایەتە سالار وای

ڕاگەیاند بوو کە ئێمە واتە کۆمەڵە بۆ ئەوە سەرمان هەڵداوە کە نەهێڵین پارتی بێنەوە مەیدانەکە. ئیتر دوای ئەمە تاپۆی برا کوژی لەناوچەکەدا بەدیار کەوت و زیانی گەورەی لێکەوتەوە.

هەڵەبجە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا تا ئەو ڕۆژەی کە دوژمن ڕقی بە سەردا قڵپ کردەوە شارێکی کڵپە سەندووی شۆڕش بوو، لانکی پێشمەرگە و تێکۆشان بوو، شاری ڕاپەڕین و شەهید پەروەر بوو.

وا ئێستەش بۆ بەڵگەی مێژوو پەنجە ئەخەینەسەر هەندێ لەو ڕووداوانە و تۆماریان ئەکەین.

١-لە ساڵی ١٩٧٧ دوژمن گومانی لە هەندێ لە ڕیزەکانی ڕێکخستن پەیدا کردو دەستی کرد بە گرتن. نزیکەی(٣٠) ئەندام و لایەنگیری ڕاپێچ کرد، لە زیندانەکانی هەڵەبجە، سلێمانی، کەرکوکدا بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتە ئازاردانیان، لە ئەنجامدا شەهید وەستا ئەنوەر و شەهید ئەنوەر حەمەمین سەر بەرزانە گیانی پاکیان چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە.

٢- هەر لەم ساڵەدا دوژمن بە نەخشەی ئەهێشتنی شۆڕش هێرشێکی بەبڵاوی کردە سەر چیاو لادێکانی دەوروبەری شار، ١٥-٢٠ هێلیکۆپتەر پەیتا پەیتا سەربازیان ئەهێناو دایان ئەبەزاندن.

هێزی پێشمەرگە پێشتر لەو نەخشەیە ئاگادار بوو بوون. بڕیاریان دابوو هێزەکە کەرت بکەن بۆ ئەوەی بواری خۆ حەشاردانیان پتر بێت. لە ئەنجام دا دوژمن لە ڕێگەی سیخوڕێکیەوە توانی جێگەو ڕێگەی دەستەیەکیان بزانێ. لە نزیك گوندی بێسەڵمێن.

ئەم ڕووداوە ڕێکەوتی ١٩٧٧/٦/١ بوو. دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە ئابلۆقەی دان و ئەوانیش مەردانە تایەك یەك شەهید بوون دەستیان لە دوژمن وەشاند.
ئەو شەهیدانە بریتی بوون لە:

١. عومەر حەمە سالح(فەرماندەی کەرت).

٢. ئیبراهیم خەلیل(کادیری سیاسی).

٣. هیدایەت محەمەد عەلی.

٤. ئیبراهیم عەبدولاّ زێرانی.

٥. کامل.

٦. سالەح گەرمیانی.

٧. عەلی عەبدولڕەحمان.

دوژمن تەرمی ئەم حەوت شەهیدە قارەمانەی هێنایەوە هەڵەبجەو بۆ چاوترسێنی خەڵك بەناو شاردا گێڕانی. بەلاّم خەڵك ئەو پەڕی بێزارییان نیشانداو هێندەی تر کردارەکانی دوژمنیان لەلا قێزەون بوو. هەر ئەو ڕۆژە ئەدیبی ناسراو (حەمە سەعید حەسەن) پارچە شیعری (هەڵەبجە غەزەی غەمناکە) دا ئەڕێژێ.

٢-لە مانگی ١٩٧٧/٤دا کە دوژمن بڕیاریدا وانەکانی(مێژوو، جوگرافیا، نیشتمانی) لە کوردیەوە بکرێنە عەرەبی قوتابیانی هەڵەبجە دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستان و ڕاپەڕینێکی گەورەیان بەرپاکرد کە دوژمن بە گرتن و هەڕەشەی توندوتیژ سەرکوتی کرد.

٣. لە سالّی ١٩٧٨-١٩٧٩دا دوژمن کەوتە جێبەجێ کردنی پەیمانی شومی جەزایر و دەستی نامەردانەی بە لادێکانی سەر سنوور گەیاند، ئەو لادیانەی کە لە ناوچەی هەڵەبجەدا بەر ئەم نەخشەیە کەوتن بریتی بوون لە:

١.بەڵخە ٢.بنجوی دڕە ٣.باخەکۆن

٤.بانی شار
٥.بەردەبەل
٦.بانی بنۆك
٧.بۆین
٨.بێژاوا
٩.بەشی پیرك
١٠.بەشی ئەحمەد بەگ
١١.بەشی هاجە
١٢.بەڕوێن
١٣.بەشی ئەلی
١٤.بانی بۆلآن
١٥.بەلەسۆ
١٦ پالّەنیا
١٧.پێنگە
١٨.پریسی سەروو
١٩.پریسی خواروو
٢٠.پشتە
٢١.پشت قەلآ
٢٢.تاوێرە
٢٣.تریفە
٢٤.توولّەبی
٢٥.تەوە وشکێ
٢٦.توتا قاچ
٢٧.جاور
٢٨ چنارە
٢٩.چنار
٣٠.چرۆسانە
٣١.چەمەڕەش
٣٢.چوار داران
٣٣.خەڕپانی
٣٤.خارگێلآن
٣٥.خێلّی گورگە
٣٦ دەرەتوێ
٣٧.دەگا شێخان
٣٨.دەرەقەیسەر
٣٩.دەرەی مەڕ
٤٠.دەرەشیشی سەروو
٤١.دەرەشیشـــــی خواروو
٤٢.دەرە گولآن
٤٣.دلف
٤٤.دەنگەوەرە
٤٥.ڕیشێن
٤٦.ڕێشاو
٤٧.زەردە هالّ
٤٨.زەلّم
٤٩.زەنگی سەر
٥٠.زەناکۆ
٥١.زارێن
٥٢ سۆسەکان
٥٣ سەرگەت
٥٤.سازان
٥٥.سەرچاوگ
٥٦.سەراو
٥٧.سەرشاتەی خواروو
٥٨.سەرشاتەی ژووروو
٥٩.سەعداوا
٦٠.سیامێوە
٦١.عامورە
٦٢.غەلآمی ژووروو
٦٣.غولآمی خواروو
٦٤.قاینەیجە
٦٥.قارەمانی
٦٦.قەلّپ
٦٧.کۆساوا
٦٨.کەوتە
٦٩.کانی توو
٧٠.کۆکۆیی شەمێران
٧١.کانی گەورە
٧٢ کانی ژنان
٧٣.کانی وەیسکی
٧٤.کانی ئاسکان
٧٥.گریانە
٧٦.گولّپ
٧٧.گەچینە
٧٨.گولّە خانە

٧٩.گرده ناویّ	٨٠.گوندە	٨١.گلێجالّ
٨٢.گمه	٨٣.گەڕاو	٨٤.لمه
٨٥ مەلا وەیسە	٨٦.میری سور	٨٧.مۆردین
٨٨.میراولی	٨٩.مام شەوی	٩٠.مۆرتکە
٩١.نارنجلە	٩٢.نەویّ	٩٣.نەیجەلە
٩٤.نوەر	٩٥.وەلەسمت	٩٦.وشقوبە
٩٧.ولوەر	٩٨.وەرمن	٩٩.هاوارە کۆن
١٠٠.هاوار	١٠١.هانەی دن	١٠٢.هانەی قولّ
١٠٣.هانە سورە	١٠٤.هانە ژالە	١٠٥.یالآنپیّ
١٠٦.بەلە مەڕ	١٠٧.قولّخورد	

ئەم گوندانە بەم شێوە لەم ئۆردوگایانەدا کۆکرانەوە.عەنەب: ١٥٠٠ مالّ، زەمەقی: ١٥٠٠ مالّ، خورمالّ: ٧٠٠ مالّ، سیروان: ١٠٠٠ مالّ، شانەدەری: ١٥٠٠ مالّ، زەڕایەن: ٥٠٠ مالّ.

٥. له سالّی ١٩٧٩دا بۆ ماوەی چەند ڕۆژیّ لەلایەن قوتابیانی ناوەندییەوە ڕاپەڕینیّ دەستی پیکرد.هەر ئەو ڕۆژە خیّرا تەشەنەی کردو دەنگی زولآلی قوتابیان دای لە پەردەی گویی خەلکی شار و خەلکیش بە گەرمییەوە پیشوازیان لیکرد و تیکەلّ کاروانەکەیان بوون. دروشمەکانی ئەم ڕاپەڕینە بریتی بوو:

- چیتان ئەویّ ئەی خوشکان- خویّندن بە زمانی خۆمان.
- چیتان ئەویّ برایان- سەربەخۆیی کوردستان.
- بڕوخیّ حوکمی فاشی- بۆ خۆیو جەیش و جاشی.
- ئیّمە کوردین کوردمان ئەویّ- بەعسی پیسە و نامانەویّ.

ئەم دروشمانە لەگەڵ وتنی سرودی(ئەی رەقیب)دا؛ لە گەرووی خەڵکەوە بەرز ئەبوونەوەو تۆوی خەبات و بەرگرییان بە سەرخاکدا ئەپژان.

دوژمن بە شێوەیەکی نامرۆڤانە. بە گرتن و ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵك کەوتە وەڵام و ژمارەیەك قوتابی کوڕو کچی ڕاپێچی زیندان کرد و ڕاپەڕینەکەی کپ کردەوە.

٦) لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ ڕاپەڕینێکی تری گەورە دەستی پێکرد. ئەم ڕاپەڕینەش یەکەم ڕۆژ لەلایەن قوتابیانەوە بەرپاکراو وردە وردە هەموو چین و توێژەکانی خەڵك بەشداریان تیاکرد و دوکان و بازاڕ داخرا.

ئەم ڕاپەڕینە دەنگی لە سنووری هەڵەبجە چووە دەرێ و لە لایەن زۆر شاری ترەوە وەڵامی هەبوو. وای لێهات ئەگەر دوژمن بە ئاگرو ئاسن و گرتن و بڕین کپی نەکردایەتەوە دەنگ و ڕەنگێکی فراوان تری دیاری ئەکرد.

دروشمەکانی ئەم ڕاپەڕینەش هەمان دروشمی ڕاپەڕینەکەی ڕابوردوو بوون لەگەڵ:-

١. چیتان ئەوێ برایان - گەڕانەوەی لادێکان.

٢. چیتان ئەوێ بەڕاسی - ڕوخانی حوکمی بەعسی.

٣. بژی هێزی پێشمەرگە - جاش نزیکی مەرگە.

٤. خەبات ئەکەین بە جارێ - ئەگەر گوللەش بباریێ.

ئەم دروشمانە لەگەڵ چەندین شیعری شۆڕشگێڕی دا و نیشان دانی وێنەی شەهیدان، ڕەنگدانەوەی بیروڕای پاکی کوردایەتی بوون و تەنانەت سەرنجی زۆر لە دەست و پێوەندەکانی دوژمنی ڕاکێشا و خۆیان بەشەرمەزار ئەزانی و ناچاری بێدەنگی بوون.

٧. هەستی کوردایەتی دانیشتوانی شار هێندەی تر بڵێسەی بەرز بوویەوە، کاتێ کە ڕژێمی ڕەفتار فاشیست پەلاماری گوندەکانی شارەزووری داو ڕای گواستن.

لە ١٩٨٧/٥/١٣ دا ڕاپەڕینێکی بەرفراوان دەستی پێکرد. خەڵك بە یەك دەنگ و بێ ترس لە شەقام و کۆڵانەکاندا کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو هەنگاوە دڕندانەی بەعس کە ڕاگواستنی(٥٢) گوندی شارەزوور بوو، سروودی نیشتمانی و دروشمی ئاگرین لە گەرووی خەڵکەوە بەرز ئەبویەوە. لە(١٣)ی مانگدا شارەکانی تری، سیروان، خورماڵ، سەید سادق ڕاپەڕین و دەنگی(بژی گەل، بڕوخێ بەعس) سەرتاسەری ناوچەکەی گرتەوە.

دوژمن لە بەر شالاوی ڕاپەڕیواندا شپرزە بوو، ژمارەیەکی زۆر چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکان کەوتنە پشتگیری خەڵك و چەکەکانیان بۆ ڕاپەڕینەکە خستەگەڕ.

ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو سیخوڕەکانی دوژمن دوچاری کوشتن و بریندار بوون و گرتن بوون.

هەر لە سیرواندا(٨) مۆڵگە و بنکەی بەخشدار و بنکەی پۆلیس دەستیان بەسەرداگیرا. لە هەڵەبجە و خورماڵ و سەید سادقیشدا دوژمن تەنها لە سەراو سەربازگاکاندا مایەوە.

ڕاپەڕینی بەردەوامی خەڵك دەنگی بە شارەکانی تر گەشت و لە ١٧-١٩٨٧/٥/١٨دا خەڵکی ڕواندز، هەریر، تەق تەق، لەگەڵ دەیان لادێ لە ناوچەکانی ئاکۆیان، گەرمیان، گڵەزەردە، ڕاپەڕین.

لە نێو کۆڕی خەڵکەوە ژمارەیەك لاوی خوێن گەرم شەهید بوون و ژمارەیەکی زۆریش دیل و بریندار کران.

دوژمن بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە هێزی تایبەتی ناردە ناوچەکەو بە شێوەیەکی نا بەکارانە کەوتنە کوشتن و بڕین، بە فڕۆکە و تانك و ئۆتۆمۆبیلی تری سەربازییەوە بەربوونە شار، گەڕەکی کانی عاشقان و هەندێ ماڵی تریان لە گەڕەکەکانی تر تەقاندەوەو. هەموو برینداره‌کانی خەستەخانەیان برد و لە دەشتێکی سەرووی شارەوە زیندە بە چاڵیان کردن، هەروەکو لەو بەڵگەنامەیەدا پێش چاوی ئەخەین. ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە لە چەند خاڵێك پێك هاتووە. کە بڕیارێکە لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بە ئاگاداری عەلی حەسەن مەجید دەرچووە.

١. کوشتنی هاوولاتیە برینداره‌کان دوای سەلماندنیان لەلایەن ڕێکخراوی حیزبی و دایرەی ئەمن و پۆلیس و بنکەی ئیستخباراتی هەڵبجەوە کە دژی دەستەلاتی دەوڵەت هەڵساون.

٢. سوود لە شۆفڵ و بیلدۆزەر وەربگرن بۆ خاپورکردنی گەڕەکی کانی عاشقان.

٣. لە ڕێگەی دەزگای پۆلیس و ئەمن و سوپاوە هەموو کۆبوونەوەیەکی خەڵك چارەسەر بکەن.

٤. لە ئێستەوە هاتوچۆ قەدەغە بکەن تا ئاگادارتان ئەکەینەوە.

٥. هەر ماڵێك ئاگر یا ئیشارەیەکی لێوە دەرچوو بە تانك و بیلدۆزەر بیڕوخێنن.

بڕیارە نامرۆڤانەکەی تاوانبار حەسەن عەلی مەجید جێبەجێ کرا. پاش ئەوەی دوژمن خۆی گرتەوەو بە زەبری ئاگرو ئاسن ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوەو(ئەمن) و(ئیستخبارات) و(جەیش) کەوتنە پەلاماری دڕندانەی خەڵکەکە، بەشی زۆری گەڕەکی کانیعاشقانیان یەختەسار کردو ئەو(١٧)

بریندارەش کە لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە زیندە بە چاڵ دەکرێن کە ساڵێك پاش ئەوە شوانێکی خەڵکی گوندی(باموك) گۆڕستانە دەستە جەمەکەی لە پشت سەربازگەکەی هەڵەبجە دۆزییەوە و تا ئێستەش هەر بێناز لەو شوێنەدا ماونەتەوە.

ناوی ئەو شەهید و بریندارانەی کە لە بەڵگەنامەکەی ئەمندا هاتووە هی رۆژی یەکەمی راپەرینەکەن. بەڵام پاشان دەرکەوت کە ژمارەی شەهید لەوە زیاتر بوون، چونکە لەم شوێنانەدا گۆڕی بە کۆمەڵی تر دۆزرانەوە.

١. نزیك گوندی(بەکراوا)

٢. نزیك بە گوندی(شانەدەری)

٣. نزیك بە سەربازگاکەی شاری(سەیید سادق).

کە بە داخەوە نەزانرا ژمارەی هەموویان گەشتە چەند.

ناوی شەهیدانی ئەم راپەرینە بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (٣٨٥٦) رێکەوتی ١٩٨٧/٥/١٢:

١.	محەمەد عەزیز بارام	٥٠ ساڵ	کرێکار
٢.	سدیق مستەفا مەعروف	٤٠ ساڵ	کاسبکار
٣.	میدیا عوسمان عەلی	٧ ساڵ	قوتابی
٤.	حەمە شەریف حەمە عەلی	٢٥ ساڵ	معاون طبي
٥.	فاتیمە سەعید حەمە کەریم	١٦ ساڵ	قوتابی
٦	حەمزە سلێمان عوسمان	١٥ ساڵ	قوتابی

ئەوانەش کە زیندە بەچاڵ کران بریتی بوون لە:

١.	جەمیلە رەشید محەمەد رەسول	٥٤ ساڵ	ماڵدار
٢.	فەهیمە عەبدوڵڵا قادر	٢٥ ساڵ	ماڵدار
٣.	جەلال فەتاح قادر	٣٠ ساڵ	کاسبکار
٤.	عەبدولڕەحیم رەشید محەمەدئەمین	٤٥ ساڵ	جوتیار

٥.	عیرفان فەتاح مستەفا	٩ ساڵ	قوتابی
٦.	کەژاڵ فەتاح مستەفا	١٩ ساڵ	ماڵدار
٧.	عەلی عەبدوڵلا فەتاح	٤٥ ساڵ	مجێور
٨.	ئیسماعیل عەبدوڵلا قادر	٦ ساڵ	منداڵ
٩.	هادی حەمید فەرەج	٢٧ ساڵ	شوفێر
١٠.	جەمال حەمید فەرەج	٣١ ساڵ	شوفێر
١١.	عوسمان عەلی ئەحمەد	٤٤ ساڵ	کرێکاری دائیرەی کشتوکاڵ
١٢.	عوسمان عەلی کەریم	٥٤ ساڵ	کرێکار
١٣.	فریشتە حەمەئەمین	٢٥ ساڵ	ماڵدار
١٤.	حەسیبە عەبدوڵلا قادر	٨ ساڵ	قوتابی
١٥.	چنوور مەحموود ئەحمەد	١٢ ساڵ	قوتابی
١٦.	زلێخا جەمال عەبدولقادر	٦ ساڵ	منداڵ
١٧.	میدیا جەمال عەبدولقادر	٥ ساڵ	منداڵ

کیمیایی بارزان

ڕژێمی عێراق دەمێك بوو هەڵەبجە بوو بووە تانەی سەرچاوی و لە بیانوویەك دەگەڕا کە دەستی خۆی لێ بوەشێنێ. چونکە ئەم شارە:

١. شارێکی نەبەز بوو هەرگیز ملی بۆ ئەوان نەئەدا و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییە لەوێوە دەستی پێدەکرد.

٢. لە ساڵی ١٩٧٨ بەداوە کە لادێکان ڕاگوێزران و لە ئۆردوگاکانی دەوروبەری شاردا کۆکرانەوە، زۆریان بەپێی پلانی دوژمن بوونە جاش و ئەمانیش زۆربەیان لەژێرەوە پەیوەندییان بە(یەکێتی) و(پارتی) و(سۆشیالیست)ەوە کر ...و، هەندێکی زۆر کەمیان دەستیان لە پێشمەرگە ئەوەشان و کاربەوە

گەشت دوژمن ئەوەندە دڵی پێیان خۆش نەبوو لەم دواییانەدا جاشی ناوچەکانی دیکەی هێنایە ناوچەکەوە بۆ ڕاوە پێشمەرگە.

٣. خەڵکێکی زۆر لەم شارەدا موسڵمان بوون و هەموویان پشتیوانیان لە ڕژێمی ئێران ئەکرد لە کاتێکدا کە عێراق بە دەست شاڵاوەکانی ئێرانەوە گیری خواردبوو.

هەروەها شارەکە کەوتبووە نزیکی سنوورەوە و ئێرانیش لەم دواییانەدا ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر سنوورەکانەوە بەرەو ناو خاکی عێراق ئەهاتە پێشەوە، ئەمە ئەو هۆیە گرنگانە بوو کە ئێران پەلاماری هەڵەبجە بدات.ئێران بەر لە ٨-٩ مانگ بەر لە کارەساتەکە لە ڕێگەی پێشمەرگەکانی یەکێتی‌وە مەفرەزەی پاسداری ئەنارده ناوچەکەو زانیاری تەواویان دەست ئەکەوت. پاشان قەرارگای ڕەمەزان لە کرماشان نەخشەی هەڵەبجە و دەوروبەرەکەیان کێشابوو، ڕۆژانە دەرسیان لەسەر ئەخوێند، دوای ئەوە هەر لەناوچەی کرماشان شوێنێکیان هەڵبژارد کە شێوەی ناوچەی هەڵەبجەی ئەداو لەوێ چەند جارێ مانۆڕیان کرد و تاقییان ئەکردەوە کە چۆن بیگرن. بڕیار بوو یەکێتی نیشتمانیش لە مانۆڕەکەدا لەگەڵیان بەشداربێ، بەڵام بە هەر هۆیەك بوو نەیانکرد.

لە١٠/٣ وە هێزەکان ئامادەکران تا شەوی(١٤/١٥)/٣/١٩٨٨ هێرش دەستی پێکرد. یەکێتی دەستێکی تەواوی لە بەرنامەکەدا هەبوو کە پاشان بە هەڵەیەکی گەورە لەسەری کەوت و ئێستەش ناتوانێ چۆن وەڵامی دەیان پرسیار بداتەوە.

ئەو کاتە سەرکردایەتی یەکێتی لە مەترسی شاڵاوی دوژمندابوو، زۆر پەلەیان بوو بۆ ئەوەی هێرشەکەی هەڵەبجە دەست پێبکات و زەخت لەسەر سەرکردایەتی کەم بێتەوە. واتە هەڵەبجە کرا بە قوربانی ئەو مەسەلەیە.

بەداخەوە لەناو کارەساتەکەدا کارەساتێکی تر ڕوویدا کە دزی کرد بەسەر تەرمی(٥) هەزار کەسدا. ئەم تاوانی دووهەمەش یەخەی یەکێتی ... گرت تا هەموو لایەنەکانی تر.

لە ڕاستیشدا جگە (ح.ش.ع) و (پاسۆك) لایەنەکانی دیکە کەم وزۆر دەستیان لەو کارەساتە ناهەموارەی دووەمدا هەبوو، بە تایبەتی یەکێتی کە گرتنی ناوشاری لەگەڵ پاسداراندا پێ سپێردرابوو، زۆر لە پێشمەرگەکانی کە هەندێکیان پلەی لێپرسراوێتیشیان هەبوو دەستیان چزا بە ئاگری ئەو هەڵە گەورەیەو تەنانەت پارەی (بانك)ەکەش هەر ئەوان لێی بەرپرسیارن. خەڵکی هەڵەبجە بەم کارەساتی دووەمە پتر بریندار بوون تا کارەساتی یەکەم کە شەهید کردنی هاوشاری وخزمەکانیان بوون.

یەکێتی ئەبوایە بیزانیایە کە بەعس ئەو کارەساتە ئەخوڵقێنێ چونکە پێشتر لە ناوچەکانی تر کیمیاوی بارانی دیبوو. وە ئەبوایە دەرکی بنوە بکردایە کە بەعس لە بیانووە بۆ هەڵەبجە و دەست ناپارێزێ.

ئەوەبوو لەکات (١٠:٤٠) دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دوژمن بەوپەڕی بێ وێژدانیەوە کەوتە ناپاڵم وەشاندن و پاشان بە گازی (سیانید، خەردەل، ئەعساب) کەوتە قەلاچۆکردنی خەڵك و سەرەنجامەکەی بە شەهید بوونی(٥) هەزار کەس و برینداربوونی هەزارانی تر تەواو بوو.

ئێمە وەکو خەڵکی هەڵەبجە بەسەر ئەو کارەساتە گەورەیەدا دڵخۆشی خۆمان بەوە ئەدەینەوە کە شەهید کردنی شارەکەمان زیاتر مەزلومیەتی کوردی بە جیهان گەیاندو دوای ئەوە دنیاو بە تایبەتی دەوڵەتە گەورەکان کەوتنە پشتیوانی کردن لە گەلەکەمان و دڵنیاین کە ئەم پشتیوانی کردنە دەستکەوتێکی گەورەی بۆ گەلەکەمان ئەبێت و هەواڵەکان وا پیشان ئەدەن کە

لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، ئەگەر وابێ ئەوا ئێمە شانازی بە شەهیدکردنی شارەکەمانەوە ئەکەین. هەرچەندە شانازی کردن بە شەهیدکردنی(٥) هەزار کەسەوە ئەستەمە، بەڵام مادام ئەبێتە مایەی ئەوەی کە گەلەکەمان رزگار ببێ ئەوا شانازی کردن پێویستە. ئێستەش با گوێ لە دەنگی دنیا بگرین لەسەر هەڵەبجەو مەسەلەی رەوای گەلەکەمان.

دەنگی ئێستگە و رۆژنامەکان

١. ١٩٨٨/٣/٢٢ دێلی تەلەگراف: لە هەڵەبجە هیچ نەمایەوە خانووی داتەپیو نەبێ، ئێستە بەسەر تەختەکەیدا کەوتووە و لە گۆرستانێك ئەچێت گۆڕەکانی دەمیان کرابێتەوە.

٢. ١٩٨٨/٨/٢٣ هەواڵی تەلەفزیۆنی سویسری: زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە کارەساتەکەی هەڵەبجەدا مردن لە ئەنجامی بۆمبارانی کیمیاوی عێراقیدا.

٣. ١٩٨٨/٨/٢٣ لۆمۆنـدی فەرەنسـی(نووسـینی ئازنـارد): بۆمبـارانی کیمیاوی کوردستان-عێراق ئەو قسانەی بەدرۆ ئەخستەوە کە دژی کران.

٤. ١٩٨٨/٣/٢٥ لانوڤێلْ ئـەبرەز ڤتـوری فەرەنسـی: دوا جـار دیکتـاتۆری عێراقی سەدام حسەین ئەیتوانی خۆی لەوە گێل بکات کە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەدا دژی گەلەکەی بەکار هێناوە، ئەمە کارێکە لەمەوبەر کەس لە جیهاندا ئەیکردووە. وە ئێمەی فەرەنسی ئەگەر بەشداری ئەم تاوانە درندە کارانە بین ئەوا چاکتر وایە ئاهەنگی شۆرشی فەرەنسا لەبیر بکەین.

٥. ئێستگەی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیای رۆژئاوا: عـێراق جارێکی تـر چـەکی کیمیاوی بەکارهێنا، ئەمجارەیان گازی سیانیدی ژەهراوی و خـەردەل و گازی

ئەعسابی بە کارهێناوە دژی هاو وڵاتیان، هەموو دنیا لەمەوپێش نمونەی ئەم تاوانەی نەدیووە.

٦. ١٩٨٨/٣/٣٠ بی بی سی. لە پەیامنێری ڕۆژنامەی سنداي تەلەگراف (نورمان کیرکام)ی وەرگرتووە و ئەڵێ: بێگومان کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك کوژراون لە ڕووداوەکەی شاری هەڵەبجەدا وە دڵنیام کە عێراقیەکان بەم کارە هەڵساون.

٧. وە لە هەمان ڕۆژدا هەمان ئێسگە لە بەشی هەواڵەکاندا بڵاوی کردەوە: دەستەیەکی پێك هاتوو لە دکتۆری بەلژیکی و ئەڵمانی کە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانین و شارەزای کیمیاوین، سەلماندیان کە چەکی کیمیاوی دژی دانیشتوان لە هەڵەبجەو دەوروبەریدا بە کار هاتووە.

٨. ١٩٨٨/٣/٢٨ پەیامنێری ڕۆژنامەی ئال جورنال نوسیویە:- ئەو تاوانەی کە ڕژێمی عێراق لە هەڵەبجە پێی هەڵساوە ئەو پەڕی دڕندەیی نیشان ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شوێنی دنیا گەڕام و تاوانم دیوە، بەڵام بە درێژایی تەمەنم تاوانی خوێناوی وەك هەڵەبجەم نەدیوە- وە هەروەها نوسیویە:- شاری هەڵەبجە لە تارمایی شارێکی وێران کراو ئەچێ بە بۆمبی نیۆترۆنی تا ئێستەش بەردەوام هێرشی کیمیاوی عێراقیەکان بۆ سەر گوندە کورد نشینەکان هەیە.

٩. ١٩٨٨/٣/٢٩ میدڵ ئیستای بەریتانی:- هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە گەورەترین تاوانە لە مێژووی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا.

١٠. ڕادیۆ کولۆنیا(ئەڵمانیای ڕۆژئاوا): لەمەوبەر چەکی کیمیاوی بەم شێوە نامرۆڤانە و بەربەریە هەر لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەکارهێنراوە.

١١. ١٩٨٨/٣/٣٠ جون ئەفریکی بەریتانی: دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق لەم ناوچانەدا دۆڕاندی (هەڵەبجە و شارەکانی تر) لە (پارێزگای سلێمانی). بڕیاری بۆمبارانی چەکی کیمیاوی دەرکرد. گازی خنکێنەری ڕژان تەنانەت بە سەر ئەو کەسانەشدا کە بەرەو سنووری ئێران رایان ئەکرد.

١٢. ١٩٨٨/٣/٣١: ئۆل ستریت جورنالی ئەمریکی: هەڵەبجە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوە کە پرۆتۆکۆڵەکان و پەیمانی وڵاتان ڕێگرییان لە ڕژێمێکی وەك ڕژێمی عێراق نەکردووە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە قەدەغە کراوە لە لایەن دەوڵەتانەوە.

١٣. ١٩٨٨/٤/١ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی: شاری هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق کە ئێران داگیری کردو عێراقیش دووجار بۆمبارانی کیمیاوی کرد لە ڕۆژەکانی، ١٦،١٧،١٨/٣/١٩٨٨دا. بۆتە شاری تارماییەکان، گڕی هەڵچووە، ڕوخاوە، کەسێك ڕووی تێکات وا ئەزانێ بەچکە شەیتان داگیری کردووە. پارچەی پرش و بڵاوی تۆپەکان بە دەوری شاردا تاوانەکە ئەسەلمێنن.

١٤. ١٩٨٨/٤/٣ لۆمۆندی فەرەنسی: ئەمڕۆ هەڵەبجە شارێکی چۆڵ و بێ جموجوڵە، جگە لە دوو خێزان و سێ پەك کەوتە کەسی تر لە شاردانەماوە، بریندارەکان بەسەر شەقامەکاندا کەوتوون. دەرگای دوکانەکان هەڵکەنراون یاخود بە پارچە کون کون بوون.

ناتوانرێ ژمارەی کوژراوەکانی بە ڕاستی دیاری بکرێن. بەڵام بە پێی ئاماری ئێران شەش هەزار کوژراو و هەر ئەوەندەش بریندار هەیە. ئەوانەشی کە ڕزگاریان بووە شاریان چۆڵ کردووە و هەڵهاتوون.

١٥. ١٩٨٨/٤/٤، گۆڤاری تایمی ئەمریکی. ژمارە(١٤) لە وتارێکدا بە ناونیشانی(مەرگێکی کوتوپڕ لە هەورەوە) نوسیویە:

ئەم تاوانە زۆرترین تابلۆیە کە ویژدان ئەبزوێنێ وە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ کارەساتەکانی تری شەڕی نێوان ئێران-عێراقدا لە هەموویان پتر ویژدان ئەبزوێنێ، لاشە لە هەموو شوێنێکی شاردا کەوتووە.

١٦. گۆڤاری تایمزی مالی: هێرشی کیمیاوی بە شێوەیەکی بەربلاو بۆ سەر ناوچە کوردنیشنەکان لە سەرووی عێراقدا بە لاپەڕەیەکی نوێ دائەنرێ لە مێژووی دڕندایەتی ڕژێمی عێراق.

١٧. ١٩٨٨/٤/٥ ڕۆژنامەی لسوری بەلژیکی: پێویستە ڕژێمی عێراق لە سێدارە بدرێت بەرامبەر بەو تاوانە گەورەی لە هەڵەبجەدا کردی بە چەکی کیمیاوی.

١٨. گۆڤاری جون ئەفریکی فەرەنسی: لەسەر بەرگی یەکەمیدا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بڵاوکردۆتەوە و لەژێریا نوسیویە:- (پەیامنێری تایبەتیمان"فرانسوا سودان" ڕووی کردە شاری هەڵەبجەی عێراق کە فرۆکەکانی سەدام حسەین گازی ژەهراوی یان پێداکردووە).

وە هەروەها ناونیشانێکی تری بڵاوکردۆتەوە(شەڕی کیمیاوی... ترسم بینی). وە لە لاپەڕە(٢٢) دا بە ناویشانی (کۆچی ترس) فرانسوا سودان نوسیویە:-

عێراقیەکان بە بۆمبی کیمیاوی داویانە لە هەڵەبجە و عەنەب و دوجەیلە، بەمەش هەنگاوێکیان لەڕێی بەربەریدا بەرەو پێشەوە ناوە.

پێش ئەمان ئەڵمانیەکان بە چاندنی مەرگ لە شەڕی یەکەمی جیهاندا هەنگاوی بەو شێوەیان ناوە.

وه ئەڵێ ئەمانیش هەروەك نازیەكان گازیان بەكار هاورد، ئەگەر سوپای سەدام حسەین لەمەوبەر ئەو چەكەی وەرگرتبێ ئەوا بۆ یەكەم جار لە مێژوودا بەو شێوە بۆگەنە بەكاری هێنا دژی هاولاّتیان.

پاشان ئەڵێ: كوژراوەكانی هەڵەبجە ئەو هاونیشتمانیانەن كە دەوڵەت ئەیەوێ لەسەر نەخشە بیان سڕێتەوە. وە ئێمە سەرمان سوڕ ماوەو نامۆ بووین لەوەی كە بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لە لایەن دەوڵەتەكانەوە كاردانەوەی كەمی هەبوو.

وە لە وتاری دووەمدا بەناونیشانی "ترسم بینی" نوسیویە:- بەهار لە چیاكانی كوردا جەژنێكی پرشنگدارە، ئەم گەلە ئەیەوێ یەكەم لە دایكبوونی گوڵە سروشتیەكانی ولاّتەكەی ببینێ.

بەلاّم لەم ڕۆژی شەممەیەدا (٢٠)ی ئازار، ژیان لە هەمووشوێنێكدا تێكچووە لەژێر سكی هەلیكۆپتەرێكدا كە مەرگی هەڵگرتووە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا چیاكانی كورد بۆنی گازی كیمیاوییان لێ دێ، شاری هەڵەبجەی كوردستانی عێراق لەژێر بوركاندا دیمەنی هیرۆشیما و ناكازاكی ئەنوێنێ. هەڵەبجە شارێكە ژمارەی دانیشتوانی(٦٨) هەزار كەس بووە، یەك كەس لەمانە نەگەڕایەوە خۆری پرشنگدار ببینێ. شاری مەرگ... مێژوو ناوی میراجی(F.I) عێراقی تۆمار ئەكات كە لەلایەن ڕۆژئاواوە پێی دراوە ژەهر بەسەر هەڵەبجەدا بڕژێنێ كاتێ كە منداڵەكان یاری ئەكەن.

١٩. ئێسگەی ڕادیۆی بەلژیك. تاوانی هەڵەبجە كە ڕژێمی عێراق پێی هەڵسا بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی سەر لە نوێ گازی نازیەكان دێنێتەوەپێش چاو.

٢٠. ١٩٨٨/٤/٨ گۆڤاری ئەکسپریس: ئەو بەڵگانەی لە هەڵەبجە وەرگیراوە ئەوە ئەسەلمێنن کە عێراق بۆمبارانی کوردستانی بە گاز کردووە.

٢١. تەلەفزیۆنی فنلەندی لە(١٩٨٨/٥/٢٥) بڵاوی کردەوە:

ئەو بەڵگە زۆرانەی کە دەستمان کەوتوون ئەیسلمێنن کە حکومەتی عێراق درۆ ئەکات وە ئەمە یەکەم جاری نیە کە چەکی کیمیاوی بەکار دێنێ.

٢٢. رۆژنامەی بروتی ئەسینای یۆنانی:

ئەوەی ئێستە لە کوردستانی عێراقدا روو ئەدات لە هەموو سنووری تاوانەکان تێئەپەڕێ.

٢٣. ١٩٨٨/٣/٢٨ رۆژنامەی کوریرا دیلاسرای بەریتانی:

پاشماوەی کیمیاوی کە بە لاشەی مردوەکانەوە ماوەتەوە ئەیسلەمێنن کە خەڵکی هەڵەبجە بە گازی "وای بریت وسیانید" مردوون.

٢٤. گۆڤاری لیبراتونی فەرەنسی:

رژێمی بەعسی بەغدادی دانی بەوەدا ناکە پەنای بردوەتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەوەش بووە مایەی لە ناوبردنی هەزاران کورد.

٢٥. ١٩٨٨/٤/١٧ نوڤیل ئەبرزڤاتوری فەرەنسی

پێش ٦١ ساڵ لەمەوبەر دەوڵەتەکان بڕیاریان دا کە لە شەڕدا گازی ژەهراوی بەکار نەبرێ. کەچی وا ئێستە دیکتاتۆری عێراقی پێی نا بەسەر ئەو بڕیارەدا.

٢٦. ١٩٨٨/٤/٢١ ماگیار نیم زیتی هەنگاری ئۆرگانی بەرەی نیشتمانی لە وتارێکدا بە ناونیشانی "مەرگ لە هەڵەبجەدا" نوسیویە:

پەیام نێرەکان ژان و ئازاری خەڵك بە چاو ئەبینن. هیچ وشەیەکیان بۆ نادۆزێتەوە کە ئەو ناڕەحەتیەی پێ بنوسن. سەدان لاشە لەسەر شەقامەکانی هەڵەبجە کەوتوون.

دەنگی ناڕەزایی

١. ١٩٨٨/٣/٢٣ کۆمەڵـەی مـافی مـرۆڤ لـە فەرەنسـا بـەیان نامەیـەکی دەرکرد تێیدا ئەڵێ:

کۆمەڵـەی مـافی مـرۆڤ دژی ئـەو تاوانـە ئەوەسـتێ کـە بەرامبـەر بـە مـافی مرۆڤایـەتی کـراوە لەلایـەن ڕژێمـی عێراقیـەوە دژی هاونیشتمانیە کوردەکـان کـە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویە. کە ئەوەش بووە مایەی شەهید کردنـی هـەزاران مرۆڤ لە شاری هەڵەبجەدا کە ئێستە بۆتە گرنیکای کوردی.

٢. ١٩٨٨/٣/٢٣ لیژنـەی فەرەنسی بـۆ بـەرەنگاری سـتەم لـە عـێراقدا. هـەموو جیهان ئەوەی بۆ دەرکەوت کە سـوپای عـێراق بۆمبـارانی کیمیـاوی و گـازی خـەردەل و سـیانیدی کـردووە لـە شـاری هەڵەبجەو دەوروبەریدا لـە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ کـە ئـەوەش بـووە مایـەی شـەهید بوونـی هـەزاران خـەڵکی هاونیشتمانی وە بریندار بوونـی هـەزاران کەسـی تـر وە هـەروەها بەسـەر شـەش گوندی کوردستانی ئێراندا چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە.

ڕژێمـی عێراقی تاوانبـار بـەم کەرەسـانە هـێرش ئـەکات. وە لەمـەو بـەریش چەکی کیمیاوی دژی ئێران بەکارهێناوە. گەلە یەکگرتووەکان دووجار ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەو جۆرە شەڕو کوشتنی بە کۆمەڵ دژی گەلی کورد لە عێراقدا. ساڵی ١٩٨٧ دەیان گوندی کوردی لـە کوردسـتانی عێراق دا بۆمباران کـران بە چـەکی کیمیـاوی کـە بـووە هـۆی شـەهید بوونـی سـەدان هـاوولاتی . لیژنـەی فەرەنسـی بۆ بـەرنگاری ستەم لـە عێراقدا بـە تونـدی دژی ئـەم هـەنگاوە تاوانکاری و بەربەریە ئەوەستێ کە ڕژێمی عێراق پێی هەڵئەستێ، وە نـاڕەزایی خۆی دەرئەبڕێ بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا.

داوا له ڕای گشتی فەرەنسا دەکەین بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی کوشتنی بە کۆمەڵ لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە.

٣. ١٩٨٨/٣/٢٥ لێپرسراوی شاری ناکازاکی ژاپۆنی دژی ئەو تاوانە دەنگی ناڕەزایی دەربڕی کە تاغوتی عێراقی لە شاری هەڵەبجەو دەوربەریدا پێی هەڵسا.

(من و هەموو دانیشتوانی ناکازاکی خەم وخەفەتی گەورەی خۆمان دەر ئەبڕین کاتێ کە گوێمان لە هەواڵی بۆمبابارانی کیمیاوی بوو، هەموو بە توندی دژی ئەو کارە ئەوەستین.

٤. ١٩٨٨/٣/٢٧ دکتۆر"دی ملیانۆ" ئەندامی دەستەی پزیشکی گەڕۆک- سەربە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی کە دیدەنی شاری هەڵەبجەی کرد ئەڵێ:

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە مانای پشتگوێ خستنی بڕیاری دەوڵەتەکان ئەدات. وە ئەوە ئەسەلمێنێ کە هەوڵی تەواو کاریگەر نەدراوە بۆ بەکار نەهێنانی ئەم چەکە کوشندەیە.

٥. ١٩٨٨/٣/٢٨ پرۆفیسۆر"هاندرێکس" ی بەلژیکی شارەزای ژەهرو لێپرسراوی ڕێکخراوی "یۆیندوی" کە سەردانی هەڵەبجەی کرد و بریندارەکانی کیمیاوی بینی. ئەڵێ:

لەم دواییەدا پاش ئەوەی کارەساتەکە ڕوویدا جیهان لەخەو ڕاپەڕی، هەندێکیان دەستیان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین لەگەڵ ئەوەشدا چوار ساڵ پێش ئێستا ئێمە جیهانمان ئاگادار کرد کە ڕژێمی عێراقی خەریکی بەرهەم هێنانی گازی تێکەڵی خەردەل و بارانی زەردە. وە خەریکی بەرهەم هێنانی گازێکی ترە

لەو دوو تێکەڵە لەگەڵ سیانید بە درێژایی ئەم سێ ساڵەی دوایی. بێگومان شەیتان بێز لە گیانی ئەوانە ئەکاتەوە کە ئەم چەکە شەیتانیە بەرهەم دێنێ.

بەهەموو دڵنیاییەکەوە ئەڵێم کە فرۆکەیەکی(میك)ی عێراقیم بینی بۆمبی کیمیاوی ئەخستە خوارەوەو بە خەتێکی رۆشن لێی نوسرابوو. (ئیسپانیا دروستی ئەکات- بەڵام عێراقیەکان پڕی ئەکەن لە مەوادی ژەهراوی).

٦. ١٩٨٨/٣/٢٩ یەکێتی گشتی سەندیکای کرێکارانی فەرەنسا، هاوکار لەگەڵ کۆمیتەی هەڵەبجە لە پاریس نامەیەکی ئاراستە کردو تێیدا نوسیویە:

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلی کورد بە توندی تاوانبار ئەکەین. ئەو کارەی دەوڵەتی عێراق پێی هەڵساوە کارێکی هەمەجی و بێزلێکراوە . هەموو بەڵگەکان ئەو دەسەلمێنن کە چەکی کیمیایی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەکار هاتووەو هەزاران کەسی پێ لە ناو چووە.... ئەم کارە کارێکی دڕندانەیە داوادەکەین لەسەر ئەم ڕووداوە لێکۆڵینەوە بکرێ و ئەو پەیوەندیو هاوکاری یە بخرێتە ڕوو کە دەوڵەتی فەرەنسا پێشکەش بە دەوڵەتی عێراقی ئەکات بۆ دروست کردنی چەکی کیمیاویو بەکار هێنانی دژی گەلی کورد.

٧- ١٩٨٨/٣/٣٠ دەستەیە پزیشکی گەڕۆك کە سەر بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاتنە دیدەنی ناوچەکەو لەسەر بریندارەکانی شاری هەڵەبجە ئەمەیان تۆمار کرد.

"شاری هەڵەبجە و لادێکانی نزیکی سلێمانی بۆمباران کراوە زۆر کەس کە خەریکی کاروباری ڕۆژانەی ژیانیان بوون یا لە کاتی ڕاکردندا بوون لە ناوچەکە ژیانیان لەدەست داوەو... مردون. ئەوەی لەسەر لاشەی مردووەکان دیارە لە پاشماوەی گازی ژەهراوی ئەچێت بە تایبەتی سیانید"

٨- ١٩٨٨/٤/٤ لێپرسـراوانی ئـەمریکا دژی دەوڵـەتی عـێراق وەسـتان بەرامبەر بەو کارە ناڕەوایەی کە پیی هەڵسا." مارلین لیتزاوتەر" قسە بێژی ڕەسمی کۆشکی سپی بە (کارێکی ترسناك و بێ شەرمانە)ی داوەتە قەڵەم.

وەزارەتی دەرەوەش لەو ڕووەوە عێراقی تاوانبار کرد کە بڕیاری پرۆتۆکۆلی ژنێڤی ١٩٢٥ی پێشێل کردووە، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یە.

٩- ١٩٨٨/٤/٥ زۆرترین دەنگی کۆنگرێسی ئەمریکی ناڕەزاییان بەرامبەر بە عێراق دەربڕی لەسەر بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەو ناوچە کوردنشینەکانی تردا. ئەندامانی دەوڵەتی ئەمریکا داوایان کرد کە سزا دانی ئابووری لەسەر دەوڵەتی عێراق پێویست بکرێ.

وە هەروەها سکرتێری گشتی گەلە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا " خافیر دیکۆیلار" ناڕەزایی بەرامبەر بە عێراق دەربڕی لە سەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەو ناوچە کوردنشینەکانی تردا، وە داوای لە عێراق کرد کە ڕێگە بدات " هەیئەی دەوڵەتەکان " بچنە عێراق و لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکەن".

١٠- ١٩٨٨/٤/١٣ پەرلەمانی ئەورووپی پێشنیارێکی دەرکرد بۆ پرۆژەیەکی گشتی کە لە لایەن ئەم کۆمەڵانەوە مۆر کرا.

١- کۆمەڵەی گەلانی ئەورووپا
٢- کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان
٣- کۆمەڵەی لیبرال - دیموکرات- ڕیفۆرمیستەکان
٤- کۆمەڵەی کۆڕی دیموکراتی ئەورووپی
٥- کۆمەڵەی پەلکە زێرینە

ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شەڕی عێراق – ئێراندا.

وە داوایـان کـرد کـە شـەڕ بوەستێ و ناڕەزاییـان بەرامبـەر عێراق دەربـڕی لەسەر بەکارهێنانی ئەو چەکە بە تایبەتی دژی کوردستان و(شاری هەڵەبجە بە تایبەتی) وە هەروەها ناڕەزایی‌یان دەربڕی لەسەر بەکۆمەڵ خنکاندنی کوردو هێرشی ڕاگواستنی بە کۆمەڵی گوندەکان.

١١- ١٩٨٨/٥/١٦ سـەرۆکی گشـتی نوێنـەری بـەریتانی "بــەرنارد وەدرال" وتـی: بەریتانیا بە شێوەیەکی گشتی دژایەتی بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـاوی ئەکات لە شەڕدا، نوێنـەری هـەموو حیزبـەکانی بـەریتانیا ناڕەزایی‌یـان ئەربڕی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەو گوندە کوردنشینەکاندا.

١٢-١٩٨٨/٤/٧ وڵاتی سویسرا دەستەیە پزیشکی نارد بۆ چارەسەرکردنی برینــدارە کوردوکــان کــە لــە خەســتەخانەکانی ئــێراندا کـــەوتوون وە هەروەها(١١٠٠) کغم دەرمان و کەرەسەی پزیشکی پێشکەش کرد.

١٣- ١٩٨٨/٣/٢٠-١٩٨٨/٤/٩ هەندێ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بڕیاریان دا. بریندارەکانی هەڵەبجە وەربگرن. ئەو دەوڵەتانەش بریتی بوون لە :

١- ئەمریکا	٢- بەریتانیا	٣- کەنەدا
٤- ئەڵمانیای ڕۆژئاوا	٥- سویسرا	٦ نەرویژ
٧- یابان	٨- ئیسرائیل	

* * *

هــەروەها ژمارەیــەکی زۆر لــە گۆڤــارو ڕۆژنامــەکانی وڵاتــانی تــر دەنگــی ناڕەزاییان دژی کارە ناڕەواو مەرگ بارانەکەی ڕژێمی چەپەڵی عێراق هەڵبڕی

هەریەکەیان بە پێی پێویست هەوڵیان دا وتارو لێکۆڵینەوەیان تۆمار کرد. کە هەر هەموویان دەنگی مرۆڤایەتین و بەرگری لە ماف و ڕاستی ئەکەن.

هەرچەندە هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە لە ژێر سێبەریاندا دەرئەچێت هاوکاری صەدام بوون لەم کارەیدا بەلآم نەیانتوانی دەنگی بە سۆزی ئەو مرۆڤە مرۆڤ دۆستانەی وڵاتەکەیان کپ بکەنەوە و نەیەڵن لەسەر ڕووداوە خوێناویەکەی هەڵەبجە قسە بکەن هەروەك خۆیان قسەیان نەکرد.

ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەش بریتی بوون لە:

١- صەباحی تورکی ١٩٨٨/٣/٢٣

٢- ملی گازیتەی تورکی ١٩٨٨/٣/٣١

٣- گیۆنیشی تورکی ١٩٨٨/٤/١٥

٤- گۆڤاری (الغرباء) کە موسڵمانە ئاوارەکان لەبەریتانیا دەری ئەکەن.

٥-المجاهدون ی ئەفغانی . ژمارە (١١و ١٢)نیسانی ١٩٨٨

٦-The Muslim ی پاکستانی . ژ.(٨) نیسانی ١٩٨٨

٧-لواء الاسلام ی مصری ١٩٨٨/٤/١٧

٨-اخبار العالم الاسلامی ١٩٨٨/٤/١٨

٩- النوری مەغریبی ٥/١ - ١٩٨٨/٥/١٥

١٠-تکبیری پاکستانی ژ(٩) حوزەیرانی١٩٨٨

١١- ترجمان حق ی پاکستان ٥/١٥- ١٩٨٨/٥/٣٠

١٢- صوت الجهاد الاسلامی ژ.(٢٢)حوزەیرانی ١٩٨٨

١٣- مسرمەی تایلەندی ١٩٨٨/٨/١٠

١٤- دەنگی موسڵمانانی جیهان

١- ١٩٨٨/٥/١٥ بەڕێز شێخ ئەبو عەمار زاهید ئەلڕاشدی" سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام لە پاکستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تەرجمانی ئیسلام" نامەیەکی بۆ مامۆستا مەلا عوسمان ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق نوسیوەو تێیدا ئەڵێ:

زۆرمان پێ ناخۆش بوو کە بیستمان هەزاران ڕۆڵەی کوردستان شەهیدو بریندار بوون بە دەستی ڕژێمی بەعسی گومڕا لە بەغداد ، لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا هاوبەشی خەمتان ئەکەین و دەنگمان ئەدەینە پاڵ دەنگتان بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەتی عێراق چونکە هیچ نرخێ بۆ مرۆڤایەتی دانانێ. وە تەنیا ڕێگەیەك بۆ کاردانەوەی ئەم دەست درێژیە ستەمکارانە تێکۆشانی چەکدارانەیە کە دەستتان داوەتێ.

٢- ١٩٨٨/٦/١٤ بەڕێز عەبدوڵلا عەزام " سەرکردەیەکی فەلەستینیو خەباتکار لە ئەفغانستان " لە نامەیەکدا بۆ مامۆستا مەلا عوسمان نوسیووە:

ئەو خوێنەی لە هەڵەبجە ڕژا چەند دێڕێکە لە داستانی ئەم ئایینە . وەچەند بزمارێکە بە تابووتی زۆردارانەوە.

(شایانی باسە شێخ عەبدوڵلا لە ساڵی ١٩٧١دا فتوای گومڕایی بەعسی دەرکرد)

٣- ١٥-١٩٨٨/٧/٣٠ لواء الاسلام : ئۆرگانی "اخوان المسلمين" لە مصر. لە ژێر ناونیشانی (پێش ئەوەی خوێنی هەڵەبجە وشك بێتەوە) نووسیویە: کوشتاری هەڵەبجە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا نموونەی نەبووە. وە ئەڵێ : بێ دەنگ بوونی موسڵمانان لەسەر ئەم کارەساتە خوێناویە کەوتنە خوارەوەیە بۆ ناو بیری ئەنگ و شورەیی.

٤- ١٩٨٨/٤/٩ بەڕێز حیکمەت یار"سەرکردەی حیزبی ئیسلامی ئەفغانی" لە نامەیەکدا بۆ مامۆستا مەلا عوسمانی نووسیوە:-

ئەم تاوانە موژدەی لەناو چوونی ئەوانە ئەدا کەپێی هەڵساون.

٥- ١٩٨٨/٤/١٢ بەڕێز (فضل الرحمن) خەلیل شەمیر (بزوتنەوەی موجاهیدینی پاکستان) لەنامەیەکدا بۆ مامۆستا مەلا عوسمانی نوسیوە:

خۆم بە بەختیار ئەزانم بە ناوی بزوتنەوەی موجاهیدینەوە بەشداری، ئەم خەمە گەورەیەتان بکەم.

بەیاننامەیەکی گرنگ

بۆ بەڕێز جیفیری هاو.   وەزیری دەرەوە.

لەقوڵایی دڵمانەوە ناڕەزایی توند بەرامبەر عێراق دەردەبڕین لەمەڕ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بەهاوولاتیە کوردەکان. لەوەتەی ئەم چەکە لەیەکەمین شەڕی جیهانیەوە بۆ یەکەم جار بەکار هێنراوە، گەلی بەریتانیا ڕقی لێ دەبێتەوە ئەو کاتە تەنیا لەدژی جەنگاوەرەکان بەکار دەهێنرا...

بەڵام ئێستا لەدژی هاوولاتیان بەکاردەهێنرێ بەمەبەستی کوشتنی ژن و منالْ لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند.

بەریتانیا بەردەوام بۆ نەهێشتنی دروست کردن و کەڵەکە کردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەسەر ئاستی هەموو دنیا دا ڕۆڵێکی پێشڕەوانەی هەبووە.

دوای بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە لە مانگی ئاداردا بۆ کوشتن وقەلاچۆ کردنی دانیشتوانی هەڵەبجە (هەر چەندە عێراق یەکێکە لەمۆرکەرانی ڕێکەوتننامەی جنێڤی ١٩٢٥) حکومەتی شاژن پشتگیری تەواوی خۆی لەبڕیاری ٦٢٠ی نەتەوەیەکگرتومکان دەربڕی وداوای کرد بە وردی لەمەڕ

بەکارهێنانی کیمیاوی بکۆڵرێتەوە و گەر سەلمێندرا سزای ئەوانە بدرێ کە بەکاریان هێناوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە هێندێک لە سەرۆکەکانی دنیا ناڕەزاییان بەرامبەر بەعێراق دەبڕی، بەڵام دوای کارەساتی هەڵەبجەش لە سەر بەکارهێنانی ئەو چەکە بەردەوام بوو. بەهۆی ئەو بەڵگە بڕواپێکراوانەوە کە دەست کەوتوون ئەوەتان بۆ ڕوون بوەوە.

ئێستا عێراق چەکێکی زۆری کیمیاوی هەیە و کوردیشی زۆرتێدا ماوە، بۆیە بڕوامان وایە ناڕەزایی دەربڕینی سیاسیە بەڕێزەکان نابێتە هۆی واز هێنانی عێراق لە ڕیشەکێش کردنی کوردەکان.

دنیا چاوەڕێی هەنگاوێکی ئەخلاقیانەیە. بێگومان کە (دە)دەوڵەتەکە، یان ئەو دەوڵەتانەی کەچەکی کیمیاویان هەیە، لە نزیکەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن ئاخۆ بەکار هێنانی ئەو چەکە لە سەر ئاستی دەولیدا چ ئەنجامێکی دەبێ. ئاخۆ بەکارهێنانی لە دژی کەمەنەتەوەئاینیەکاندا ئەنجامێکی ترسناکی لێدەبێتەوە یان کار دانەوەکە سەرەنجام بەناڕەزاییەکی تەقلیدی تەواو دەبێ؟؟ کە زۆر ناخایەنێ. بۆیە پێویستە بە خۆشیەوە پێشوازی ئەو بڕیارەی کۆنگرێسی ئەمریکی بکرێ کە داوای سزادانی ئابوری عێراق دەکا.

بڕوامان وایە، ئەو دەوڵەتەی پێشوازی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان نەکا، وەک شتێکی بەڵگەنەویست دانی ناوە بە تاوانەکەو پێویست بەوە دەکا دەسبەجێ سزای ئابوری بدرێ، وە ئەگەر حکومەتەکانی تر ئەوەیان نەکرد، ناکرێ بەشتێکی ئەخلاقی بزانرێ، وە ئەگەر حکومەتی بەریتانیا پەیوەندی ئابوری لەگەڵ عێراق دا بەردەوام بێ پاکانەی بۆ ناکرێ.

بۆیە داواتان لێدەکەین کەمەسەلەی ئەو سزادانە بخەنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش.

هیواداریـن وبڕواشمان وایە کەئێوە لە هەوڵدان درێغیی نەکەن بۆ ڕزگار کردنی گەلی کورد لە لەناوچون.

١. ئیفری
٢. کلیبراکن.
٣. دافید ستیل (ئەندامی پەرلەمان)
٤. تریفر هدلسن (قەشە)
٥. مالکۆلم هاریر(کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان)

پاکانە بۆ منداڵانی کوردستان

نوسینی: هادی ئەلعەلەوی

هەرگیز عەقڵ قبوڵی ناکات ئەم ڕوبارە گەورەیەی خوێن بەردەوام هەڵ بقوڵێت و کەسێ نەبێ هەوڵ بدا بیوەستێنێ. نەبێ ئەم خوێن خوارە چەند شەیدای کوشتن وبڕین بێ تا نەتوانێ بێ بوونی ئەم ڕوبارە هەناسە بدات؟

دەسەڵات هیچ واتایەکی دیکەی پێنابەخشێ بێجگە لە ڕەشە کوژی بێ سنوور وبێ ئامانج و بێ هۆ.

هەر پیاو کوژێکی ڕاهاتووی نەخۆشی چاوچنۆك، جارجار هەڵوەستەیەکی دەوێت تا لەگەڵ خۆیدا قسان بکات، بەڵکو پرسیارێ لەبارەی قوربانیەکانەوە لەخۆی بکات وبڵێ (ئاخۆ هەڵبژاردنەکەی لەجێگەی خۆیدا بووە یان نە؟)

بەڵام ئەم مرۆڤ کوژە پشوودانی ناوێ ، نایەوێ بحەسێتەوە و ئەم پرسیارە لە خۆی بکات. چەسپینی دەسەڵاتی فەرمانڕوایانی جیهانی سێیەم کوشتن و

برینیکی زۆری ئەوێ، خۆ ئەویش هێندەی کوشتووە بەشی ئەوەی بکات(٢٠) ساڵی تەواو دەسەلاتی خۆی بچەسپێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەرداری یاری مەرگ نابێ و دەسەلات لای ئەو یەك مانا دەبەخشێ. ڕوباری خوێن نابێ بوەستێ پچڕانی ئەم ڕوبارە دەسەلاتەکەی لەناو دەبات. لەماوەی نێوان سالانی ١٩٦٨-١٩٨٠ دا نزیکەی (٢٠) هەزار کەسی ژێر دەسەلاتی خۆی لە ناو بردوە، زۆربەیانی کردۆتە خۆراکی جۆرەکانی سزادان وتەنانەت کەسە نزیکەکانی خۆی نەبواردوە. خەلکی دەلێن نازم گزاری (بەڕێوەبەری ئەمنی عام)ی بەمشار داتاشیوە، هەر لەبەرئەوەی زاتی کردوە لە دادگایەکدا ڕووبەڕووی وەستاوە. هەروەها محەممەد عایشی (وەزیری پیشەسازی) لە قازانێکی مسدا کولاندوە ئەمیش هەر لەبەر ئەوەی لەدادگایەکدا قسەی نە قسەیداکردوە.

خەیالی گەلان هەرگیز داستانی بەم جۆرە لە هەوادا هەلنابەستێ. کاتێ خەلکیی پشتاو پشت ئەم داستانانە بۆ یەکتر نەگێڕنەوە پشت بەزەمینەی بابەتیی دەبەستن و زۆربەی ڕوداوەکانی سەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێش لەم چیرۆکانەوە سەرچاوە هەلدەگرن.

ملیۆنێك ئێرانی لە ناو برد، لە شەڕێکدا کە بە خوێنی نیو ملیۆن کەس لە سوپاکەی تەواو بوو، زۆربەیان بە تاوانی کەمتەرخەمی و ترسنۆکی و ڕاکردنەوە بە دەستی هێزی تایبەتی کوژران . لە پشت بەرەکانی شەڕدا تیر باران کراون.

ئەمڕۆ، کاتێ بەرەکانی شەڕی ئێران بێ دەنگ بووە ، فەیلەقەکانی سوپای عێراق بە هەمان چڕی و ئامادەیی و چەك و تفاق و شێوازی شەڕکردنەوە ، ڕوونەکەنە کوردستان تا لاف و گەزافی لایەنگرانی پشتگیری کردن لە ولات

ڕەت کەنەوەو ئەو ڕاستیە بسەلمێنن کە پێشڕەوی سوپای عێراق لەم ناوچەیە بە هۆی وورەی بەرزی سەربازەکانیەوە نیە. ئەوەتا سوپای عێراق وەکو دڕندە بەربۆتە گیانی دانیشتوانی کوردستان، پێم دەگوتن ئەم سوپایە هەر کاتێ فەرمانی هێرش بردنە سەر ماڵ و سامانی ئێوەی پێ بدرێ بەهەمان جۆر نەجوڵێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی دوایی خەیاڵی مرۆڤ دەبەزێنن و جێگای لە ناو هیچ فەرهەنگێکدا نابێتەوە. نارەحەت قسەم بۆ دێ ؛ بە شوێن وشەو زاراوەی لە باردا نەگەڕێم و دەستم ناکەوێ. باوەڕ بکەن زۆر گەڕام بەڵکو شتێ بدۆزمەوە. ببێتە یارمەتی دەرم بۆ وەسفی ڕوداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی – عێراق.

بەڵام زمان لە حەنایدا لاڵ بوو. دەنگوباس و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی گەلان و هەندێ حکومەتی ئەوروپا مرۆڤ سەرسام دەکەن. کەچی نەیانتوانی بچنە بنج و بناوانی ئەم شتە سەیرە.

سەربازەکانی عێراق وا لەم کاتەدا بەسەر سنوری تورکیادا ڕەت ئەبن تاکو بە ئاگری چەکە کوشندەکانیان خێوەتگای پەنا بەرە کوردەکان گرەدەن ؛ کێ لەمەو پێش شتی وای بیستوە، بە پێی یاساو نەریتی دەوڵەتان هەر کاتێ پەنابەران لە سنووری وڵاتی خۆیان دەرچن ئیتر لە ژیانی خۆیان ئاسودەدەبن. بەڵام ڕاونانی پەنابەرانی ناو خێوەتگاکانی ئەو دیو سنوری وڵاتی خۆیان بە مەبەستی قڕو قەلاچۆ کردنیان تەنها لە سوپاکەی ئێمە و سەرکردەکەی دەوەشێتەوە. تورکیا بەز هەموو خوێن مژی و دەست درێژکاریەوە بۆ سەر گەلی تورك و گەلانی ژێر دەست ، ئەمڕۆ بۆتە ساباتی پەناگای ئەم دەربەدەرانە. ئەگەر ترسنۆکی سوپای عێراق و مەترسی تورکیا نەبوایە ئێستە دەمێك بوو خێوەتگای کوردەکان بە دانیشتوانیەوە لەگەڵ زەوی تەخت کرا بوون.

-

ڕێکخراوی لێبوردنی گەلان لە دەقی هەڵوێستێکی نا ئاسایی‌دا سنوری بێ لایەنی زمانی ئینگلیزی خۆی شکاندو ڕایگەیاند کە سەربازانی عێراق پەلاماری گوندە کوردنشینەکان ئەدەن تا ئەخشەی لە ناوبردنی گشتی کوردەکان ئەنجام بدەن.

ئەم گوندە خنجیلانە ساکارو دورکەوتوانەی نێو پەنا و پەسێوی دۆڵ و چیا سەرکەشەکانی کوردستان، هەمیشە چاوگەی شیرو ماست و پەنیرو هەنگوینی عێراقییەکان بوون و بەبانگەوازی (کاکە) پێشوازی لێ کردوون کە نیشانەی پاراستن و مسۆگەرکردنی گیان و ماڵ و سامان و ناموسی ئەو کەسەیە پەنای بردۆتە بەر ئەم شوێنە. گەلی کورد لە ترۆپکی چیا سەرکەشەکانی دەکات و لە چاکە بەو لاوە هیچی تری لێ چاوەڕوان ناکرێ. تەنانەت دزو جەردەو ڕێگرەکانیشیان لە شارستانیترین سوپای هاو چەرخ ڕەوشت بەرزترن.

سەربازی عێراق (ئەم گوندە) بە پۆستاڵ و گازی ژەهراوی دەسڕێتەوە. دواییش منداڵ و دایک و داپیران کۆدەکاتەوە تا بە دیمەنی خەوتنی قوربانی بونیان لە ژێر لولەی چەکەکانیاندا شادبێ . سەرباز بێ پەشیمان بوونەوەو دوو دڵی ئەو دەورەی بینی، فڕۆکەوان لە خۆی نەپرسی ئاخۆ بۆمبە کیمیاویەکانی بە سەرسەری کێدا دەبارێنێ ، بیری نەکردەوە خۆی وفڕۆکەکەی لە ولأتێکی تر دابەزێ تاکو ناسنامەی مرۆڤ بە دەست بێنێ و ڕاستی ڕوداوەکانی ئەم ولأتە سەیرە بە جیهان ڕابگەیەنێ.

نەخێر هەرگیز. دڵنیام دوای ئەوەی بۆمبەکانی تەقاندوەتە زۆری نوستنی کوردەکان ، لای خێزان یا لای دەزگیرانەکەی بە شان و باڵی قارەمانێتی ئەو ڕۆژەی خۆیدا هەڵدەدات . (ئێمە ڕۆڵەی گوندێکین و یەکتری دەناسین).

ئەی ئەو کۆرپە ساوایەی لە گوندە خنجیلانەکەت ، لە ناو جێگادا یا لە کاتی یاری کردندا بویتە قوربانی گازی ژەهراوی. بەڵێنت پێ دەدەم لە یادی سوپاکانی چەرخی بەردیندا خۆ هەڵنەقورتێنم و هەرگیز دەست نەخەمە ناو دەستی ڕژێمی چەرخی بەردینی. لە کاتێکدا هەست بە شەرمەزاری و نەنگی و سەر شۆڕی دەکەم. پسوڵەی بێ تاوانی خۆمت پێشکەش دەکەم. من هەمان ناسنامەی ئەو فڕۆکەوانەم هەڵگرتووە کە پاڵەوانێتی خۆی لەگەڵ تۆدا تاقیکردەوە. حەز ئەکەم ئەم ناسنامەیەم لێ بسێننەوە تا بە ڕاستی لە ڕشتنی خوێنی تۆدا بێ تاوان بم. من لێقەوماوی کارەساتی تۆم، لە تاریکی شەومزەنگی دووڕو درێژدا فرمێسک هەڵدەڕێژم، لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی مرۆڤە گورگەکاندا لە گریان زیاتر هیچمان بۆ نەماوەتەوە. تۆی تاوان لێکراو لێم وەرگرە. ئەمە بێ بەری بوونمە لە ناسنامەکەم.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە

١. الكامل في التاريخ. ج٢ ل ابن اثير.
٢. تحفة ناصري در تاريخ وجغرافياي كردستان. ميرزا شكرالله سنندجي مقابله وتصحيح حواشي وتعليقات به انضمام مقاله دربارەي قبائل كرد - د. حشمت الله طبيبي
٣ یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی بەرگی یەکەم ل٦٩-٧٠.
٤. یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی بەرگی یەکەم ل٦٨.
٥ یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی بەرگی یەکەم ل٨٣.
٦. بانگی کوردستان ژمارە (١١) ل ٥/٢٠ ت١ ١٩٢٢. جەمال خەزنەدار
٧. بانگی کوردستان ژمارە (١٠) ل ٤/١٥ ت١ ١٩٢٢. جەمال خەزنەدار
٨. بانگی کوردستان ژمارە (٩) ل ٥/٨ ت١ ١٩٢٢. جەمال خەزنەدار.
٩. بانگی کوردستان ژمارە (٦) ل ٥/٨ ت١ ١٩٢٢. جەمال خەزنەدار.

١٠. بانگی کوردستان ژماره (٦) ل ٦/٨ ت١ ١٩٢٢. جەمال خەزنەدار.

١١. ڕۆژی کوردستان ژماره (٤) ل٣/١٥ - ت٢ ١٩٢٢ رفیق صالح - سدیق سالح.

١٢. ڕۆژی کوردستان ژماره (٤).

١٣ چیم دی؟. بەرگی دووەم ل٧٠ ئەحمەد خواجە.

١٤. چیم دی؟ بەرگی دووەم ل١٠٤ ئەحمەد خواجە.

١٥. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال. ژ (١٩) ل٣/٢٠ - مارت - ١٣٤٠. رفیق سالح. سدیق سالح.

١٦. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال. ژ (٣٥) ل١-٢/١٥ - مایس- ١٣٤٠. رفیق سالح. سدیق سالح.

١٧. ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال.ژ/ ٢٥ مایسی ١٣٤٠ . رفیق سالح، سدیق سالح.

١٨. ڕۆژنامەی ژیانەوە. ژ (٥٦) - ١٩٢٦. عەبدوڵڵا زەنگنە.

١٩. ڕۆژنامەی ژیان. ژ (١٨) ل٣ - ٢٧ - مایس - ١٩٢٦ . رفیق سالح. سدیق سالح.

٢٠. ڕۆژنامەی ژیان ژ (١٩) - ل٤ - ٣ - حوزەیران - ١٩٢٦ . رفیق سالح. سدیق سالح.

٢١. ڕۆژنامەی ژیان ژ (٢٣) ل ٣-٤ - ٨ - تموز - ١٩٢٦ . رفیق سالح. سدیق سالح.

٢٢. ڕۆژنامەی ژیان ژ(٢٥) ل ٣ - ٢٢ تموز - ١٩٢٦ . رفیق سالح. سدیق سالح.

٢٣. ڕۆژنامەی ژیان ژ(٢٦) ل ٤ - ٢٩ تموز - ١٩٢٦ . رفیق سالح. سدیق سالح.

٢٤. نووسەری کورد ژماره (٥) خولی سێیەم - ئەیلولی ١٩٨٦ ل١١٤ د. عیزەدین مستەفا رەسول.

٢٥. گۆڤاری (شەفەق) ژماره (٣) ١٩٥٨ ئارشیفی عەبدوڵڵا زەنگنە.

٢٦. لەسەر دروست بوونی پارتی و ڕووداوەکان سودم لە وتەی ئەم بەڕێزانە وەرگرتووە : محەمەدی فەرەج ، قادر بەگی برزوو بەگ، حیکمەتی مەلا علی ، قادر کۆکۆیی، ئەحمەدی حەمە سالح، ڕەئوف ڕەحیم، محەمەدی حاجی مشیر ، حاجی مشیری کۆکۆیی.

پێزانین

لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەستی بێگەردی هەڵەبجەییەکانی دەرەوەی وڵات دەکەم بە تایبەتی هونەرمەند کاک وشیار حەمە فەرەج، کاک حازم عەلی ئیسماعیل، کاک سەلام تۆفیق موختار، کاک بەختیار سلێمان بەگ. کە هیمەتیان نواند ئەم بڕی پارەیان بە زیادەوە کەیاندە دەستم بۆ چاپی ئەم بەرهەمە دیارە ئەوەی لێی دەمێنێتەوە خەرج دەکرێت بۆ بەرگی دووەم ئەمەش لیستی ناوەکانەو دیارییەکانیان:

۱.	عەبدوڵڵا سلێمان بەگ	۲۰۰ د	۲۰	ئالان ناجی حەمە عەزیز	۲۰۰ ك
	شێرکۆ سلێمان بەگ		۲۱	نازناز ناجی حەمە عەزیز	۱۰۰ ك
	بەختیار سلێمان بەگ		۲۲.	شەمڵا عەلی ئەمین	۱۰۰ ك
۲.	سامان تۆفیق موختار	۲۰۰ د	۲۳	عەبدوڵڵا حەمەلاو	۲۰۰ ك.
۳.	فەلاح کوێخاحەمەبۆر	۱۰۰ د	۲٤.	مەحمود ئەحمەد	۱۰۰ ك
٤.	ئومێد محەمەد حاجی عەلی	۱۰۰ د.	۲٥.	سەردار حەمەفەرەج کوێخا	۲۰۰ ی.
٥.	هیوا (زاوای ئەبو تارا)	٥٥ د	۲٦.	د. قادر حەمە شەریف	۲۰۰ ك
٦.	خەلەف سەعید خەلەف	٤۰ د.	۲۷.	لەتیف ئەحمەد	۲۰۰ ك
۷.	ئالان محەمەد فەتاح	۲٥ د	۲۸	جیهانگیر ئیبراهیم	۲۰۰ ك.
۸.	محەمەد عەلی محەمەد	٤۰ د	۲۹.	یاسین ئەحمەد فەرەج	۲۰۰ ك
۹.	چالاك قەڵادزەیی	٥٥ د	۳۰.	وشیار حەمە فەرەج	٥۰ ی
۱۰.	محەمەد مەحمود (کارەبا)	۱۲٥ د	۳۱.	حازم عەلی ئیسماعیل	٥۰ ی
۱۱.	حەمە ئاوات شێخ سدیق	۲۰۰ ك	۳۲.	ئامانج حەمە گورگەیی	۱۰۰ ی
۱۲.	تەها حاجی بەکر	۲۰۰ ك	۳۳.	سەباح مەحمود عەلی	٥۰ ی.
۱۳.	فەلاح ئەحمەد رەشید	۲۰۰ ك.	۳٤.	سەردار شەوکەت وهاوڕێکانی	۱٥۰ ی
۱٤.	چنور شێخ سدیق	۲۰۰ ك	۳٥.	فەرهەنگ محەمەد ئیسماعیل	٥۰ ی
۱٥	رزگار شێخ سدیق	۲۰۰ ك	۳٦.	تارا (هاوسەری فەرهەنگ)	٥۰ ی.
۱٦	جوان عوسمان نەسروڵڵا	۱۰۰ ك.	۳۷.	فازیل سەعید قادر	٥۰ ی
۱۷	پێشڕەو شێخ ئەکرەم	۱۰۰ ك	۳۸.	شەمڵا محەمەد مەلا سابیر	۳۰ ی
۱۸.	توانا حەسەن	۱۰۰ ك	۳۹.	ئەحمەد حەمە رەشید	۲۰ ی.
۱۹.	نارلس شێخ جەمال	۲۰۰ ك	٤۰.	سەلوا کەریم	۲۰ ی

٤١.	سەلام تۆفیق موختار	٥٥ ی.		
٤٢.	سەیوان تۆفیق موختار	٥٠ ی.		
٤٣.	سەروەت تۆفیق موختار	٥٠ ی.		
٤٤.	عوسمان عەبدوڵلا (شانخولی)	٥٠ ی.		
٤٥.	عەلی عەبدوڵلا (شانخولی)	٥٠ ی		د. نزار ی. یونز ک. کرێن
٤٦.	ئومێد ئەبوبەکر عەبدوڵلا	٥٠ ی.		
٤٧.	یاسین مەحمود عەزیز	٥٠ ی.		
٤٨.	زامدار شێخ حەسەن	٥٠ ی.		
٤٩.	ئاری حەمەئەمین سەعید	٥٠ ی.		
٥٠.	یاسین مەجید سەعید	٢٥ ی.		

چاپخانەی منارە   هەولێر (٩٩-٢٢٣١)

إلى مديرية أمن حلبجة
م/ معاونية أمن حلبجة

التاريخ ١٩٨٧/٥/٢٢

إلحاقاً ببرقيتنا ٨٠٥٦ في ١٩٨٧/٥/١٤
نتيجة المصادمة التي حدثت هذا اليوم بين القوة المشتركة
والمتظاهرين في قضاء حلبجة أصيب وقتل الأشخاص المدرجة
أسمائهم أدناه للتفضل بالعلم مع التقدير

ضابط أمن حلبجة

القتلى

١- [illegible] عزيز باكر محمد عمره ٥٠ سنة شغله عامل أهلي يسكن حلبجة محلة [illegible]
٢- [illegible] مصطفى معروف عمره ٤٠ سنة شغله كاسب يسكن [illegible] سيروان
٣- [illegible] عثمان علي عمرها ٧ سنة شغلها طفلة تسكن حلبجة [illegible]
٤- رحمة شريف محمد علي عمره ٤٠ سنة شغله معاون طبي يسكن [illegible] سيروان
٥- والي [illegible] عمرها ١٦ سنة شغلها طالبة تسكن حلبجة [illegible]
٦- حمزة سليمان كمال محمد عمره ٢٠ سنة شغله طالب يسكن مجمع [illegible] سيروان

المصابين

١- [illegible] عمرها [illegible] شغلها ربة بيت تسكن حلبجة [illegible]
٢- [illegible] عبد الله قادر عمرها [illegible] طفلة = = =
٣- [illegible] قادر = ٣ [illegible] = =
٤- [illegible] = [illegible] = = =
٥- [illegible] فتاح [illegible] = ٦ سنوات = = =
٦- [illegible] فتاح [illegible] = ١١ سنة شغلها [illegible] = =
٧- علي عبد الله [illegible] = ٥٠ سنة شغله [illegible] تسكن حلبجة [illegible]
٨- إسماعيل عبد الله قادر = ٦ سنوات = طفل تسكن حلبجة [illegible]
٩- [illegible] = ٢٧ سنة = [illegible] = [illegible]
١٠- [illegible] = ٢١ سنة = = = =
١١- [illegible] علي أحمد = ٤٤ سنة = عامل زراعي = حلبجة [illegible]
١٢- [illegible] علي كريم = ٥٤ سنة = كاسب = = =
١٣- [illegible] عمرها ٢٥ سنة شغلها ربة بيت تسكن حلبجة [illegible]
١٤- [illegible] عبد الله قادر = ٩ سنوات = طفلة = =
١٥- [illegible] أحمد عمره ١٢ سنة شغله طالب يسكن حلبجة [illegible]
١٦- [illegible] جمال عبد القادر عمرها ٦ سنوات شغلها طفلة تسكن حلبجة = =
[illegible]